رۆمان

# ئاگرەکەی شۆڕجە

ڕەشید کەرکوکی

ئاگرەکەی شۆڕجە
ڕەشید ئەحمەد کەرکوکی

# ئاگرەکەی شۆرجە

ڕەشید کەرکوکی

رۆمان

کەرکوك ................٢٠٢٢

ناوی پەرتوك: ئاگرەکەی شۆرجە

نوسینی: ڕەشید کەرکوکی

بابەت: ڕۆمان

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تایپ: نوسەر

هەڵە چن و پێداچوونەوە : مامۆستا عادل عومەر

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردن ( ٦٥٩ ) لە خانەی کتێب و بەڵگەنامەکان لە بەغدا بۆ ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

پێشکەشەبە:

هەموو کەرکوکی وئێزدییەکان

بەهاوسەرو ڕۆلە و نەوەکانم

کــەرکوك شــاره خۆشەویســتەکەم، شــاره لەدڵاشــیرینەکەم، لــەناو تــۆدا ژیــام، لــەناو تــۆدا گەورەبووم،لــەناو هــزرو بیروخەیاڵمــدای، دووریــتم چەشــت، حەزئەکــەم تــامردن لێــت دوور نەکەومــەوە، دڵخۆشــم بــۆڵات دێمەوە.

ئەمــە ئاخــافتنی نــاو دڵــی بــوو، پــەیڤێك بــوو هەردەیوتــەوە، لەگــەڵ ڕۆیشــتنی قەمەرەکـــە، خـــۆی لـــەنێوان هـــەردوو براکەیـــدا وەك لـــەناو بێشـــکەی ڕاژەنراودا ئەبینی، سەری بەلای ڕاست و چەپدا دەلەقایەوە.

ســەری هەرلەوێنــەی چــڵە پۆپــەی دار ســەروو دەچــوو، کــەبای بــەهاری بیهــەژێنێ. جاروبـــار بــەملاو بــەولادا، تەماشــایەکی براکــانی دەکــرد، کــە لەڕاســت و چــەپی دانیشــت بــوون، بــە بزەخەنەیــەکی لێوەکــانی، خۆشــی ناودەرووني دەرئەخست.

–ئەڕۆینەوە بۆ کەرکوك.

تیلــەی چــاوی ئەبڕیــە پێشــی ڕێگاکــە، هــەروەك ئــەوەی ئــەو شــۆفێری بکــات، دەیویســت بزانێــت کــەی ئــەم ڕێگایەدەبڕێتــەوە؟ کــەی ئەگەنــە کــەرکوك؟ بەڵام دڵی بەقسەکانی باوکی خۆش بوو، کە گووتبووی:-

- پاش نیوەڕۆ ئەگەینە کەرکوك، ئەگەر قەزای خراپ نەبێت.

لــەناو قەمەرەکــە، بــاوکی لەپێشــەوە دانیشــت بــوو. دایکــی لـــــەپشتی شــۆفێرەکەو، وخــۆی و هــەردوو براکـــــــەی، لەدەســتە ڕاســتی دایکیــەوە، بــەڕیز لەکوشــنە گەورەکــەی دواوە دانیشــت بــوون، ڕوخســاری ئــەم ڕێــك بەرامبــەری جــامی پێشــەوە بــوو، هــەموو پێچــەکانی جادەکــەی دەبــینی و،

هەنـدێکجار سـەرنجی ئەدایـە ئـەو ترومبێلانـەی کـە بەرامبـەریان دەهـاتن ولەپڕ تێئەپەڕین ولەچاو گووم ئەبوون.

کەسـیان دەنگیـان لێـوە نەئـەهات ، جگـە لـەدەنگی ڕادێۆکـە، کـەئیزگەیەکی عـەرەبی بـوو، هیچـی لـێ حـاڵی نەئـەبوو. لەگـەڵ تێپەڕانـدنی دار کالیبتۆزەکـانی لای ڕاسـتی ڕێـگاکە، ئـەمانیش لـەکەرکوك نـزیکتر ئەبوونـەوە . هـەرجارەی تابلۆیـەك سـەرنجی ڕائەکێشـا، کـەناوی شـوێنێکی لـێ نوسـرابوو . بـەڵام بەکـەڵکی ئـەم نەئـەهات ، چـونکە هـیچ شـارەزاییەکی لەڕێگاکـە نـەبوو . هەرهێنـدەی ئەزانی، کەدەڕۆن بەرەو کەرکوك.

دایکی بێدەنگییەکەی شکاندوگووتی:

ـــ کـەریم کـەی لائـەدەین نانێـك بخـۆین وپشـویەك بـدەین ؟ بـەخوا نـاو ترومبێل قاچ وقولی ئینسان سڕ ئەکات.

کەریم بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە گووتی:

پەلەمەکـەن ، بابگەینـە کەلـەك یاسـین ئاغـا، لـەوێ پشـویەك ئـەدەین ونانیش ئەخۆین . ئەمجار ڕووی کردە دواوە و کوڕەکانی دواند:

ــ کوڕینـە زۆرمـان نـەماوە ، هاکـا گەیشـتینە کەلـەك ، شـوێنێکی خۆشـە ، هەروەك ئەوە وایە بچین بۆ سەیران.

نـەوزاد گـوێی لـە ئێـی براکـانی بـوو. بـەڵام بـیری ڕۆیشـت وکەوتـە نـاو خـەیاڵ وئەندێشـەی سـەیرانی ڕابـوردوو ، کەهەرئەوەنـدە ئـەزانێ وبـیری مـاوە ، سـەیران و ئاهـەنگی حەسـاربوو . بـەڵام نازانێـت چ سـاڵ وڕۆژێـك بـوو بەلایـەوە گـرنگ نیـە . بـەڵام ئـەزانێ کـەپۆلی سـێییەمی سـەرەتایی بـوو ، دایـك وبـاوکی و، مامـەو، ئامۆژنـەکانی و، خـەڵکی گـەڕەك هـەمووی

ئـــەتووت ئەچـــن بـــۆ شـــایی . زۆر دڵیـــان خـــۆش بـــوو . ئەوەیشـــی بـــیر مـــاوە کـــــەدەیانگووت کـــــورد مـــــاف خـــــۆی وەرگرتـــــووە. هەنـــدێ پێشـــــمەرگەی بەچـــــەکەوەئەبینی ، خــــەڵکی ترســــیان لــــەهیچ شــــتێك نــــەبوو ، هـــــەرپێ ئەکـــــەنین. پاســـــێکی درێـــــژی لەکۆلآنەکـــــەدا بـــــینی ، کەلاتەنیشـــــتەکانی داروتەختـــــە بـــــوو ، نزیـــــك مـــــاڵی ئـــــەمان ڕاوەســـــتاو ، بەشـــــێك لــــــەخزم وهاوســـــێکان ، نـــــوێن وقـــــاپ وقازانیـــــان لەگـــــەڵ خۆیـــــان سەرخســـــتە نـــــاو پاســـــەکەوە . هەرکەســـــە جـــــوانترین جلـــــی خـــــۆی لەبـــــەر کردبـــــوو . بـــــاوکی ئـــــەمیش کـــــەواو چـــــاکەتە شـــــینەکەی لەبـــــەرکردبوو، مشـــــکییەکی جـــــوانی بەســـــت بـــــوەوە، کەپیشـــــوەکەی بـــــەلای راســـــت وچـــــەپی ســـــەری دا شـــــۆڕ بوبـــــوەوە، ،پیـــــاوێکی کەڵەگـــــەت وقیـــــت وجـــــوان ، ئـــــەو کـــــەواو چـــــاکەت وئـــــەو بالآیـــــە هاوتـــــای کـــــەم بـــــوو. بەچـــــەپڵەو گـــــۆرانی بـــــەرەو ئـــــەو دەشـــــتەی کـــــەپێیان ئـــــەووت حەســـــار ڕۆیشـــــتن ، لـــــەوێ قـــــەرەبالغی و ئـــــاپۆرای ســـــەیرانکەران بـــــێ ژمـــــارەبوو . ژنـــــان، بـــــەجلی ئـــــالاو والآوئەتڵســـــی زەرد وســـــوور وتەزرەوبارانـــــەوە، وەك پـــــەری دەرئەکـــــەوتن و، عیشـــــوەو نازیـــــان تێکـــــەڵ بەخەنـــــدەی لێوانیـــــان ئـــــەبوو . لەهەنـــــدێك شـــــوێن خـــــەلکی ئەڵقـــــەی هەڵپـــــەڕکێیان بەســـــت بـــــوو. .نـــــەوزاد هـــــەر هێنـــــدەی ئـــــەزانی کەخۆشـــــی یـــــە ، خـــــەڵکی هەڵئەپـــــەڕن وهـــــیچ بـــــووك وزاوایـــــەکیش لـــــــەوێدا بوونیـــــان نییـــــە . لەوجۆرەشـــــوێنانە، منـــــدالآنیش، ڕاکـــــە ڕاکـــــەی خۆیـــــان هەیـــــە . بـــــەلأم نابێـــــت زۆر دووربکەونـــــەوە ، هـــــــەروەك چـــــۆن کـــــەریم لـــــــەپاش قســـــەکانی نەشمیلی خێزانی ، کەووتی ئاگات لەمنداڵەکان بێت ، بانگی کردن :

ـــ کـــورە شـــێرزاد ، ئـــازاد ، نـــەوزاد . دوورنەکەونـــەوە ، بـــەخوا بـــزر بـــن ئـــیتر نادۆزرێنەوە و لێرە جیێ ئەمێنن .

ئەوانیش بەدڵنیاییەوە قسەكەی باوكیان وەرگرت.

ـ باشە باوەگیان.

نەوزاد بانگی شێرزادی كرد :

ــ ئەرە وەلا كۆپتەر هات.

گــەورەو بچــوك ئاوڕیــان دایــەوە، لــەباكورەوە چــەند كۆپتــەرێك تادەهــاتن نزیــك ئەبونــەوە ،هــەموو بەشــداربوانی ئاهەنگەكــە، لەگــەڵ ســوڕانەوەی كۆپتــەرەكان بەســەر ســەریانەوە ، چــاویان لەســەریان هەلنەئــەگرت. تالــە گۆشــەیەكی ئەوســەر، چــكلێت ونوقلّیــان فــڕێ دایــەخوارەوە و دووبــارە سوڕانەوەبەســەر ئەمســەری خەڵكەكــەوجارێكی تــر، شــیرینییان هەڵدایــەوە خــوارەوە، نــەك هــەر منداڵــەكان ، بــەلكو ژن وپیاوەكــانیش ، هــەوڵی ئــەوەیان ئــەدا كــە بــڕی زیــاتری چــكلێت بگرنــەوە . منــدالآن زیــاتر خۆشــحاڵییان دەرئــەبڕی كەچــكلێتی زۆریــان گردوەتــەوە . پاشــان كۆپتــەرەكان نیشــتنەوە و، ئەوانــەی لەدووردانیشــت بــوون، هــەوڵیان ئــەدا كــەبزانن كــێ هــاتووە ؟دەنگــی فیكــەو چــەپڵە وهەڵهەڵــە تێكــەڵ بووبــوو .بــەلأم نــەوزاد وكــەس وكارەكــەی هــیچ لەبەرنامــەی ئاهەنگەكــە تێنەگەیشــتن و، گوێیــان لــەهیچ گــۆرانی وئاوازێــك نــەبوو . بــەلأم هێنــدە دڵخۆش بوون هەر هەواڵ بیستنەكان ئاسودەی ئەكردن.

شێرزاد هاتە لای نەوزاد وگووتی:

ــ كاكە بۆچی نەچین بۆلای كۆپتەرەكان ؟بزانین چەند گەورەیە.

ــ باشە بابڕۆین ، بەس با ئازاد نەزانێت ودوامان نەكەوێت .

ــ باشە باخۆمانی لێ بشارینەوە.

ــ هەربەڕاكردن ئەڕۆین.

توانیـــان خۆیـــانی لـــیّ بشـــارنەوە بـــەوەی چـــکلێتێکیان فڕیدایـــە پشـــتی باوکیـــان و، گوتیـــان ڕاکـــە ئـــەو چـــکلێتە بۆخـــۆت ببـــە. ئـــەویش هـــەرزوو خـــۆی گەیانـــدە چـــکلێتەکەو هـــەڵی گـــرت ولەپشـــتەوە لەگـــەڵ بـــاوکی کەوتـــە قسە:

ـ باوە ئەم چکلێتەم لەپشتی تۆ دۆزیەوە. باوکی گرتی وماچی کرد:

ـ ئەی ئافەرین شێرەکوڕەکەی باوکی، دەبیخۆ.

نـــەوزاد وشـــێرزاد ، هەربـــەڕاکردن خۆیـــان گەیانـــدە نزیـــك کۆپتـــەرەکان ولێـــی وردبونەوە . لەگەورەییەکەی سەرسام بوون.

نەوزاد گووتی:

ـ ئەھ برا چەند گەورەیە.

ـ کاکە بۆنەچین دەستی لیّ بدەین. ؟

ـ باشـــە هەربـــەڕاکردن ، دوایـــی خاوەنەکـــەی قـــاری دێـــت و بمـــانگریّ لێمـــان ئەدات.

بـــەدوای یەکـــدا ڕایـــان کـــرد و، بەشـــێوەی یـــاری کردنێـــك ئەچـــوو ، تاگەیشـــتنە لای کۆپتـــەرێك ، هـــــەردووکیان دەســـــتیان لـــــە تەنیشـــــت وکلکەکـــــەی دا . بـــەقاقای پێکەنینـــەوە گەڕانـــەوەو، کەســـیش ڕێگـــری لـــیّ نـــەکردن . هـــەتا بلێـــی دڵیـــان خـــۆش بـــوو ترپـــەی دڵیـــان ئـــەهات ولەخۆشـــیا ســـەیری دەســـتی خۆیان ئەکرد وهەڵ ئەبەزینەوە . نەوزاد:

ـ بەخوا خۆش بوو.

ـ بەخوا من دەستم ختوکەی دیّ.

ـ ئەوەندەی خانوویەك زلە

ـ پانکەکەی بۆ ئەوەندە درێژە ؟ یەك حەمکە درێژە.

نــەوزاد هێشــتا خۆشــی یەکــەی درێــژەی هــەبوو، وەك قارەمانێــك خــۆی وئــازادی ئــەبینی کــە لەپاڵەوانبازیــدا بــراوەن . گەشــکە بــەری نــەدابوون ، خێرا گووتی:

ــ دەی بابــەڕاکردن بڕۆینــەوە، بــەس جــاریَ لای کــەس باســی مەکــە ، بــاوە قاری دێت.

شێرزاد سەری بۆ لەقاندو بەپێکەنینەوە گووتی:

ـ ناوێرم باسی بکەم .

لەدەنگی باوکی خەیاڵەکەی پچڕا ، کاتێ گووتی:

ـ دەی ئەوە گەیشتینە کەڵەك .

چــاوەڕێیان کــرد تــاکو ترومبێلەکەلەشــوێنێکی گونجــاودا ڕاوەســتا ، نــەوزاد ڕووی کردە شێرزاد و، گووتی:

ـ دەرکەی ڤەکە.

شێرزاد ووتی:

ـ ئەز نزانم چاوا ڤەد بیَ.

باوکی ئاوڕی لێدانەوەو قفڵی دەرگاکەی بۆکردنەوە و، گووتی:

ـ ئەگەر میزتان دێ بڕۆنە ناو ئەوباخە میزبکەن .

لــەپاش دابــەزینی شــێرزاد نــەوزادیش دابــەزی ، بــەلاّم ئــازاد کەلــەوان منــداڵترە ، لەگــەلَ نــەشمیلی دایکــی درەنگــتر دابەزی.کــەریم لەگــەلَ شــۆفێرەکە بەعــەرەبی هەنــدێ قســەیان کــرد کەنــەشمیل هیچــی لــێ حــاڵی نــەبوو، دواتــر کــەریم پێــی ووت لەوتــەختی یــە لــەناو دار ســەرو وقەڵــەم تۆزەکــان لەشــوێنێکی پــاك ڕایــەخێك ڕابخــات تالەســەری دابنیشــن ونانەکەیان هەرلەوێ بخۆن .

نەشمیل بانگی نەوزادی کردو نەوزاد هاتە لای دایکی، گووتی:

ـ چت دڤێ؟

دایکــی گــووتی وەرە بــا ئــەو قــازان ونــان وخواردنــە دابگــرین و، بــانگی شێرەش بکە.

هەرچــی پێخــەف و ڕاخــەر وبوخچــەی جــل وبــەرگیان هەیــە لەســەر چەمچــەی ســەیارەکە تونــد بــەگوریس شــەتەك درابــوو ، ئەوەیشــی کرۆکاســەو قــاپ وقاچــاخ و ســینی وپێخــۆر هەیــە، لــە ســندوقی ســەیارەکە دانرابــوو ، هەرســێ بــرا پێکــەوە بــەهاوکاری باوکیــان ڕاخــەر ونــان وخواردنەکــەیان داگــرت و، نەشمیل قازانە یاپراخی لەسەر سینیەك بۆ هەڵڕشتن.

پــاش ئــەوەی کــەریمی مێردیشــی هــات ، هــەموان پێکــەوە دەســتیان بــەیاپراخ خــواردن کــرد ، هەرچــەندە ســاردبوو بــووەوە بــەلاّم کــەس چرکەی لێوەنەهات.نەشمیل بەکەریمی گووت:

ـ ئەوە بۆچی سایەقەکەت نەهێنا بۆ نان خواردن؟

کەریمی مێردی لەسەرخۆ وەلاّمی دایەوە:

ـ فەرموم لێکرد وهەولّم لەگەڵی دا ، کەچی نەهات وسوپاسی کردم.

ـ ئەی لەکوێ نان ئەخوات؟

ــــ ئــەو ئەچــێتە ئــەو چێشــتخانەیە، کەترومبێلــە زۆرەکــانی لــێ وەســتاوە،ئەوان لــەهاتن وچــوونیان بــۆ موســڵ وکــەرکوك ، لائەدەنــە ئێــرە بۆ نان خواردن.

ـ باشە ، هەرهۆڵم بوو لەکوێ نان ئەخوات .

کەریم ڕووی کردە منالّەکان:

ـ کورە ئێرە خۆشە ، بەدڵتانە، هەربەسەیران ئەچێ.

نەوزاد ووتی:

ـ سەیرانا حەساریٚ خۆش بوو.

کەریم ئاهێکی هەڵکیشاو بەخەمباریەوە کەپڕ لەحەسرەت بوو، گووتی:

ــ ئـاه لـەو ڕۆژە، پڕشـکۆ بـوو ، ئەوەنـدە دڵمـان خـۆش بـوو هـەتا بڵێـی . هەرکــە بــەیانی یــازدەی ئــازاری خوێنــدەوە ، هــەموو ڕۆژێکمــان جــەژن وســەیران بــوو . ئــەوەی حەســار ســەیرانە گەورەکــە بــوو ،بەداخــەوە بۆئــەو ڕۆژە.

نەشمیل بۆی سەندەوە:

ــ چـەند دڵمـان خـۆش بـوو کـورد حـوکمی زاتـی وەرگـرت ، شـەڕ نــــەما و، پێشمەرگە بــــــەخۆشی وسەربەرزیەوە دەرئەکەوتن .

نـەوزاد بەبیسـتنی نـاوی پێشـمەرگە ئەوسـا کەوتـەوە یـادی کەئـەو پیاوانـەی کــــــەجلی کوردییــان لەبــەربوو، لای کۆپتەرەکــە بەچــەکەوە وەســتابوون ، پێشمەرگەبوون. کەریم کەمێك مات بوو ئەوسا گووتی:

ــ ڕۆیـی . ئـەو ڕۆژانـە ڕۆیشـت ،بەداخـەوە شـەڕ دەسـتی پێکـردەوەو، ئـیتر هەر ماڵ وێرانی ودەربەدەری بوو بۆ کورد.

نەشمیل پرسی:

ـ تۆبڵێی وەك جاران پێشمەرگە مابێت؟

کەریم بەوریاییەکەوە پێی ووت:

ــ بەسـە باسـی پێشـمەرگە مەکـە . باکـەس گـوێی لێمـان نـەبێت. کۆتـایی پـێ بێنــە ، ئەوســا ڕووی کــردە ئــازاد کەبەتەنیشــت دایکیــەوە دانیشــت بــوو یاپراخی دەخوارد وملچەملچی دەمی ئەهات و، گووتی:

ـ ئۆخەی چەند جوانی .

نــەوزاد وشــێرزادیش ، جارجــار لەیــەکیان ئــەڕوانی و، جارجــارە ســەیرێکی باوکیان ئەکرد کە چوەتە خەیاڵەوە.

نەوزاد پرسیاری لەباوکی کرد و، خەیاڵەکەی پیێ بڕی :

ـ باوە .،کەرکوك گەلەك دیرە؟

ــ نـەخێر نیـوەی ڕێگامـان بڕیـوەو نیـوەی مـاوە. چـی یـە حـەز ئەکـەی زوو بگەینە کەرکوك؟

ـ بەلێ ئەز دێ بچمە مالا میمکێ خۆ.

کەریم بەنەشمیلی گووت:

ـ دیارە بیری میمکیان ئەکەن.

ــ ئـەمان ، ئـەم ماوەیـەی کەلەشـەنگال بووینــە، زۆربــەی کـات، هــەربیری خــەرامانی میمکیــان ئەکــەن ، هــەر نــاوی ئــەو ئــەهێنن وخــەو بــەوەوە ئەبینن.

ـ کەریم ووتی:

ـ خەرامانی خوشکم زۆر بەسۆزە، هەم بۆ خۆم وهەم بۆ منداڵکانیشم.

ـ منداڵەکانیش ئاوها ئەویان خۆش دەوێت و هەرلەیادیانە.

نەوزاد هاتە وەلاّم :

ــ میمـی خـەرامان دحـەبینم ، ئـەو هـەمی جـارەك مـن دەبـینێ چـەند جـارەك ماچامن دەکا.

باوکی پێکەنی گووتی:

ــ کـوڕم هەربەڕاسـتی نـاتوانی وەك ئێمــە قســەبکەی ؟ ئــەی چـۆن زمـانی دایکیت لەبیر چوەتەوە؟

نەوزاد سەرێکی باداو بەپێکەنینەوە گووتی:

ـ دزانم بەس پیچەك تێکەڵ ئەبی و حەزیش ئەکەم بەشەنگالی باخێفم.

باوکی بەقسەکەی پێکەنی گووتی:

ـ دەی باشە گرنگ ئەوەیە لەیەك حاڵی ئەبین.

هەرکە لەنان خواردن بوونەوە و، شت ومەکەکانیان کۆکردەوەو، کەریم چوو چایی بۆنەشمیل هێنا ،هەرکە چاییەکەی خواردەوە، شۆفیرەکە هات وبەکەریمی گووت:

ـ خەڵەستوو؟

ـ ئی ،ئەلحەمدولیلا.

ـ بلعەوافی ،نتوەکەل؟

ــ یاڵە نتوەکەل ، دەی مناڵەکان سەرکەون ، یاڵەنەشمیل ، ئەکەوینە ڕێ.

منداڵەکان بەخێرایی هاتن بەرەو ترومبێلەکە و، پاش سەرکەوتن، کەوتنە ڕێ.

************************

ناوەڕاســتی پــاییز بــوو ، کــەش وهــەوا ســاردبوو، جارجــارە ئێــواران کزەیـەکی ساردی ئـەهات ، ڕۆژگـاریش هـەر لـە کـورتی ئـەدا و، دارتوەکـانی نــــاو حەوشــەی ماڵــەکان وکــالیبتۆزە بالآبــەرزو، لــق وپۆپــە بلآوەکــان ، گەلآکانیان زەرد هەڵگەڕابوو. وردە وردە لێیان ئەکەوتە خوارەوە.

ســەید تۆفیــق ڕاهــاتبوو ، پــاش نیــوەڕوان لەبــەردەرگای خۆیــان ، کــە ڕووڵەشــەماڵ بــوو ، خــۆی ئەدایــە بەرخۆرەتاوەکــە، چــێژی لەگەرمیەکــەی وەرئــەگرت ، هەرچــەندە لـــــەتەمەنی چــل وپێــبج ســاڵیدا بــوو، بــەلآم ژیــانی لادێــی ناوچــەی جــەباری، وەك خوویــەك ، لــە ڕەفتــارو ئاکاریــدا پێـوەی دیـاربوو، ئـەو حـەزی لەدانیشـتن وحیکایـەت وقسـەی خـۆش بـوو . هەرکــە لــەنان خــواردن وچــا خواردنەوەئــەبوەوە، زۆرحــەزی لــە دانیشــتنی بەر دەرگا ئەکرد بۆیە بانگی وەنەوشی ژنی کردو، گووتی :

- وەنەوش، دۆشەکەڵەکەم بۆ ڕاخە ،ئەچمە بەردەرگا.

وەنەوشــیش ، کەلەحەوشــەکە لەبــەر تــەنکی ئاوەکــە، کەبەچــیمەنتۆ چــوارلایەکی وەکــو حــەوز بــۆ دروســت کرابــوو ،خــەریکی شوشــتنی قــۆری وپیاڵەکان بوو ، وەلآمی دایەوە:

ــ باشــە کــەمێك ســەبرکە ، بائـەوناوەش پاکــەوە بکــەم وکــەمێکیش گسـکی بدەم.

ــ دەی واچــاوەڕێم .دەســتی کــردە جامانــە بەســتنەوەو، بــەبێ ئاوێنــە ، هــــەروا دوو پێچــی لێــداو لۆیــەکی حســـتە نــاو پێچــەکەیەوەوولۆیەکەی دیکەشــی بەتەنیشــتی گــوێی ڕاســتی شــۆڕ کــردەوە. هــەتاکو ئــەم خــۆی ڕێکخســـت وەنـــەوش بەردەرگاکـــەی پـــاك کـــردەوەو،دۆشـــەکەلەکەی

بۆڕاخســت ، ئــەویش هــات وتەماشــایەکی ڕاســت وچــەپی کۆڵانەکــەی کــرد، سەی سەعیدی بینی وبانگی کرد:

ـ ئا ،سەی سەعید بیٚ وەیرە.

ســەی ســەعید ئــاوڕێکی لــیٚ دایــەوەو بــەرەو لای هــات وســڵاوی لێکــردو، پێکەوە، ڕوەو خۆرەکە دانیشتن .

هەنـدیٚ ژن لەناوەڕاسـتی کۆلانەکـە، کەچـەند پارچـە زەویـەکی چـۆلٚ هـەبوو نەکرابوونــە خــانوو ، ڕاوەســـتابوون وپێکـــەوە گفـــت گۆیـــان ئـــەکرد . منــدالإنیش، دووســێیەکیان خــەریکی لێخــوڕینی ڕینگــی پاســکیل بــوون بەتــەلیکی چــەماوەی ئەســتوور و، هەنــدێك بــەتۆپ ، کۆلانەکــە بەشــێوەی گونـدێکی بچـوك بـوو، هەردووخانوویـەك نرابـووە پـاوەو ،چـەند زەویـەکی چۆلٚ بەتەنیشتیانەوە بوو . چونکە گەڕەکەکە نویٚ بوو.

سەی سەعید ڕووی کردە سەی تۆفیق:

ـــ زۆر چاوەچــاوی ئــەو ســەری کۆلانەکەئەکــەیت ، ئــەلێی چــاوەڕوانی کەسێکی ؟

ــ ئـەوەی ڕاسـتی بێـت میمزایـەکم ماڵیـان دێتـە ئێـرە ، ئـەوەی پێشـتر بـۆتم باس کرد ، جانازانم ئەمڕۆ دێن یان سبەو دووسبەی .

ـ دێنە کویٚ؟

ــ ئـەم خـانوە چـۆڵەی تەنیشـتم ، لـەخزمێکی خـۆمم بـەکریٚ گرتـووە بۆیـان .

ـ دەی باشە کۆلانەکە پڕ ئەبێتەوە باشترە.

ـ ئەری بەخوا ڕاست ئەکەی.

ـ میمزاکەت لەدەشتەوەدێت؟

ــ نــەخێر ، خۆیــان خــەڵکی ڕەســەنی کــەرکوکن و،هەرلەشــۆرجە دائەنیشــتن، نزیك تەکیەکەی شێخ عەبدولاّ. بەلاّم

میمزاکـــــەم کەناســـــی عەســــکەرییە ولەفــــەوجێك دەوام ئـــــەکات لــــەولای موســڵەوەیە . ئــیتر بارودۆخەکــەی لێــرە تێکچــوو، ئــەویش هەنــدێ کێشــەی بــۆ دروســت بــوو، لەگــەڵ بــرا گەورەکــەی ناچــار مــاڵی بــردە ئــەوێ ، لــەولاّتی غەریبی، لەقار براگەورەکەی، سەری خۆی هەڵگرت.

ــ ئــای بەســتەزمانە ، یاخواکــەس لێــی نەقــەومێت ، ئــەی ئێســتا چــۆنە وا بڕیاری دا بێتەوە ؟

ـ لەبەر منداڵەکانی ناتوانن لەوێ بخوێنن ، عەرەبی نازانن.

ــ بــەڵێ .بــەڵێ خوێندنەکــەیان گرنگــە ، ئــیتر کــوردیش لــەزوەوە گوتویــەتی بــەرد لــەجێی خــۆی ســەنگینە. بــەخوا دەســاڵی تــریش لــە ولاّتــی غــەریب لەناو عەرەب دابنیشیت ، هەرئەبێ بێیتەوە.

ـ ئەو ولاّتە عەرەب نین ، کوردن ، بەس کوردی ئەو ژوورەن، بادینین.

ـ خۆیەتی بادینانین ، زوانیان فرە قورسە.

سەی سەعید سەیرێکی ناو گوێی سەی تۆفیقی کرد وگوتی:

ــ هــەی تەمــەڵ ،ئــەو مــووە درێژانــەی ناوگوێــت بونــابڕی، ئــەڵێی هێلانــەی پاساری یە ؟

سەی تۆفیق دایەقاقای پێکەنین گووتی:

ـــ بـــەخوا چـــەند ڕۆژە بەوەنـــەوش ئـــەڵێم هەرئـــەڵێ موکێشـــەکەم گـــووم کــردوە. دەتــۆ لەوەگــەڕێ ئــەڵێی لــەم دنیایــە هــیچ نــەماوە بــەس بــەگوێی منەوە گرتوتە . بابانگێ لەشێخ جەمیل بکەم بێت بۆ لامان.

ـ دەوازی لێ بێنە ، ئەو داماوە ئاگای لەم دنیایە نیە.

سەی تۆفیق هاواری لێکرد:

ـ هۆ شێخی من ، شێخی خۆمان. ئادەی وەرە بزانم.

شـێخ جـەمیل چـووە ژورەوەو ، پـاش کـەمێك هاتـەوە دەرەوە و، پارچـە ڕاخـەرێکی لەگـەڵ خـۆی هێنـا و، هاتـەلایان و، سـلاوی لێکـردن و، گووتی:

ـ ئـەوە چـی یـە؟ سـەیدی جـەباری وشـێخانی یـەکتان گرتـووە، چـیتان لـەژێر سەرایە؟

ـ شـێخەگیان سـەنگیامان لانیـە ، بـەخوا دانیشـتنەکەمان تـۆی کەمـە. ئـێ تـۆش ماڵـت بـەقوڕ نـەگیرێت . هـەرگوێمان لەدەنگتـە لـەناو حەوشـە ئەشیرێنی وهات وهاوارتە ، ئەوە چیە؟

ـ شـێخ جـەمیل پـاش ئـەوەی دانیشـت بەتـەنیشـت سـەید سـەعیدەوە، ڕووی کردە سەید تۆفیق و وەڵامی دایەوە:

ـ کورە بەدەست ئەم منالانەوە هەراسان بووم.

ـ یـەخوا خـەتای خۆتـە ئەوەنـە سـەر ئەنێیتـە سـەریان ، سـەرت لـێ تێـك داون ، بـێ قـەزابیت ، دەوازیـان لـێ بێنـە باهەریەکـەو ئیشـی خـۆی بکـات .

ـ ئیشـی چـییان هەیـە .مـەڕ دۆشـین، پەچـا مـاڵین ، ئـاخر ئیشـی چـی؟ مـن هەرئەڵێم بخوێنن.

سەید سەعید ڕووی تێکرد:

ـ کورە خۆ هەردوو بچوکەکە ئەخوێنن وکچە ئازەبەکە ناخوێنێ .

حەلیمە ناخوێنێ ، ئەو دوەکەی تر هیچ فێرنابن ، کچەکەش لێیان توڕەئەبێ و ، منیش لەهەرسێکیان توڕەئەبم وئەبێتە هەرامان. ئاوهایە.

تۆفیق وسەعید لێیان کردە گاڵتە

ـ دەخۆت دەرسیان پێ بڵێ . سەی سەعید وەك پلارێك ئەمەی گووت.

ـ بەڵێ خۆت لەگوندی نەورۆز مامۆستا بوویت. ئەمیش پلاری خۆی بۆ وەشاند.

ـ نەوەلاّ گاوان بووم. دەستیان بەپێکەنین کرد

سەی تۆفیق گاڵتەکەی پێ بڕێن وهەستا ، ئەوانیش تەماشای لای ڕاستی کۆڵانەکەیان کرد، واعارەبانەیەك کەگوێدرێژێك ڕایدەکێشا ، هاتە ناو کۆڵانەکەوە، ژن وپیاوێك بە هاوشانی عەرەبانەکەوەن ، دوو منداڵیش لەگەڵ نوێن وقاپ وکرۆکاسە لەسەرعارەبانەکەدانیشتوون و، توند خۆیان گرتوە وبەتاسەی تایەی عارەبانەکە ئەلەرنەوە ، حەماڵەکەو لاوێکی بالاّ بەرز لەدواوە دەرکەوتن.

سەید تۆفیق بەشادمانیەوە گووتی :

ـ خزمەکەم گەیشت.

جگە لەسەی سەعید وشێخ جەمیل ، سەرجەم ژن ومنداڵەکانی کۆڵانەکە بەسەرنجەوە لەعەرەبانەکەو ئەو کەسانەی تەنیشتی کەدەهاتن دەیانڕوانی . هەندێك منداڵی ڕینگ بەدەست لەعەرەبانەکە نزیك بوونەوە .

کەریم بەحەماڵەکەی گووت:

ـ لای ئەو پیاوانە بوەستە، ئەوە ماڵەکەیە.

ســـەی تۆفیـــق چـــاك وچـــۆنی لەگـــەڵ کـــەریم کردوبەخێرهاتنـــەوەی کـــرد وکـــەریمیش ســـلاَوی لەهـــەردوو پیـــاوکرد وئـــەوانیش لەبـــەری هەســـتان وچـــاك وچۆنی وبەخێرهاتنیان کرد . سەی تۆفیق بانگی وەنەوشی کرد :

ـ کەنیشکە ،وەنەوش ، وەرە ، واخزمان گەیشتن .

وەنـــەوش هاتـــە دەرەوە ونـــەشمیلی مـــاچ کـــرد و، لەگـــەڵ دووکـــوڕە بچوکەکان بردیانیە ماڵەوە .

بـــەهاوکاری پیاوەکـــان، هەرچـــی کـــەل وپـــەل هـــەبوو لەســـەر عەرەبانەکـــە دایـــانگرت . هەربەشـــێوەیەکی کـــاتی لـــە هـــەیوانی ئـــەو خـــانوە دایـــان نـــا کەبەکرێ گرتوویانە .

شێخ جەمیل گووتی :

ـــ کاکـــە تـــۆ تـــازە میوانـــت هـــات وکـــاتی دانیشـــتن نـــەما ، فـــەرموون بڕۆنەوەماڵەوە.

ـ دەی ئێوەش فەرموون.

شێخ جەمیل گووتی :

ـ میوانەکانت ماندوون ، دەربەست خۆت نایەم ، دوای دێینە خزمەتی.

وەنـــەوش ژنێکـــی کورتابـــالاَی نیمچـــەقەڵەو بـــوو، لەڕۆیشـــتندا لەنجـــەو خۆبـــادانی هـــەبوو ، هەمیشـــە دەم بەپێخـــەنین بـــوو ، زۆرجـــار لەبەرچـــاوی پیـــاوان لەبەرشـــەرم کردنـــی، بـــەلۆی فەقیانەکـــەی بـــانی دەمـــی خـــۆی ئـــەداو دەم ولێـــوی دائەپۆشـــی وئەیشـــاردەوە.بـــەجۆرێك ئـــیش وکـــاری ڕائەپەڕانـــد وات هەســـت ئـــەکرد پەلـــەی ئیشـــێکی دیکەیـــە ، هێنـــدە خێـــرا ئەجولاَیـــەوە هـــەردەم ودەســـت بـــەدەم بـــەخێرهاتن کردنـــەوە ودۆشـــەك ولبـــادی ڕاخســـت.

بـۆ میوانەکان.سـەی تۆفیـق پـەیتا پـەیتا خۆشـحاڵی خـۆی دەرئـەبڕی وبەخێرهاتنی میوانەکانی ئەکردو ڕووی لەئازاد وشێرزاد کرد:

ـ ویش ویش لەم دوو بەرخەجوانە.

کـەریم سـەنگیایەکی ڕاکیشـاو لەدیوارەکـەی تونـد کـرد وپشـتی پێـوەدا وقاچەکانی لێ ڕاکێشا وبەکاوەخۆ ووتی:

ــ بـەخوا سـەید، خـۆم ومنداڵـەکانم وابـۆ چـەند سـەعاتێکە لـەناوترومبێلین ، ئەو ڕێگایەش ئەوەندە دوورەهەرگۆج بووین .

ــ بـەخوا بـرا ڕاسـت ئەکـەی دەی مـاڵی خۆتانـە پشـوو بـدەن . شـەو بەشـێنەیی بچـنە شـوێنی خۆتـان ، ئـەم ئێوارەیـە وەنـەوش خواردنمـان بـۆ ئـەکات وخـەمی هیچـتان نـەبێت. وەنـەوش پێشـتر خانوەکـەی گسـکداوە ، تـۆش چـیت هەیـە ماڵێـك لەسـەر عارەبانەیـەك بێـت ، ئـەبێ چـی هـەبێت بەچارەکێ دائیەمەزرێنین .

کەریم بزەخەندەی گرتی گووتی:

ــ میمـزا گیـان ، بـاوکم خـوالێی خـۆش بێـت، زۆر جارئەیگێڕایـەوە، کـە زەمـانی زوو ، بەرلەچـل سـاڵ بـەر لەئێسـتا ، مـاڵی لـەبان پشـتی کـەرێك ، لەگونـدی مۆردانـەوە هاوردوەتـە کـەرکوك . خـۆی و ،دایکـم بـەپێ ڕێیـان کـردووە، ئێسـتا مـن لـەباوکم باشـترم . ماڵەکـەم پڕبـان عەرەبانەیەکـە . دڵنیا بە خەمم نییە و، لەماڵی برای خۆمم .خواتۆم بۆ بهێڵێ.

سەی تۆفیق ڕووی کردە وەنەوش وگووتی:

ـ ئادەی چایەکمان بۆ لێبنێ.

وەنـەوش هــــەرخێرا چـولەکەی هێنایـە پـێش وفتیلەکـــەی بـەرز کـردەوە وشـــقارتەیەکی لــــەگیرفانی کەواکـــەی دەرکـــرد وبەپەنجـــە خڕەکـــانی

دەنکێکـــی دەرهێنـــاو بەقـــەراخی شـــقارتەکەی خشـــاند وگڕێکـــی زەردی دوکـەلاَوی لێـوە دەرکـەوت و چـولەکەی پـێ داگیرسـاندو پاشـان بەفوویـەك ئـــاگری دەنکـــە شـــقارتەکەی کوژانـــدەوەو فڕێـــی دایـــەناو تەپڵەکەکـــەی بـــەردەم ســـەیدی مێـــردی و ئـــەمجار پـــێش ئـــەوەی هەســـتێ رووی کـــردە نەشمیل گووتی:

ـ ئەورێگایە ناخۆش بوو یان بەئاسانی هاتن؟

نـــەشمیل دەیویســـت پێیـــەکانی ڕابکێشـــێت وبەتـــەواوی پشـــووبدات ، بـــەلاَم لەبـەر سـەید تۆفیـق پێـی شـەرم بـوو بۆیـە پشـتی کـردە پیاوەکـان وقاچـی خۆی درێژکرد وهەندێ ئەژنۆی خۆی شێلاو گووتی:

ــ بەوخوایـە خوشـکم ئەوەنـدە دوورە هەرنابڕێتـەوە، بـەخوا خـۆم ومنـداڵم لەو ولاَتە ڕزگارمان بوو . وەنەوش خەندەیەکی بۆ کرد و گووتی:

ــ بـەخوا هـەر لـەناو خـزم بیـت خۆشـترە، کوێیـان پـێ ئـەووت؟ سـەید تۆفیـق چەند جارێك ناوەکەی پێم ووتووە هەر لەبیرم ئەچێتەوە.

نەشمیل ڕووی کردە لایەوەو سەری خۆی لێ نزیك کردەوەو گووتی:

ــ شـەنگال، پێـی ئـەڵێن شـەنگال، کـەمێك دەنگـی نـزم کـردەوەو بـەردەوام بوو: شەیتان پەرستن ، نەتئەوێرا ناوی شەیتان بێنی.

وەنەوش دەستی نایە ژێر چەناگەی وبە سەرسامی یەوە پرسی:

ـ کنا ئێژی چی؟ شەیتانی چی ؟وی بیسمیلا.

کەریم تێکەڵ بەقسەکانیان بوو گووتی:

ـــ ئـــەو ناوچـــەیە ئێـــزدی بـــوون وەك ئێمـــە موســـڵمان نـــەبوون ، نەئـــەبوو بەخراپ باسی شەیتان بکەیت .

سەی تۆفیق پێکەنی و گووتی :

ــ کــەریمی بــرام ، بۆچــی شــەیتان ئیشــی باشــی هەیــە تاکوبوختــانی بــۆ بکەیت وباسی بکەی؟نەشمیل گووتی:

ـــــ بـــــەخوا کـــــاك ســـــەیدهەمووجارێك مـــــن ئـــــەووت . عـــــەوزوبیلاهی منەلشەیتانولرەجیم ، ئەوان بەکەریمیان ئەوت

کاك کەریم لەبەرخاترێ تۆ نەبێت سەری ژنێ تەقووت دەکەین.

سەید پرسی: واتا چی؟

کەریم وەلأمی دایەوە:

ــ میمــزا یەکــەمجار کەچــوینە ئــەوێ ، لەگــەڕەکێکی کوردنشــین نیشــتەجێ بــووین، کەناســیاوێکم هــەبوو ئێــزدی بــوون.من شــارەزایان بــووم وئــەوانیش زۆریــان خــۆش ئەویســتم وڕێزیــان لــێم ئــەگرت. چــەندین ســاڵە لــەوێ دەوام ئەکــەم وزۆریــان ئەناســم . بەتایبــەتی ئــەو ماڵــە لەهەرهەڵەیــەك دەیــان بـــــووری ئەگـــــەر بەئەنقەســـــت وبـــــۆ گاڵتـــــە پێکـــــردن هەنـــــدی قســـەنەکەی.بەنەشمیلم ووت کچـــێ لەبـــەردەم ئـــەم هاوســـێیانە نەکـــەی نەعلەت لەشەیتان بکەی

وجنێــو بەمنــداڵ بــدەی وبڵێــی هــەی شــەیتان . ئــەوان پێیــان ناخۆشــە . کەچـــی ئـــەمیش وەك ئێـــرە لێـــی ئـــەخوڕی ، ئەچوەســـەربەرماڵەکە وبــەدەنگی بــەرز ئــەیووت : عەوزوبیلامینەلشــەیتان ، منــیش شــەرمەزاری بــەردەمی ئــەوان ئــەبووم کــەمیوانم بــوون .نەمئــەزای چــی بڵــێم ، بــەلأم ئەوان دڵ فراوان ولێ بوردەبوون وئەیان گووت:

ــ قەیــدی نینــە ژنکــا تــە نزانــەت چ دبیــژێ. جارجــاربۆ گاڵتــە ئــەیان ووت ژبــەرخاترا تــە ئــەم چــی نابێــژین ، ژبــەر خــاترا تەنــەبیت ســەری ژنــێ تــەقووت دکین. واتە ئەگەر لەبەر خاتری تۆ نەبێ سەری ژنەکەت ئەبڕین ،

وەنەوش دایە بان ڕانی خۆیا وشڵپەی لێ هەستاند وتی:

ـ ئەیەڕۆ چۆن لەگەڵیان هەڵت کردوە،

نەشمیل وەلامی دایەوە:

ــ بـەخوا زۆر خــەڵکی بـاش بـوون ، ئەوەنـدە بۆهاوسـێ بـاش بـوون ،جـارێ لەگەڵ ئێمە خۆیان جیانەئەکردەوە

هـەموو شـەوێ یـان ئـەوان ئـەهاتن یـان ئێمـە ئەڕۆیشـتین بـۆ ماڵیـان ، ماڵیـان لەپشــتی مــاڵی ئێمــەوە بــوو ، مــن چــیم بووتایــە لــەدڵیان نەئــەگرت ،ئــەیانزانی ئێمــە بەئەنقەســت وانــاڵێین وهەرکــەس لەســەرئاینی خــۆی. جارجارە خۆیشیان پێم پێ ئەخەنین .

ئــەوان لــەم گفــت کــۆ شــیرینانەی خۆیانــدابوون بــەدەم چــاخوارنەوە باســی خزم وکەسو کارەکانیان ئەکردو،نەوزاد

ســەرەڕای مانــدوبونی، پەرۆشــی بینــینی دووکــەس بــوو، کەلــەدڵیا شــیرین بــوون، حــەزی ئــەکرد کــەزوو بــڕوات هــەواڵی هاتنــەوەیانیان بگەیــەنێت پێیــان ، کەئــەوانیش میمکــی خــەرامان وحەمەگوڵــەی هــاوڕێی بوو.بــەلاَم ماڵــەکانیان ناناسـێت ،نازانێـت ڕوولــەکوێ بکــات ، ناچــار هەســتا تاوێــك لەناوحەوشــەکە دەهــات ودەچــوو ،ســەیری چــۆلەکەکانی ئــەکرد ، کــە لەســـەر دیـوارو گوێسـوانەکان هەلدەنیشــتن وهەڵدەفڕینــەوە ، ئــەمیش زۆر بــێ ئۆقرەبــوو . ناچــار بــوو بچــێتەوە لای بــاوکی دانیشــێتەوە . لەهــەمان کاتیشـــدا هەســـتی بەخۆشـــی یـــەك ئـــەکرد کەگەڕاوەتـــەوە کـــەرکوك شارەگەورەوخۆشــەکە، هاتوەتــەوە بــۆ گــەڕەکی شــۆرجەی زێــدی خــۆی .زۆری حەزئــەکرد ئەگــەر لێــی گــەڕێن ئــەوا ئەچــێت هەمووکۆلاَنــەکانی شــۆرجە ئەگــەڕێت ، بەکوچــەو کۆلاَنــەکانی ئەســوڕێتەوەو ســۆراخی هــەموو

هاوڕێکـانی ئـەکات . هـاوڕیٚ دێرینـەکانی ببینێتـەوە وەکـو جـاران یارییـان لەگـەڵ دا بکـات . هەرچـەندە ئـەیزانی تەمەنەکـەی ڕێگـای ڕاکـە ڕاکـەو هەنـدیٚ یـاری نـادات .ئـەو ئێسـتا تەمـەنی چواردەسـاڵە ناشـیٚ هـەمان یـاری بکەنـەوە ، بـەلاّم لەناخیـدا ئـەم حەزانـە چـوزەرەئەکەن وگەورەئـەبن. ئێسـتا ئـەم بـیٚ ئۆقرەیـە ، زۆری مەبەسـتە حەمـە بدۆزێتـەوە بـەلاٚم هەرئـەبیٚ چـاوەڕوان بێـت .هەمووئەمانـە هـەروا بەپەلەپـەل ناکرێـت . بـەلاّم هەست ئـەکات کـەلێرە کـەس وخزمـانی لێیـە وهـەرزوو تێکـەڵ دەبـن . مـرۆڤ لەشـارەکەی خـۆی، لـەکۆلاّن وگەڕەکـەی خـۆی نـامۆ نیـە. نـامۆش نابێـت بـۆ هەرجێیـەك ئەچـی ئەگـەر خزمێکـی لـیٚ نـەبێت ئـەوا یادگاریـەکی خـۆی لێیـە. خـۆی لەهـەموو شـوێنێك ئەبینێتـەوە . هـەرەها ئازادانـە قسـەئەکات، ئازادانـە هـەڵس وکـەوت ئـەکات . بـەلاّم لەشـەنگال بەوریاییـەوە قسـەی ئـەکرد . شـتێك نـەلێت پێچـەوانەی بـاوەڕی بەرامبەرەکـەی بێـت ، پێـی نـاخۆش بێـت و تـوڕەی بکـات . ئـەگینا کێشـە دروسـت ئـەبوو . ئـەبوو واز لـەزۆر شـتی خـۆی بهـێنیٚ لەبـەر خـاتری ئـەوانی تـر . خـاوەن چـایخانەکان کەتەلـەفزیۆن ئەکرایـەوە ئـەبوو دەنگەکـەی کـز بکـەن تـا قورئانەکـەی تـەواو ئـەکرد ، نـەکا ئایـەتێك باسـی شـەیتان بکـات، ئـەبوو دەمـت کلیـل بـدەی ، ئـەویش کلیلـی ئـەدا و زۆر بـە وریاییـەوە ئـەیکردەوە . بـەلاّم لێـرە لەشـارەکەی خـۆی ، لـەناو خزمـانی بـەئارەزووی خـۆی قسـەئەکات وزار ڤـە دکـات . ئـیتر لەئێسـتاوە بـی تـرس وبێسـنوور قسـەئەکات. نـەوزاد خـەیاڵ

بردیـەوە : ((هەرلەسـبەینێوە دەسـت بەگـەڕان ئەکـەم ، بەناوکۆلاّنـەکان ، بـەناوبازاڕ مـن ئێسـتا گـەورە بـووم وگـەنجێکی تـەواوم ، بـاوکم ڕێگـام

لێناگرێـت ، منداڵەکـەی جـاران نـیم ، لـەناو ئاشـناکانم حەمـەم زۆر خـۆش ئـەویَ ، زۆر تێکـەڵی یـەکین ونـاخی یـەکتر ئەخوێنینـەوە. تاکـە کەسـێکە بـەلای منـەوە کەحـەز بـەهاوڕێتیم ئـەکات . هـەردوکمان لەیـەك تـیَ ئەگـەین . کەسـایەتیمان تێکـەڵ یـەك بـووە . مـن هـەڵوەدام چـەند سـاڵێکە یـەك هـەنگاو لەگـەڵ حەمـە پیاسـەم نـەکردووە. ئـاخۆ حەمـە چـەند گـۆڕاوە ، وەك جـاران حـەزی لەهاوڕێیـەتیم مـاوە ؟،هەرکوڕەبەزەوقەکـەی جارانـە؟ کەهەمیشـــە فیکـــەفیکی بـــوو حـــەزی لەهەرگۆرانیـــەك بوایـــە بەفیکـــە ئاوازەکەی ئەچڕیَ.

ئێرەکەرکوکـە ، ئێـرە شـۆرجەیە. ئێـرە زێـدی منـە . ئێـرە ئـیتر گـۆڕی منـە. ئێـرە ڕابـوردووی منـە. ئێـرە داهـاتووی منە.چـی دیکـە لێـرە نـاڕۆم .ئەبمـە دارێکـی گـەورەڕەگم بـەقولاَیی ئـەم خاکـەدا ڕۆئەچـێنم . تانـاخی خـوارەوە کەچـی تـر وجـارێکی تـر هەڵنەکەنـدرێم . مـن بـەم خاکـەوە پابەنـدم . مـن لـەوم وئـەویش لەمنـەوە هەناسـەئەدات مـن ناسـنامەی ئـەوم وئـەویش ناسـنامەی مـنی هـەڵگرتووە . بـاوك وبـاپیرم هـەرلێرە ژیـاون . مـن لـەدووری کـەرکوك وشـۆرجە ئـاوارەم. بـیَ بـەهاو بـیَ بایـەخم . مـن ئێسـتا هەسـت بەزیندووبونـەوەی گیـانم ئەکـەم . جەسـتەم بـەبۆنی ئـەم خاکـە گەشـە ئـەکات . مـن ئێسـتا ئاسـوودەم نـازی جـوانیم ئاوێتـەی گەمـەو یـاری منداڵیمـە ولەسـەر خـاکی ئـەم شـارە جوانـە پێکەنینـەکانم تریقـەیان دیَ .لەسـەر خـاکی ئـەم شـارە مـن ئەمشـەو خـەو نـابینم چـونکە خـەونم هاتـەدی . پێکەنینەکانم لەناو ناخمدا تریقەیان دەنگ ئەداتەوە.

ئـازاد لـەتینوا چـوەلای بـۆڕی ئاوەکـەو کردیـەوە دەمـی نابەبەلوعەکەیـەوە، بەلاَم هیچ ئاونەهات . ڕووی لەدایکی کردووتی:

ـ حەنەفی قوت بووە.

سەی تۆفیق پێکەنی ووتی ئەوە چی ئەڵێت؟

کەریمیش پێکەنی و وتی:

ـ ئەڵێ ئاوبڕاوە.

وەنەوش گورج لەجێی خۆی هەستاو وتی:

ــ ئـەی بـەقوربانت بم ئـەوە بـۆ دەنـگ ناکـەی ؟چـوو جـامێکی گـەورە ئـاوی هێنا کردی بەدەمیەوە

لـــەپاش پشـــودان وچـــاخواردنەوە کـــەریم داوای مۆڵـــەتی لەســـەید کردکـەڕێگای بـدات بچـنەوە ئـەو دیـو بـۆ چـاك کردنـی ناوماڵەکـەیان . سـەی تۆفیق وتی :

ـ باشە بەلام بۆ نانی ئێوارە لەبیرت نەچێ بێنەوە ئەم دیو.

کەریم قسەکەی لێوەرگرت ووتی:

ـدەستت خۆش بێت میمزا ، ئەری ئەوە کچەکان دیارنەبوون ؟

سەید لەوەڵامدا ووتی:

ـ وان لەماڵی مامەیان لەپشتی خۆمانەوە

کــەریم ونــەشمیل ومنداڵــەکان ئــەوێیان بــەجێ هێشــت وچــونەوە ئــەو دیــو ودەستیان بەرێکخستنی ماڵە بچکۆلەکەیان کرد.

نــەوزاد ئــەو دەرزی دانــەی کەخەپشــێ بۆیــانی دروســت کردبــوو لــەنزیك دەرگــای هۆدەکــە بەبزماریکــەوە هەڵیواســی ودەرزیــەکانی هــەرپێوەبوو ، لەســەرەوی بــەڕەنگێکی قــاوەیی لەســەری نوســرابوو حولومش.وەئــەو ســێ ســەنگیایەی کەخەپشــێ بــەدەزووی مــۆر وپەمــەیی نــاوی نــەوزاد وشــێرزاد وئـــازادی لەســـــەهەریەکێکیان نوســـــیبوو لەخوارەوەشـــــیان وێنـــــەی

چـــڵەگوڵەباخی بـــەڕەنگی ســـوور لەســـەر چـــنی بـــوو ئەوانـــەی تێکـــەڵ بەنوێنـــەکان کردلەگـــەڵ لێفەگەورەکـــە کەلـــەژێری دەخـــەوتن. بەماوەیـــەکی کـــەم ڕاخـــەرەکانیان ڕاخســـت ودەیـــانزانی خزمـــان دێنـــە ســـەردانیان وقەرەباڵغیان ئەبێت .

هەرلـەپاش نـان خـواردن لـەماڵی سـەید تۆفیـق گەڕانـەوە بـۆ مـاڵی خۆیـان . وردە وردە هەنـــدێك لەخزمـــەکان کەلـــەنزیکی ئـــەوانن هاتنـــە ســـەردانیان وبەخێرهاتنـــەوەیان کـــردن وهەنـــدێکیان میوەیـــان بـــەدیاری لەگـــەڵ خۆیـــان هێنـــابوو . هۆدەکەجمـــەی ئـــەهات لـــەماڵیَ خـــاڵۆو میمکـــەکانی ومنـــداڵی زۆریش هاتبوون .

کـەریم لەگـەڵ خزمـە میوانـەکانی بـاس وخواسـیان گـەرم بـوو .نـەشمیلیش بـــەدەم چـــاتێکردنەوە لەگـــەڵ خوشـــکان وبراژنـــەکانی حیلکـــە حیلکـــی پێکـــەنین وبەســـەرهاتی خۆیـــان بـــوون منداڵـــەکانیش چووبوونەحەوشـــەوهات وهاواریان ئەکرد بەو سەرمایە خەریکی ڕاکە ڕاکەبوون .

خانوەکـە بـریتی بـوو لـەهۆدەو هـەیوانێك لەسـەر زەویـەکی سـەد مـەتری لەخوارەوەئاودەست وحەمامێك لەلای

دەرگـای حەوشـە ئـەودوای حەوشـەیەکی کـراوەی شـێوە گۆڕەپـان درێـژ وباریـك ئـەم خـانوە لەگـەڵ خانوەکـەی سـەید تۆفیـق یـەك پارچـە زەوی دووسەد مەتری بوو . کرابوە دووچاوەخانوو.

نـەوزاد چـاوی بڕیبـوە پیاوەکـان وگـویَ بیسـتی وتـو وێـژەکانیان ئـەبوو ، جارجـارە خـەیاڵی دەڕۆیشـتەوە بـۆ ڕۆژانـی ڕابـوردوو . لەلایـەك مانـدوویی چـاوی قـورس کردبـوو خواخـوای بـوو میوانـەکان بڕۆنـەوەو زوو بـڕوات بخـــەوێت .لەلایـــەکی تـــرەوە حـــەزی ئـــەکرد زۆرتـــری ببیســـتایە

لەقسەخۆشـــەکانیان . حـــەزی ئـــەکرد هـــەروەك جـــاران بـــاوکی قەوانەکـــەی دەرکردایـــە ولـــەم دانیشـــتنە خۆشـــەدا لـــۆرکێ و لـــۆرکێ ونـــەمام نەمامـــەی حەســـــەن زیرەکـــــی بخستایەســـــەر . خۆزگـــــە ئـــــەم دانیشـــــتنە وەك دانیشتنەکانی جاران بوایە ،حەسەن زیرەکی تیابوایە

خۆزگـە خـۆم وەك حەسـەن زیـرەك بـەدەنگی بـەرز بمگوتایـە . خـۆم ئـەبووم بەقـــەوان وئـــەم گۆرانیـــەم ئـــەدا بـــەگوێی میوانـــەکانی باوکمـــدا . خۆهـــەر کەســەکانی جــاران ولەشــوێنێکی تــری ئــەم شــارە ولەخانوویــەکی تــری ئــەم گەڕەکـــە کۆبوینەتـــەوە . بـــەس گۆرانیەکـــەی حەســـەن زیرەکـــی تیانیـــە. هیچـــی تـــر نـــەگۆڕاوە . بـــەلاَم قەوانەکـــەش نـــەماوە ، نـــازانم کەچـــوین بـــۆ شـەنگال بـاوکم چـی لێکـرد . مـن ئـیتر خـۆم ئـەم گۆرانیـە ئەڵێمـەوە . ئـەم گۆرانیـــە خۆشـــانە تێکـــەڵی نـــاخم بـــوون . ڕۆژگـــارێکم بـــیر هاتـــەوە خۆشـــیم لـــەلا دروســـت بـــوو . ئەمـــە کەرکوکـــە ، ئەمـــە ئاوێنەیـــەو خـــۆمی تیائـــەبینم . ئـــیتر تێکـــەڵی ئـــاو وهـــەوای ئـــەبم . یـــان ئەتوێمـــەوە وئـــەبم بەهـــەڵم وئاوێتـــەی ئەبم

هـــەردوو ئـــەبین بەیـــەك پێکهاتـــە ، خـــەونم ، خـــۆراکم ، چـــاو وگـــوێم ، گیـــان ولاشـــــەم ، خـــــەون وڕاســـــتیم ، ژیـــــان ومـــــردنم، شـــــادی و خـــــەمباریم ، لێـــــرە مانای ڕاستەقینەو بەهای تەواوی خۆی هەیە .

ئێـــرە جێگـــاو شـــوێنێی بـــێ ناونیشـــان نیـــە. ئێـــرە مـــۆرکی یادەکـــانمی بەڕۆژگارەکانـــەوە دیـــارە، بەدیوارەکانـــەوە دەبینـــرێن ، تەماشـــایان ئەکـــەم ، هـــەر لەڕێگاوبانەکانـــەوە تائەگاتـــە ئێـــرە لەهـــەموو شـــوێنێکی شـــۆرجە خـــۆم ئەبینم

مــن ئەمشــەو دەســت لــەملانێی گشــت هاوڕێکــانم ئــەبم . پێکــەوە هــەموو یاریــەکانی جــاران ئەکەینــەوە . کەلــەناو کــۆڵاڕن ئــەمانکرد . چاوشــارکێ وخەلەســـێتمە ، کـــلاَو لـــەژێر داوان وکـــلاَو ڕفکێنـــە ، حـــەوت پـــاتری و هەلوکێن

ئاشــکان وباشــکان ، لەبیرمــە ئەچــومە ســەربان وکاغــەر قوشــیم هەڵئــەدا . هاوڕێکانیشــم لەســەربانی خۆیــان . مــن ئەوەنــدە تــیرەم دایەبــەری . هــەر ڕۆی هــەرڕۆیی ، زۆر بــەرزەوە بــوو . لەپڕێکــدا تیرەکــەی پچــڕا . زۆر جــوان بــەلارەلار وڕاســت وچــەپ نــزم بــووەووە ولەســەربان وحەوشــەی ماڵێــك نیشــتەوە وکــەوت ، مــن ئێســتا خــەمی لــێ نــاخۆم پــڕ بــەدڵم بــەو دیمەنــە پێخــەنینم دێــت . هەربەڕاســتی زەردەخەنەکەوتــە ســەرلێوی وکــەس هەســتی پێنەکرد.هەرکــە میوانــەکان هەســتان و ڕۆیشــتنەوە تــاکو نــاو کۆڵانەکــە بــەڕێیان خســتن کەبەشــەوقی ئاگرەکــەی شــۆرجە ڕونــاك بووبــوەوە .نــەوزاد وبراکــانی ڕونــاکی نــاو کۆڵانەکەســەرنجی ڕاکێشــان . کەهــەموو لایــەکی ڕونــاك کردوەتــەوە ئــەڵێی چــرایەکی گــەورەی داگیرســاوە، خولیایــەك پەیــدابوو بــۆ زانــینی ئــەم ڕونــاکی یــە مەزنــە . هەرکــە بــاوك ودایکیــان چــوونە ژورەوە ئــەوانیش لەگــەڵیان چــونە ژورەوە . بــەلاَم هــەروەك تــەگبیریان کردبێــت ولەناخــەوە لەیــەکتر ئاگــاداربن هەرســێ منــداڵ بــەدوای یەکــدا بــە پێپیلکەکانــدا ڕایــان کــرد بــەرەو ســەربان ، هەرکــە گەیشتنە سەربان جوانترین دیمەنیان بینی کەلەئەفسانە ئەچوو .

ئاگرێــك کەنــەزۆر دوورە ونــە نزیــك بڵێســەی بەئاسمانــدا ئەچــێ . چــونکە بەزەویەکــەوە نەنوســاوە. وەك خــۆرێکی درێــژ ئەچــێ بــەئاسمانا . شــنە بایەکــە جارجــارە بەلایەکــدا ئەیچــەمێنێتەوە . کــورت ئەبێتــەوە ودوبــارە

بـالآی درێـژ ئەبێتــەوە ، ئـەو دەشـت ودەرەی وا ڕونـاك کردوەتـەوە کـە ئـەو ناوەپێویســتی بەچــراو گڵــۆپ نیــە . ڕەنگــە زەرد وســوورباوەکەی ئــەلێی تێکەڵــەی زێڕومســە ئەدرەوشــێتەوە . زەوی ودیــوار وسەربانەکانیشــی گرتوەتــەوە وشــەپۆڵەکەی لەرەلەریــەتی وهەرئــەلێی خــۆرێکی تــرەو بەشـەو هەڵـدێت ، هەرکـە خـۆر ئـاوا ئـەبێت ئـەم ناوچـەیە ئەداتـە دەسـتی ئـەم ئـاگرەوە بەئەمانـەت تـاکو سـبەینێ جـارێکی تـر دێتـەوە بـەر دیـدەی خـەڵکی شـۆرجە. لــــەپانتاییەکەی پشـتیماڵیانـەوە ،کەچـۆڵە، کۆمـەڵێك منــداڵ بــەو شــەوە یــاری ئەکــەن . هەنــدێکیان ڕاکــە ڕاکەیانــە وهــات وهاواریـان ئەگاتـە ئێـرە . جارجـارە پیـاوان هـات وچـۆ ئەکـەن وتەنانـەت ژنانیش ئەبینرێن

کەلـەمیوانی ئەگەڕێنـەوە ، ئێـرە شـەوەکەی لـەڕۆژ خۆشـترە . ئەگـەر کـزە باسـاردەکە نـەبێت تـاکو بـەیانی لـەدەرەوە بیـت کێشـەت نیـە. هەرسـێکیان نیگای چاویان بڕیبوە ئاگرەکەو تەماشای یەکتریان کرد . خۆزیان

دەخواسـت ئێسـتا بچـنە نـاو ئـەو منداڵانـەو تێـر لەبـەر ڕونـاکی ئـەو ئـاگرە یـاری بکـەن . نـەوزاد وای بەخەیاڵـدا هـات ئـەم خەڵکـە لەبـەر جـوانی ئـەم ئــاگرە هــاتوون لێــرە خــانوو ئەکــەن . بــاوکی ئــەمیش یەکێکــە لــەو خەڵکانـەی حـەزی کـردوە منداڵـەکانی تێـربن لەدیمـەنی جـوانی ئـەم ئـاگرە . ئـەم ئـاگرە بـەم دیمەنـە دڵڕفێنـەی خەمـەکانی لـەبیر ئەباتـەوە ، بـەلآم ئگـەر حەمەی لەگەڵ بێت ئەوا چێژی هەرگیز تەواو نابێت.

دایکیــان لــەخوارەوە هــاواری لێکــردن کەبێنــە خــوارەوە نــەکا ســەرمایان ببێت ، بەلآم کەریم بەئارامی پێی وت:

ــ لێیــان گــەڕێ بــاتێر تەماشــای بڵێســەی ئاگرەکــە بکــەن . ئێمــەی کــورد ئاگرمان خۆش ئەوێ .

نــەوزاد تێبــینی کــرد خانوەکــان چــڕ وپــڕ نــین پشــتی ماڵیــان هەربەلادێیــەکی پــەرش وبــلاو ئەچــێ زۆری بــەلاوە خۆشــە چــونکە کــۆلانی تێدانیــە بەئاســانی لەزەویەچــۆڵەکانەوە لــەم ســەر بــۆ ئــەو ســەر ئەچــی . ئەمــەش وایکــردوە تیشــکی ئاگرەکــە هــەمووخانوەکانی ئــەوناوە بگرێتــەوە ، ئــەم تیشــکە زێــڕین وجوانــە بــەر ڕومــەت ودەموچــاویان ئەکــەوێت ، وەك ســوور پێســت دەرئەکەون . کەتەماشای یەکیات ئەکرد پێئەخەنین .

ــ بەڕاسـتی دلخۆشـم بەناوچـەکە ، دڵـم کرایـەوە . حەزئەکـەم هـەتا سـبەینێ خـۆر هەڵـدێ لـەم ئـاگرە بـڕوانم . تـابڵێی جوانـە ، تـابڵێی دڵڕفێنـە . ئەمـە قسەی دڵی نەوزاد بوو

لــەدوبارە بــانگ کردنــەوەی دایکیــان ناچــاربوون بچــنە خــوارەوە بۆئــەوەی ســەرمایان نــەبێت . لــەژوورەوە لەبــەر تیشــکی فانۆســە بچــکۆلەکە کــەکزکز ئەســـوتا دانیشـــتن و وێنایـــان ئـــەکرد بەئاگرەکـــەو ئـــەیانڕوانی لێـــی .تاکوچوونە ناوجێگاکە بۆخەوتن هەر ئاگرەکەیان لەپێش چاوبوو

نــەشمیل هــەرزوو هەســتا بــۆ نوێــژی بــەیانی. چــایی ونــانی ئامــادەکردبوو کــەگوێی لــەدەنگی ژنێــك بوولــەکۆڵان هــاواری ئــەکرد ...ماست..ماســت .ئــەویش چــوە دەرەوە بــینی ژنێکــی عەرەبــە ودووســینی پڕجامــە ماســتی بەسەرســـەرەوەیە وماســـت ئەفرۆشـــێت . هاوکـــاری کـــرد لـــەداگرتنی سـینیەکان وجـامێ ماسـتی بـە بیسـت وپێـنج فلـس کـڕی وبـەتاڵی کـردە نـاو قاپەکــەی خۆیــان . ئــەوجا ســینیەکانی خســتەوە ســەر ســەری ژنــە عەرەبەکە وبەدەم ڕۆیشتنەوە بانگی ئەکرد ..ماست ... ماست .

ئـــــەمیش هاتـــــە ژورەوە وقاپــــە ماســــتەکەی خســــتە سەرســــینیەکی بچکۆلەولەگەڵ ناندا داینائامادەی کرد.

نــەشمیل دڵخۆشــە بــەهۆی شــادبونەوەی بــەبراو خوشــکەکانی . وە خــۆی لەلوتکــەی خۆشــیدا ئەبینیــەوە وزۆر ئاســودە هــەڵس وکــەوتی ئــەکرد ودڵــی بەماڵەبچــــکۆلانەکەی خـــۆش بــــوو . ئــــەم کــــە خوشــــکە گــــەورەی براوخوشــکەکانی بــوو ڕێزێکــی تایبــەتیان لــێ دەنــا. براکــانی هاوکارییــان بــۆ هێنــابوو کــەبتوانێت هەنــدێ کــەم وکوڕیــەکانیان پــڕ بکەنــەوە . هێنــدە دڵــی بەوبڕەپارانــــە خــــۆش بــــوو گشــــتی بــــەپیرۆز ئــــەزانی . دەیگــــوت خێروبەرەکــــەتیان پێوەیــــە .ئێســــتاش لــــەناو خــــزم وکــــەس وکارەکــــەی خۆیدایــەو بەتــەواوی لێیــان نزیــك بوەتــەوە وبرینــەکانی ســاڕێژ بــوون .هــیچ وەك دڵشــکاوی نیــە. ئــەم لەشــوبراکەی زۆر دڵــی شــکا . کەلەســەر میراتــی بــــوە ناکۆکییــــان وکــــەریم هێنــــدە دڵــــی لەبراکــــەی شــــکا کــــەرکوکی هەربەجێهێشــت . ئــەم برینــە هــەتوانی نیــە بــەڵام بەگەڕانــەوەیان ، بینــینی خوشــــك وبراکــــانی بــــوە مەرهــــەمێك بــــۆ ســــاڕێژی برینــــە قوڵــــەکانی کەبەدەســــتی هــــەژاری ودووریــــەوە چەشــــتویەتی . فرمێســــکی شــــادی چــاوەکانی پــڕ کــردوو بەســەر ڕومەتەکانیــدا هاتنــە خــوار وەك شــەونمی ســەر پــــەڕەی گــــوڵ لەخۆشــیدا کــەمێك گریــا ودەســتەکانی بــۆ ئاسمــان بــەرز کــردەوە سوپاســی خــوای گــەورەی کــرد کــەنزیکی کــردەوە لەکەســەکانی و دڵارامــی پــێ بەخشــی . دڵتــەنگی بــەرۆکی بــەردا . ئــەو چــەند ساڵەی تەمــەن مــاوە بەخۆشــی ئــەیگوزەرێنێ . ئــەو ئێســتا ســی وپێــنج ســاڵ تەمەنیــەتی هەرلەکۆشــش وهەوڵــدان بــووە. هێشــتا نەگەیشــتوە بــەو ئاســتەی خــۆی خــەونی پێــوە ئــەبینێ . لــەژیانێکی ئــارام و جــێگیر کــەهیچ کــات ترســی

ســـبەینێی نـــەبێت و لەگـــەڵ ســـەرجەم خـــزم وکـــەس وکـــار بـــە ڕێـــز وخۆشەویسـتی پێکـەوە بـژین مێردەکـەی وەك جـاران دڵخـۆش بێـت و لـەناو گۆرانیـدا بـژێت ، کـۆڕ وکۆبونـەکانی جـارانی بـۆ گەمـەو گاڵتـەو گـویٚ گـرتن لەگۆرانیـــەکانی حەســـەن زیـــرەك و برایـــانی زیـــزی بـــەردەوام بـــیٚ وبـــە شـــەقەوانە لێـدان وســـەربادان ئێمـــەش دڵخـــۆش بکـات وڕیشـــوەی مشـــکی یەکـەی بلەرێتـەوە بەلاجانیـدا . مـاوەی دوو سـاڵێکە ئـەو خۆشـیانە باریـان کـردوەو نـەك لـەماڵی ئـەمان لەگشـت ماڵـەکانی تریشـدا هەروایـە ، ئەگـەر ئێمـە دووربـووین لـەخزم وکـەس و کـار ، خۆئـەوانی تـر بـەمجۆرە نـین . بـەلاٍم زۆریـش لـەمان ئەچـن ، لەگونـد ودێهاتـەکانی خۆیـان نـەماون وهاتنـە نـاو شـار وبـەکرێکاری ئـەژین . هـەموو ئەوانـەی لێـرە ولـەم گـەڕەك وبانـە نیشـــتە جـــێن زۆرینـــەیان لەگونـــدەکانی ناوچـــەی جـــەباری و شـــێخان وشـــوانەوە هـــاتوون ، بۆچـــی لەزێـــدی خۆیـــان هەڵکەنـــدراون ، بۆنـــان پەیـداکردن هاتونـە شـار یـان لەترسـی کوشـتن وتـۆپ بـاران و فڕۆکـەو کۆپتـەر هـاتوون . ئـەوەی ئـەمان پێـی ئـەڵێن ئـاش بـەتاڵ بـووە هـۆی چـۆڵ کردنـــی گونـــدەکان وئـــاوارەبوونی خـــەڵك لـــەناو ئـــەم شـــارەدا وناچـــاری کرێکـارین لـــەجیاتی شـــوانی وجوتیـــاری وهـــەموان لەیـــەك تـــرازاون .ئـــەم تاڕادەیـەك دڵخۆشـە جگـە لەخوشـك وبراکـانی ، خـاوەنی سـیٚ تولـە نـەمامی جـوان ونـازدارە ، چـەند لـەخوا پاڕایـەوە کەکچـێکی جـوانی پـیٚ ببەخشـایە کەلەتـــەواوی ژیانیـــدا ببوایـــە بـــەهاوڕێی تەمـــەنی ، بـــەلاٍم هەتاکوئیســـتا نەیـــداوە وئـــەمیش هـــەرداوا ئـــەکات ونائومێـــد نـــەبووە . زۆر دڵـــی بـــەم کوڕانـەی خۆشـە کەتەماشـای قـەد وبالآیـان ئـەکات . گـەز گـەز بـالآ ی پـیٚ

ئـەکات وڕۆژانـە خـۆی بـەقوربانیان ئـەکات . ئـەوا نـەوزاد وەك لاوێکـی تـەواو خۆی ئەنوێنیٚ وڕەفتارەکانی گەورەو پیاوانەن .

زۆر بەشـــێنەیی خەبـــەری کردنـــەوە . ئـــەوانیش وردە وردە هەســـتان ولـەدەوری سـینیەخوانەکە خڕبونـەوە ، بەخۆشـییەوە چـایی بـۆ تێئـەکردن و ئەوانیش ئاسودەییان پێوە دیاربوو .

کەریم ڕووی کردە نەوزاد:

ـــ کـــوڕم ئـــەمڕۆ نوســـراوی قوتابخانەکـــەت بگەیەنـــە بۆئـــەوەی گواستنەوەکەت بۆ تۆماربکەن و بچیتە قوتابخانەکەت ودوانەکەویت .

ـــ باشـــە باوەگیـــان ، قیچـــەکی کـــە ئەچـــم . وتـــەواوی ئەکـــەم . ئەگـــەر چشتەکی ئەخازن لەبازاڕیٚ بالەڕێوە بیکڕم .

نـەوزاد بـەم تێکەڵیـە قسـەکانی کـرد ، کـەدەیزانی سـەرنجی بـاوکی لەسـەر قسەکانیەتی.

- قەیناکە خۆم ئەچمە بازار.

- باشە باوەگیان .

لـــەپاش خـــۆ گـــۆڕینی ، نـــەوزاد نوســـراوەکەی لەگـــەڵ خـــۆی بـــردوو بەناونیشانەکەی باوکی بەرەو قوتابخانە چوو

کـەنیو کیلـۆ مـەترێك لەماڵیانـەوە دووربـوو کـەوتبوە ڕۆژهـەلاتی ماڵیانـەوە . ملـــی ڕێگـــای گـــرت بـــەناو زەوی یـــە چـــۆڵەکاندا بەتەنیشـــتی تەپۆڵکەیـــەك تێیـــەڕی کەچـــەند ماڵێـــك خانوویـــان ڕووەو گردەکـــە بـــوو وبەتەنیشـــتیانەوە تێپـــەڕی . کومـــەڵیٚ قـــاز ومـــراوی جـــوان جـــوان بـــەکلك بـــادان بـــەدوای یەکـــدا وەك ســـەرباز بـــەڕێکی ئەڕۆیشـــتن ، ولـــەپیشٚ نەوزادیشـــدا لـــەخوارتر کۆمـــەڵیٚ قازی تر لەئاو دەرئەچون وباڵەکانیان ڕائەوەشاندو خۆیان ئەتەکان

ئەمـەی بـەلاوە نـامۆ بـوو ، بـەرەو ئاوەکـە چـوو بـینی جۆگەلـە ئـاوێکی پـاك وڕوونــە لەکونێکەوەدەرئەچــێت وبــەرەو خــوار ئــەڕوات . تاوێــك لەئاوەکــە وورد بـوەوە هەنـدێ وردە ماسـی بەرچـاوکەوت . زۆری بـەلاوە جـوان بـوو پێـی دڵخـۆش بـوو ، لـەخۆی پرسـی ئـەبێ ئـەم ئـاوە لـەکوێوە بێـت ؟ لــەخوارتر ئــەو ســۆنەو مراویــە سەوزوســپییانەی بـینی مەلــەیان ئــەکرد ، ئــەتگوت دنیایــەکی دیکەیــە . هەربــە خۆشــحاڵییەوە بەرەوســەرووتر هـەنگاوی نـا . کـونێکی بـینی لەشـێوەی بـیر کـەلێی ورد بـوەوە هـەمان ئـەو ئـاوەی خوارەوەیـە کـەلێرەوە ئـەڕوات. کەسـەیری کـرد لەسـەرووتر چـەندین کـون هەیـە لـەوجۆرە . هـەتا گەیشـتە حـەوت کـون . حـەوت دانـەی ژمـارد کەئـەم ئـاوەی پێـدا دەڕوات . ئـەم کونانـە دەرگـای چـونە خـوارەوەن بۆنـاو ئــەو ئــاوە کەشــوێن پێــی بۆچــاڵ کــراوە . کــەپێ ئەچــێت هــەر ئیشــی منــداڵانی ئێــرە بێــت بــۆ ڕاوەماســی لێــوەی بچــنە خــوارەوە. وردە وردە لەکونــەکان دورکەوتــەوە وهەرتەماشــای پۆلــە قــاز ومراویــەکانی ئــەکرد ، کەلــەو بەریشــەوە بــەرەو ئاوەکــە کەلــەخوارەوە بەربەرەلایــە وقــوڵ نیــە وەك جۆگــە ئـاوێکی ئاسـاییە بـەدوای یەکـدا ڕیزیـان بەسـتوەو بەلەنجـەولار وکلك بادان ، بەدەم قیقەقیق وگارەگارەوە بێ سلەمینەوە ئەڕۆیشتن .

ســەرنجی ســەرووتری دا بڵێســەی ئاگرەکــەی دوێشــەوی بــینی کەبــەرەو ئاسمــان هەڵئەکشــاو دوکەڵەکــەی تابــەرزتر بوایەتــەوە خاوئــەبوەوە ودواتــر نەئــەما. هــەنگاوەکانی ڕێــك بــەرەو ئاراســتەی ئاگرەکــەنا ، ئــەو بەشــەو بـەمجۆرە تێبـینی ئاگرەکـەی نـەکردوە ، دیمەنەکـەی شـەوی سەرسـامی کردبــوو حــەزی ئــەکرد تــەواو نزیــك بێتــەوە لێــی .ئێســتا کەبۆڕییەکەیشــی دەرکــەوتووە ، ئاگرەکــە لەســەرووی بۆڕیەکــەوە بڵێســەی دەرئەکــەوێت .

حــەزی ئــەکرد بچــێتەوە تەنیشــتی و لەهــەموو شــتێکی وردبێتــەوە . بــەڵام تێبــینی کــرد ئــــــەو تــەواو نزیــــك بــــــوەتەوە لــــــە قوتابخانەکــەی ئاراســـتەی خـــۆی بـــەرەو دەرگـــای قوتابخانەکـــە گـــۆڕی . لەبـــەردەمی دەرگـــــای قوتابخانەکـــــە ســـــەری هـــــەڵبڕی وتابلۆکـــــەی خوێنـــــدەوە کەنوسرابوو.ـــــ قـــوتابخانەی ناوەنـدی شـۆریجەی کـوڕان ـــــ ئـاهێکی خۆشــی هەڵکێشــا . تــابلۆی جـــارانی قوتابخانــەی هــەڵگوردی ســەرەتایی هاتــەوەیاد کــەناوێکی زۆر خــۆش وشــیرین بــوو بــەڵام بیریشــی مــاوە پــێش چــونیان بــۆ شــەنگال .قوتابخانەکــەیان کرایــە ســەربازگەو پــڕ کــرا لــە عــەرەبی چــەکدار بەکیســە خــۆڵ ســەربانەکەیان تــەنیبوو وپاســەوانیان تێــدا ئــەگرت . ئــەمانە وەك خــەڵکی باسـیان ئـەکرد وئـەمیش بـیری مـاوە هێـزی عەشـــایەری عـــەرەب بـــوون کـــــەشۆرجەیان بەنـــاوچەی بـــارزان ئـــەزانی وخســتویانەتە ژێــر دەســتی خۆیانــەوە .ئەمانــە جلــی ســەربازییان لەبــەر ئــەکرد. کەهەرچــی قوتــابی هــەبوو ڕقیــان لێیــان ئــەبوەوە ، چــونکە قوتابخانەکــەیان کردبــووە زبڵــدان ، قوتابیــەکان نـــــەیان ئــەزانی ئەمانــە بۆچــی هــاتوون. کەڕۆژانــە شــەڕیان بــەو خەڵکــە ئەفرۆشــت . ئەوەنــدە خــەڵك دوعــای خراپیــان لێیــان کــرد یــەکێکیان لـــەو ســەربانە کەوتــە خــوارەوەو مرد .

لــەپاش تـــەواو کردنـــی نوســـراوەکەی و وەرگـــرتنی لـــەو قوتـــــابخانەیە بەڕێوەبەرەکـــــە بـــەڵێنی پێـــدا کـــــەسبەینێ پێداویســـتییەکانی بــۆ دابــین بکات . وئەمیش دەست بە خوێندن بکات لە پۆلی سێیەمی ــ ب ــ .

بەخۆشـــییەوە ئـــەوێی بەجێهێشـــت ، زمـــانی پـــاراوی بەڕێوەبەرەکـــەی زۆربــەلاوە خــۆش بــوو . لەئێســتاوە خۆشــی ئــەوێ . نەیویســت هــەروا زوو

بگەڕێتـــەوە بـــۆ ماڵـــەوە . بـــەڵکو خولیـــای کۆڵانەکـــەی جـــارانی هەرلەسـەردایە . حـەز ئـەکا هـەواڵی هاوڕێکـانی بزانێـت وهـەواڵی هاتنـەوەی بەگشـتیان بـدات. . هـــەربۆیە هـــەنگاوەکانی بـــەرەو بـــاکوری گـــەڕەکی شـۆرجە خێراتـر وگورجتربـوەوە . وای هەسـت ئـەکرد پێیـەکانی بەقسـەی ناکـەن وخاوەخاویانـە وئـەم ئەیـەوێت خێراتـر بـن . سـەرنجی ڕاسـت وچەپی خۆی ئەدا . وای وێنا کرد کەهەرلەڕێگاوە توشی کاوە قەڵەو ئـەبێ ،یـان لەوانەشـە توشـی فـاتیح وناسـیح کـوڕی مـام حەسـەن بێـت . بەدەم ڕێگاوە بەدەنگێکی نزم گۆرانی ئـەووت . سـەرنجی دایـە خـانوە قوڕەکـان . هـەروەك خۆیـان مـاون . هـەنگاوەکانی هێـواش کـردەوە نـەوەك یـەکێك لـەهاوڕێکانی دەرکـەون ئـەم نـەیبینیٚو یـەك نەناسـنەوە . دەم وچـــــاوەکان یـەك یـەك لـەپێش چـاوی دەرکـەوتن . لەوانەیشـە هەنـدێکیان ئێسـتا لەقوتابخانـەبن . هێنـدەی زانـی خـۆی لەناوەڕاسـتی چـوار ڕێیانەکـە بینیـەوە . سـەیرێکی منداڵـەکانی کـرد هـیچ تێنەگەیشـت وکەسـی نەناسـیەوە . چـوەبەردەم دەرگـای مـاڵی کـاوە قەڵـەو و لـەدەرگای دا. دڵنیـابوو ئەگـەر کـاوە لـەماڵ بێـت ودەرگـا بکاتـەوە ئـەوا باوەشـی پێـا ئـەکات وهـەردوکیان دڵخـۆش ئـەبن . خـۆی بـۆ باوەشـی کـاوە ئامـادە کـرد وخۆشـی خۆشـی بـوو . هەرئێسـتا کـاوە سەرسـام ئـەبێت بـەبینینی . واچـاکترە ئـەم خـۆی گێـل بکـات وبزانـێ کـاوە چـی ئـەکات وچـی ئـەڵێت . بزانـە پـاش ئـەم چـەند ساڵە ئەیناسـێتەوە . ئـەی ئەگـەر نەیناسـیەوە ئـەم چـۆن ڕەفتاربکـات وچـۆن ناونیشـانی خـۆی بەکاوە بڵێت . نانا زوو ئەیناسێتەوە . بەدەم ئەم خەیاڵانەوە لەدەرگای دا.

لەناو حەوشەوە دەنگێك هاواری کرد :

ـ منوو .

وای لێکدایەوە کاوە بۆ قەشمەری بەعەرەبی بانگ ئەکات .وەهەرخەریکی گاڵتەو فشەیە بۆیە ووتی:

ـ خۆمانین .

هێشتا بزەی لەسەرلێو بوو کەدەرگاکە کرایەوەو کەسێکی ناشیرین ونامۆ دەرکەوت ولەیەکتر ڕامان

ئەو گەنجە بەعەرەبی پێی ووت:

ـ ها شترید؟

ئەو کەلەدیمەنی ئەو گەنجە عەرەبە حەپەسا ونەیزانی چی بڵێت . بەلأم فریای خۆی کەوت . بەو تۆزە عەرەبیەی لەشەنگال فێربووبوو وەلأمی دایەوە :

ـ ارید کاوە..

ـ شنو.

ـ ارید کاوە سەدیقی.

ـ های موبێت کاوە . ڕوح بابە ڕوح . دەرگای پێوەدا

بەدڵشکاوی وخەمەوە ئەوێی بەجێهێشت . لەگەڵ هەنگاونانیدا ئاوڕی لەدەرگاکە دایەوەو لەجێی خۆی وەستا. نائومێدی دڵتەنگی کرد . ئەی ماڵی کاوە چی لێهات وچونەتە کوێ ؟خۆئەوان خانووی خۆیان بوو .

لەولاوە چاوی بەباجی عەزێم دایکی ناسیح کەوت . ڕۆیشتە پێشەوەلێی کەگسکێکی بەدەستەوە بوو

دەیویست بەردەرگا بمالێت .

چاك وچۆنی لەگەڵ کرد وباجی عەزێم سەرنجی داو یەکسەر ناسیەوە .

ــ ئـای ڕۆڵـەگیان بـەخێربێی وباوەشــی پیـاکردو ماچــی کــرد . وپرســیاری دایك وباوك ومالّیانی کرد .

ــ ئــەوەی ڕاســتی بێــت تــازە هاتوینەتــەوە بــۆ کــەرکوك و دایــك وبــاوکم باشن . ئەوە من حەز کر ناسیح ببینم .

ـ دەوەرە ماڵەوە کوڕم .

ـ خوائاوەدانی بکات . ناسیحم ئەویٚ.

ـ ناسیح لەمەکتەبە وبەیانیانە.

ـ ئەی مالاّ کاوە .

ــ کـوڕم مـاڵی کـاوە هەرلـەدوای ئێـوە لێـرە نـەماون . بـاوکی بـوە پێشـمەرگە وخانوەکەیان حکومەت حجزی کرد

ومـــاڵێکی عـــەرەبی تیادانـــاوە ، بـــەخواکوڕم هـــــەموو کۆلاّنەکـــەیان هـــەراسان کــردووە . خەڵکەکــە حــــەز ئەکــەن خانوەکانیــان بفرۆشــن ولێـرە باربکـەن . تـابلێی بـیٚ نـاموس وشـەڕانین شـەڕ بـەو خەڵکـە ئەفرۆشـن ، هــەر خەریکــە بمــانخۆن ، کــەس پێیــان نــاوێریٚ ولەترســی حکومــەت . خوا لەناویان بەرێت .

ــ ئیشــەلاّ . میمــی مــن ئــەڕۆم . لەوانەیــە جــارێکی تــر بێمــەوە . ســلاّوم بکەیەنــە بەناســیح ، زۆر حــەز ئەکــەم بیبیــنم ـ بەســەر چــاو تــۆش وەکیـل سەلام بە .

نـەوزاد هەڵکشـا بـەرەو مـاڵی کـاوان ئـامۆزای ناسـیح . بـەلاّم کـەبینی قفلێکـی گــەورەی پێوەیــە . زانــی یــان لــەماڵ نــین یــان لــەجێی خۆیــان نــەماون .

ناچـــار ڕۆیشـــت بـــەرەو ســـەرووتر تاکوگەیشـــتە بـــەردەرگای پێشـــەوەی تەکیەکـــەی شـــێخ عەبـــدولا ، لەبـــەر دەرگاکـــە کـــەمێك ڕاوەســـتا ،ســـەیرێکی دەرگاوحەوشـــەو بانەکـــەی کـــرد ولـــــەدیوارو دەرگـــاو بانەکـــەی ڕامـــا . هـــەروەکوخۆی مـــاوە ئـــەم دەرگـــا دوولاییـــە گەورەیـــە هەرئـــەوەی جارانـــە . کەزۆر جار بەمەبەستی
پـــێ گـــرتن ، منـــدالّی دراوســـێکانی ئـــەهێنا تالّـــەدەزووی لـــەنێوان هـــەردوو پەنجـە کـــــەلّەی پێـی ئەبەسـت ویەکـەم کـەس کەلـە تەکیەکـەوە دەرئەچـوو بەمقەست دەزووەکەی ئەپچڕێ ودوعای بۆ پێگرتنی مندالّەکە ئەخوێند.
ئـەو مندالآنـەی کـەدرەنگ پێیـان ئـەگرت ، ژنـان پێیـان شـورەیی بووخۆیـان مندالّەکەیان ببەن بۆیە دەیان دایە
دەسـتی هەرزەکارەکانـەوە بۆیـان ببـەن بـۆ تەکیـە ولـەپاش نوێـژ یەکـەم کەسـی لەنوێـژ دەرئەچـوو ئـــەم تالّـە دەزووەی ئـەبڕی بـەلاّم ئێسـتا بـەم چێشـتەنگاوە کـەس لێـرە دانەنیشـتوە . هەسـت ئـەکات شـتەکان گـۆڕاون وەکـو جـارانی نییـە ئـەوەتا فـەقێکانیش دیـارنین . ئـەو منـدالّ وهەرزەکارانـەی وانـەی ئاینیـان ئەخوێندوهـەرجلی کوردییـان لەبـەر ئـەکرد ، بـــــەو مندالّیـــە جامانانـــەیان ئـــــەبەستەوە وســـەریان ڕووت نەئـــەکرد وئەناسران کـــــە
فـــەقێن . ئێـــواران بەمالّەکانـــدا ئەســـوڕانەوە نانیـــان کۆئـــەکردەوە وخـــەلّکی ڕێزیـــان لـــێ ئـــەگرتن وئـــەیانووت لـــــــە ئاینـــدە ئـــەبن بەمـــەلا . مالّـــەکان بـــەو نانـــەی ئەیانبەخشـــیە فـــەقێکان پیـــت وبەرەکـــەت ڕوی ئـــەکردە نـــان و ڕۆژییان.

نـــەوزاد هـــەموو جارێـــك كـــە دایكـــی خـــەریكی ئیشـــێك بووایـــە خـــۆی بـــــەهەڵەداوان ڕای ئـــەكرد تـــاكو نانێكیـــان پێبـــدات وئەیخســـتە ســـەر باوەشـــەنانەكەی سەردەســـتی فەقێیەكـــە . ئـــەم فەقێیانـــە گـــەنجی قیـــت وقـۆز وپـاك وتەمیـــــز بـوون ، نـەوزاد زۆری حـەز ئـەكرد ببێتـە هـاوڕێی ئـەم فـــەقێ ئێســـك ســـوكانە . هەنـــــگاوەكانی بردیـــــان بـــۆ نـــاو حەوشـــەكەی تەكیـــە . چـــاوی بەئـــەرز ودیوارەكـــانی گێـــڕا . كـــەجێگای كـــۆڕی زیكـــری دەروێشەكان بوو . لێرە

دەروێشـــەكان حـــاڵ ئـــەیگرتن وقـــژەكانیان پـــەخش وبـــڵاو ئـــەكردەوەو ئەكەوتنـــە ســـەر ڕاوەشـــاندن . هـــــاواریان ئـــەكرد ـ الله الله بـــەدەنگی بەرز هاواریان ئەكرد حـــەیی .

ئـــەو ڕۆژە ســـامناك وناخۆشـــەی هـــەرگیز لـــەبیر ناچـــێتەوە كەتەمـــەنی پێـــبج ســـالآن بـــوو . لـــەمانگی مـــەولودی پـــیرۆز كـــاتێ لـــەناو هـــاوڕێ منداڵـــەكانی یـــاری ئـــەكرد ، بیســـتی كـــە كـــوڕان خەتەنـــە ئەكـــەن ومنداڵـــەهاوڕێكانی هەنـــدێكیان دەســـتیان بـــەگریان كـــرد وتـــرس ولـــەرز لەناویانـــدا بلآوبـــوەوە . هەركەسە ودایكی یان باوكی بانگی كرد بۆ ماڵەوە

بـــەگریان وهـــات وهـــاوار پەلكێشـــیان كـــردن بـــەرەو تەكیەكـــە .كەبـــەخۆڕایی منالێـــان خەتەنـــە ئـــەكرد . ئـــەم بەباشـــی زانـــی كەنەچـــێتەوە مـــاڵ وهـــەڵبێت وخـــۆی بشـــارێتەوە . بەباشـــی زانـــی لـــەماڵی میمكـــی خـــەرامان كـــەنزیكی مـــاڵی خۆیـــان بـــوو لـــەوێ خـــۆی حەشـــاربدات . چـــوە ژێـــر پـــەردە كولـــەی بێشـــكەی كوڕەســـاواكەی میمكـــی . ونـــوزەی لـــە خـــۆی بـــڕی . چـــونكە ئـــەیزانی كـــەس ژێـــر بێشـــكەكە ناگـــەڕێت . بـــەلآم دایكـــی لەمنداڵـــەكان بیســـتبووی كـــەڕایكردوە بۆمـــاڵ میمكـــی . كـــاتێ پرســـیاری كـــرد هەریەكســـەر

کچـــە پێـــنج ســـاڵانەکەیان ووتـــی ئـــەوەتا لـــەژێر بێشـــکەی براکـــەم خـــۆی شـــاردوەتەوە . ئـــیتر وەك تاوانبـــارێکی ڕاکـــردوو ملیـــان گـــرت وهێنایانـــە دەرەوە . گریان وخۆڕاپسکان و

هـات وهـاوار هـیچ دادی نـەدا کراسـێکی درێـژیان لەبـەر کـرد کـەبێ دەرپێبـوو . بـــەباوەش بردیـــان وئـــەویش بەبۆکســـی دەســـتە بچـــوکەکانی ئەیکێشـــا بەســەر وملــی دایکیــدا وجارجــارەش ئەپاڕایــەوەو ئــەیووت توخــوا دایــەگیان مەمبـــە .هــــــەر خـــۆی ڕائەپســـکان ، هـــات وهـــاواری منـــداڵان ئـــەوناوەی هەراســـانکردبوو ، لەناوحەوشـــەی تـــــەکیە منـــداڵی وەکـــو نـــەوزادی زۆر لێبـوو ، کـەڕیز بەسـترابوو بـەڵام بـەهۆی زەلامەکانـەوە منداڵـەکان هیچـیان نەئـــــەبینی وهەرئـــــەگریان وســـــەیری یـــــەکتریان ئـــــەکرد وفرمێســـــك بەڕومەتەکانیانـــــدا ئەهاتـــــە خـــــوارەوە . هێنـــــدەی زانـــــی دەســـــتیان دابەدەســـتی دەروێشـــێکی قـــژ پـــەرش وبـــڵاو کـــەڕێش وسمێڵـــی لەگـــەڵ ئارەقـــەی دەم وچـــاوی وهەناســـەی مانـــدوبوونی دیمـــەنێکی هەریـــەکجار ســـامناکی پـــێ بەخشـــی بـــوو . هـــــەرکە دەســـتی درایـــە دەســـتی ئـــەوپیاوەوە ئـــیتر زەنـــدەقی چـــوو دەیزانـــی شـــتێکی خراپـــی لـــێ ڕووئـــەدا ودۆخەکـــە بـــاش نییـــە . هێنـــدەی تـــر قیـــژانی بـــەڕووی دەروێشـــدا وزارەتـــرەك بـــوو . کەوتـــە خۆڕاپســـکان وئەیویســـت دەســـتی خـــۆی لەدەســـتی ئەوناقۆڵایـــە دەربـــێنێ . . بـــەڵام نـــەیتوانی ئـــەمجار کەوتـــە پاڕانـــەوە بەچـــاوی زەق وســـڵەمینەوە تەماشـــای دەروێشـــی کـــرد . دەروێـش دەیویسـت هێـوری بکـاتەوە وتـی مەترسـە گوڵەکـەم مەترسـە . بـەڵام دەروێـش نەیئـەزانی سـەروگوێلاکی ئـەو زیـاتر ترسـی خسـتوەتە دڵـی

ئەومندالــەوە . نــەوزاد ویســتی فیێلێــك لــەدەروێش بکــات . ووتــی بــەرم دە میزئەکەم .

دەروێش ئەمەی بەڕاست زانی وبەپیاوەکانی ووت :

ـ ئێستا ئەیهێنمەوە .

بردی بۆ سەر جۆگای ئاوی حەوشە دوور لە حەشاماتەکە ووتی:

ـ دەی دانیشە میزەکەت بکە.

بــەڵام دانیشـــت ومیـــز هەرنـــەهات . هەرلـــەخۆڕایی دانیشـــت وســـەیری دەروێشی ئەکرد کەدەرفەتی لیٚ بێنیٚ وڕابکا

بــەلاّم ئــەم ملۆزمــە وابەســەر ســەریەوە وەســتاوە هــیچ بــوارێکی هــەلاّتنی نــادات . پــاش کــەمێك کــەزانی هــەر میــز ناکــات وەدەروێــش لەفێڵەکــەی حــاڵی بــوو . پەلکێشــی کــرد وبــردی . ئــەویش هێنــدەی تــر زیڕانــدی وکەوتــە جنێو

پێــدانی: ـ هــەی لــەقوزی باوکــت بــەم . بەرمــدە ســەگباب . هــەی قەحپــەباب .

دەروێــش بەســـەری خـــۆی نـــەهێنا وبـــردی بـــۆ ناوەڕاســـتی زەلامـــەکان . کەدەروێشەکان ئەڵقەیەکی زیکریان بەست

بـــوو ، یـــەکێکیان بەشمشـــێرێکەوە بەهەڵـــــبەز ودابـــــەز هـــات وچـــۆی ئـــەکرد و ئەیکێشـــا بەســـەر ســـنگ وشـــانەکانی خۆیـــدا. کەهەنـــدیٚ جێگـــا خـــوێنی لـــیٚ ئـــەهات . دەروێشـــێکی تـــر ســـاجێکی گـــەرمی لەســـەر ئاگرەکـــە هـــەڵگرت وبـــــە هـــەردوو دەســـتی یـــاری پـــیٚ ئـــەکرد. اللـــە اللـــە وحـــەی حـــەی لەدەروێشەکانی تر بەرزئەبوەوە کـــــەخەریکی سەر

ڕاوەشـاندن بـوون قـژەکانیان بـۆ پاشـەوە وبـۆ پێشـەوە هەڵئەسـتایەوە .
ڕاخەرێکیش لەوناوەڕاستە ڕاخرا
بـــوو کەنـــەوزادیان بـــرد لـــەوێ بەچـــوارکەس هەرچـــوارپەلیان گـــرت ،
وجوڵەیان لێ بڕی وکاکی برین پێچی خەتەنە
کارمقەســـت وکەرەســـتەی خـــۆی ئامـــادەکرد ونـــەوزاد ئـــیتر گەیشـــتە
ئەوبڕوایـــــەی پارچەپارچـــــەی ئەکـــــەن . چـــــوار لـــــە دەروێشـــــەکان
پۆپـــەشمینێیێکان بەســـەر منداڵـــەوە ڕائەوەشـــاند وبـــەدەم حـــەی حەیـــەوە
ئەیانشـــەکانەوە . نـــەوزاد ڕەنگـــی زەرد هەڵگـــەڕا ئـــیتر تاقـــەتی هـــاوار
کردنیشی نەما . یەك لەدەروێشەکان ووتی :
ـ ئەی برا لەو کەرە بەئاسمانەوە ئەفڕێ .
نەوزادکەســـەری بـــەرز کـــردەوە ســـەیری کـــەری فڕیـــو بکـــات ، تـــەنها
پۆپەشمینەکـەی بـینی ولـــەپڕ نوقلێکـان کـردە نـاو دەمـی لـەقوڕگی
گیربـــوو خـــەریك بـــوو بیخنکـــێنێ . بـــرین پـــێچ دەرفـــەتی لـــێ هێنـــاو
پارچەگۆشتی زیادەکەی بڕی و
بـــوە ســـەلاوات لێـــدان . نـــەوزاد ئـــازاری بـــڕینی ئـــەو پارچـــە گۆشـــتەی
لەبیرچووەوە لەتاو هەناسە گیرانی . ڕاستیان
کـــردەوە نوقڵەکـــە هاتـــەوە نـــاودەمی ودەســـتی بـــەکۆکین کـــرد وڕەنگـــی
پەڕیوی بـۆ گەڕایەوە وئینجا دەستی بە
هاوارکرد:ـــ توخـــوا . توخـــوا . باوەگیـــان . کچـــێ دایـــە بـــەقوربانت بم ،
وای وای سـەیرێکی ناوگـەڵی خـۆی کـرد کەپێچـراوە دەروێـش هـاواری کـرد
.ســـەیدی عالـــەم پێغەمبـــەر ســـەلاوات . لـــەلاوە بـــۆ یـــان ســـەندەوە ، نـــوری
پاك محمد سەلاوات. برین پێچەکە ووتی : یاخوا پیرۆزی بێت .

ئـیتر ئەمـە نیشـانەی تـەواو بـوونی منداڵێکـە وچـاوەڕوانی منـدالیٚ دوای ئـەم ئەکەن .

نـەوزاد لـەو ڕۆژەوە قـینی لەتەکیـە هەسـتابوو . حـەزی لـەهیچ دەروێشـێك نەئەکرد . بەدێو ودرنج وێنای ئەکردن

تەنها فەقێکانی خۆش ئەویست .

لەبەر ئەوەی زیاتر دوانەکەوێت . ڕێی گەڕانەوەی گرت بەرەو ماڵەوە .

*************************

پــاش چــەند ڕۆژێــك زۆربــەی خزمــەکانی کــەریم بـــەماڵی خەزورانیشــیەوە ســـــەردانیان کـــرد ودڵخۆشـــی خــــــۆیان بـــە هاتنـــەوەیان دەربـــڕی . هەندێکیشـــیان سەرزەنیشـــتیان کـــرد کەبۆچـــی ئێـــرەی بەجێهێشـــتوە وچـــــووەتە وڵاتـــــــی غــــەریبی . ئـــــەوان ئـــــەیانزانی کەلــــەکاکی توڕەبووەوئەوکاتەی کاکی کەوتە دیوار دروست کردن بۆ بـــەش کردنی
حەوشـــەکەو خۆجیاکردنـــەوە لـــەماڵ ومنداڵـــەکانی کـــەریم بـــێ ئـــەوەی کێشەیەك ڕوویدابێت وئــەم ماڵ ومنداڵەکەی
بەپشـــتیوانی کــاکی بــەجێ ئــەهێڵێت ، کەچــی کــاکی دەســت بــەرداریان ئــەبێت . ئەمــەبووە هــۆی دڵشــکاندنی وزیــز بــوونی کــەریم . لەوپــەڕی قــار وخەفەتــەوە ئــەیووت مــن کەبراکــەم هەڵوێســتی وام بەرامبــەر بنــوێنێ ئــیتر دڵ بــەکێ خــۆش بکــەم . بــەم بارودۆخــە خراپــە . لــەبرا بــەولاوە چــیتر هەیــە ، مرۆڤ پشتی هەبێت لەهیچ ناترسێت و سڵ لە
کــەس ناکاتــەوە . بــەڵام ئەگــەر بــێ پشــت وپــەنا بێــت ســەرگەردان ئــەبێت .کــەریم ڕەفتــاری براکــەی هــەرگیز لــەبیر ناچــێتەوە کەلەخانوەکــە جیــای کــردەوە . زامێکــی قــوڵی لەدڵــدا دروســت کــرد . هــیچ دەسەڵاتێکیشــی نــەبوو . ئەو
نەیئــەزانی چــۆن وەڵامــی بداتــەوە . ئــەم ڕەنجــی زۆری دابــوو لــەو خــانوە ، دەســت وپێــی لــەناو ئیشــدا ســووتابوو و کــۆڵی نەئــەدا ، هەمیشــە بەتــەنگی دڵی براگەورەکەیەوە بوو بەڵام ئەو وانەبوو . خۆپەرست بوو دەیویست
بــراژن وبرازاکــانی لــەخۆی دووربخاتــەوە . هــەتاکو دایکیــان مــابوو هــەموان هەرلەحەوشە پێکەوەئەژیان باوکیان

هەرکـە مۆردانـەی جـەباری بەجێهێشـت وهاتـە شـارەوە دەسـتی بـەکرێکاری کـرد تـاکو وردە وردە لەگـەڵ خـەڵگی هـەژار خـانووی بـێ تاپۆیـان دروسـت کــرد وناویــان نــابوو خــانووی کۆمــاری بــەلاَم بــەگۆڕانی حکومــەت بــەکودەتای بــــەعسیەکان ســەرجەم خانوەکــانی ئــەو گەڕەکــە تێکــدران وڕوخێنــران . باوکیــان لـــەخەفەتدا نـــەخۆش کــەوت وســەری نایــەوە وبــە جێـی هێشـتن بـۆ هـەتا هەتایـە . ئـەمانیش توانیـان لـەپاش چـەند سـاڵێك ئــــەم زەویەلەشــۆرجەبکڕن وبیکەنــــە خــانوو وهەریەکــە لەسوچــێکی زەویەکــەوە هۆدەیــەکی لێــدا وتێیــدا ئۆقرەیــان گــرت ، لــەپاش مردنــی دایکیــان ئــیتر کــاکی بــوە دەســەلاَتداری بنــــەماڵەکەو پــاش ئــــەوەی خوشــکەکانیان شــویان کــرد خانوەکەتــەنها کــەریم وبراگەورەکــەی تیــای مانــەوە بــەجۆرێکی بــــاش مامەڵــەی لەگــەڵ بــراو برازاکــانی نــــەکرد وپەرتــەوازەی کــردن ، پــاش ئــەوەی چــوون بەگــژ یەکــدا خزمــەکان کەوتنــە نێوانیــان وکــەریمیان بــەبڕێك پــارە قایــل کــرد ، ئــەویش لـــەخانوەکە چــووە دەرەوە بەدڵشــکاوی . بــەلاَم بــۆ کــوێ یەکســەر بــۆ شـەنگال بـۆ ئـەو شـارە کەلەفەوجێکـدا وەك پـاك کەرەوەیـەکی سـەربازی خزمـەت ئـەکات . وئـەم چـەند سـاڵەی ڕابـووردوو خـۆی ومنداڵـەکانی لـەوێ ژیــان ، نـــەوزاد کــەقوتابی بــوو لەقوتابخانــەی ناوەنــدی شــەنگار ، بەعــەرەبی دەیخوێنــد و زمانــەکەیشی نەئــەزانی بـــــاوکی فێــری کردبــوو بەمامۆســتا بڵێــت ـــ ئــانی مائــەعرف عــەرەبی ـــ هــەتا فێــری عــەرەبی ئــەبێت ، ئەمــە بــــۆ نــەوزاد ببــوە کێشــەی گــەورەی بــەردەم خوێنــدنی . هەنـدێك لـە خزمـان براگەورەکـەی کـەریمیان هێنـاو لەگـەڵ کـەریم ئاشـتیان کــرەوە ، کــەریم لـــە پــاش گریــانێکی هێمنانــە ناچــاربوو دەســت نــەنێت

بــەڕووی خزمەکانــەوە و ئاشــت بــوەوە . براگـــــەورەکەی دەســتی لــــــەمل کــرد وئــەویش پەشــیمانی خــۆی دەربــڕی . بــەڵێنی دا یارمــەتی کــەریمی بــرای بــدات و دڵــی چــاك بکاتـــەوە وبــرینی ســاڕێژ بکــات . چــونکە کــەریم پێویســـتی بەپارەهەیــە بــۆ کــڕینی ئــەم خــانوەی کەبــەکرێ گرتویــەتی وخــاوەنی ئەیفرۆشــێت.کــەریم دڵخــۆش بــوە بەژیانــە نوێیەکــەی بەتایبــەتی کــڕینی خانوەکــە بــاری خــەمی سەرشــانی ســووك کــردووە . کــەریمیش دڵــی چــاك بوەتــەوە وهــیچ کینەیــەکی لەدڵــدا نــەماوە بەرامبــەر براگەورەکــەی . بۆیــە ئێستا ئـــــەگەر بشمرێت ، بەبێخەم سەرئەنێتەوە .

جەلالەپـــەڕگیر وەك یــەکێك لەهاوســێکان وپیــاوی ریــش ســپی کۆلأنەکــە بەســەید تــۆفیقی ووت . وەرە لەگــەڵم بــۆ مــاڵی کــەریم . حەزئەکــەم منــیش ســەردانی بکــــەم و بــەخێرهاتنیان بکــەم ونــــەریت وایــە کــە مــاڵێکی تــازە دێتــە کۆلأنەکــە ، بچــینە ســەردانی ویــەکتر بناســین وببێتــە دەروازەیــەك بــۆ تێکەڵ بوون و هاموشۆکردن . چونــکـــە

ئەبینــە هاوســێ وڕۆژانــە چــاومان بەیــەك ئەکــەوێت . ســـەید تــۆفێقیش لەگەلیا چوون بۆ سەردانی.

دەمــەدەمی عەســرە و نوێژیــــان کــردووە وئامــادەی ڕۆیشــتنن . جــەلال کەنەیئەهێشــت کــەس ســـەربخاتە ســـەری وبەگـــەنجی هـــەردووره پــــەرێز ئەوەســتاو هێنــدە خــۆی دوور ئــەگرت لــەکۆڕو کۆبونــەوەی خــەڵکی ئــاوایی . ئــەم نازنــاوەی لەخزمەکانیــەوە گواســتراوەتەوە بــۆ کۆلأنەکــە وهەربەجەلــە پــەڕگیر ئەناســرا . ئــەم خــەلکی گونــدی دەلــۆی ناوشــوانە . لــەدوای ئــاش بەتاڵــەوە هاتونەتــەوە بــۆ ناوشـــار وازیــان لــەجوتیاری هێنــاوە . هێنــدە تــەیارە لــــەگوندە بچــوکەکەیانی داوە . کـــەم خـــانووی بـــەپاوەمابوو .

لەگـەڵ گـــەڕانەوەی پێشـمەرگە بۆنـــاو حکومــەت وڕادەسـت کردنـەوەی چــەکەکانیان ئــیتر دڵنیــایی نــەما لــەژیانی گونــد بەتایبــەتی حکومــەتی بەعسی عـەرەبی سـەرجەم ڕێگـا گشـتی یـەکان وتەپۆڵکـەو بەرزاییـەکانی کـرد بەڕەبیـە وسـەربازگە . جـەلالیش کـە قـادری کـوڕی یـەکێك بـوو لــەو پێشــمەرگانەی گــەڕابوەوە لای حکومـــەت ئــیتر بەباشــیان زانــی بێنــە شارەوەو خۆیان لەشەڕ وبیانوی حکومەت بپارێزن .

جەلالە پەڕگیر بانگی کوڕە هەرزەکارەکەی کرد:

ـ وەلی ، کورە وەلی..

ـ بەڵێ باوە ، چیت ئەوێ .

ــ ئـەو پریاسـکانە هــەڵگرە ودوای مـن وسـەید بکـەوە بۆمـاڵ کـاك کـەریم ئەو ماڵەی تازە هاتوون .

ـ باشە بەسەرچاو .

چـــوو پریاســـکەکەی هـــەلگرت ولـــەدوای بـــاوکی وســـەیدەوە بـــەهێمنی هەنگاوی ئەنا لـــەگەڵ هەنگاوە کورتەکانی

بــاوکی .کەکــەمێك پشــتی کوڕبووبــوەوە وگۆچــانێکی بەدەســتەوە بــوو . هێــواش هێــواش تاگەیشــتنە مــاڵی کــەریم . پــاش لــەدەرگادان وچــونە ژورەوە کەریم پێشوازی لێکردن وگوتی:

ـ یاخوا بەخێر بێن بەسەرچاو ، فەرموون .

جەلال بەشکۆوە ووتی: کورە ئێوە بەخێربێن ، چیت ووت سەید؟

سـەید پــاش ئـخ ئـخ کردنێـك وقـوڕگ پـاك کردنــەوە ڕووی دەمــی کـردە جەلال و وەڵامی دایەوە:

ـ ئەشەدوبیلا قسەکەی جوانە ئێوە بەخێربێن .

ــ کـەرم بـەڕێزو سوپاسـەوە پرياسـکەکانی لـەوەلی وەرگـرت ولەسوچـێکی هـــەيوانەکە داینـاو نـەشمیلیش بـەخێر هـاتنی کـردن ونـزای چـاکی بـۆکردن وگوتـی:

ــ يـاخوا بـەخێربێن وکيسـەتان هـەرپڕبێت وخوابەرەکـەت بخاتـە ماڵتانـەوە .

جـەلال بەلەخۆبوردنـەوە بـۆی سـەندەوە لەکاتێکـدا خـەريکی دانيشـتن بـوو وتـی:

- نۆشی گیانتان بێت .

- بێوەی بن یاخوا.

نەوزادبــــەخێرهاتنيانی کــــرد ولەگــــەڵیان دانيشــــت . کــــەريم کەلــــەهەيوانەکە گــــەڕايەوە بــەئاماژەی دەســت جێگــای بــەوەلی پيشــانداو فــەرمووی دانيشــتنی لێکــرد. بــەلاَم واديــاربوو وەلــی نيــازی دانيشتنی نەبووبێت . بۆيەووتـی:

ــ قــەيناکا مــام کـەريم ، خـۆت ئەزيـەت مـەدە مـن ئـەڕۆم وئيشـم هەيـە دانانيشم.

سەيد تۆفيق مۆڕەيەکی لێکردو وتـی:

ــ ئـەوە چـيە سـەگباب ، قـەت قنگـت تۆتکـە نـاگرێ لەشـوێنێك ، هەردەقـەو لەشـوێنێکی . دەتاوێـك لـەناو پيـاوان دانيشـە ، هەرخـەريکی جرت وفرتی .

وەلـی چـونکە لەگـەڵ سـەيد تۆفيـق لەسـەر ئـەم قسـانە ڕاهـات بـوو بۆيـە بەپێکەنينەوە ووتـی:

ــ مـن لەگـەڵ ئێـوە چـی بکــــەم هـاوڕێی خـۆمی تیـانی یـە ، ئێـوە پـیرو هاوتەمەنی یەکترن لـــەگەڵ من ناگونجێن . هەرزوو لێتان بێزار ئەبم

جـەلالی بـاوکی کـــــەخەریکی پیچـانەوەی سیگارەکــــەی بــوو . سـەری شــۆڕ کردبــووەوە بەســـەرتوتنی ســەرپەڕە ســیگارەکەی نــاو فەلەمەکــە وخــەریکی ســوڕاندنی بــوو . هەرلەســەر ئــەو شــێوە دانیشــتنەی سەرچـۆك کەدانیشت بوو بەوەلی ووت:

ــ دەکـوڕم دانیشـە وبزێـو مەبـە، وەکـو کراینـە سـەگ بـا بـەهۆی تـۆوە سـەید نــەمانکات بەبــەرازیش. تاوێــك دانیشـــە وئەوســا بــڕۆ بــەڕێی خۆتــەوە. سەیدڕاســـت ئــەکات هــەرتاوێك لەشــوێنێکی ئــەبینم وا لەســـەربانی لـــە چـاوتروکاندنێکا لەبـەردەرگای . ئـەڵێی کرمـت تیایـە . دەبـۆ خـۆت ئـۆقرە بگرە .

نـەوزاد بەقسـەکانی جـەلال پێکـەنی ، وەلـی پێـی نـــاخۆش بـوو والێکـی دایـەوە ئەم کوڕە گاڵتەی پێ ئەکات و

لەخۆیەوە تەریق بووەوە ولەجێگاکە لەسەر چینجك دانیشت .

سـەید کەشـارەزای تـەواوی جـەلال بـوو بەپێکـەنینێکی خۆشـەوە دەسـتی بۆ وەلی درێژکردو وتـی:

ـــ هەرچـــەندجە ســـەیری هـــەڵس وکـــەوتی ئەکـــەم هەربـــەخۆت ئەچـــێ . سوبحانەڵلاّ بـەمووی لای نـەداوە لەخۆت تۆ

گـەنجی خـۆت لـەپێش چـاوە چـۆن ئـەو خەڵکـە زەلالـەتی بـوو بەدەسـتەوە . ئــەم دێ بـۆ ئــەو دێ ، هـــەتا خــەڵکی چەمچــەماڵیش ناوبــانگی تۆیــان بیسـت بـوو ترسـیان لێـت هـەبوو . مەڕوقـەڵ وقازیـان بـدزیت . بـەس نیـە وەلی دز

نیەو دزی ناکات .

وەلـی بـەم قسـەیە خـۆی بەگـەنجێکی بـاش زانـی بـەلاّم حـەزی نـەکرد ئـەم کوڕە نـــامۆیە گویێ بیستی ئەم قسانە

ببێت ودواتر گاڵتەی پیێ بکات وبەسوك سەیری بکات .

جـــەلال ئـــاگری نایـــە جگەرەکەیـــەوە ومـــژێکی قـــایمی لێداودوکەڵەکـــەی لەلوتییەوە دەرکرد و وتی:

کــوڕی بــاوکم ، کــاتی گــەنجی خۆمــان ئەگــەر دزیــت نەکردایــە . ئەگــەر کاروانت ڕووت نەکردایەتەوە ، بەپیاوتیان

نەئەزانی وخۆتیان ئەدزی .

هەرســێك دایانــە قاقــای پێکــەنین . تــەنها وەلــی نــەبێت بێــزاری پێــوە دیاربوو

جەلال درێژەی بەقسەکانیدا:

ــ کــاتی ئێمــە گــەنج بــووین دزی ئازایــەتی بــوو ، کەســیێ دزی چــاك بوایــە جوامێری ئاوایی بوو .

کــەریم تــەواو گــوێی بــۆ قســەکانی جــەلال شــل کردبــوو بــەلاٚم چــونکە یەکــەمجارە پێکــەوە دائەنیشــن پرســیاری لــیێ نــەکردو تامــەزرۆی درێــژەی قسەکانی بوو . سەیدووتی:

ــ لەناوجــەباری ناوبــانگی تۆمــان بیســت بــوو کــەپیاوێك لــەناو شــوان هەیــە دزێکی هێندە شارەزایە قاز ئەدزێت

ئـەو قـازەی پاسـەوانی قازەکـان ئـەکات ئـەوە ئـەدزێت . کـل لەچـاو ئـەڕفێنی .

نـەوزاد بـەم بـاس کردنـە جـەلالی زۆر بـەئازاو چـاونەترس زانـی وگـوێی دابـوە تەواوی قسەکانیان .

کەریم ووتی:

ـــ دزێـتی پیـاوی خێـراو وریـای ئـەوێ لـــەلادێ بـاوی بـوو بـەلاّم لـــەشار کەس ناوێرێ دزی بکات پۆلیس ئەیگرێ.

ســـەید چـــاوی بـــڕی بـــوە جـــەلال کـــەسەری بـــەردابوەوە وخـــۆی کـــوڕ کردبوەوە . پـــاش ئەوەی کەڤ دەمی سڕی

کەلەدوولای لێوی سپی ئەچونەوە ووتی:

ـــ ڕاســـتە دزیـــش بەهەمووکـــەس ناکرێـــت . لەگـــەڵ ئازایـــەتی، وەســـتایی و، لێزانینیشـــی ئـــەوێ. پیاونـــەبوو بتوانێـــت لـــەمالاّن قـــاز بـــدزێت ، ئـــەم جەلالـــە قـــازی ئـــەدزی ، لەســـەگی مـــالاّن سـڵی نەئـــەکردەوە وبـــاکی نـــەبوو . یەکـــــەم قاز دز ئەم جەلالە بوو، دەبڵێ وانیە؟ دایە پڕمەی پێکەنین .

جەلالیش سەری هەڵبڕی وبەڕوی سەیدا پێکەنی وتی:

وایە بەخوا قازیش فەرتەنە ئەنێتەوە .

سـەید ووتـی چـۆن خـەڵك پێتیـان نەئـەزانی وپـەڕوباڵی ئـەم هـەموو مـامرو قەل وقازەت لەکوێ ئەشاردەوە ؟

جەلال بەپێکەنینەوە وەلاّمی دایەوە:

ـــ هـــەموو شـــتێکم پـــێ بـــوو لـــەناو هەگبـــەی کەرەکـــەم لـــەچەقۆ وقاپلەمـــەوخوێ وئـــاو وســـابوون ونـــان ودۆوشـــتی تـــر . مـــامرم ئـــەبرد بـــۆ ئەودەشـتە پـاکم ئـەکرد وقـوڕم ئەگرتـەوە لەسـەرزەویەکە تـەختم ئـــەکرد وگۆشـتی مریشـکەکە خـوێم پێـوە ئـەکرد ولـەقوڕم ئـەگرت وئەوسـا لەسـەری ئـــاگرێکی چـــاکم ئـــەکردەوە وقـــۆری چـــاییەکەم ئەخســـتە بـــــان ئاگرەکـــە.

هەرکەسـیش بهاتایـە نەیئـەزانی نـاو ئاگرەکـە چـی تیایـە وزوو ئەڕۆیشـت بەتایبـەتی شوانـــەکان ئـەمجا ئاگرەکـەم لائـەدا ئەوگۆشـتە وەك دەنـوکی کـــەو ســـوورئەبوەوە وبـــەپیاز ودۆوە ئـــەمخوارد وئێسکەکـــەیم لـــــەناو چاڵێك بەخۆڵ ئەشاردەوە. ئاوبێنەو دەست بشۆ.

ـ بەخوا برا دزێکی زیرەکی ، پیاو لێت بترسێت باشە .سەید ووتی

جەلالیش کە مژی لەجگەرەکەی ئەداو پشتی ڕاست کردەوە ووتی:

ـ سەید تەنها ماڵێك کەدزیم لێ نەکردبوو ماڵی خەزوورم بوو .

کەریمیش نەیزانی جەلال چۆن چۆن هەڵس وکەوتی کردوە وتی:

ــ مـاڵی خـەزور وەك مـاڵی خـۆت وایـە . چـی دزی لـەوان بکـەیت وەك ئـەوە وایەدزیەکە لەخۆتی بکەیت .

جەلال ڕووی لەکەریم کرد و وتی:

ــ ڕاسـتە قسـەکەت تـەواوە بـەلاَم ئـــەگەر مـاڵی خـەزورت بەرامبـەرت بـاش نـــەبن وهەمیشـە وەك مـووی بـەرلووت وابـن وئـــاژاوەت بـۆ بنێنـەوە بـەخوا هـــەقە لەگـەڵ خـەڵك جووتیـان بکـەی، بـێ جیـاوازی. لـــەبەر هەنـدێ ئیشـیان بـووە مـەراقم دەسـتیان لـێ بوەشـێنم . خـۆم ئـــامادە کـرد و بڕیـارمدا شەوێك بچمە سەریـــان وئەم خەمەم نەمێنێ .

نـەشمیل هاتـە ژورەوەو کتریـەك ئـاوی خسـتە سەرسۆپاکـــە ،بـەلاَم سـەید تۆفیق نەیهێشت چایەکە لێ بنرێت

کتریەکـەی پـێ داگـرت . کـەریم کـــە مـەراقی گـوێ بیسـتی ئـەو بەسـەرهاتە بوو داوای تەواو کردنی کردو وتی:

ـ ئێ دوای ئەوە ؟

ـ جەلال درێژەی پێدا:

ــ براسـەرتان نەیەشـێنم ، تـەگبیرم کـرد کەلـەپاش نـان خـواردن وچـەند سـەعات دواتـر کەتـەواوی گونـد چـونەخەو ودنیـا کـپ وخـامۆش ، ئـێ ئـەزانم ئـەوان کـەی ئەخـەون . هەسـتام ونـاوی خـوام لێهێنـا وکەوتمـەڕێ . هـەر دووسـێ ماڵێـك نێوانمـان هەیـە بـەلاَم هـەروا بـیرم ئـەکردەوە چـییان لـێ بـدزم ، بەسـتەزمانن وسـکم پێیـان ئەسـوتا ، بـەلاَم چـی بکـەم ؟ ئەگـەر ئـەم دزییـە نەکـەم ئـەم خەمـە بـەرۆکم بـەرنادات تـڕ زلییـان بەرامبـەر بـەمن شـێتم ئـەکات و شـەق ئەبـەم ، ئـیتر کێچـێکەو کەوتوەتـە کەوڵمـەوە . ئـەی خوایـە چـییان لـێ بـدزم . هـەروابیر ئـــەکەمەوە جاخێـك نۆکیـان هەیـە . ئـەوە بـدزم لەهــەمووی باشـترە ، خۆناشـکرێت گۆلکەکـەیان بـدزم .یـان مەڕێکی دابەستە

چـونکە بـەهۆی شـیوەن وگریـانی خەسـومەوە دوایـی ئـەبێت خـۆم یارمـەتییان بـدەم . گریـان وشـیوەنی خەسـووم بێـزارم ئـەکات . نـوزە نـوزی ئـەوم لەهەمووشـتێ پـێ ناخۆشـترە . کەگەیشـتمە بـەر دەرگـا هەڵوەسـتەیەکم کـرد ،کـەس بـەدەرەوە نییەدراوسـێکان گشـتی کپـەو لەشـیرینی خـەودان . پارچـەنانێکم بەسـەگەکەیان دا وئـەویش ئەمناسـێ هەنـدێ کلکـە لـەقێی کـرد بـەدەورما ودەسـتی کـردە خـواردنی نانەکـە . وەك دزێکـی کارامـە خـۆم هەڵدایـە سـەر دیوارەکـە ولەوێشـەوە بـۆ حەوشـەکەیان ، نەمدەهێشـت دەنگـی پێیـەکانم بێـت ، هەناسـەم لـەخۆم بڕیبـوو یەکـەم جـارم بـوو لەدزیـدا دڵـە خورپـەم پـێ بکـەوێت . نەمـدەزانی بۆچی؟

کـــەمێك وەســـتاو قـــومێکی لــــەجگەرەکەیدا ونوشـــتانیەوە نـــاو تەپڵەکـــە جگارەکـــەی بـــــەردەمی وپلیقانیـــەوە ودرێـــژەی پێـــدا وئـــەوانیش تـــەواو گوێیان بۆ شل کردبوو .

ــ بـەس زیـاتر ترسـی ئـەوەم هـەبوو ئەگـەر بمبیـنن نـاتوانن بمگـرن بـــــەلاّم بمناســـنەوە ئـــەوەحـــــەیای هەزارســـاڵم ئەچـــێ . بەشـــێنەیی لەپـــەنای دیوارەکـــە هەڵتروشـــکام وچـــاك بـــیرم کـــردەوە ، بگەڕێمـــەوە یـــان نـــا ؟. شـــەیتان بـــــە نەعلـــەت بیـــت . ســـەرێکەو هێنامـــەو ناێگێڕمـــە دواوە . خـــۆم بەترســـنۆك ئـــەزانی ، ئەگـــەر شـــتێك نـــەدزم . ئەگـــەر مـــن بچـــم بـــۆ دزی وبەدەسـتی بـەتاڵ بگەڕێمـەوە ئـەوە نـەکراوە ونابێـت . مـن مـەراقم دزییەکـە کەلەوانی بکەم .

کەریم وتی :

ـ ناهەقت ناگرم ، لەدوولاوە تیاکەوتیت .

ــ ئـەی چـۆن . ژوورەکـان گشـتی شـارەزام . دەمزانـی زەخیرەیـان لەکوێیـە . بەلاٖم تابلێی تاریکە وشەوە زەنگە

بەئاسـتەم چـاوم ئـەبینێ وئـەوە لـەژورەوە هـەر هـیچ نـابینم . ملـم نـا بـــەرەو ژوری زەخـــیرە. دووهـــــەنگاو چـــوومە پـــێش دەی چـــۆن جاخـــە نۆکەکـــە بدۆزمـــەوە . بەئەســـپایی ملـــم نـــا بـــەرەو سوچـــێکی ژوورەکـــە . تومـــەز لەبەدبـــەختی منـــا ئـــەو ئێوارەیـــە خەســـوم بـــەملی شـــکاوی ئـــاردی بێـــژاوە وهـــەویری شـــێلاوە . ســـەرلەبەیانی مـــەلا بانگـــدان بیکاتـــە نـــان . بۆچـــی ســـەرەنەکەی لەژورەکـــە بەجێنەهێشـــتوە . هەرکەســـوڕامەوە بـــۆ سوچـــەکەی تـــر ونیـــازی دەســـت کوتـــانم بـــوو بـــۆ نـــاو گونیـــەکان پـــێم نابـەلێواری سـەرەنەکەو کەبەتونـدی ڕاسـت بـوەوە . کێشـای بـەم ئێسـکە

ڕەقــەی لــولاقم  شــریقەی لــێ هەســتان. خوائــەزانێ ئێشــی گەیانــدە نــاودڵ وجــەرگم ، وەك گــورگی بەتەڵــەوەبوو لـــــەجێی خــۆم ڕەق وەســـتام وئـــاو لەچــاوم دەرچــوو . بــرا لێــواری ســەرەنیش تیــژ وڕەقــە .  لــەڕقانا ئاگــام لـــــەخۆم نـــەما، هـــەڵم گــرت ودامــە ئەرزەکــەیا ،  ئــەو ســەگباب خێــوە ئیســـپرینی کــرد وهەڵســـایەوە کێشــا بەنەخشـــی تـــەوێڵما و شــریقەی  لـــــە ناوچــەوانم هەڵســان . ئــەتگوت شــەڕم لەگــەڵ ئــەکات .  ناوچــەوانم خــوێنی لێهــات ،  ئـــــەتوت بـــەشیر لێیــان داوم ئــاگر لــەناو جــەرگم بــەربوو . ســەرم بەگێــژاهات . ئــەی ســەگبابانە ، ئەمــە ســەرەنەکەتان وای لــێم کــرد، ئــەی ئەگەر خۆتان بەخەبەر بێن چێم لێ ئەکەن .؟

خۆی قاقا پێئەکەنی وبەردەوام بوو:

ــ بــرا نمــەکیان گرتمــی . هــیچ چــارەم نــەما ، دەستەســڕەکەم دەرهێنــا وســەرم پــێ بەســت ، ســەرەنەکەم هــەڵگرت کردمــە دەســکەوتی  دزیەکــەم. بەشەلەشەل گەڕامەوە . ئازاری قاچ وناوچەوانم نەیهێشت بخەوم.

کــەریم قاقــای پێکــەنین گــرت بــووی ســەیدیش  چــاوەکانی پڕبــوو لــەئاو هێندە پێکەنی وخۆی پێ نەدەگیرا. و

کێشای بەپشتی وەلی دا و وتی:

ــ ڕۆڵــە تۆئــەوەت باشــە نمــەکی کەســێ بکــەیت وەك باوکــت خــۆت توشــی فەتاراتێك ناکەی .

وەلی کەزۆر وەڕز بووبوو تینی دایەخۆی وهەستایە سەرپێ و وتی:

- من بڕۆم چاکە.

کـەریم هــەوڵی دا دیابنیشـێتنیەوە ، بـەڵام وەلـی سـووربوو لـــەسەر ڕۆیشــتن . مــاڵ ئـــــاوایی کـرد . هــــەرسێ پیــاو تــا درەنگانێێـك دانیشــتن کـەنزیکی خۆرئاوا هات ئەوسا جەلال وسەید گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان.

وەلــی بەســـەرهاتەکەی بــاوکی بــەدڵ نــەبوو کـــــەلەیەکەم دانیشــتندا ئـــــەم بەســـەرهاتە بگێڕێتـــەوە بەتایبـــەتی کــە تەماشـــای نـــەوزادی ئـــەکرد چـــاوی شــۆڕ ئــەکرد لەبەرامبــەری کــەباوکی بــەدز بناســێت . بۆیــە لەخۆیەوەحــەزی لـــــە نەوزاد نەئەکرد ڕقی لێ ئەبووەوو ، کاتێ باوکی گەڕایەوە پێووت:

ـ باوە هەق نەبوو ئەوبەسەرهاتە بگێڕیتەوە .

باوکی چاوی لێ زەق کردەوەو ووتی:

ـ ئێمـەی پـیر لەیـەك تـێ ئەگـەین . ئـەوە گـەنجی کـەری وەك تۆیـە لێمـان تـێ ناگات .

******************************

سـالار کـوڕی مـام سـەعید گـــەنجێکی چـوانی دەم وچـاوپان وقیـت وقـۆز بـوو بـــەهۆی باوکیـــەوە زووئـــاشنایەتی لەگـەڵ نـەوزاد پەیـدا کردچـونکە لەهـــەمان قوتابخانـــەش دەیخوێنـــد کەنـــەوزادی لـــێ بـــوو ، بـــەلأم ئـــەم دووســــــاڵ لەنـەوزاد بچـوکتر بـوو لەپۆلـــی یـەکی ناوەنـدی بـوو . وای لێهـــات ئــــــەم چـــەند ڕۆژە هەرپێکـــەوە دەچـــوون بــــــۆ قوتابخانـــەو هەرپێکـەوە دەهاتنـەوەو هاوڕێتییـان خۆشـتر وگـــەرمتر بـوو ورده ورده ئاشنای یەکتری بــــوون

بـەلأم هەرچـی وەلـی بـوو هەرلەخۆیـەوە ڕکـی لەنـەوزاد هـەڵگرت بـوو . وەلـی گـــەنجێکی نـــــەخوێندەواری بزێـــو بـــــوو بالأیـــەکی کـــورتی هـــەبوو ، چوارشـانەبوو دەسـت ومەچـەك وباسـکی پتـەو بـوو ، سمێڵێکـی ڕەشـی تـــەنکی هـــەبوو لەگـــەڵ قـــژێکی کـــەمێك لـــول کەهەمیشـــە گوێچـــکەکانی داپۆشـیبوو ، واڕاهـاتبوو هەمیشـە بەناولـەپی سمێـڵ ودەمـی ئەسـڕی وئـەو هەڵمـەی پێـوە ئەنوسـا پـاکی ئـەکردەوە . ئـەم ڕەفتـارەی زوو زوو چـەند بـارە ئـەکردەوە وەکـــو خـووی لێهـاتبوو . ئـەو هەمیشـە شـەرواڵی کـوردی لــەپێ ئــەکرد . وا خــۆی ئەپێچـایەوە جلــەکانی تونـد ئەنوسـان بـە شـان وباڵیـــەوە . بەچـــەند قـــاتێکی کوردیـــەوە دەرئەکـــەوت . حـــەزی لـــەقیت وقـۆزی بـوو . تـابلێی گاڵتەچـی بـوو هەرخـەریکی بـەزم بـوو . کـەمتر ئیشـی ئـەکرد ، هەرکـە پـارەی لـێ ئـەبڕا دوو ڕۆژێـك ئەچـوە ئـیش ، تائـەو پارەیـــە لـــەگیرفانی بمایـــا ئیشـــی نەئـــەکرد وهـــەربۆخۆی ئەســـوڕایەوە ، لەخۆڕا حەزی لەنەوزاد نەبوو ، ڕقی لێ ئەبوەوە

هەرچەندسەیری ئەکات ئەڵێ ی ئەم کاسبی ئەکات وئەو ئەیخوات . لەبالآی وورد ئەبوەوە گەنجێکی لاوازی یالآ بەرزی مل درێژ ، دەم وچاوی باریك و تەنکە ڕیشێکی پێوەیە ئەڵێی قەرسیلی بێ ئاوە ، درەنگ درەنگ موسی بەرئەکەوێت . دەفەی شانی کەمێك بۆ پێشەوە هاتوون کەهەست ئەکەی پشتی کەمێك کوڕ بووەتەوە قۆڵ درێژ ولاق درێژ ، لەڕۆیشتندا هەنگاوی درێژ خێرا خۆی پیشان ئەدا . قژەکەی کەدرێژ بووە نارێك ولول بوە بەسەریەکدا . سەری تاڵە قژەکانی قاوەیی ئەچونەوە ، بەلآم هێمن وبێ دەنگ ولەسەرخۆ بوو ورد بین بوو بەدیقەتەوە ئەیڕوانی . هەمیشە پانتۆڵی لەپێ ئەکرد وجارجارە چاکەت یان قەمسەڵەیەکی ئەکرد بەسەر قەمیسەکەیدا . کەمتر ئەهاتە بەردەرگا . کەچی وەلی شانی ئەدا بەدیواری دەرگای حەوشەو تاماوەیەك نەئەچوە ماڵەوە خۆی لار ئەکردەوە ودەستێکی ئەخستە تۆی پشتێنەکەی. تەماشای ڕاست وچەپی ئەکرد وشەرمی نەبوو لەسەیرکردنی کچان کەهات وچۆیان ئەکرد . لەگەڵ بینینی کچان بێ ئاگا لەخۆی یاری بەتەڵی سمێڵی ئەکرد لەنیوان ددان وپەنجەی دەستی ودواتر ئەیقرتان . چێژی لەبینینی کچان وەرئەگرت ولەلەش ولاریان ورد ئەبوەوە ، ئەو دووساڵێك لەنەوزاد گەورەتر بوو ، هەر لەخۆڕایی لەبەر دەرگا ئیشی بۆ خۆی ئەدۆزیەوە تانەچێتە ماڵەوە . زۆر جار براگەورەکانی لێی توڕە ئەبوون ، ناچار ئەچوە ماڵەوە . زۆر تەمەڵ بوو بۆ کاسبی وئیش کردن ، هەر ئیشێکیان بۆ ئەدۆزیەوە هەرچەند ڕۆژێکی ئەبردە سەر.

ســالا رکــە خانوەکــەیان بەرامبــەر خــانووی مــاڵ وەلــی بــوو زۆر جــار لەگــەڵ وەلــی دەمیــان لەیــەك گــیر ئــەبوو ، ســالار کــەخوشکێکی لــەخۆی بچــوکتری هــەبوو بــەناوی شــەونم لــەقوتابخانــەی ( نــازەنین) ی سەرەتــایی کچــان دەیخوێنــد کــەهــەردوو ســەد مــەترێك لــە خوارخۆیانــەوە بــوو . لــەپۆلی پێنجــی ســەرەتایی بــوو ، هەرکــە وەلــی لەبــەردەرگا بوەســتایە بــۆ ماوەیــەکی زۆر ســالار گاڵتــەی پــێ ئــەکرد وئەیووت :

- بۆ ئەوەندە لەبەردەرگا وەستاوی؟ عەیب ناکەی؟

وەلی خۆی لێ زیت ئەکردەوە.ئەیووت :

فشە فش ، تۆ هەقی منت چی یە. بەردەرگای ماڵی خۆمانە .

ســالار ئــەیزانی کەخوشــکەکەی هێشــتا منداڵــە وبچــوکە لەپەیوەنــدی لەگــەڵ کوڕانــدا هێشــتا فــڕی بەســەر هیچــەوە نیــە، بــەڵام ئــەو تــەنها مەبەســتی توڕەکردنی وەلی بوو .سالار ووتی:

- بەخوا ناقۆڵای .

دەستی بەپێکەنین کرد ودرێژەی پێدا:

- من ناقۆڵام ، یان هاوڕێکەت . توخوا ئەوە بیچمە لەگەڵیا ئەگەڕێی .

سالار بەبڕواوە وەڵامی دایەوە:

- بەخوا کوڕێکی چاکە لەتۆش چاکترە.

- بەخوا برا شتێکی ناشیرینە.

ــئەی خــۆت دیــوە ئــەڵێی تــۆپی، چــیت داوە بەســەر یــەوە ، دەســا بــەخوا تــابڵێی کــوڕێکی چــاکە . مــن ئەمــە چــەند ڕۆژە بــۆ مەکتــەب لەگــەڵیا ئەچــم

، خۆشەویسـتی چوەتـــە دڵمــەوە تـــۆ هــیچ قســەت لـــەگەڵ کــردوە ؟ ئەزانی چی یە و چۆنە؟

ـ نەوەڵاّ . بەس دەعبایەکی ناشیرینە .

ــ دەی باشـە لـــەخوت وخـۆڕایی بـۆ حـەزت لێـی نیـە دەسـا بـــەخوا هـەتا بڵێی کورێکی چـــاك وڕۆشنبیر وهێمنـە

باسـی ئـەو ناوچـەیەم بـۆ ئـەکات کـەلێی بـوون حـەز ئەکـەم زیـاتر لەگـەڵی بم .

ــ کــورە هـــەقم چـــی یـــە بەســـەریەوە . حـــەزم لێـــی نیـــەو تـــەواو ، ئـــەو چرۆچاوەم بەدڵ نیە.

ـ ئـەنجا تـۆ حـەزت لەکێیـە ؟ ئـەوەی نێـر بێـت تـۆ حـەزت لـێ نیـە . تـۆ هـەر حەزت لەمێیە . لەکچی جوان .

ـ گیانە مێ جیایە ئێسکیان سوکە ، چۆن دڵم دێ ڕقم لەمێ بێت

ـ من ڕقم لەمێی بێ ڕەوشت ئەبێتەوە .

ــ مـن هـەقم بەسـەر تـۆوە نیـە ، تـۆ هێشـتا بـۆنی شـیری خـاو لـەدەمت دێ . من مێم خۆش ئەوێت هەرچۆنێك بێت

ــ ئەومالّـە ئەگـەر کچـێکیان هەبوایـە ئێسـتا کوڕەکـەیانت خـۆش ئەویسـت ، لەخوا بەزیاد بێت نیانە .

وەلی خۆی تورەکرد زانی خەریکە زیاتر بڵێ :

ــ ئێسـتا بـۆ ملـت ناشـکێنی وناچـیتە مالّـەوە، بانەیـەم بـان چـاوت بکـەم بەقۆخ .

ـ چی یە چاوەڕێی کێی ؟

ـ کەس

- ئەزانم چاوەڕێی حەلیمەی کچە شێخی .

ــ بەخوا خوێڕیت ، هەقت بەسەر خەڵکەوە چی یە؟ کورە بڕۆ ماڵەوە ، دەی بڕۆ دەی .

- سالار هەرپیێ ئەخەنی وئەمجار بەجۆریکی تر ولەسەر خۆ دوا :

- ئەو گەنجەت پیێ نیشان بدەم حەزی لەحەلیمەیە.

وەلی ئەمجار بەسەرسامیەوە ووتی:

ــ درۆ ئەکەی خوێڕی ، کەرە ، دەمن هەقم چی یە خوای ئەکرد هەڵی ئەگرت .

ــ کورە چۆن هەقت نیە. تۆ کەڵەشێری گەڕەك نیت . حەلیمە لەگەڵ گەنجێکی وەکوتۆ نایکات و کابرایەکی سەگبابی کەس نەناس، لەکۆلانێکی ترەوە دێت ولەگەڵ کچێکی کۆلانەکە ڕائەبوێرێت وبەبەردەم هەموومانــدا ڕەت ئەبیێ وبسکەی سمێڵی دێت . حیزبابە کێ ئەلێت قەشمەری بەئێمەش ناکات وبلێت دێم ڕائەبوێرم و

پیاویش نیە قسەبکات .

وەلی بەزمانێکی توندەوە ووتی:

ــ کورە من هەقم چی یە ، ئەمجار ئیش وکارمان نییە پاسەوانی هینی خەڵك بکەین .

ــ من هەرلێی ئەدەم ، ئەگەر کەسیش نەبێت هاوکاریم بکات وای لیێ ئەکەم ماڵی خۆیان نەناسێتەوە .

ــ کەیفی خۆتە من بەشداری ناکەم . پاشان تۆ لەکویێ دەرەقەتی گەنجێك دێی .خۆت مەدە بەکوشت .هاها پێی پێکەنی

ــ تـۆ ترسـنۆکی خۆبـەو مـل ئەسـتوریەت نیـە بەتـەوریش نابڕیتـەوە .خێـرت هەبوایە ناوتیان ئەنا خەیرولاّ .

ئەمجار وەلی بزەخەندەیەکی بۆ کرد ووتی :

ــ تـاقیتم کـردەوە ، بەشـەرەفم پیـاوی ، بـەخوا منـیش بـۆ ئـەو خوێرییـە وەسـتاوم ، چـاوەڕێم بێـرەدا تێپـەڕێت . سـەید تـۆ فیـق ئـەوڕۆژە پێـی ووتم ، شـتێکی یـان دیـوە یـان بیسـتووە ، ووتـی خوێرییـەك هەیـە ڕۆژی دووسـێجار بـەم ناوەیـا دێـت وئـەڕوا حەلیمـەی شـێخیش لەسـەربان لەوکاتەدا دێت ودەچیّ ، بۆم بگرە حەسیر مەیدانی ئەکەم.

سالار بەسەرسامیەوە ووتی:

ــ یـانی سـەید تۆفیـق بزانـیّ واتـە باوکیشـم ئـەزانێت . شـت لەیـەك ناشـارنەوە . شـێخ جـەمیل پیـاوێکی بەسـتەزمان وبـیّ دەسـەلاّنە وکوڕەکەیشـی نیمچـە شێتە وهەرئاگای لەدنیا نیە هەرخەریکی درۆو خوێڕێتی یە .

وەلی ووتی :

ـ ئەم ئێوارەیە بۆی دائەنیشم . بەڵکو هات

سالاریش ووتی :

ــ مـن ئـیتر ئەوەنـدە نایەمـە بـەردەرگا ولەسـەربان خـۆم مـەلاّس ئـەدەم بەناوی خوێندنەوە .

وەلی وەك فەرمانی بەسەردا بکات وتی:

ـ دەبڕۆ ماڵەوە .

سالاریش چوە ماڵەوەو دەرگاکەی داخست .

************************

نەشمیل ڕووی کردە کەریم وپێی ووت:

ــ تــۆ دووڕۆژێکــت مــاوه بڕۆیتــەوه ومۆڵەتەکــەت تــەواو ئــەبێت ، منداڵــەکان ببـــه لای دەلاك ســـەریان چـــاك بکـــه و بزانـــه چـــییان پێویســـتە بۆمەکتـــەب بۆیان یکڕه .

کــەریمیش لەکاتێکــدا لەگــەڵ چــاخواردنەوەکەی جگەرەیشــی ئەکێشــا ڕووی کردە منداڵەکانی و وتی:

ـ بڕۆین پیاسەیەکی بازاڕ بکەین وبچینه دەلاکیش .

نــەوزاد هیچــی نــەووت ، ئــازاد وشــێرزاد خۆشــحاڵی خۆیــان دەربــڕی وئــازاد ووتی :

ـ حەزمان لەبازاڕه ، قەڵەمی جوانم بۆ بکڕه ، لەگەڵ دەفتەر ڕەسم .

کـــەریم خـــۆی کـــۆکردەوەو کـــەواو چاکـــــەتەکەی لــــەبەر کـــرد وکـــەمێك لـــــەبەردەم ئاوێنـــــه خڕەکـــــەی قـــــەد دیوارەکـــــەوه وەســـــتا ، بـــــەدووپێچ جامانەکــەی بەســتەوه ونــەوزادیش تەماشــای بــاوکی ئــەکرد ئــەو هەمیشــه جلــەکانی بــاوکی لـــــه لاجــوان بــوو ، ئــەیزانی بــاوکی هــەرگیز لەدووشــت پەشـــیمان نـــەبووه کـــەپارەی پێـــداوه . یەکـــەم جـــل وبـــەرگ ومشـــکی وجامانــە، دووهــەم قــەوان وڕادیــۆ بــوو ، ســالأنی پێشــوو جلــەکانی بــاوکی ئەگــەر خۆیشــی لــەماڵ نەبوایــه ،خزمــانی دەهــاتن لەماڵــەوه لەنــەشمیلیان وەرئـــەگرت بـــۆ شـــایی ولـــــەناو خـــەڵك کەشـــخەییان پێـــوه ئـــەکرد . خۆئـــــەوان زۆر هـــەژاریش نـــەبوون . بـــەلأم دڵیـــان نەئـــەهات جـــل وبـــەرگێکی ئاوهـــایی بکـــڕن . هەمیشـــه نـــەشمیلی دایکـــی ئـــەو جلانـــەی زۆر بەپاکی وپوختی ئەخستە ناو بوخچەو هەڵی ئەگرت لەژێر شوقەلەتەکە.

ئــەو قەوانەکەیشــی هێنــدە ئــەم وئــەو ئــەیانبرد ، جارجــارە دەرزیەکــەی ئەشــکا و ئــیتر گۆرانیەکــەی خــاو ئــەکردەوە وناچــار ئەچــوون دەرزی نوێیــان بۆئــەکڕی وشــەوانەکەمیوانەکانی ئــەهاتن جگــە لـــــەحەسەن زیــرەك ـ لۆرکیێ و

لـۆرکیێ و نــەمام نەمامــە ، ئــەمجار کوێســتانان خاڵخــاڵی برایــانی زیزییــان ئەخســتە ســەر . لـــــەناوحەوشە شــەوانی هــاوین دائەنیشــتن بــەم ئــاواز وگۆرانیانــە مەســت ئــەبوون وشــەوێکی خۆشــیان بەســەر ئــەبرد . ئــەو دەنگ وئاوازانە ئێستا لەبیر و هزری نەوزاد دا دەنگ ئەداتەوە .

بـیری مـاوە بـاوکی ڕادیۆیـەکی کـڕی بـوو . گـوێی لـەگۆرانی وچـیرۆکی خـۆش ئـەگرت . شـەوێکیان سـەید تۆفیـق هاتـەماڵیـان وچـاوی بەڕادیۆکـە کـەوت ، زۆری حەز لێکرد ، کەزانی لەگوندیش ئیش ئەکات ، هــەوڵی دا

کـەریم پێـی بفرۆشـێت . بـەڵام کـەریم ڕازی نـەبوو ، پێـی بفرۆشـێت . پێـی ووت :

ــ میمــزا ئەمــە کــۆن بــوەو ماوەیەکــە لەلامــە . ئێــوارە پێکــەوە ئـــەچین لــەبازاڕی ئەوبــــەر خــۆت بــەدڵی خــۆت قلــیێ تــازە هەڵبــژێرەو بیکــڕە .. ئــەویش بــەم پێشــنیارە ڕازی بــوو . تــەگبیریان کــرد کــەئێوارە پێکــەوە ئەچن .

نــەوزاد گـوێی لەتەگبیرەکــەیان بـوو . لای خۆیــــەوە بڕیــاری دا لـــەگەڵیان بچـێت وبـــازاڕی ئــەوبەریش ببینێــت . لەوانەیــە ســواری ئامانەشــی بکــەن . بــەخوا خۆشــە ســواری ئامانــە ببیـت بڕۆیـت بـۆ گـەڕان . ئـیتر خۆشــی کەوتــە دڵیــەوە . بــەڵام خۆشــی یەکــەی لــەپڕ نــەما . چــونکە بــاوکی ڕانــەهاتووە منداڵ لەگەڵ خۆی ببات بۆ بازاڕ . بەڵام ئەم هەرئەڕوات .

ئێـواره کـەریم بەکـەواو چـاکەت ومشـکی مـۆرەوه وسـەید بەسـتار خـانی وسـەربەجامانەوه لـەماڵ دەرچـوون وبـەپێ کەوتنـە ڕێ . نـەوزاد کەلـەدەرەوه لـەگەڵ حەمـە گوڵـە لەنـاو خـۆل ّو تـەپ وتـۆز یارییـان ئـەکرد ولـەماڵ دوورەوه نەئەکـەوت وهـەر چـاوی لـەدەرگا بـوو ، کـەزانی بـاوکی وسـەید لـەماڵ دەرچـوون خـۆی لەپـەنا دەرگـای مـاڵی کـاوه قەڵـەو شـاردەوه . بـەجۆرێك بـاوکی و سـەید تۆفیـق نـەیبینن . تـاکو بـەلای چـەپی کـۆڵانی پشـت تەکیەکـە سـوڕانەوه و لەبەرچـاو ون بـوون . پـاش تـاوێك نـەوزاد بـەحەمە گوڵـەی ووت ئـیتر یـاری ناکـەم بـڕۆرەوه . حەمەگوڵەبەنابـەدڵی پشـتی تێکـرد وکـەمێ خـۆی تـەکان . ئـەمیش بـەپرتاو پێچـی کـردەوەبینی هـەردووکیان بـە دەم جگـەرە کێشـانەوه ملـی ڕێگایـان گرتـووه . هـەر ڕۆیشـتن وئـەمیش ماوەیـەك بەدوایانـەوه خـۆی دوا ئەخسـت تائەوەنـدەی لێـی بـزر نـەبن . ئـەوانیش بـێ ئاگـا ئاوڕێکیـان بـۆ دواوه نەئەدایـەوه . هـەر ڕۆیشـتن تاکـو گەیشـتنە جادەسـەرەکیەکە کەپاسـەئامانەکان پێیـدا هـات وچـۆ ئەکـەن . لای مزگەوتەکـەی شـێخ نـورەدین بـەرەو ژوورتـر ، ئـەوان ئەڕۆیشـتن وئـەمیش بەدوایانـەوه . گەیشـتنە دەشـتی یەکـە تـاکوو پێسـتەکان دەرکـەوتن کـەخوێ کرابـوون ودرابوونـە بـەر خۆرەتاوەکـە نزیـك دەباخانەکـە . لـەوێ لەبـەر بـۆنی ناخۆشـی پێسـتەکان کـەریم وسـەید بـەلۆی مشـکی وجامانـەکانیان لـووتی خۆیـان گـرت ولـەجۆگا کـە پەڕینـەوه کـەئاوی پێـدا تـی ئەپـەڕی ونزیکـەی گـەزێ پـان بـوو . پیاوێـك لـەوێ خـەریکی خـوێ کردنـە سەرپێسـتەکان بـوو مـێش ومەگـەزیکی زۆر ئـەوناوەی تـەنی بـوو . کـەریم وسـەید لەجۆگاکـە بازیـان داو پەڕینـەوه و

دوور کەوتنـــەوە . نـــەوزاد ئـــارامی لـــێ بـــڕا کەنـــەیتوانی لـــــە جۆگاکـــە بپەڕێتـــەوە . زانـــی ئەگـــەر بازبـــدات ئەکەوێتـــە نـــاو جۆگاکـــەوە . هەنـــدێ ئەمســـەر وئەوســـەری کـــرد کەهیـــــچ چـــاری نـــەما دەســـتی بـــەگریان کـــرد ، کـــابرای پێســـتە خۆشـــکەر لـــەحاڵی تێگەیشـــت ، هـــەردوو دەســـتی پـــیس پیس بوون . ناچار بانگی لەو دوو پیاوە کرد .:

ـ هۆبرا ، هۆ کەواو چاکەت لەبەر.

کەریم وسەید پێکەوە ئاوڕیان دایەوە ، هەرتەماشای کابرایان کرد .

ـ ئەرێ ئەم منداڵە بەدوای ئێوەوەیە . منداڵی ئێوە نیە ؟

ـ کەریم سەرنجی دا ونەوزادی بینی .

ـ بەرەوەلاّ ئەوە نەوزادە .

گەڕانـــەوە بـــۆلای و بازیاندایـــەوە ئەمبـــەر . نـــەوزاد کەچـــاوەکانی هـــەڵ ئەگلۆفی وئەگریا.

کەریم کەمێك تورەبوو پرسی:

ــ ئـەوە بـۆ هـاتووی بـەدوامانا . دەی هەرئێسـتا بەشـوێنی خۆتـا بگـەڕێرەوە .

نەوزاد بەدەم ترس وگریانەوە ووتی:

ـ ناڕۆمەوە ، دێم لەگەڵتان .

ــ ئـێ کـوڕم ئـاوا دێـی ؟پـیس وپۆخـڵ سـەرخۆلاّوی ، بـەپێی پـەتی ، چـۆن ئاوادێی؟

ـ هەردێم .

ســـەی تۆفیـــق پێـــنج فلســـی یـــەکی لەکیســـەی بـــــەرباخەڵی دەرکـــــردو خستیەنـــاو دەستی وپـــەنجەکانی بـەسەریا نوشتانەوە ووتی:

ـــ گوڵەکـــەی مامـــەی ، دەی بـــڕۆرەوە . ئێمـــە ئـــەڕۆین ڕادیـــۆ ئـــەکڕین ، درەنگ دێینەوە.

ـ ناڕۆم دێم لەگەڵتان .

کەریم بێزاری دەربڕی :

ـ ئێستا مـن چـی لەمـە بکـەم . لـەپڕ چـاوی کـەوت بـە کـاک عەسـکەری هاوسـێیان ،پێـنج سـەر بـەرخی دابـووە پـێش خـۆی وبـەرەو مـاڵ ئەگەڕایەوە لەچۆڵی یەکەی پێشیانەوەبەرو شۆرجە . بانگی کرد .:

ـ کاک عەسکەر.....

عەسـکەر ئـاوڕی دایـەوە وبـەرەو لای ئـەوان بەرخـەکانی دایـە پـێش ، گەیشتەلایان وسلاو وچاك وچۆنی لەگەڵ کردن . کەریم داوای لێکرد :

ـ کـاك عەسـکەر گیـان ئێمـە بـۆ بـازاڕ ئەچـین ونـەوزادیش دوامـان کـەوتووە. زەحمـەت نـەبێت دەسـتی بگـرە لەگـەڵ خـۆت ببـەرەوە بیـدە دەسـت دایکی .

عەسکەرڕازی بوو وتی:

ـــ بەسەرچـاو وەرە ڕۆڵـە وەرە دەسـتت بـدە دەسـتم . نـەوزاد کـەمێك ڕایکرد ولەولاتر وەستا ووتی :

ـ هەردێم .

زۆریـان هەوڵـدا سـودی نـەبوو کـاك عەسـکەریان ئیـزن داو ڕۆیشـت ، کەریم بانگی نـەوزادی کرد . هیچ تورە بوونی پێوە دیارنەبوو .

ـــ دەوەرە دەسـتم بگـرە بـابڕۆین . نـەوزاد بەخۆشـی یـەوە نزیـك بـووەوە تاکو دەستی باوکی بگرێت . بەلاّم لەپڕ

شــەقازلەیەکی تونــدی لــەبنا گوێیــدا وبــەلادا خســتی ، نــەوزاد زریکانــدی ودایەپڕمـــــــەی گریــــــان و گێــــژبوو ، دەســـــتی نــــا بەڕوومـــــــەتی یەوەوهەڵئەبەزییەوە . کەریم ڕووی کردە سەید تۆفیق و وتی :

ـ دیارە ئەمڕۆ قسمەت نیە ، چارنی یە ئەیخەینە ڕۆژێکی تر .

بەناچاری گەڕانە دواوە.

نــەوزاد هــەروا ســەرتجی بــاوکی ئــەدا . بــاوکی هێشــتا بــەر ئاوێنەکــەی بــەر نــەدابوو ، کـــەبە تێپــەڕبوونی ئــەو هــەموو ســاڵە ئەوەیەکــەم زلــە بــوو بەدەســتی بــاوکی خواردبــووی . ئــەم بــاش لــەماناکەی گــەیشت بــوو . پــاش ئــەوەی بــە تــەواوی ئامــادەبوون ، هەرسـێ بـرا بـەدوای باوکیانـەوە ، لـــەماڵ دەرچـــوون . نـــەوزاد خـــۆی خســـتە هـــــاوشانی بــــاوکی وشـــێرزاد ونەوزادیش بەدوایانەوە هەنگاویان نا بەرەو بازاڕەکەی شۆرجە.

***********************

وەنـــەوش بەخۆبادانـــەوە لەدەرگاکـــەی دا وهێشـــتا نـــەشمیل لـــەژورەوە دەرنەکەوت بوو ئەو گەیشتە نـــاو حەوشە ،بەپێکەنینەوە ووتی:

ـ خوشکم خەریکی چیت .

نەشمیل بەشێنەیی وەلأمی دایەوە :

ـ هەرجیێ وبان چاك کردن نیە ، خۆتەواو نابێت .

بەدڵسۆزیەوە لێی چوە پێشەوە و وتی:

ــ کنـا ئـەوە عەباسـی نـەوت فـرۆش لەکۆلانـە ، ئەگـەر ئـەتوانی دوو تەنەکـە نـەوت پـڕ بکـە بـەخوا یـەك دوورۆژی تـر بـاران ببارێـت ئـەم کـۆلاّن ودەشـت ودەرە ئـــەبێ بـــەقوڕو لیتاوێـــك . زەلام لێـــی دەرناچـــێت . نـــەوت فرۆشـــیش بەم ناوەدا نایات . نەکا پەکتان بکەوێت . لەئێستاوە نەوت بکڕە.

ــ کنـا خوشـکم بـەخوا تەنەکـەم هـەر ئـەوە هەیـە کـەمێ نـەوت لـەبنی مـاوە . ئەی چی بکەم ؟

ـــ دەوەرە مـــن دووتەنەکـــەی ڕۆنـــی بـــەتاڵم هەیـــە . کـــەمێك بـــەتایت وئـــاوی گەرم بیشۆ ، کون نین . نەوتی تیابکە

ـ یاخوا دەستت خۆش بێت دەبابچم بەپیاوەکە بلّێم نەڕوات .

ـ من ناهێلّم بڕوات تا تۆ تەنەکەکان ئەشۆریت .

ـ ڕاستیت ئەویێ هیچ بیرم لای نەوت نەبوو .

وەنـــەوش عەباســـی حـــالّی کـــرد ئـــەویش کـــــەرو عەرەبـــــانەکەی هێنایـــە بـــــەردەرگای مـــــالّی کـــــەریم . نـــــەشمیلیش خێـــرا تەنەکـــەکانی شوشـــت وهێنایەبەردەســـتی کـــابرای نـــەوت فـــرۆش . دوو منـــدالّ خـــــەریکی دەم

وقـــەپۆزی کـــەرەکە بـوون وکەرەکـەش هـەردەجولاّ، عـەباس هـەر هـۆش هۆشی بوو دواتر لەمنداڵەکان توڕەبوو ، ئەوانیش هـەلاّتن

هێشـــتا تەنەکەیـــەکی پـــڕ نـــەکردبوو ، زرمەیـــەك لەپشـــتەوە هەســـتا . عـــەباس بـــینی کـــوڕێکی هـــەرزەکار بـــەبەرد ئەکێشـــێ بـــەدەرگایەکداو زرمـــــەی دێ . شـــێخ جـــــەمیل بەپرتـــــاو هاتـــــە دەرەوە . دارێکـــی بەدەستەوە بوو بە جنێودان ئامبازی عەزەی کوڕی بووەوە .

ــ خـوێڕی بـەرەلاّ ئـەو دەرگایـە بـۆ ئەشـکێنی ، شـەرت بـێ گشـت گیانـت بـەم دارەبشـکێنم . ویسـتی عـــەزە بگـرێ بـەلاّم نـەیتوانی . عـەزە هـەلاّت و، پـاش تۆزێـك گەڕایـەوە . سـێ بـەردی گـەورەی پێبـوو هـەتا هێـزی تیابوو هەر سێکی بەدوای یەکدا کێشا بەدەرگا کەدا وئەیشیران :

ـ ئەتانکوژم ، هەمووتان ئەکوژم .

شـێخ جـەمیل دووبـارە ڕووی تیـاکرد وعـەزە بـەلای عەباسـدا ڕایکـرد ، عەباس تەنەکەکەی دانا ویستی بیگرێت

هـەتا بـۆڕی تـەنکی یەکـەی گرتـەوە عـەزە بـۆی دەرچـوو . شـێخ جـەمیل لـەناو کۆلاّتەکـە هەناسـەبڕکێی بـوو لـــەو کاتـە سـەید سـەعید هاتـە دەرەوە ووتی:

ـ چی یە شێخ جەمیل هەمتری بەزمەکەیە .؟

ــ ئـەرێ وەلاّ ئـەم کـوڕە داخ بـەزگی کـردووین ، ئـەوە نیـە کارەبـا بیگرێـت . ســەیارەیەك لێــی بــدا ، رزگــارم بێــت لـــە دەســتی . تــۆ بزانــە چــی لەوقاپیەکرد ، چۆن گشتی قوپانەوە . کەڵکی نەما .

سەید سەعید بەشێنەییەك ولەسەرخۆ ووتی:

ـــ چـــارەی ئەمـــە بـــەتۆ ناکرێـــت . ئـــەمە بـــەزەلامی بـــەهێز ئـــەکرێت .کەلەهەقی بێت . بـــەخوا واچـــاکە تەسلیمی پۆلیسی بکەیت .

ـ برا چارم نییە .

ـ ئەمە بۆ وا پەتی بڕی و هەڵی تیزان .

ــ بـرا خـەتای دایکەکەشـی تیایـە ، هـەر سـەر ئەخاتـە سـەری لـــەملا هـەڵی ئەسـێنێ بـۆ ئـەولا ، ئـەڵێ چـی ئەکـەی هەرلەماڵـەوە کـەوتووی . ئـیتر بـرا بەزمێك دروست ئەکەن ئەوسەری دیارنەبێ .

ـ ئەوەنیە ئەوسەریمان بینی . بەپیکەنینەوە سەید سەعید وای ووت.

ــ ئـەمیش شـێتی ئـەیگرێت و ئـــەچێتە گـژ دایکیـا .لـــەولاوە حەلیمـەش لەسـەردایکی دێتـە دەنـگ . ئـــەمجار بـەر ئەبێتـە گیـانی ئـەو ، منـیش ناچار ئەکەومە گیانی عەزەو تێی هەڵ ئەدەم . نازانم چییان لێ بکەم .

سەید سەعید سەرێکی باداو ووتی:

ـ ماڵ کیشەی تیابوو پشووی تیانادرێت .

عـــەزە لـــەو ســـەری کۆڵانەکـــە گیرســـایەوە وشـــانی دا بـــە ئەســـتونی کارەباکـەوە ، دەیڕوانیـە بـاوکی وکـــەسانی نـاو کۆڵانەکـە . ئـەو ئـەیزانی هـیچ کێشـەی لەگـەڵ بـاوکی نیـە . بـەڵام حەلیمـەی خوشـکی فـیتی دایکـی ئـەدا ئـەم لـەماڵ دەربچـێ . بڕواتـەدەرەوەو لەگـەڵ منـداڵان یـاری بکـات . ئـەمیش لـــەڕقی حەلیمـە مـاڵی چـۆڵ نەئـەکرد . بـەمـــە ئێسـکی گـران بـوو بـــوو لـــەلایان . ڕۆژێـــك ئەچـــوە قوتابخانـــە ودوو ڕۆژ نەئـــەچوو . بـەوهۆیـــەوە لـــەخوێندن دوا ئەکـەوت . لەتاقیکردنـەوەکانی کۆتـایی سـاڵ دەر نـە ئەچـوو . لـــەهەمان پـۆل ئـــەمایەوە . ببـووە گاڵتـــە جـاڕی منـــداڵانی تـــر . ئـــەم گومـــانی لـــەحەلیمەی خوشـــکی پەیـــدا کردبـــوو ،

کەمناڵــەکان گاڵتــەیان پــێ کردبــوو گوایــە خوشــکەکەی دڵــداری ئــەکات . ئەمیش تاوانــەکەی ئەخستە پاڵ دایکی کــە ئاگای لەکچەکەی نیە.
عـــەباس دوو تەنەکـــە نـــــەوتەکەی بــــۆ نــــەشمیل بـــردە ژوورەوە و پـــــارەکەی بـــۆ هەرتەنەکەیـــەك ســـێ پـــەنجایی لـــێ وەرگـــرت . دواتـــر ڕەشمەی کەرەکەی گرت وبەرەو ژوور کەوتە بانگ کردن . :
ـ نەوت .. نەوت .
تالەکۆلأنەکە پێچی کردەوە عەزە هەر تەماشای ئەکرد.

**************************

لـــەسەرەتای بازاڕەکـەوە کـــە قلـە قلـە دوکانــەکان ئــەهاتنە پێشــیان .
نــەوزاد تێکــەڵ بەیادەوەریــەکانی ئـــەبوو جارجــارە شــێرزاد پرســـیاری
شــوێن وشــتی دیکــەی لــەباوکی ئــەکرد . بـەلاّم ئــازاد هــەر بــــەتەنیشت
بــاوکیەوە ئەڕۆیشــت وتونـد دەسـتی بـاوکی گـرت بـوو . زۆر دڵخـۆش بـوو
کەلەگەڵ باوکی بەناو بازاڕدا پیاسە ئەکات.
ئـــەم گەڕانـــە هێنـــدە دڵ خۆشـــی کـــردن کەبەچـــێژەوە تەماشـــای خـــەڵك
وشوێنەکانیان ئەکرد . لـەگەڵ ئەم خۆشیە
نـەوزاد هیـوا خوازبـوو حەمـە گوڵـەش لەگـەڵ بـاوکی هـاتبێ بـۆ نـاو بـازاڕو
یەکتر ببینن .   بۆیە بەسەرنجەوە لـــە
گشت لایەکی ئەڕوانی .
کــەریم جارجــار ســلاّوی لەکەســێکی ناســیار ئــەکرد وچــاك وچــۆنی لەگــەڵ
هەنــدێکی تــر ئــەکرد .  لــــەگەڵیان کــەمێك ئەوەســـتا . نـــەوزاد هەنـــدێك
لـــــەوانەی ئەناســـیەوە .  هەنـــدێ کـــەس ماچـــی ئـــەکردن .  هـــــــەتا
گەیشــــتنە بــــەردەم مزگەوتەکــــەی عەرەســــە . لەبەرامبــــەر مزگەوتەکــــە
بــاخێکی بچــکۆلەی جــوان هــەبوو بەشــی ئاهــەنگ گێڕانــی ئــەکرد پڕبــوو
لــەداری ســەرو وقەڵــەم تــۆز ، کەچــی ئێســتا نــەماون . لــــەجێگاکەی
چــەندین خــــانووی هاوشــێوە دروســت کــراون ، ئــەوناوە پــڕە لەقایــە وگــەچ
. لەهەنـدێ خـانوو کرێکـار و وەسـتا ئـیش ئەکـەن ودەنگـی . یاڵـــە گـەچ .
یاڵە بەرد دێت بەئاوازەوە . بۆیە سەرسام بوو پرسیاری لەباوکی کرد :
ـ باوە ئەم خانوانە هەمووی لەیەك ئەچێت ، بۆچی؟

بــاوکی بەخەمێکــەوە وکــەئاهێکی ســاردی بــۆی هەڵکێشــا ونــەوزاد زانــی خـــەمێکی لەدڵدایـــە ونایـــەوێت بەشـــی ئـــــەم بـــدات ، ئەوخەمانـــە بالەئێستاوە یەقەی ئەم نەگرێت . هەروا بەبێزاریەکەوە ووتی:

ــ کــوڕم ئەمانــە بــۆ شــورتە عەرەبــەکان دروســتی ئەکــەن . دەورووپشــتی ماڵەکانی شۆرجە ئەکەنە عەرەب .

نــەوزاد ئــەم وەڵامــەی بــاوکی بەهــەواڵێکی خــراپ زانــی . هەریـــەکسەر گــەنجە عەرەبەکــەی نــاو خانوەکــەی مــاڵ کــاوە قەڵــەوی هاتــە بەرچــاو ، چــەند بەشــێوەیەکی ناشــیرین ئــەمی بــەڕێ کــرد . قســەکانی دایکــی ناســیح کــەوتی هەراســانیان کــردووین . تێگەیشــت کـــەئەم خانوانــە بـــۆ ئـازاردانی خەڵکی شۆرجەدروست ئەکرێن.

ناڕەحــەتی نــاخی هەژانــد ، ڕقــی لــەم حکومەتــە هەســتا . بــەڵام نەیئــەزانی بۆچــی حکومــەت ناوچــەی کوردنشــین پــڕ ئــەکات لەعــەرەب . بــەڵام ڕقــی لێیـــان ئـــەبوەوە . ئـــەیزانی کەخـــەڵکی بـــاش نـــین ، بۆکـــاری باشـــەش نایانهێنن .شێرزاد بەنەوزادی ووت :

ـ سەیر کە ئەوە عەلەجوجەیە ، ناسیمەوە .

نــەوزاد ســەیرێکی کــرد وا عەلەجوجــە بـــەکراسێکی چــڵکن وپــیس و بـــە پێـــی پـــــەتی وردە وردە بـــــەبن دیـــواری مزگەوتەکـــەوە ئـــەڕوات . کەجلـــەکانی لەپیســـیدا ڕەش هەڵگـــەڕابوو . وەك بڵێـــی چـــەورکراوە کەخۆرەکــە لێــی ئــەدا بریقــەی دەهــات. هـــەندێ تەماتــەو خــەیارو میــوەی پلیقـــاوەی بـــــەدەستەوەیە . کـــــە دوکاندارەکـــــان فڕێیـــــان داوە وهەڵیگرتوەتــەوە . قــژێکی لــوول ودەم وچــاوێکی باریــك وڕەش داگـــەڕاوی هەبوو . ڕقی لەمنداڵ ئەبوەوە کـــە

گاڵتەیان پێ ئەکرد وهەراسانیان ئەکرد .

شێرزاد بانگی لێ کرد:

ـ عەلەجوجەی دەلاڵی . دوومشکی خوارد بەکاڵی .

باوکی لەشێرزاد توڕەبوو . وتی:

ــ کوره وسکت بە گاڵتە بەکەس نەکەی . ئەوه فەقیره. نەعەزیەتی داوی ، نەهەقی هەیە بەسەرتەوە ، ئەو داماوە چی کردوە لێت ؟

ــ شێرزاد لەشەرما چاوەکانی بڕیە زەویەکە. تەریق بووەوە . عەلەجوجە ش بە هات وهاواری ئەم منداڵە هیچ سەغڵەت نەبوو . تەماشای کەسی نەکرد.

کەریم کەوتە پرسیار لەنەوزاد :

ـ کوڕم نەوزاد یەکەمجار سەرتان ئەتاشن یان شتەکان بکڕین ؟

ـ حەز ئەکەم سەرمان بتاشین ئەوسا شت بکڕین .

کەریم بەرەو دوکانی شکور بەربەر بردنی . نەوزاد حەزی نەکرد ووتی:

ـ توخوا باوە بانەچینە لای مام شکور.

باوکی سەرسام بوو ، بۆیەبەسەرنجەوە پرسیاری لێ کرد:

ــ بۆچی مام شکور چیەتی ؟ حەلاقێکی کۆنە وناسیاوی خۆمە و بەمناڵیش هەر بۆلای ئەو هیناوتانم .

ـ حەز ناکەم بمانبە بۆ لای حەلاقێکی نر .

ـ کوڕم وانزیك بوینەتەوە ، تۆبۆنایەی ؟

ـ ئازاد وشێرزاد ببە، من ئەچمەلایەکی تر .

ـ نابێ بزانم بۆچی ؟

ـ هەرحەزناکەم ، ئەچمەلای حەلاقێکی گەنج.

ــ ئـەمجارە  واگەیشـتینە دوکانەکـەی وبـۆ جـارێکی تـر بـڕۆ لای حـەلاقێکی تر.

نــەوزاد تــازە چــارەی نـــەماو خــۆی بەدەســتەوەدا، ســەید شــکور هـــاتە دەرەوە وبـــەگەرمی بـــەخێرهاتنی کـــەریمی کـــرد ومندالّــەکانی مـــاچ کـــرد .

ووتی:

ـ ماشەلاٍ لەم گوڵە جوانانە  ، کەریم ئەمەکوڕە گەورەکەتە ؟

ـ بەڵێ ئەوە نەوزادە.

ــ تەمــەن درێــژ بێــت ، ماشــەلاَ گــەورە بــووە . ئەوســا بەمنــدالّی  ئــەتهێنا بچوك و قژ درێژ بوو ،  هەرجارە زلەیەکم لێ ئەدا  .

ڕووی کردە نەوزاد و وتی:

ـ بیرت ماوە

ـ بەڵێ ، لەبیرمە، خۆئێستاش لێم نادەی؟

شکور دەستی کرد بەپێکەنین  و وتی:

ــ نـا. نانـا ، نابێـت . ئێسـتا پیـاوێکی وەك مـن . بـــەهێواشی زلـــەیەکی لـەئازاد دا و دواتـر تێـر ماچـی کـرد وپێـنج فلسـی یـەکی خسـتە مشـتی یـەوە . ئەوسا ڕووی کردە کەریم  ووتی:

ــ فـەرموون دانیشـن ، سـەری کوڕەگـەورە چـاك بکـەم ودواتـر ئـەوانی تـر .

ئاماژەی بۆنەوزادکردو وتی:

ــ وەرە رۆڵــە لێــرە دابنیشــە. هەرئێســـتا جــوان قــژت بــۆ کــورت ئەکەمەوە .

پـاش بەسـتنی بەروانکـە وتـەڕ کردنـی قژەکـەی  ، پەنجـەکانی چـەند جارێـك هێنـا بـەنێو قژەکـەی و تـاکو بەتـەواوی تـەڕبوو  . ئەوسـا بـــە شــانەو

مقەســـت و هەنـــدێ جـــاریش بـــــەمەکینە دەســـتی یەکــــەی کەوتـــە بـــڕینی قژەکـــەی . لــــە تەنیشـــت وپـــێش وپشـــتەوەی . نـــــەوزاد لـــــەئاوێنەکەی بـــەردەمی خۆیـــــەوە تـــــەماشای شـــێوەی قـــژ وســـیمای خـــۆی ئـــەکرد . تادەهـــات خـــەم دایئـــەگرت و هـــیچ قسەیەکیشـــی نـــەکرد ، تـــاکو بەتـــەواوی قـــژی بـــۆ کـــورت کـــردەوە . ئـــەمجا بـــەموس موەکـــانی لاجـــانی وپشـــتەملی بـــۆ پـــاك کـــردەوە . بـــەلاَم نـــەوزاد لـــەدلّی خۆیـــدا بڕیاریـــدا . ئـــــەمجارە بـــڕوات جـــارێکی تـــر لەگـــەلّ باوکیشـــم نایـــەم . بائـــەمجارە بـــەدلّی ئـــەوان بێـــت . لەگـــەلّ پرســـیار وگفـــت وگۆکانیـــان وهـــەوالّ پرســـین کـــات بـــەجوانی ئەڕۆیشـــت . هەرکـــە نـــەوزاد لەئەســـکەمیلەکە هاتـــە خـــوارەوە ، لـــەلاوە ســـەروملی خـــۆی لەمووە بڕاوەکان پاك کردەوە . ڕووی کردە باوکی و وتی:

ـ باوە ئەچم پیاسەیەك ئەکەم وتۆزێکی تر دێمەوە .

ـ دەبڕۆ ، زۆرت پێ نەچێت ، زوو وەرەوە .

نـــەوزاد لەدوکانەکـــە دەرچـــوو ، ڕوانیـــە پیکابـــەکان کـــە لای چـــایخانەکەی ڕەحمـــان وەســـتابوون بۆگونـــدەکان هـــات وچـــۆیان ئـــەکرد . خـــەلّك ئـــەهاتن وئەچـــوون لـــــەجادەکە پـــــەڕیەوە بـــۆ ئەوبـــەر . بـــــەقەراغی فلکەکـــەدا ســـوڕایەوەو بـــــەتەنیشت چـــایخانەکەی حەمـــە گولّنـــازدا تێپـــەڕی . کـــە ســـالاَنی پێشـــوو هەمیشـــە کـــەریم لـــەوێ لەگـــەلّ هاوڕێکـــانی دائەنیشـــا ودۆمینەیان ئەکرد .

بەرامبـــەری چـــایخانەکە قوتابخانـــەی شـــۆرجە بـــوو کەیەکـــەم جـــار نـــەوزاد لێـــرە خرایـــە بـــەر خوێنـــدن . بەتەنیشـــتی دوکانێـــك کـــە بەرامبـــەر پـــــەنجەرەکانی قوتابخانەکـــەبوو ڕاوەســـتا . زۆر جـــار لـــــەپەنجەرەکانەوە بـــاوکی خـــۆی بینیـــوە لەچـــایخانەکە . کەلەگـــەلّ چـــەند هاوڕێـــەکی خـــۆی

دۆمینــەیان ئــەکرد . زەیــنی دایــە ژوورەکــان ، کــە قوتابیــەکانی ئــەبینی ســەرقاڵی خوێنــدنن . چــاوی بڕیــە ئــەو پۆلــەی کــەخۆی پــۆلی یــەکی تێــدا تــەواو کــرد . ئــەوەش پـــــــۆلی دوو ، کەئەوکاتــە خوێنــدن بەعــەرەبی بــوو . کــاتێ لـــــەپۆلی ســێ بــوو . خوێندنەکــەیان بــوو بـــــەکوردی . زۆر دڵ خــۆش بــوون . بەتایبــەتی مامۆســتا قــادر مــەردان ســروود و مۆســیقای پــێ ئەگوتنـــــەوە . بـــــەدەنگێکی منداڵانـــــەی خۆشـــــەوە بەگشـــت منداڵـــــەکان وبەمۆســیقاوە ســروودی ((خوایــە وەتــەن ئاواکــەی چــەند دڵگــیر وشــیرینە )) یــان ئــەووت لــەدڵی خۆیــدا ووتــی : ئــای لــەو نەشــئەو جــۆش وخرۆشــەی منداڵانــەمان کــە تادەمــانتوانی دەنگمــان بــەرز ئــەکردەوە . ئـــــەو خۆشــی یــە ئێســتاش لــەهزرم مــاوە . هەرئەیلێمــەوە ، زۆرم حــەز لــەو ســرودە کــردوە . مامۆســتا حەمــە ڕەزا ئــای کــەدڵڕەق بــوو . بــەیانیان دەستەســڕمان پــێ نەبوایـــە بەحەیزەرانەکـــەی لێـــی ئـــەداین . دەســـتمان بـــەگریان ئـــەکرد . تــەنها شــەعبان وڕەمــەزان کــەدوو بــرای چــاوقایم بــوون . بـــــە بــێ تــرس وچـــاوتروکاندن ، هــەردوو دەســتیان ڕائــەگرت ، مامۆســتا دوو داری لــەناو دەســتیان ئەدا.ئــەمانیش بــە بــێ نقــەو گریـــــان و ئــاخ وئــۆف ئەگەڕانــەوە شوێـــــنی خۆیــان، بــەخوا تــابڵێی ئــازابوون . ئــەبێ ئێســتا ئــەوان لــەکوێ بــن . ئــەوان ســێ ســاڵ لــەپێش مــن بــوون . ئــەو خوێندکارەیشــم کەوتــەوە بــیر . نــاویم بــیر نــەماوە هــەموو پێــنج شــەمەیەك . لــەکاتی ســڵاوی ئــاڵادا ئــەوئەم سرودەی ئەخوێند .

قوتابخانەکەم - قوتابخانەکەم

جێگای زانین وپشتیوانەکەم

مامۆسـتا عیسـامیش خـۆش بـوو ، پەنجەکەڵـەی ئەشـاردەوە وامـان ئـەزانی سیحربازە.

نـــــەوزاد پێخـــــەنین کـــــــەوتە سەرلێوەکـــــــانی و بـــــــەتەواوی لـــــەدەرگاوپەنجەرەو دیوارەکـــانی قوتابخانەکـــە ورد بـــوەوە وکـــــەمێك بـەجوانی تـــەماشای ئـــەو وێنەگرەیشـــی کـرد کـــە لــەولاترەوە خــەریکی وێنــــەگرتنی ژنێــك بــوو . ســەری خــۆی خســتبوە ناوئــەو ســندوقەی کەلەســـەر ســـێ پایەیـــەك ڕاگـــیری کردبـــوو . هـــەموو وێنـــەکانی نـــەوزاد وبراکانیشـــی هـــەر لای ئـــەم وێنـــەگرە گیرابـــوون . بەخەیاڵـــەکانی خـــۆی وحەمەگوڵــەی هــاوڕێی کـــــەلەسەر دیــوارو حـــەوشەی ئـــەم قوتابخانەیــە پێکەوە یارییان ئەکرد لەبەر خۆیەوە ووتی :

ـــ خۆزگـــە حەمـــە لەهـــەموو شـــوێنێك تـــۆم لەگـــەڵ ببوایـــە... ئـــیتر بەتەماشـاکردنی خـــەڵك وبـازاڕ وشـــەقامەکە کـاتێکی بەســـەر بـرد وئـــەمجار بــەرەو لای دوکانەکــەی مــام شــکور گەڕایــەوە . هەرکـــــە مــام شــکور لەقــژ بڕینی ئازاد بوەوە

کەریم دەست خۆشی لێکرد . ئەویش ووتی:

- پیرۆزیان بێت .

کـــەریم پـــارەی دا بەشـــکور ولەدوکانەکـــە دەرچـــوون . بەهاوشـــانی یـــەکتر کـــەمێك ڕۆیشـــتن ، خـــەڵکی لـــەهات وچـــۆ بـــەو نـــاوەدا هەریەکـــەو ســـەرقاڵی ئیشـــی خـــۆی بـــوو . گـــەراجی تەکســـیەکان وچـــایخانەکەی ســـتار زۆرتـــرین خـــــــەڵکی لـــــێ وەســـــتابوو لـــــەخوار دوکانەکـــــەی شـــــکورەوە . کـــــەریم بەمنداڵەکانی ووت :

ـــ ئــەوە دوکانەکــەی کــاك زەینــەڵی ناســیاوی خۆمانــە ، بابچــین پێڵاّوتــان بــۆ بکڕم .

نەوزاد کەمێك وەستاو بەشەرمەوە بەباوکی ووت :

ـ باوە حەز ئەکەم بچینە دوکانەکەی عومەر پەمبە.

ـ بۆ بچین بۆلای ئەو ؟

ـ من حەزم لەقۆندەرەی گلاسی یە مام زەینەڵ نیەتی .

ـــ ئــێ باشــە منــیش قۆنــدرەی گلاســیت بــۆ ئــەکڕم ، بابچــینەلای عومــەر پەمبە.

بــەم وەلاّمــە نــەوزاد زۆر دڵــی خــۆش بــوو ، هەســتی کــرد بــاوکی بــەپیاوی ئــەزانێت . هـــەم گــوێی لــێ ئــەگرێت . هــەم ڕازییــە کــالاّو جــل وبــەرگی پیاوانــەو گــران بــەهای بــۆ ئــەکڕێت ومامەڵــەی گــەورەی لەگــەڵ ئــەکات . ئـــەمە لــەناخی چــەقی و خۆبـــەزلزانینێکی تیــا ڕوا کـــەئیتر ئـــەو منــداڵ نیــە، ئـــەو پیــاوە ، بــاوکی ڕەفتــاری نازکێشــان نیــە بــەلکو بــایەخ پێدانــە ســەبارەت بەنــەوزاد ، بــاوکی کــە جــاران بــۆ میوانیشــی نەئــەبرد ، ئێســتا بەهاوشــانی باوکیەوەلـــە بــازاڕ ڕای نــەزادیش بــەگرنگ ئــەزانێت و گــوێی لــێ ئــەگرێت . کەواتــە ئــەبێ ئــەم متمانەیــە گــەورەتر ببێتــەوە بــۆ پرســیار وئــەو وەلاّمانەی کەبەدوایدا ئەگەڕێت .

لەکاتێکــدا بــەرەو ڕۆژئــاوای بازاڕەکــە ئەچــوون کــە قوتابخانــەو چــایخانەکەو وێنــەگرو مزگەوتەکــە ودوکــانی عومـــەر پەمبــەی لێیــە . نــەوزاد پرســیارێکی لەباوکی کرد:

ـــ بــاوە جــاران لەگــەڵ دایکــم ئــەهاتم بــۆ قۆنــدرەکڕین ، قۆنــدرەی لاســتیکی بــۆم ئــەکڕی لای مــام زەینــەڵ ، ئەمجـــا قەیتانەکــەیا ن لــێ ئــەکردەوە .

ئـــالەم بـەردەم جـــادەیە پیاوێـك هــەبوو بــە تەبـــاخ وپـــــرێمز پـێڵاوی لاســـتیکی پینـــە ئـــەکرد ، چەندچـــەقۆیەکی هــــەبوو گـــەرمی ئـــەکرد لاسـتیکەکانی پێکـەوە ئەنوسـان . پێڵاوەکـانی ئێمەیشـی چـاك ئـەکرد . هــەردوولای شــوێن قەیتانــەکانی ئەنوســان بـــەبەلەزوانەکەی نێوانیـــان و لەقــەیتان بەســتن ڕزگارمــان ئـەبوو. ئــەوە بۆچـی ئێسـتا ئـەوپیاوە لێـرە نیە ؟

ــ منـیش نـازانم. لەوانەیـە ئیشـی تـری دۆزیبێتــەوە ، چـونکە ئێسـتا کـەس ئەوە ناکات .

ـ باوی نەماوە .

ــ بـەڵێ وایــە کـورم . ئـەی هیچـی تـرت لـەبیرماوە پیـاوێکی تـر لـەولای ئەوەوە هەبوو ئیشی چی بوو ؟

ــ لەبیرمــە ئــەو قــۆری شوشــەی درز بــردوو یــان شـکاوی لەتــەل ئــەگرت وقەفەزی بۆ ئەکرد . لەبنەوە تا سەرەوە

ئەوسا ڕایەڵەکانی بەبازنەیەك ئەبەستەوە .

ـ ئافەرین بیری منالّی تیژە .

ـ باوە ئەوش دوکانەکەی حاجی محمدە .

ـ ساردەمەنی ئەفرۆشت .

ــ بـەڵێ لـەتابلۆی دوکانەکـەی نوسـرابوو کرێمسـتی وچـلوورەی بێسـتوون . هــەموو ڕۆژانــی پشـووی مەکتــەب لـــە هاوینــان مـن وحەمەگوڵـە ئـەهاتین لای حـــاجی ترمـــزی گــــەورەمان وەرئـــەگرت . مـــنی ئەناســـی ئـــەم ووت کوڕەکـەی کـەریمی حەســەنە درێـژم . ترمـزی ئـەدا پـێم ئـەها ئـەو ترمزانـە ناوەکــەی شوشــە بــوو . ئیـــتر پڕمــان ئـەکرد لـــــە چـلورەو کرێمســتی

وتوتســـتی . بــەبازاڕ وکۆلآنانــدا ئەســوڕاینەوە و هاوارمــان ئــەکرد :وەرن بــۆ چــلورە ، وەرن بــۆ کرێمســـتی وتوتســـتی وەرنـــەوە. هەرکەســـێکمان زوو تەواومان بکردایە . ئەوەی ئەوی تریشمان ئــەفرۆشت

وســـەرقاپی ترمزەکــە لــەژێرەوە ئــەمان کــرد بەدەخیلــە و پارەکــەمان تیــا ئــەکرد و پارەکــەمان ئــەبردەوە بۆحــاجی ئــەویش مایەکــەی خــۆی لــێ هەڵئــەگرت وقازانجەکــەی ئەدایــەوە پێمــان وترمزەکــەی لێمــان ئەســەندەوە تاکو بەیانی ئەوە ئیستا سەیر ئەکەم ئەو دوکانە نەماوە .

ـ کــوڕم ئــەوە حکومــەت بــانگی حــاجی کــرد . داوایــان لێکــرد ناوەکــەی کــە بێســـتوون بـــوو بکـــات بەعـــەرەبی ، ئـــەویش ڕازی نـــەبوو ئـــێ ئـــیتر حکومەتیش دوکانەکەیان پێداخست .

ــ باشــە بــاوە بۆچــی حکومــەت . نــاو مەکتەبــەکانی کردوەتــە عـــەرەبی وخـــەلکی عـــەرەب دێـــنێ بـــــۆ چـــــواردەوری شـــۆرجەو نـــاوی دوکـــانی خەڵکیش ئەکاتە عەرەبی ، بۆ ڕقی لەکوردی یە ؟

ــ کــورد بەخـــەڵکی خـــۆی نازانێـــت وبەبێگانـــەمان دائـــەنێ لەســـەر خـــاکی خۆمان .

ـ ئەی باشە باوە بۆچی ماڵی حەمەگوڵە دیارنین ؟

ـ منیش نازانم لەدایکت بپرسە بەشکم ئەو بزانێت .

گەیشـــتنە بەرامبـــەر قوتابخانەکــە بــەلای چــایخانەکە دا تپێــەڕین . لــەناو چایخانەکە خەڵکێکی زۆر دانیشت بوون بانگی کەریمیان کرد:

ـ کەریم سەلامی لێ کردن و وەڵامی دانەوە :

ــ دەســتتان خۆشــبێت ، مــەمنونم . چــاناخۆم منــداڵم پێیــە بازاڕییــان بــۆ ئەکەم .

پــیشێ ئــەوەی بگەنــە لای دوکانەکــەی عومــەر پەمبــە ئــازاد ســەیری ئــەو کەرانــەی کــرد کەلــەپێش خــانی گەنمەکــە ی تەنیشــت قوتابخانەکــە بەســـترابوونەوە ، هەریەکـــەو تورەکەیـــەکی لـــەمل بـــوو بـــۆ ئـــەوەی لەگەنمەکە نەخۆن .

ئازاد بەشێرزادی ووت :

ـ ئەو کەرانە چی ئەخۆن؟

ـ شێرزادیش ووتی:

ـ ئەوانە حەماڵییان پێ ئەکەن ، کائەخۆن .

نــەوزاد کەوتــەوە یــادی کەچــەندین جــار ئــەم کەرانــە ئــەوانی لەگەرمــەی خوێندنــدا هێناوەتــە پێکــەنین . کەبــەدوای یەکــدا دەســتیان بــەزەڕین ئــەکرد . مامۆســتا ناچــار ئــەبوو تاکــەرەکان بێــدەنگ ئــەبوون . ئەوســا درێــژەی بــە وانــە کــە ئــەداو جارجــار خــۆی و ئــەو قوتابیانــەی لای پەنجەرەکـەبوون سـەیرێکی بازاڕەکـەیان ئـەکرد وخـەیاڵیان لـەلای مامۆسـتا نەئەما .

گەیشـتنە بـەردەم دوکانەکـە دوو دەریەکـەی عومەرپەمبـە. کـەریم سـڵاوی لێ کرد.

عومـەر کـەپیاوێکی نیمچـە قەڵـەو بـوو هەمیشـە کـەواو چـاکەتی لەبـەر ئـەکرد وجامانەیــەکی لاری ئەبەســتەوە ، کــە لۆیــەکی بەســـەر شــانیا هــاتبووە خوار.بـەخێرهاتنی کـرد وفـەرمووی لێکـرد . کـەریم دەسـتی بـۆ نـەوزاد درێـژ کرد و وتی:

ـ جووتێ پێڵاوی گلآسیمان بدەرێ بۆ ئەم پیاوە.

نەوزادووشــەی پیـاوی زۆر پێخـۆش بـوو خـۆی قیتــەوە کـرد . پەمبـە وەلاّمــی دایەوە :

بەسەرچاو ڕەقەم چەند باشە بۆ پێت ؟ وڕەنگی چۆنت ئەوێ ؟

ـ ڕەقەم چل ویەك وباڕەش بێت . نەوزاد ئاوا وەلاّمی دایەوە .

عومەر دوو جووتی هێناو بەسینگی خۆیدا خشاندی وپاکی کردەوە.

ـ بزانە ئەمە چۆنە؟

نـەوزادیش پێلاڵوەکـانی تـاقی کـردەوە وهیچـی بـەدڵ نـەبوو . تـــاکو خـۆی چـوو جـوتێکی هـــەڵبژارد وبـــاوکیشی پارەکـەی دا وعومــەرپێلاّوەکانی بـۆ خستەناو مقەباکەی وئەوسا خستیە کیسەیەکی گەورەوە .

شێرزادیش ووتی :

ـ باوە جزمەمان بۆناکڕیت ؟

ــ کـاك عومــەر دووجــووت جزمــەی باشمــان بۆبێنــە . چـار نیــە . کــــاکە کـــەباران ببارێــت ئــیتر ئـــەو کـۆلاّن وبــازاڕە ئەبێتــە قــوڕو لیتــە ، خـۆ بەپێلاّو بەناو قوڕا دەرناچین .

عومەر دوو جووت جزمەی پڕ بەپێیان هێنا .

جزمەکانیان کڕی وچوون بۆ کڕینی دەفتەر وقەڵەم

پاشــان لەهــەمان جادەوەگەڕانــەوە تاکوگەیشــتنەوە بــەردەم چـایخانەکەی ستار . نەوزاد باوکی ڕاگرت و وتی:

ــ بـاوە . ئـــەم چـایخانەیە ســالاّنی زوو تەلـەفزیۆنی هـەبوو ، ئـــەو ڕۆژانــەی کـــەئێواران یـــاری زۆرانبــازی عــەدنان قــەیس پیشــان ئــەدا . لەگـەڵ حەمــە گوڵە ئەهاتین لێرە سەیرمان ئەکرد . زۆر قەرەباڵغ ئەبوو .

ـ عەدنان قەیسیت بەدڵ بوو ؟

ــ ئـەریٚ وەلاٚ . کـاوە قەڵـەو چـوارداری ئەچـەقاند ، بـەنی پێـوە ئـەبەست وئێمـــەش لــــەناوی زۆرانمـــان ئـــەگرت ،لاســـایی ئـــەو زۆرانبازیـــەمان ئەکردەوە . یەکێکمان ئەبوینە عەدنان قەیسی وئەوانی تر بەتەڵەکان .

ـ لەبیرت ماون ؟

ــ ناویـانم بـیر ماوە.کامبــڵ ، جــۆنلیز . گــووتی ، جــۆن فرێــری . ئەمــە کەسێکی زۆر زلە بوو.

ـ ئێمەی گەورەکانیش سەیریمان ئەکرد.

ـ ئەی بۆ ئێستا پاڵەوانی ناکات ونەماوە ؟

ـ ئێستا پیر بووە . کیٚ ئەڵی ماوە.

ـ من حەزم لەیاری گاکانیش بوو .

ـ هەرئەهاتن لێرە سەیرتان ئەکرد ؟

ــ هەرئــەهاتین بـۆ ئێـرە . بـەلاٚم جارجـار قاومانیـان ئـەدا ، ئەگـەر پارەمـان نەدایا .

ـ ئیٚ وایە کابرا چایخانەی بۆ ئەوە داناوە پارەپەیدا بکات .

ــ ئێمـە ئـەوەمان نەئـەزانی . بـەدوو کـەس پێـنج فلسـمان ئـەدا ولقومێکیـان ئەدا پێمان ودائەنیشتین .

ـ ئێستا زۆر ماڵ تەلەفزیۆنیان هەیە .

ـ ئێمەش ئەیکڕین ، باوە بۆمان ئەکڕیت؟

ـ بەس پارەم هەبیٚ بۆتان ئەکڕم ، ئەی بۆ ئێوەم نەبێت بۆ کێمە .

ئـازاد وشـێرزاد بەبیسـتنی ئـەوەی باوکیـان پـارەی هـــەبێت تەلـەفزیۆنیان بــۆ ئـــەکڕێت زۆر زۆر دڵخــۆش بـــوون ســـەیری یـــەکیان کــرد ولــەخۆیان دەرچوون .

نـەوزاد حـەزی ئـەکرد بـەناو یادەوەریـەکانی منداڵیـدا بچـێتەوە وپرسـیاری زۆرتـر لـەباوکی بکـات . بـەڵام کاتەکـە کەمـە ودەبێـت بڕۆنـەوە ، بـەڵام هێنـدە دڵـی خۆشـە بـەوەی کەهەسـت ئـەکات ئازادییـەکی دەسـت کـەوتووە. کـە ئیترڕێگـای پـێ ئـەدرێت بێتـە بـازاڕ ووەك پیـاوێکی پشـت پـێ بەسـتراو . بەتایبــەتی ئـــەم مامەڵەیــەی ئـــەمڕۆی بـــاوکی زۆر دڵخۆشـــی کـــرد ، تەنـــــانەت گفـــت وگـــۆو بــــاس وخواســـی لەگــــەڵ ئــەکات . وەڵامـــی پرسیارەکـــانی ئەداتــەوە و بایــــەخی پــێ ئــەدات . ئـیتر ئـەمیش دەبـێ خـۆی بەکـــەم نــەزانێت وکەسـایەتی خـۆی بـــەهێز بکـات . هــەوڵ بـدات خـــۆی وەڵامـــی هـــەموو ئـــەو پرســـیارانە بدۆزێتـــەوە کەلەمێشـــکی کۆبوەتەوە.

************************

ماوەیـەکی مـابوو بـۆ خۆرئـاوابوون . کـــەنەشمیل لەماڵـەوە گـوێی لەتەقـەی قـاپی بـوو . هــــەرچەندە قاپییەکـــە قاپییـەکی ئـاسنی پوختــە نــەبوو ، بـــەلکو لـــــەچوارچوبەیەکی دار و ڕووی دەرەوەی تەنـــــەکەی ڕۆنـــی ڕاعـــی بوو

پێـوەی داکوترابـوو . کـاتێ ڕۆیشـت قاپیەکـەی کـردەوە . زەلامێکـی بـینی دەفتـــەرێکی لـــەبن هـــەنگڵ بـــوو ، لــــــە ناولـــەپی دەســـــتی وازی بەتەسبیحەکەی ئەکرد . پێی ووت :

ـ فەرموو کاکە.

ـ ئەمەماڵی کەریم حەسەنە ؟

ـ بەڵێ فەرموو .

ـ من موختاری ئەم گەڕەکەم ، پیاوەکەت لەماڵە ؟

ـ ئەوەی ڕاستی بێت هەرخۆم لەماڵم .

ـ دەی قەیناکە ، ئەمەوێ چاوم بەتەسکەرەو جنسیەکانتان بکەوێت .

ــــ چـــاوەڕی ئەکـــەیت تامێردەکـــەم دێتـــەوە، لـــەبازاڕە .کـــەمێکی تـــر ئەگەڕێتەوە ، دەفەرموو دانیشە.

ـ ماڵتان ئاوابێت . جنسیەی کێتان لەبەردەستە ئەوەم بۆ بێنە.

ـ باشە بەسەرچاو.

نـــەشمیل خێـــرا چـــوە ژوورەوە لـــەناو یـــەکێك لەبوخچـــەکان جنســـیەکانی دەرکـــرد وهێنـــای .هـــەتا گەڕایـــەوە ســـەید تۆفیـــق لەگـــەڵ موختـــار چـــاك وچۆنیان کرد ونەشمیل جنسیەکانی دایە دەستی موختار.

سەید تۆفیق ووتی:

ـ کـەریم خـەڵکی ڕەسـەنی کەرکوکـە. بـەخوا لـەپێش تۆشـەوە لـەم کەرکوکـە بووە .

موختار وتی:

ــ وام بیســتوە خــەڵکی ئــەم نــاوە نیــە. دوایــی ئەمــەوێت نــاوی لای خــۆم تۆمار بکەم . جاریَ هیچمان نەوتووە .

کەلە دەفتەر نفوسەکان کۆڵآیەوە ووتی :

ــ ســەید تــۆ ڕاســت ئەکــەیت ، ئەمانــە نفوســی چــل وحــەوت وپــەنجاو حەوتیان هەرکەرکوکە. کەرکوکی ڕەسەنن

ئەمجار بەخۆشی یەوە بەنەشمیلی ووت:

ــ خوشــکەکەم . کـــەمێردەکەت هاتـــەوە بابێــت بــۆلام ئــەم جنســیانەی ئەدەمــەوە چونکـــە ئــەبیَ مــن لای خــۆم ناوتــان بنوســم . مــاڵم لەســەرووی کاکەییەکانەوەیە ،لێرەوە زۆر دوور نیە. باشە خوشکم.

ـ باشە بەسەرچاو . نەشمیل ئاوا وەڵآمی دایەوە . دواتر ووتی:

ــ گومیــان نەکــەی . ئــەم قســەیەی بــەبیَ تــرس ووت . کــەموختار سەرســام بوو.

ـ نانا ، ترست نەبێت

ئەمجار بەپێکەنینەوە ڕووی لەسەید کرد و ووتی:

ـ منداڵیَ گێژ نیم .

ســـەیدقاقا پێکـــەنی ، موختـــاریش بـــەدەم زەردەخەنـــەوە دەفتـــــەر نفوســـەکانی خســـتە بـــەر باخـــەڵی و خواحـــافیزی کردولەکۆڵانەکـــە بـــەلای دەستی چەیدا پێچی کردەوە بەرەو کۆڵآنی کاکەییەکان .

سەید بەنەشمیلی ووت :

ـ هـیچ نیـە خـەمتان نـەبێت موختـار ئیشـەکەی وایـە . ئـەبێت بگـەڕێت وچـی مـاڵی تـازە هەیـە ناونوسـی بکـات . شـــەو مـن وکـەریم ئـەڕۆین بـۆ ماڵیـان . من ماڵیان ئەناسم .

نەشمیل وەڵامی سەیدی بەشێنەیی دایەوە:

ـ کـاك سـەید ناترسـم بـەڵام کـێ وازوو خەبـەری لێـداوین واموختـار هـات ، دیارە کەسێك لـەم کۆڵانە هەیە خەبەر بە موختار بدات .

سەید ڕۆیشت ونەشمیلیش هاتە ماڵەوە.

*****************

سـالار ڕێگـای هـات وچـۆی قـاسمی ئـەزانی . چـونکە ماڵیـانی ئەناسـی . بـۆ ئـەوەی بیبینێـت لـەنزیك کارێزەکـەوە و گـردە بچـوکەکە دەسـتی بەپیاسـە کـرد . بـۆ ئـەوەی خـۆی لـەمندالآنی کـۆڵان بـەدوور بگرێـت وکـەس لێـی نزیـك نەبێتـەوە . لـەو شـوێنە نیمچـە چـۆڵە دوور لـەڕێگای هـات وچـۆ بۆخـۆی ئـەهات وئەچـوو . جارجـارە لەسـەر بـەرزایی گردەکـە لێـی دائەنیشـت . خـۆی خـەریك ئـەکرد بەکتێبەکـەی دەسـتی یـەوە. لـەبەردەم ئەومالآنـەی کـە ڕوویـان لەگردەکـە بـوو پاسـکیل سـوار وکەروعارەبانەکان تێئەپەڕین . بەڵام هەرچی منالەکانە بەشێکیان لەناو ئـاوی کارێزەکـە خۆیانهـەڵکردبوو ئـەهاتن وئەچـوون وشـڵپە شـڵپیان ئـەکرد ولەسـەرماش هەڵئەلـەرزین . هەنـدێکی تریـان لەتەختاییەکـەی پشـتی مـاڵی خۆیـان وکـەمێك دوورتـر لـەمان خـەریکی مـزراحێن بـوون. کـەلەدەمـەدەمی پـایزدا یـاری یـەکی خۆشـە. خـەریك بـوو بێـزار ئـەبوو ، چـاوەڕوانی یـەکی بـێ وادە ودیـاری کـراو کـە ئـەوەی تـر ئاگـای لـێ

نــەبێت تاقـــەت پڕوکێنــە . کــارێکی خۆبەخشــانەی ناخۆشــە . نەیئــەزانی بڕواتـــەوە وئـەو چەنـــد مـاوە چـاوەڕێی یـە بـەفیڕۆ بـدات ، کەڕەنگـە هەرکـە ئـەم ئێـرە چۆڵ بکـات ئەوسـا ئـەو لێـرەوە تێپـەڕێت . واباشـترە تـــا ئێـوارە خـۆی ڕابگرێـت . چـونکە ئــەم ئیشــە ئیشـێکی چـاکەیە وکێشـەو هەرایــەك لەکۆڵانەکـەیان چارەسـەر ئـەبێت پـێش ڕودانـی . هەنـدێ پیاسـەی تـری کـرد ، دووبــارە دانیشـــتەوە . لـــەپڕ لەبازاڕەکـــەوە قـــاسمی دی بـــەرەو مــــاڵ دێتــەوە . وردە وردە لەڕێگاکــە نزیـك بـوەوە تــاکو گەیشـتنە ئاسـتی یــەك . بانگی لێ کرد .:

ـ قاسم تۆزێ ڕاوەستە وئیشم پێتە .

قاسـم کـە قەمیسـێکی حـەریری قـاوەیی لەبـەر کردبـوو لەگـەڵ ڕەنـگ وڕووی تێکــەڵ بووبــوو . وەك یــەك پــــارچە وابــوون .بــەدەم وچــاوە خڕەکــەی ولوتــە فشــەکەیەوە سەروســیمایان جــوان کردبــوو . بــەلأم ئــەو قەمســەڵە درێـــژەی بـــەری ناپوختـــەی کردبـــوو . لـــەجێی خـــۆی وەســـتا تـــا ســـالار گەیشتە لای وسلاویان لەیەك کرد :

ـ چۆنی قاسم ؟

ـ سەلامەت بیت .

ـ هەندێ قسەم پێت هەیە وگوێم لێ یگرە .

ـ دەربارەی چی؟

ــ لــەکۆلانی ئێمــە ســەید تۆفیـق بــەتۆی زانیــوە . بۆحەلیمــە جــرت وفــرت ئەکەی .

قاسـم ڕەنگـی گـۆڕاو کەوتـە سـەرنجدان وگـوێ شـل کـردن . دیـاربوو ترسـی لێ نیشت.

ـ بۆ هیچیان لێم دیوە ؟

ــ هـەر سـەید تۆفیـق وەلـی هانـداوە کەبـەو کۆلانـەدا تێپـەڕیت ، دارکاریـت بکات .

ـ بەڕاستیتە . قاسم ئەم پرسیارەی بەپەرۆشەوە کرد .

ــ مـن بــاوکم پێـی ووتم . چـونکە سـەید تۆفیـق لای بـاوکم باسـی کـردوە . ئـــەویش بەمنی ووت یارمـــەتی وەلی بدەم و تۆ پڕ شەق بکەین .

ـ بۆخاتری خوا چی بکەم . من نەحەلیمەم دیوە نەئەیناسم.

ــ گـویٚ بگـرە . مـن هـەقم بـەو شـتانەوە نیـە و هاوبەشـیان نـیم . بـەمنیش حـالّی نـابن . تـۆ لـەمن حـالّی بـە .بۆیـە هـاتووم بـەتۆ بلّـێم . بەوناوەوەمەیـە . بەخوا خراپت پیٚ ئەکەن.

ـ سالە خۆ درۆناکەیت .

ـ کوڕی باوکم. ئەگەر باوەڕ ناکەیت فەرموو بڕۆرە کۆلانەکەمان .

ـــ دلّـی مــن ، سوپاســت ئەکــەم. هەرچــەندە لــەمن منــالّتری ، تەنانــەت لــەوەلیش منــالّتری ، بــەلام بــەخوا لەگشــتمان عــاقلّتری . هــی ئەوەیــە خوێنەواریت . خەلّکی خوێنەوار فەرقی لەگەلٚ عەشایەر زۆرە.

ــ قاسـم ئـەوەش بزانــە مــن ئەمــەم لەبــەرخاتری کۆلانەکــەمان کــردووە . بــەخوا حــەیای گشــت کۆلانەکــەمان ئەچــیٚ ، بــەهۆی تــۆوە. کاکــە مەیــە کۆلانەکـە ، ئەگـەر بـەدوای مێبـازیش ئەگـەڕێی ، بـڕۆ شـوێنێکی تـر . کچـی عەشایەر کوا لەمالٚ دەرئەچیٚ .

ـ مردووت نەمریٚ گەڕەکەکە گشتی عەشایەرە ، بۆکویٚ بچین ؟

ــ واز لەحەلیمــە بێنــە .ئەگــەر بەتــەمای ئــەویت .بــەخوا عــەزەی برایشــی ئــەزانێ . بــەس ترســنۆکە ، نازانێــت چــیت لــێ بکــات . ڕۆژێــك غــیرەت ئەیگرێ وچەقۆیەك ئەکات بەزگتا. هەقی بەرودوات لێ ئەکاتەوە.

ــ چۆن عەزە ئەزانێ ؟ بەچیا ئەزانێ؟

ــ کـورە خۆپیـاز پـاك ناکـەم . مـن لەکۆلانەکـەم ومالّمـان بەرامبـەر مالّیانـە . ڕەوشــتی گشــتی ئــەزانم. شــەڕی تــۆ ئــەو لەگــەلّ دایکــی وحەلیمــە ئــەیکات .بۆیە وا لەمالّ دەرناچێ .

ــ باشـە سـالار دەسـتت خـۆش بێـت . مـن لەئێسـتاوە ئـیتر بـەو نـاوە نایـەم وخۆم بزر ئەکەم .

ـ ئاوابکەی زەرەر ناکەی.

ـ ئەم چاکەیەم لەبیر ناچێ .

ـ دەبڕۆ برا بەخوا لەعەسرەوە چاوەڕێی تۆم . لەم شوێنە .

ـ بەخوا پیاوی ، پیاوی عاقلّ .

خواحافیزییــان لەیــەکتر کــرد ، هەریەکــەو ڕێگــای خــۆی گرتەبــەر. ســالار هاتــەوە مــالّ و وەلــی بــینی لەبەردەرگــا لەســەر چینچــك دانیشــتوە . دەســتی ڕاســتی خســتوەتە ســەر ئــەژنۆی و چاوەچــاوی شــتێکە . ســالار سـلاّوی لـێ کردوچـووە مالّـەوە. ئـەم چـاوەڕوانییەی وەلـی درێـژەی کێشـا بۆ چەند ڕۆژێك و هیچ ئەنجامێکی نەبوو .

**********************************

ئـەم سـەرلەبەیانیە کـەریم زووتـر هەسـتا وخـۆی شوشـت وپێداویسـتییەکانی خـــۆی لـــەجل وبـــەرگ وتـــاخمی تـــەراش لەئاوێنـــەو مـــوس وجـــام وفلچـــەکۆکردەوە. خســتیە نــاو جانتایــەکی قــایش وپــاش نــان خــواردن منالــەکانی مــاچ کــردو خواحــافیزی لەنــەشمیل ومنالــەکانی کــرد کــە بــەرەو شەنگالّ بڕواتەوە. بەڵام بەدڵێکی ئاسوودە ، هیچ خەمبار

نــەبوو، ســاڵانێکی زۆرە وەك ئــەم چــەند ڕۆژانــە دڵخــۆش نــەبووە. بــەلای کەمــەوە ئێسـتا کـە ئەڕواتـەوە بـێ خەمـە لەمنالـەکانی . کەلانەیـەکیان هەیـە ، ئـیتر لـەژیانی مـاڵ بەکۆڵـەوە ڕزگاریـان بـوو . ئـیتر لـەم خـانووە ئـۆقرە ئــەگرن جــارێکی تــر بارناکــەن ولــەجێگای خۆیــان هەڵناکــەنرێن . کــورد هەمیشــە ووتوویــەتی بــەرد لــەجێی خــۆی ســەنگینە ئــەمانیش ئێســتا لەشـاری خۆیـان ، لـەناو کـەس وکـاری خۆیـانن . هـیچ کـات خۆیـان بـەنامۆ نـازانن . کـەریم پـاش ئـەوەی لەبـەردەم ئاوێنەکـە کڵاوجامانەکـەی سـەری بـەجوانی بەسـتەوە و دەسـتێکی هێنـا بەسمێڵەکەیـدا وباشـتر ڕێکـی خسـت . بەلەســەرخۆیی هــەنگاوی نابــەرەودەرگای حەوشــە . نــەوزاد وبراکــانی ونــەشمیل بـــەڕێیان خســت ولــەدەرگای حەوشــە کــەمێك دوورکەوتــەوە . نــەشمیل جــامێ ئــاوی بەدوایــدا ڕشــاندەئەوناوە.نزای بــۆکرد کـــە بـــە ســـەلامەتی بـــڕواو بەســـەلامەتی بێتـــەوە . نەوزادحـــەزی ئـــەکرد تاسـەرجادەکە کەئامانـەکان هـات وچـۆی لـێ ئەکـەن جانتاکـەی بـۆ بـاوکی هەڵبگرتایــە، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی دوانەکــەوێت لەقوتابخانــە ناچــار بــوو دوابـــەدوای بـــاوکی بەئاراســتەی پێچــەوانە بــەرەو قوتابخانــە ڕێگـا بگرێتــە

بەر. دایکی ودووبراکەی لەپشتەوە بەجێ هێشت کە براکانی لە پاش نیوەڕۆ ئەچن بۆ قوتابخانە .

نەوزاد لەماوەی دووهەفتەی ڕابووردودا پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەل چەندین قوتابیدا بەست لەپۆلەکەی خۆی وپۆلەکانی تردا ، کەئەوانیش هەندێکیان ماڵەکانیان زۆر دوور نەبوو لەماڵی نەوزادەوە. بەتایبەتی سەردەشت کە قوتابیەکی زیرەکی پۆلەکەبوو . هێدی هێدی متمانەو خۆشەویستی لەنێوانیاندا چەکەرەی کرد . هەرسەردەشت ئاشنای کرد بەکتێبخانەی قوتابخانەکەوە ، کەپڕبوو لەکتێبی ئەدەبی وچیرۆك وشیعر

یەك لەو کتێبانەی کە سەردەشت ئاشنایەتر لەگەڵ پەیداکردبوو ، هەرهەشت بەرگەکەی کتێبی ڕشتەی مرواری بوو. کەهەرجارەی بەرگێکی ئەبردەوە بۆ ماڵەوەو ئەیخوێندەوە . ئیتر نەوزادیش دەستی پێکرد لەماڵەوە چێژی لێوەرئەگرت . کەجارجار بەهۆی نوکتەو قسەخۆشەکانی دووتوێی کتێبەکە قاقا پێدکەنی

دایکی پرسیاری لێ ئەکرد ئەوەچی ئەخوێنێتەوە . ئەویش ئەگەر بگونجایە بابەتەکە بۆ دایکی ئەخوێندەوە دایکیشی بەشداری ئەو پێکەنین وخۆشی یەی ئەکرد . لەزۆر بابەتی کورەواری تێگەیشت وزانیاری لەسەر ژیان کۆئەکردەوە . ئەو ڕووداوە کۆنانە بەهرەی چیرۆك خوانی ژیانی کوردەواری پێبەخشی ، وەك کەسێکی چاوکراوە بێت . ئەوتێگەیشت کەخوێندن تەنها کیمیاو فیزیا نیە بەڵکو ژیانی کۆمەلآیەتی پێویستی بەزانست وزانیاری کۆمەلآیەتی ومێژوویی هەیە . ئەمەش چاوکراوەیی بەمرۆڤ دەبەخشێ . ئەبێ بەدوای کتێب وبابەتی

هەمەچەشـنە بگـەڕێت . لـەو کەسـانەی کـەهاوکاریان بـوو مامۆسـتا محێـدین بـوو . پیـاوێکی شـارەزا لـــەئەدەب ومێـژووی کـورد بـوو کەوانـەی کـوردی پـــێ ئەووتنـــەوە. هەرئـــەویش سەرپەرشـــتیاری کتێبخانەکـــەی ئـــەکرد ، بابەتـە بـەپێزو پـڕ بایەخـەکانی پـێ ئاشـنا ئـەکردن وئەیخسـتە بەردەسـتیان . دیـوانی شـاعیران یـەکێك بـوو لـەو بابـەت و سەرچـاوە پـڕ بایەخانـەی کەنـەوزاد کەوتـە هەوڵـدان بـۆ ئاشـنابوون پێیـان . ئـیتر بـێ کتێـب نـەبوو . هــەرجارەو کتێبێکــی گرنگــی لەســەر دەســتی ئــەو مامۆسـتایە وەرئـەگرت ولــــەپاڵ کتێبــــەکانی قوتابخانەئەیخوێنــــدەوە ، ئــــەو پەیوەنــــدی وئاشـنایەتیەی سەردەشــت ونــەوزاد و کــــۆمەڵێ قوتــابی تــرو مامۆســتا محێـدین چــووە قۆنــاغێکی پــڕ ڕێــز و خۆشەویســتیەوە کــە مامۆســتا ئــــەوانی وەك کـوڕی خـۆی تەمــاشا ئـەکردو خۆشـی ئەویسـتن وڕێنمـایی ئـەکردن کــــە وانـەکانی قوتابخانــە پشـت گـوێ نەخـەن و دواتـر مامۆسـتا تـــاوانبار نــەکرێت و خۆیشــی دەروونــی ئاســودە بێــت بــــەسەرکەوتنیان لــــەوانەکانیان وتــــــەواو وپێگەیشــتنیان لــەڕووی هــزرەوە ، چــونکە ئـەمانی بـە قوتـابی ڕاسـتەقینەی خـۆی ئـەزانی کـە لـەڕووی هـزرەوە نـاخ ودەرونیـان تێکـەڵ بـە یـەك بـووە . مامۆسـتا لێـرەوە چـەمکی نیشـتمان وونەتـەوەی لــەپێش چـاوی خـۆی دانـــابوو کـردی بـەپێوەرێك بـۆ هـەموو هەڵســـەنگاندنێك کــە بیــەوێت لــــەبوارێکدا دەســتی بــداتێ . هــەرکارێك ئـــەکرێت چـــەندە لەخزمـــەتی گـــەل ونیشـــتماندایە . نـــەوزادیش لـــەم هەڵوێســـتەی مـــامۆستا تێگەیشــت کەچـــەمکی نەتـــەوە . ئـــــەو ئەڵقــە نەپسـاوەیە کـــەهەموو کـوردی بەیـــەکەوە گرێـداوە ، هەرکەسـێك بیـەوێت ئەڵقەیـەکی لـەوانی تـر دابـڕێـت ئـەوا دژ بەنەتـەوەی کـورد هـەنگاوی نـاوە ،

تــــــائەو ئەڵقانــە پتــەو وبــەهێز بــن تــرس لای دوژمنــانی کــورد دروســت ئــەکات . هــەر لەچــەمکی نەتــەوەوە گەیشــتە وەڵامــی ئــەو پرســیارانەی کەلەناخیـدا وەڵامــی چـنگ نەئەکـەوت . ئـەبێ لـــە دەرەوە بـۆی بگـەڕێت . چـۆن مـرۆڤ لـەوولاَتی خۆیـدا ئەچەوسـێتەوە ؟ چـۆن مـرۆڤ لـەولاَتی خۆیـدا ئەتك ئەکرێت؟

چـۆن مــرۆڤ لــەولاَتی خــۆی ئــاوارە ئــەبێت ؟ چــۆن مــرۆڤ لــەولاَتی خــۆی ڕاوئــەنرێت وئــەکوژرێت ؟ دروســت بــوونی ئــەم پرســیارانە زینــدوویی هــزر پیشــان ئــەدات ، نــاتوانی هــەروا ڕاســتەخۆ خــۆت وەڵامــی بدەیتــەوە وکــێ بێـت تـۆ بتـوانی ڕاسـتەخۆ ئـەو پرسیارانەی لـێ بکـەیت ؟ لێـی بپرسـی بلێـی چـۆن ؟ بۆچـی؟ ئـەویش وەڵامێکـی پڕبەپێسـتی ئـــەو پرسـیارەت بداتــەوە . ئــەویش کەســێکی وەك مامۆســتایە کــە جگــە لەزانســتی کیمیــاو فیزیــا لـــــەخەوی ئێســتات هــەلتێ ئەســێنێ تــاکو ئاینــدە ببــینی . تــاکو دوارۆژت بنیــات بنێــی ، تـــــاکو هــە ربۆخــۆت نــەژیت . بــەڵکو ئەوانــەی لەگــەڵت ئەژین خۆشی تۆ بەستراوە بەخۆشی ئەوانەوە .

نــەوزاد هــەرخۆی کەســێکی ئــارام وهێمنــە وپــڕ ئۆقرەیــە . ئــەو لــەدوبارە بونــەوەی نەهامــەتی وئــاوارەیی ئەترســێت چــونکە زۆری ناڕەحــەتی بینیــوە . بۆیە هەمیشە هەست بەخەمێك ئەکات ، نازانێت سەرچاوەکەی چییە؟

بۆچــی جارجارهەرلەخۆیــەوە مــات ئــەبێت ؟ ئەیــەوێت ئەوهۆکارانــە بزانێــت . هەرکـە هـۆی ئـەو خەمانـەی زانـــی ڕەنگـە چارسـەرەکەی ئاسـان بێـت . بۆیە متمانەی بەخۆی پەیدا کرد.

*************

وەلــی ئـــەوە چــەند ڕۆژە هــەروا کۆلأنەکــەی گرتـــووە. داویەتـــە بـــەر پشـکنینی تیلـەی چـــاوەکانی . هـیچ بەلایــەوە گـرنگ نیــە ئــەم ڕێبوارانــە کـێن ، لــــەژن وپیـاو وکـوڕ و کچـی منـــالْ وهــەرزەکار . کـیْ دێـت وکـیْ ئـەڕوات؟ کـیْ چـی ئـەکات وکـیْ چـی ئـەلْێت ؟ ئـەو تـەنها ئـەو قاسمـە مێشـکی جـەنجالْ کـردووە . هــەر بــەئێرەدا تێپــەڕ بێـت یەکســەر یەقــەی ئـەگرێت . ئـەوەی کەبەلایــەوە گرنگـە ئەوەیـە کەسـەید تۆفیـق پشـتیوانی ئـەکات . هـەر شـەڕ وئاژاوەیـەك دروسـت ببێـت ، ئـەوا سـەید تۆفیـق وسـەید سـەعیدیش دێنـە پـالْی و ئـەمیش ئیشـەکەی بـۆ دەچێتەسـەر. ئەوسـا خـۆی ئەبێتــە قارەمــانی نــاو کـۆلأن وگشـت کچـەکان سەرسـام ئـەکات بۆخـۆی . ئـــەم خــۆی بــەقارەمان ئــەزانێت . بەلایــەوە نەشـیاوە لەپــەنای ئــەم ، لــەنزیکی ئــەم .یـان وەك فەرماندەیــەك لــەژێر دەســەلأتی ئــەم کەســێك بیـەوێت مێبـازی بکـات لەگـەلْ کچـانی ئـەم کۆلأنـە .. کچـانی کـۆلأن مـولْکی ئـەون . ناڕەوایــە دەسـت بـازی لەگـەلْ کـوڕانی کـۆلأنێکی تـر بکـەن . بۆیـە دەبـیْ ئـەمیش بــەرگری لەدەســەلأتی خـۆی بکـات . ئـەبێت پێگــەی خـۆی بپارێزێـت .ئەبێتـە پاسـەوانی شـەرەفی هـەموو کۆلأنەکـە. هێنـدە چـاوەڕوانی کـرد ، ئـارامی لـیْ هـەلْگیرا . بـیْ ئــۆقرەبوو . هێنـدە سمێلْـی خــۆی قرتانـد بــەدگانــــەکانی لاســەنگی کردبـوو . زیـاتر بـیْ ئۆقرەبـوو .تاوێـك ئەهاتــە بـــەردەرگا ودائەنیشـــت ، تـــــاوێك لەســــەر کۆلأنەکـــە ئەوەســـتا وتـــــەنها ســلأوی ڕیبوارەکــانی ئەســەنەوە . تــاوێکیش کەئــەیزانی کـۆلأن لــەهات وچـۆکەران ودەسـتگێڕو عەرەبانــەکان پــڕە وهــات وچـۆ گەرمــە . بـــواری دەرچـــوونی حەلیــــمە نیـــە ، ئـــــەوسا ئەچــــوە ژوورەوە . لـەمــــالْەوە

دائـــــەنیشت ولـــــــــە ڕیکۆردەرەکـــەی گـــوێی لـــە گۆرانیـــەکانی کـــەریم خـــەمزەو نـــوری باریکـــەیی ئـــەگرت . هەنـــدێ جـــاریش کـــەدایکی لێـــی بێـــزار ئـــەبوو ، ئەچـــوە بـــازاڕ وهـــەر زوو ئەگەڕایـــەوە .باوکیشـــی کەزۆربـــەی کـــات لەبـــەر خۆرەتـــــــاوەکە ڕائەکشـــا لـــەدەنگی گۆرانیـــەکانی ڕیکۆردەرەکـــە کـەیف خـۆش ئـەبوو ، هـیچ گـوێی بەبۆڵـەبۆڵی دایکـی وەلـی نەئـەدا . بۆیـە ئـەمجارە دایکـی وەلـی سـوێندی لێخـوارد کـەدەبێ قـادری بـرا گـەورەی لـێ ئاگاداربکاتەوە . هەربەشەق بیبات بۆ ئیش.

وەلـــی دوو بـــرای تریشـــی هـــەبوو ، کەلـــەخۆی گـــەورەتر بـــوون . بـــەڵام لـــــەباوکی خـــــۆی نـــــەبوون . چـــــونکە دایکـــــی دوو شـــــووی کـــــرد بـــــوو کەبەرلەبیسـت سـاڵێك بـەر لەئێسـتا یەکـەم مێـردی بەنەخۆشـی مـرد .تـەنها قادرونـادری لـێ هـەبوو ، وەلـی دوو خوشـکی لـــەخۆی بچوکتریشـی هـەبوو . گەورەکـــەیان دەســـاڵان بـــوو . قـــادر لەکانـــە بەردینـــەکانی ســـنووری جـەوەڵ بـۆر کـورەی گەچـی هـەبوو .گـەچ وبـەردی قایـەیان ئەفرۆشـت . نـــادریش گەلاپەیـــەکی یـــابوردەی شـــینی پـــێ بـــوو ، گـــــەچ وبـــەردی پـــێ ئەگواستەوە بۆ ئەو کەسانەی کەتازە خانوویان دروست ئەکرد .

وەلـی بەنـەهاتنی قاسـم بۆکۆڵانەکـەیان نەبەشـەو نەبـەڕۆژ ، تـەواو ئـۆقرەی لەبـەر بـڕا . ڕیسـەکەی لـێ بـووەوە بـەخوری . پیلانەکـەی سـەری نـەگرت . ئـەو لەهەرشـەڕێکی لـەو بابەتـە لای کچـان وژنـانی کۆڵانەکـە ، ئەیویسـت خـۆی بـــە بایـەخ دەربخـا و بـاڵی فـش بکاتـەوە وسـەرنجیان ڕاکیشـێ . ئـــەو لـەکوڕە گەنجـەکانی کـــۆڵانەکە گـەورەتربوو ، ئەیویسـت هـەموویان بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە ، بەفـەرمانی ئـەم نـەبێت کـەس نەجوڵێتـەوە ، بەڵام خەونەکەی نەهاتەدی .

لەمبــەرەوە ســالار تەڵفیســی پێئــەکرد ، بــەناوی گاڵتــەوە ســوکایەتی پــێ ئەکرد وپێی ئەووت .. هەی شەلاتی.

لەئەنجاندا وەلی کەمێك توڕەئەبوو . هێندەی بۆ ئەکرا پێی بڵێت:

ـ کوره دەبڕۆ تۆ هیچ نازانی .

بــەڵام ســالار ئــەیزانی چــۆن لەمپــەر لەبــەردەم پیلانــەکانی وەلــی دروســت بکــات . ئــەو حــەزی بــەکردەوەو بیرۆکــــە خراپــەکانی نــەبوو . ئــەو ئەیویســت هەرکەســە خــۆی بڕیــاری ژیــان وهــەڵس وکــەوتی خــۆی بــدات . بــەجۆرێك کــەس هــەقی بەکەســەوە نــەبێت . گــرنگ ئەوەیــە زیــان بەکــەس نەگەیــەنیت. ئــەو ئەیویســت خــۆی شــەرەفی خوشــکەکەی خــۆی بپارێزێــت . بــەو شــێوە شــەڕ وکێشــەنانەوەی وەلــی نابێــت . ئــەم خــۆی خوشــکی خــۆی ئــەپارێزێت ، بــەئامۆژگاری و جــوان ئاگــاداربوون لێــی . باحەلیمــەش بــاوکی وبــرای بیپــارێزن . هەرکچــێکیش دەربــەستی ئــابڕوی بــاوك وبنەماڵــەی خــۆی نەیــەت ، بەقەڵماســن ناپارێزێــت . خــەڵکی تــر هــەقیان چــیە بەســەریەوە . هەمیشــە بــە وەلــی ئــەووت :( هــین ) بەقەڵماســن پــاس ناکرێــت . بۆیــە هەمیشــە بەئاســودەیی ئــەهات و ئەچــوو . ڕێگــای نەئــەدا خوشــکە بچــوکەکەی کــە دەســاڵان بــوو تێکــەڵاوی هــەموو ماڵێــك ببێــت . ئــەو هەرچــەند چــوو بــووە بــنج وبنــەوانی ئــــەو قســانەی دەربــارەی حەلیمــە کــراوە . کەسەرچــاوەی قســەکە وەنەوشــی ژن ســەید تۆفیقــە . کەهەمیشــە چــاودێری خــەڵکی کــۆڵان ئــەکات . وکەســیش نــازانێ کــە ئــیش بــۆ حکومــەتیش ئــەکات . لــەژێرەوە ڕاپــۆرت ئــەدات بــــە موختــاری گــەڕەك . هەرکــە ئەچــێت بــۆ بــازاڕ بەتــەنیا ئــەڕوات وئەگــەر هــەواڵێکی پێبێــت ئــەوا ســەر لەماڵــــی موختارئــەدات . ســالار دواجــار ئەمــەی بــۆ

دۆزرایـــەوە . کـــاتێ بەڕێکـــەوت . بـــینی لـــــەدەرگای مـــــاڵی موختـــاری دا هەرچـــەندە عـــەبای دابـــوو بـــە ســـەریا بـــەلاّم لارو لەنجەکـــەی لـــەدورەوە دەریخســت کەئــەوە بــاجی وەنەوشــە . ئــەمیش ســەرەتا گــوێی پێنــەدا بــەلاّم بــینی دای لــەدەرگای مــاڵی موختــار ، ئەوســا تێگەیشــت کەئــەبێ ووریــابن لەو ژنـــــە کەسەربەگۆبەنە.

وەلی کەسالاری بینی پێی ووت :

ـ قسەی هەلەق وبەلەق مەکە ئەمەوێ نامەیەکم بۆ بنوسیت.

ـ نامەی دڵداری .

ـ تۆ هەقت چیە ، تۆبۆم بنوسە.

ـ بۆکێ ئەینێری .

ـ تۆبۆم بنوسە دوایی پێت ئەڵێم .

ـ نابێ کێ ئەڵێ بۆ خۆشکەی خۆمی نانێری وبەخۆشم ئەینوسی .

ـ کـورە تـۆ زۆر پوشـتی . هـەی دەعبـا . چـۆن شـتی وائەکـەم ، خوشـکی تـۆ خوشکی منە و دوایی ئەومناڵە .

ـ بـڕۆ بـۆلای نـەوزاد ئـەو شـیعری جـوان وخـۆش ئـەزانێت . جـوانترین نامـەی ڕازاوەت بۆئەنوسێت .

حەزم بەچارەی نیە.

ـ منیش نامەی دڵداری نازانم .

********************

گەواڵــــەی هـــــەوری ڕەش ورده ورده شـــــاری داپۆشـــــی . خـــــۆری لـــــەئاسمان وون کـــــرد ودایپۆشـــــی ولەچیشتـــــەنگاوێکی زوودا دەســـــتی بـــەباران بـــارین کـــرد . ســـەرەتا نەرمـــە بـــاران کـــەتاکو نیـــوەڕۆی خایانـــد . ئەوســا بەلێزمــە ودڵۆپــەی گــەورە گــەورە هاتــە خــوارەوە . دەتــووت کونــەی دەمەوخوارکراوەیــە . بــواری هیچــی نــەدا . زۆربــەی دوکانــدارو هەنــدێ ڕێبوارەکــان ، لایلۆنیــان دابــوو بەســەرخۆیانا کــەم کــەس چــەتریان پــێ بــوو . ناچــاربوون بــەبن دیوارەکانــدا هــات وچــۆ بکــەن هــەر بــێ سوود بــوو هێشــتا بارانەکــە هــەر تــەڕی ئــەکردن. بارانەکــە بــەجۆرێك نــەبوو لــەبن کــەپری دوکانــەکان هەڵتروشــکێیت وبلێیــت . پــاش کــەمێکی تــر ئــەڕۆم . ناچــار ئــەبووی پــێ هــەڵگریت وخێــرا بگەیتــە ماڵــەوە دنیــای تــەواو تاریــك کــرد .کۆڵانــەکان ئــاوێکی زۆریــان تیــاکۆبوەوە . کــەدەبووە قوڕولیتــاوێکی زۆر کـــە ڕێبوارەکـــانی نـــــاچار ئـــەکرد پێڵاوەکانیـــان داکـــەنن وبیگرنـــە دەســـتیانەوە و بـــەپێی پـــــەتی بەنـــــاو قوڕاوەکـــەدا هـــات وچـــۆ بکـــەن شــەرواڵ وپانتۆڵــەکانیان تــالێواری ئــەژنۆیان هــەل بکــەن . ترومبێلــەکان ئــیتر نـــەیان ئــەوێرا لــە قیرەکــە لابــدەن وبچــنە نــاو کۆڵانەکانــەوە . کەسـیش لــەو بارانــە بــەخوڕە تاقــەتی پاڵنــانی ترومبێلــی نــی یــە . لەماوەیــەکی کــەم دا کــۆڵان وجادەچــۆڵ بــوو . ئــاوی مەرزیمــەکان مــەترێك لەدیوارەکانــەوە دوورتــر قــوڕاوی پــڕ لــەکای فــڕی ئەدایــە ناوکۆڵانــەوە . لــەخوارەوە چــاڵێکی خــڕی قــوڕاوی دروســت ئــەکرد . ئـــەو منـــاڵ وزەلامانـــەی کـــەپێشتر بـــەجزمەوە لـــەماڵ دەرچـــووبوون ، وەك فیـــز لـــەخۆ هاتنێـــك بـــێ بـــاکانە بــەناو گــۆلاو وئــاوی جۆگاکــان تێئەپــەرین . ئەوانەیشــی پاســکیلیان پێبــوو

ئـــــەوا بــوو بـــە پەنـد بەدەسـتی یـەوە . دەبـوو لــــەگەڵێك شــوێن پاسکیلەکـــانیان بخەنــە بـن هــەنگڵیان لەقوڕەلیتــە تایـەکانی بـەدووربگرن . حەماڵـەکان بەتـەواوی شـپرزە بـوو بـوون وحەچـە حەچـەیان لـە کـەرەکانیان ئـــەکرد هـــەتا قـــایمتر لۆقـــە بکـــەن ونایلۆنیـــان دابـــوو بەســـەرخۆیانەوە وبایەکە ڕای ئەتەکان.

ئێـوارە ژنـانیش کەوتنــە هـۆڵی منالـّـەکانیان کەلەقوتابخانــەن . ناچـاربوون یـان خۆیـان یـان کەسـێك بنێـرن تـاکو بەپیریانـەوە بچـن ولـەناو قـوڕ دەریـان بکــەن . لەملایشـــەوە قـــازو ســـۆنەکان تـــەنها پالـّـەوان بــوون کەلەبــەردەم ئــەو بارانـــە بەلێزمـــە بـــەخۆڕاگری بمێننـــەوە وهەڵنەیــەن . بـــەلاّم ســـەریان خسـتبووە بـن باڵیـان و هـەروەك پاسـەوانی بـە ورە لەسـەریەك قـاچ وەسـتا بـــوون دوور لـــەئاوی کارێزەکـــە کـــە لرفـــەی ئـــەهات . ئـــاو بەپـــەڕەکانیان چـــۆڕاوگەی ئـــەکرد ودڵـــۆپ دڵـــۆپ بـــەباڵ وژێـــر ســـکیاندا ئەهاتـــە خـــوارەوە وئارامیان گرت بوو .

ئـــەو بارانـــە وردە وردە جـــم وجـــۆڵی هـــات وچـــۆی نەهێشـــت . وای لێهـــات تـــــەنها دەنگـــی خـــوڕەی بارانەکـــە ئـــەهات جارجـــارە لای مـــــالێکەوە گوێـــت لـــــەشلپەیەك ئـــــەبوو کـــــە کـــەفمالّی دیوارەکـــــە ئەکـــــەوتە نـــاو گۆلاوەکـــەی بـــن دیوارەکـــە. گوێســـوانەی دیواروخانوەکـــان پـــڕ بـــوو لەپاســـاری ، کەتـــەڕ بووبـــوون ولەســـەرما هـــەڵکوڕمابوون . لـــەبن قـــامیش ودارەکـــان بەتەنیشـــت یەکـــەوە هەڵتروشـــکابوون وهەنـــدێکیان بـــەدەنوك پـــەڕو بـــاڵی خۆیـــان ڕێـــك ئەخست و

خۆیـــان ئـــەخوران . منـــالأنیش پـــاش هاتنـــەوەیان لەقوتابخانـــە وشوشـــتنی قـــاچ ودەرەلنگـــی پانتۆڵـــەکانیان ، جلـــی ماڵـــەوە کەبیجامـــەو بـــان بیجامـــەبوو

لەبـەر ئـەکرد ولـەدەوری سـۆپا نەوتیەکانـدا کـۆ ئەبونـەوەو دەسـت وپلـی خۆیـان گـەرم ئـەکردەوە . بەتەماشـاکردنی دلۆپـە بارانەکـە کەلـەناو حەوشـە خـوڕەی ئـەهات وئـاوەڕێی دروسـت کردبـوو مـات بووبـوون . هەنـدێکیان بەخاولیـەك سـەریان وشـك ئـەکردەوە وبـێ دەنـگ بـوون . شاریش خامۆش وبێ دەنگ تەنها بارانە کەیە کە دەنگی دێت .

*********************

جــردۆ تەمــەنی لەپەنجاســاڵی تێپــەڕی کردبــوو . ڕدێنێکــی ســپی درێــژی هــــەبوو کەسمێڵەکـــەی لەگــــەڵی تێکـــەڵ بـــوو بـــوو .بـــەهۆی دوکـــــەڵی جگـەرەوە بـەردەم لـوتی زەرد هەڵگـەڕا بـوو . لــەچکێکی سـپی ئاڵاَنـدبووە سەروملی و

جامانەیـەکی سووریشــی بەســەرەوە بەسـت بـوو . پشـتێنێکی ڕەشـی بـەناو قەد دا بەست بوو بەچەند لۆیەك .

موەکـانی نـاو گـوێی و سـەرپەنجەکانی لـەدورەوە دەرئەکـەوتن . برۆکـانی ئەستوور وچاوەکانی بـــەهۆی لاوازی

دەم وچـاوی کـەمێك زەق دەرئەکـەوتن . بـەلاَم هێڵــەکانی سـەر ناوچـەوانی سیمایەکی خەماوی پێ بەخشی بوو

لەشــێکی لـــەڕولاوازی هـــەبوو . کـــەڕۆژگار پشـــتی پـــێ چـــەماندبووەوە . جووتـــەپێلاَوەکۆن وخۆلاَویەکـــەی لـــەپێ کــرد وزەمبیلەخڕەکـــەی لەمێخــە درێژەکــەی قــەد دیوارەکــە هــەلگرت ، کەهەمیشــە بــەلای دەســتی ڕاســتی دەرگاکــەوە هــەڵی ئەواســی . کەهــەر بـۆ زەمبیلەکــەی تــەرخانی کردبــوو تاکو خراپ نەبێت و نەشکێت .

بـانگی میهـری بـوکی کـرد کەهێلکـەکانی بـۆ بخاتـە زەمبیلەکـەوە . ئـەویش چـونکە ئەمـە کـــاری ڕۆژانەیـــان بـوو هــەر زوو ئەهاتــە دەسـت وتەشـتێ کـــای لەژوورەکــــە ڕاکێشـــا کەهێلکـــەی تیـــابوو . بەشــێیك لەکایەکـــەی ڕائەخســـت وهێلکــەکانی لەســـەر دائـــەنا وکـــای تـــری ئـــەکرد بەســـەردا . لــــەچاوەڕوانی تـــەواو بـــوونی میهـــری دابـــوو . کەخـــــەریکی دانــــانی هێلکــەکان بــوو ، تـــــەماشایەکی خەپشــێی کــرد کەلەســـەر نەردەوانەکــە

دانیشـــت بـــوو ، کـــزو مـــات . هـــەتابلێی خـــەمبارو دڵتـــەنگ . زوڵفـــەکانی لـــەتوێی لەچـــکەکەی لـــە تەنیشـــت گوێیەکانیـــەوە بـــەلای ڕومەتـــەکانی ئەڵقـەیان دابـوو . پـەلکی شـۆڕی بەسەرشـانی چـەپی شـۆڕەوەبوو بـوو بـۆ ناوقـــەدی وبەپەنجـــەکانی یـــاری بـــەدوا تاڵـــەکانی ئـــەکرد ولەپەنجـــەی دەئالاَنــدو بــای ئــەدا . خــەمێکی قــوڵ لەچــاوەکانیدا خــۆی حەشــاردابوو چـــاوەکانی فرمێســـکاوی دەبریســـکانەوە . بـــەنیگاو تێـــڕوانینی بـــۆ زەویەکــە ڕووی خــەماوی خــۆی پــەنهان ئــەکرد . زۆر دامــاو ودڵشــکاو ، خــەمێك ســەرتاپای جەســتەو ژیــانی داگــیر کــردووە حەســرەت وئــاهێکی زۆری لـــەناو دڵـــدا هـــەلگرتووە . بـــەلاَم جـــردۆی بـــاوکی کەخـــەمێکی لەخەمەکــەی ئــەو قورســترو گــەورەتری هــەلگرتووە ، لەکچــە جوانەکــەی خـۆی تێئـەگا . ئاسـاییە بەلایـەوە کەکچـەکەی خـەمبار ومـات وکـزە بـەلاَم بـۆ دڵخـۆش کردنـی ئـەو لەزەردەخەنـە بـەولاوە هیچـی تـر شـك نابـات ودەسـتی سـۆزداری بـاوکایەتی بـە سـەریا ئـەهێنێ وسـەری مـاچ ئـەکات . ئـەویش مرۆڤـە وئـازاری ژیـان ئەچـێژێت . لـەوەتی حوسـێنی بـرای هـەلاَتووە وابۆســاڵێك ئەچــێ بــێ ســەر وشــوێنە وهــیچ هــەواڵێکی نیــە . واخەریکــە سـوێیان ئەبێتـەوە بـۆ تـەنها دیـدارێکی . لـە لایـەکی تریشـەوە خـەمی غـەزالی خوشـکی گـەورەی نـاخی هـەڵ ئەقرچـێنێ .لەکاتێکـدا جـردۆ لەکچـە تـــازە هەڵچـــوەکەی ئـــەڕوانی وبەبزەخەنـــەیەك خەپشـــیی تـــاوێك لـــەخەیاڵەکانی بـــڕی و ئـــەیش ســـەری هـــەڵبڕی و بـــەدەم باوکیـــەوە زەردەخەنەی هاتە سەرلێوان . میهری بەخەزوری ووت:

ــ مـامۆ، هێـك تـەمام بـوو . سـی وپێـنج هـێکن . م بۆتـە خسـتە زەمبیلـێ وکەرەم کە.

ـ دەستا تەخۆش بی کچکا شیرینا من . ئەز دێ بچم بۆ فرۆتنێ.

هێــواش هێــواش بەهـــەنگاوی ورد کەوتـــە ڕێ . کەزەمبیلەکـــەی بەدەســـتی گـرت بـوو . بەچـاوێکی پـڕ ئومێـدەوە لەڕۆژەکـەی ئـەڕوانی . ئـەو لـەدوای حوسـێنی کوڕیــەوە خــەریکی فرۆشــتنی هێلکەیــە لــەناو بــازاڕی شــەنگال ، بـــەڵام خـــۆی بـــەپیاوێکی ئـــازا وچـــاپوك ئـــەزانێ . هەمیشـــە بـــیری لای حوسـێنی کوڕیــەتی کەهەڵەنــەکا و بگەڕێتــەوە بــۆ لای پیــاوانی ئــەم ڕژێمــە بـێ ئـابڕووە . ئـەو بـڕوای وایـە ئـابڕوو چـوون ئەوەنیـە کەبـەزۆر ناموسـەکەت ئـەتك بکـەن ودەسـت درێـژی بکەنـە سـەر ژن و کچـت . بـەڵاکو ئـابڕوو چـوون خۆفرۆشــتنە بــەدوژمن . خیانــەت کردنــە بــە نیشــتمان وئاینەکــەت . بۆیــە هەمیشـــە خـــۆی بەســـەربەرزتر ئـــەزانی لەتـــەواوی ڕژێـــم وحکومەتەکـــەی. میهـــری کـــەجردۆی خـــەزوری بەڕێخســـت ، هـــات لەبـــەر خـــۆرە تاوەکـــە بەرامبــەر خەپشــێ دانیشــت . نیگــای خــەماوی ڕوخســاری داپۆشــی . کەوتــە هــەڵکۆڵینی چـیای خەمــەکانی خــۆی . ئــەو بــوکی تــەنیا ســاڵێکە ، ئێســتا نەبێوەژنــە ، نــەمێردارە . ژنێکــی جــوانی زەحمــەت کێشــە . خەمــەکانی هــەتا دێـت گــەورە تــر ئــەبن . خۆشەویســتی حوســێن ڕێگــای پــێ نــادات بڕواتــەوە ماڵــە بــاوانی . ئــەو لەگونــدی کانیســار دەژیــا زۆر دوور نیــە لێــرەوە . بـــەڵام ژیـــان لـــەماڵی خـــەزورانی پـــڕە لەخۆشەویســـتی ومیهرەبـــانی . هەرچــەندە تــرس چــواردەوری گرتــوون ، بــەڵام خۆشەویســتی بــەهێز تــرە لـــەترس . ئـــەو هێشـــتا لەگـــەڵ هیـــواو ئـــاوات وخەونـــەکانی ئـــەژێت . هەرچـاوەڕوانە ڕۆژێـك بەحوسـێنی مێـردی بگاتــەوە . هەرچـاوەڕوانە ڕۆژێـك هــەواڵی پــێ بگــات و، لەســەر داوای حوســێن بــڕوات بــۆ هەرجێگایــەك بــۆی دیــاری بکــات . بــەڵام ئــەوە ماوەیەکــە حوســێن هــیچ هــەواڵێکی نیــە . بــەس

دڵنیایــە چــووە بــۆ ســوریا. چــی بکــات ، هەرئــەبێ چــاوەڕوان بێــت . ئــەو لەگــەڵ خەپشــێ پێکــەوە ئەخــەون . تادرەنگــانی شــەو خــەریکی چــنینی گــوڵ ونەخشــن بــەدەزووی ڕەنگــاوڕەنگ لەســەر بەرگــە ســەنگیاو قوماشــی بــەرگی تەلــەفزیۆن بــۆ مــاڵان . پێکــەوە باســی حوســێن وخەونــەکانیان ئەکــەن . خەپشــێ شــەو نیــە باســی حــاجی فیــق فیقــی نارەســەن نــەکات . ئەوبوەتــە مۆتەکــە وهــەموو ژیــانی داگــیر کــردوە . هــەرنزا ئــەکات بــەدەردی غەزالی خوشکی نەبات .

لــەو کاتــەدا کــەجردۆ لــەماڵ چــووە دەر مەحبوبــەی دایکــی خەپشــێ لــــەژووری مریشــــکەکان هاتــــە دەرەوە و ڕووی کــــردە خۆرهــــەڵات ودەســتەکانی بــەرزکردەوە وکەخۆرەکــە خــەریکی تــاو ســەندن بــوو کەوتــە نزاکردن ووتی:

ـــ خــودێ . یاڕەبولعالــەمین . گــەورەیێ مەلــەکان . ڕەحمــەك بەمــە بکــە. بۆخــاترا شێشــمس ، خــاترا تاوســێ مەلــەك .کــوڕێ مــن ، کچــامن ، بزڤڕینەڤــە. ئێــك جارەکــا دی ئــەز وان ببیــنم . بــۆ خــاترا شــێخ ئادیــا مــەزن . بۆخاترا شێخ وپیرا. چارەکا حالا مەبکە . ئەم چ دەسەڵاتەك نینە.

ئەمجار دەستی خستە سەردڵی وبەردەوام بوو:

ــ ڤــێ دڵــێ مــن ڕۆچــن کــە . ب دیتنــا حوســێن کــوڕێ خــۆ . ب غــەزالا خــۆ گولیلگــا باخچــەیێ مــن ، چــرایا مــالامن دوو ڕوناهیــا چــاڤێت مــن . خــودێ .خــودێ . ئــەز بۆتــە هــاوار دکــەم .خــودی هاریــا مــە بکــە عــومرێ مــژی بــۆ وان بــتن . ئــەزجارەکا دی وان ببــنم . خــودێ ، خــودێ ئــەم غــەیرا تــە کەسەکا دی نینە. خودێ خودێ.

میهـری کەلەپشـتیەوە  دانیشـت بـوو. ئـەویش دەسـتەکانی بـەرز کـردەوەو ووتی:

ـ ئامین ، ئامین .

دایکـــی خەپشـــیٚ بەهـــەنگاوی ورد ولەســـەرخۆ چـــووە تەنیشـــت میهریـەوە دانیشـت . وەك بلٚێـی ئـەمڕۆ هەرسـێکیان تـەنها ئیشـیان بـەڕیٚ کردنـی جـردۆ بووبێـت . کەتاکـە کەسـێکە بـەو تەمەنـەوە کـەفرە نیـە ، بـەلاٚم خـەمی حوسـێن وغـەزال هێنـدەیان بـیٚ هێزکـردوە ڕوخسـاری تەمـەنی گـەورەتر دەرئـەخات . ئـەو تاکـە نـان پەیـدا کـەری ئـەم خێزانەیـە . کـەمیهری وخەپشـیٚ لەمالـٚەوە جارجـارە بەچـنین  دووعانـەیان دەسـت ئەکـەوێت .ئەگـەر لەبـەهار بـەدواوە ئیشـی خـانوو سـپیکردنەوە چـنگ بکـەوێت ئـەوا گـوزەرانی ژیانیـان باشـتر ئـەبێت . ئەگـەر خەپشـیٚ ئـەو ترسـەی حـاجی فیـق فیقـی نەگریسـی نەبوایـە، ئـەویش ئـەیتوانی لەهەرشـوێنێك ئیشـێك بکـات . خـانوو سـپی کردنـەوە ولـەو کێلٚگـەو باخانـە ، یـان نـان کـردن بـۆ مـالاٚن ، ئیشـێکی هەرئـەکرد . ئـەو کـە هـەر لەخەپشـێی ئـەڕوانی ولـەدلٚی خۆیـدا ئـەیووت : کچـەکەم ڕاسـتە هێشـتا تولـە نەمامـە ، بـــەلاٚم خـــەمخۆرە ، گـــورج وگۆلٚـــە. دەی خوایـــەگیان کـــەنگیٚ غـــەزال وحوســێنم پــیٚ ئەدەیتــەوە . ئــەو دوو جگــەر گۆشــەیەم پــیٚ بدەنــەوە، کوێیـان ئـەویٚ ئەچـم .لـەدوور دوور ئـەژیم . لـەم دڕندانـە دوور ئەکەومـەوە. گونـاهی ئێمـە چییە؟ کـوردین وئێـزدین . خراپـەو زیانمـان بـۆ کـەس نـەبووە ونابێـت. سـەری خۆمـان کـز کـز کردبـوو . حـاجی فیـق فیـق ژیانـت لـیٚ تـالٚ کـردین . هـەی ناپیـاوی بێنـاموس . هـاتی وپـەلاماری کچـی منـت دا . ئـەو گولٚـە جوانـەی نـاو مالٚەکـەمت بـەزۆر پـەلکێش کـرد وڕفانـدت .حوسـێنیش

ئــەوەی قبــول نــەکرد وبۆتۆڵــە کردنــەوە هــەڵهات . تائێســتا نــازانم لەکوێیــە . ئــەوە خەپشــیێ زارەتــرەك بــووە . ئــەوە میهــری بــەبێ پیــاو بەخەمــەوە ڕۆژ ئــەژمێرێت . ئــەوا مــن وجــردۆ جــەرگ ســوتاو ودڵ ەهەڵقرچــاو . خودایــە هــەرتۆ کەســی بــێ کەســانی . خودایــە خۆشــی بخەیتــە نــاو ئــەو دڵــە زامــدارەمان . هەناســەیەکی قــوڵی هەڵکێشــا . کــەمیهری ئــاوڕی لێدایــەوە . فرمێســکەکانی ســڕی ، بــەلاّم میهــری ئــەیزانی ئــەم ئاهــە لــە نــاخی زامداریــەوە دێتــەدەر . خەپشــێش لەخەمــەکانی دایکــی تێئەگەیشــت . دایکێــك دوو لەجگــەر گۆشــەکانی لێــی دوورخرابێتــەوە ، هــەموو ڕۆژێــك ئــاگری ناوهــەناوی زیــاد ئــەکات وئەیســوتێنێ لــەناوەوە ، هەڵئەقرچــێت . ســەرتاپای گیــانی ئەخواتــەوە . هەرچــی پێکــەنین وخۆشــی یــە لــەلای ئــەو بارئــەکات و هــیچ شــتێك ئــەو دڵــە ئــارام ناکاتــەوە جگــە لــەبینینی جگــەر گۆشــەکانی ، شــەو وڕۆژ ئەودڵــە ئــەو ڕوخســارە جوانــەی لەبەرچــاوە و بۆســاتێکیش بــزر نــابن . ئەوخەمــەی دایکــی هاوبەشــە لــەنێوان ســەرجەم ئەنــدامانی خێزانەکــە ، بــاوك ودایــك بــۆ جگــەر گۆشــەکانیان هەڵئەقرچــێن هــەروەکو گۆشــتی ســەرئاگر ، بــۆ ســۆیان لێــدێت و ئەتوێنــەوە لــەناوکورەی ئــاگری دووری . واخــۆی ئــەدا لەســاڵێك ئــەم خێزانــە بەشــیان هــەرگریان وفرمێســك ڕشــتنە ، وابۆســاڵێك ئەچــێت حوســێن بــێ ســەرو شــوێنە وکەسـیان نـەیان دیـوە .میهـری کەخـەڵکی گونـدی کـانی سـارە و ژیـانێکی ســادەو ســاکار ئــەژیان و حوســێنی مێــردی کەلــەکاری ســپی کردنــەوەی خـانوو چـاوی پێکـەوت ، هـەرزوو عاشـقی جوانیەکـەی بـوو ، چـەند سـاڵێك بـەر لـە هەرەسـی شـۆڕش ئـەمان گونـدی کۆجۆیـان بەجێهێشـت وهاتنـە شـا رو ، ئــە م خــانوەی ئێســتایان دروســت کــرد . بــەڵام کــاتێ حوســێن بــووە

پێشـــمەرگەو چـــەکی کـــردە شـــان . ئـــەو ساڵـــە ئـــەمانیش گەڕانـــەوە گوندەکـەی خۆیـان لەترسـی گـرتن پـــاش هەرەسـی شـۆڕش دووبـــارە گەڕانـــەوە بـۆ نـاو شـەنگال . بـەڵام حوسـێن ئامادەنـەبوو ببێتـە جـاش وپیـاوی حکومـەت ، هێنـدە تەشـقەڵەیان پێکـرد و وازیـان لـێ نـەهێنا وبانگیـان ئـەکرد ، بـەوەی لەنـاو پێشـمەرگە نـاوی بـە ئازایـەتی و قارەمـانی دەرکردبـوو . لـەلای حکومـەت زۆر جێگـای بـایەخ بـوو کەسـێکی وا بـەلای کەمـەوە ببێتـە حـەرەس حـدودو چـەکی حکومـەت بکاتـە شـان . بـەڵام هەمیشـە ئـەم ملـی نـەداوەو ڕەتـی کردوەتـەوە . لـەبەر ئـەوە هاوڕێکـانی داوایـان لـێ کـرد لـەگەڵیان بێـت خـۆی لـەحکومەت دوور بخاتـەوە . ئـەو ڕۆیشـتنە ڕۆیشـت ، کـەس نـەیزانی بۆکـوێ ڕۆیشـتوە ، تـەنها جـاریك هـەواڵی هـات کـە چـوەتە سـوریا . میهـری کـەشەش مانگێـك بووشـوی پـێ کردبـوو ، ئـەم ترسـەی لاباس کردبـوو کەئەگـەر خـۆی نەدزێتـەوە ئەواتوشـی بەلایـەکی گـەورەی ئەکـەن ،هـەر لەبـەر ئـەوە بـۆ ماوەیـەك خـۆی لەموسـڵ ئەشـارێتەوە بەنـاوەی ئـیش کـردن ، تاکـو دۆخەکـە ئـەگۆڕێت و وازی لـێ ئـەهێنن ، بـەڵام حـاجی فیـق فیقـی بێنـاموس هـات وخوێڕییانـە پـەلاماری ئـەم خێزانـە بێدەسـەلاتەی دا و، پـاش ئـەوەی سـەرجەم خێزانەکـەی دایـە بـەر شـەق وزلـە و تێهەڵـدان و بـۆ ئـەتك کـردن غـەزالی کچـە ئازەبـەی نـازداری بـەزۆر وبـەزەبری چـەك وهـەر بەقـژ ڕاکێشـان لـەماڵ دەر کـردو، بـەبێ هۆشـی خسـتیە نـاو ترومبێـل و بـەڕۆژی نیـوەڕۆ ڕفانـدی . ئـیتر هەرچـی دەرگـای ئومێـد بـوو داخـرا بـەڕووی میهریـدا ، کەپێشـتر ئومێـدی هـەبوو پـاش دوومانگێـك لـەخۆ دوورخسـتنەوە حوسـێنی مێـردی دێتـەوە و نوێنەکـەی گـەرم بکـاتەوە . بـەڵام ئـەو

تروسکــە هیوایـــەی کەهــەبوو ئــەویش نەمـــا . لـــەو ڕۆژەوە تەقــە کــراوە لـــەحاجی فیـق فیـق . نـاوی حوسـێن دێتـە پێشـەوە کـــەئەوەحوسێن بـووە تەقــەی لەیەکــەم پیـاوی گــەورەی بەعســی کـردوە لەشــەنگال وبەقەســتی کوشــتنی بــەلاّم هــیچ بەلّگەیــەکیش بەدەســتەوەنیە کەئــەو بـوویێ ئەمــەش ئــەو ئومێـدەی لانەهێشــت کەحوسـێن بتوانێـت بـەم زووە بێتــەوە . بگــرە ترسەکەیـــان زیـاتر بــووە چــونکە خەپشــیێ گــەورەتر بــووە. وەك کچــە ئازەبەیــەکی جــوان و نــازدار خــۆی ئــەنوێنیێ . ســینگی بــەرز بووەتــەوە ومەمکــەکانی خڕبــوون . ئـــەو زۆر حــەزی ئـــەکرد کەپشــتێنێك لـــەپشت ببەســتێت وقــەدە باریکەکــەی دەربخـات بــەلاّم ناچـار بـوو کەکراســی فلّـت وفــراوان لەبــەربکات و خــۆی وەك منـدالّ پیشـان بـدات . هەمیشــە لـــەژێر تــرس و هەڕەشــەی حـاجی فیـق فیـق دایـە . کەئەگــەر چـاوی پـیێ بکــەوێت بــەدەردی غــەزالی ئــەبات و ئــەیڕفێنیێ وکەســیش ناتوانێــت بــەرگری لــیێ بکـــات . ئـــەو ناچـــارە قـــژە ڕەشــــەخاو ودرێژەکـــەی بکاتـــە پـــەلك وبیشــارێتەوە. هەرلەبــەر ئــە و ترســەیە کـە بـۆ هەنـدیێ شـوێن وجێگــای نزیـك بـازاڕ ونــاو بـازاڕ ناچـێت نـەوەك بیبیـنن وهــەوالّ بـەحاجی فیـق فیـق بدەن .

جــاران بــەهۆی مــالّی کەریمــەوە ، پەناگــەی هــەبوو . لـــــەمالّی ئــەوان دلّنــەوایی هــەبوو . لەگــــەلّ نــەوزاد ودایکــی وشــێرزاد وئــازاد ڕاهــات بــوو وکــاتی خۆشـــی بەســـەر ئـــەبرد لەگـــەلّیان . کەترســـەکانی ئەڕەوینـــەوە . خــەمی دنیـای لــەبیر ئەچـوەوە . جێگـای غـەزال وحوسـێنی بـرای بەنـەوزاد ودایکــی پــڕ ئــەکردەوە . بــەلاّم ئێســتا هــەمان خــەم وپــەژارەکانی تەمــەن

گــەورەتر ئــەبن . ئــەم حەوشــەو بانــە کــەجاران پەناگــەی ئــارامی خەپشــێ بوو ، ئێستا وا چۆڵ وهۆڵە وشوێنی گریانی خەپشێیە.

لــەپاش ڕۆیشــتنی جــردۆی بــاوکی خەپشــێ، میهــری بەمەحبوبــەی خەســوی ووت :

ـ ئەز دێ بچم نك نازێ هەکە شول هەبن ئەمدێ بچین .

مەحبوبەش بەسۆزێکی دایکانەوە ووتی:

ـ باشە کچامن خودێ ژگەل تەبی.

مــەهری لــەپاش شــوکردنی بەحوســێن وازی لــەکارکردن هێنــابوو ، چــونکە حوسـێن کـاری ئــەکرد وئــەیتوانی زۆر بــە باشــی خێزانەکــە بــەخێو بکـات . بــەلاَم لەپـــــاش ڕۆیشــتنی حوســێن ، ئــیتر جــردۆی بەستەزمـــان فریــای خێزانەکـە نەئەکـەوت . بۆیـە ناچـاربوو دەسـت پـێ بکاتـەوە . لەگـەڵ نـازێی هاوسـێیان ڕاهـات بـوون کـەکاری سـپی کردنـەوەی مـالاَن بکـەن . گڵـی سـپی لــەبناری چیـــــای ناوچــەکە هــەبوو ، کــە ئـــــەکرایە قــوڕێکی شــل ، بــەلاَم ڕەنگێکـی سـپی وسـاف وجـوانی هـەبوو . لەتەشـتی گـەورە گـەورە ئەوخۆڵـە سـپیەیان لـەئاو ئەخوسـاند تـــاکو وەکـو شـەربەتاوی لـێ ئـەهات . ئەوسـا بەپــــەڕۆ ئــــەو قوڕاوەیــــان ئــــەدا لـــــــەدیواری ژوورەکـــــان وبــــــەرهەیوان وئۆدەکـانی تـر . خـانوەکە سـپی سـپی ئەچـوەوە ، ئەمـە کـاری ژنـان بـوو . کەزۆربـــەی خانووەکـــانی هـــەژاران بەمـــە جـــوان ئەکرایـــەوە ، لـــەجێی گەچـکاری . خــانوو بنیــات نــان ودروســت کردنــی دیــوارو ســەرخانووگرتن پیشــەی پیــاوان بــوو وئــەم کـــارەیان بــۆ ژنــان بەجێهێشــت بــوو . میهــری ونـــازێ وەك دەســـتە خوشـــك پێکـــەوە کـــاریان ئـــەکرد بەهـــاوبەشی .

کەجارجـــارە خەپشـــێ ئەچـــوو لەگـــەڵیان ئەگـــەر بیانزانیبایـــە حـــــاجی فیـــق فیق ڕێی نـــاکەوێتە ئەو دەڤەرە . بەتایبەتی ئەگەر دوورە بازاڕ ببوایە.

میهـری بـەو هیوایـەوە ڕۆیشـت تـا بزانێـت کـەس داوای کـاری نـەکردوە لێیـان . چـونکە مـاڵی نـازیٚ لەسـەر جادەکـە بـوو . ئـەو بـە وەسـتای کـار ناوبـانگی هەبوو .

خەپشـــێ بـــۆ خــــەمی خـــۆی هـــــەموو ڕۆژێـــك ئەچـــوە حەوشــــــە چۆڵـــــەکە کـــەماڵ کـــەریمی لـــێ بـــوو بەپشـــت خانوەکـــەی خۆیانـــەوە . هەنـــدێك ئەمایـــەوە . لـــەدەرگای حەوشـــەوە تەماشـــای باخەکـــەی بەرامبـــەری ئـــەکرد . کەجۆگـــە ئاوێکی

ڕوون ، لـــەلای نەخۆشخانـــــەکەوە بـــەناو باخەکـــەوە ئەهاتـــە خـــوار بـــۆ قـــەراغی باخەکــە لەبــەردەم مــاڵی کــەریم . مــاڵی خەپشــێ پشــتی بــەماڵی کەریمــەوە بـــوو . لەبـــەر هەیوانەکـــە تاوێـــك دانیشـــت وبـــیری لەنـــەوزاد ئـــەکردەوە . کەبەتـــەل ترومبێلێکـــی بـــۆ ئـــازاد دروســـت کردبـــوو لەگـــەلیا یـــاری ئـــەکرد . سوکانە تێلەکەی ئەگرت وگۆرانی لۆرکێ ولۆرکێی ئەووت :

ـ لۆرکێ ولۆرکێ. لۆرکێ ولۆرکێ . خاتونێ لۆرکێ

شل وملی چاو بەکلی . تاقانەی دایکی .

خەپشـێ ئـەم گۆرانیـەی ئەوەنـدە لـە نـەوزاد بیسـت بـوو زۆر لـــەلای خـۆش بـوو . حـەزی ئـەکرد لــــەگەڵ نـەوزاد بیڵێتـەوە . بـەڵام ئێسـتا وامـات بـووە ،ئەوانیش لەبەر چاوی دێن وئەچن . لەبەر خۆیەوە ووتی:

ــ نـەوزاد هـەمی جـارا سـترانا لـۆرکێ ولـۆرکێ بـۆ ئـەز دگـووت . ئـەو ڤـی سـترانا بـۆ مـن دگـووت . خـاتونێ لـۆرکێ .. تاقانـەی دایکـی . بـەمن دگـووت ، ڤـێ جـارێ م ب وی گـووت ئەزنەتاقانـەیا دایکـا خۆیـە. م خوشـکەکا دی

هەنــە .ناڤــا وی غەزالــە . م برایــەکا مــەزن هــەی . ناڤــا وی حوســێنە ، ئەزنەتاقانەمە. ئەمجار دەستی بەگریان کرد :

ـ مـن بـرا هـەی ، ئـەزنزانم ژ کـی دەرێیـە . ئـەزنزانم غـەزالا خوشـکامن مایـە . ئەز بیرێ وان دکەم. غەزال خوشکا مەزنا من .

نـەوزاد بـەم قسـانەی خەپشـێ خـەم دایگـرت وئـەویش دایـە پڕمـەی گریـــان . وهەرتەماشـای چـاوەکانی ئـەکرد کـە خەپشـێ خێـرا ڕای کـردە سـەربان وئـاودیوی مـاڵی خۆیـان بـوو نـەوزادی بەجێهێشـت بەخـەم وپـەژارەوە .کـە هـیچ مەبەسـتێکی لەوگۆرانیـە نیـە . بـەڵام نـەوزاد لەگـەڵ ئەوگۆرانیـە ئـەژێت وباڵی پێ ئەگرێت بەرەو زێدی خۆی .

ئەمانـــەی ئەهاتـــەوە یـــاد .لـــەدەرگای حەوشـــەکە چـــووە نـــاو باخەکـــە. ولـــــەڕۆخی جۆگەئـــــاوەکە لـــــــەسەر بـــەردێك دانیشـــت .ئـــەو شـــوێنەی کەلەگـــەڵ نـــەوزاد شـــەڕەئاوی ئـــەکرد ، چـــاوی بـــەزالوەکانی نـــاو ئاوەکـــە کـــەوت ، کەیەکـــەم جـــار نـــەوزاد نەیئـــەزانی چـــی یـــە. خەپشـــێ ئاگـــاداری کـردەوە کـەلێرە ئـاو نەخواتـەوە ،چـونکە ئـەوزالوە بچـێتە نـاو قوڕگیـەوە . کـونی ئـەکات وپێـوەی ئەنوسـێت . ئەوەنـدە خـوێنی لـێ دێـت تـا ئـەمرێت . نەیئەهێشــت تەنـــــانەت دەســت وپێیەکانیشــی لــەزالوەکان نزیــك بکاتــەوە . نــەوك بنوســێن بەپێســتەی دەســت وپێیــەوە . لــەناو ئــەو دار ســەرووانە ڕاکەڕاکەیان ئەکرد وکەس هەقی نەبوو بەسەریانەوە .

هــەروا بــەدەم خــەیاڵ وبیرکردنــەوە هاتــەوە نــاو حەوشــەکە ، کــاتێ تیشــکی خۆرەتاوەکــە گــەرم داهــات وهــەڵمی لــە دیوارەکانــەوە بــەرز کــردەوە ، خەپشـــێ بـــۆ هاوکـــاری دایکـــی لـــەم کـــاتی چێشـــتەنگاوە . لەشـــوێنی خۆیەوەولــەماڵی کەریمــەوە گەڕایــەوە بــۆ لای دایکــی . خەپشــێ خۆزگــەی

ئـــــەخواست لەگــەڵ مــاڵی کــەریم بڕوایــە بــۆ کــەرکوك ولــــــەدەستی ئــەم ژیانــە تــاڵ وپــڕ پەژارەیــە بەیــەکجاری ڕزگــاری ببێــت . بــەڵام نــەکرا و ڕێگــا یشــی پــێ نەئــەدرا ، کــە ئەولەگــەڵ مــاڵێکی موســڵمان بــڕوات چــونکە دوایــی دایــك وبــاوکی ئــەکوژن . ئــەمیش دڵــی نایــــات . کــە دایکوبــاوکی ومیهـری براژنــە کلۆڵەکــەی بــەجێ بهێڵێــت . بۆیــە بــینی پــڕ ئــەبوو لــەگریان ، چارەسەرێکی بۆخۆی پێ نەئەدۆزرایەوە .

لەناخی خۆیدا ئەیووت:

ــ مــن خەمەکــەم هــەروەك خــۆی مــاوە ، بــەس ئــەوە ئــەمکوژێت خــەم ڕەوێنەکەم ڕۆیشت .

مەحبوبــە هــەروەك ڕاهــاتبوو . کەتــەنیاو دڵتــەنگ ئەمایــەوە بــۆ غــەزال ئەیلاوانــدەوە ، خەپشــێ لەحەوشــە چــۆڵەکەی مــاڵی کەریمــەوە گــوێی لــەدەنگی گریــان ولاوانــەوەی دایکــی بــوو بــەدەنگێکی نــەرمی پــڕ لەخــەم دەڵێ:

غەزالێ من ،هاوار غەزالێ من

نوری چاڤاوچرایێ مالێ من

نزانم ژ کێدەر ئەسیر بوویە

دەست وپێیا تە پڕ زنجیر بوویە

تژی ڕوندکە هەردوو چاڤێت من

پڕ قەهر وخەما هەمی گاڤێت من

وەك زستان سارە مال پڕ خەمێ مە

ئاسمانی ڕەشە هەمی دەمێ مە

نزانم چ بکەم ڤێ دلم تەنگە

ژ تەڕا ناهێت چ حس ودەنگە

خودێ سەبر دەی ببنی چارەك

ژتە دخازم ببنم جارەك

خەپشێ بە هەنسکی گریانەوە گەڕایەوە حەوشەی خۆیان . باوەشی بەدایکیا کرد ولەپڕمەی گریانی دا.

**************************

لـەپاش دوو ڕۆژی بـاران بـارینی بـەخوڕ وبەلێزمــە . ئاسمــان پشــوویەکی دا . گەواڵــە هــەورەکانیش هێنــدە ئاویـا ن خســتە خــوارەوە ، ســووك بــوون . شـــنەبایەك کەوتـــە نێوانیـــان ودرزی لـــەنێوانیان دروســـت کـــرد ودەســـتی یـــەکیان بـــەرداو لەیـــەك دوور کەوتنـــەوە وای لێهــات پـــەرش وبلاْوبوونـــەوەو خۆرەکـــە کەتامـــەزرۆی دیـــتنی زەوی و مـــرۆڤ بـــوو خێـــرا تیشـــکی خـــۆی گەیانــد پێیــان . هــەڵمی لەســەردیوارارەکان وســەربانەکان بــەرز کــردەوە . ئارامیـــەکی خۆشـــی بەخشـــی بـــە دەشـــت ودەر . ڕیشـــۆڵەکان مـــژدەیان بەیـــەکتری دا ، خێـــرا لەســـەر ئـــەو زەویـــە کـــەتازە گـــژوگیا کـــان خـــەریکی ســـەردەرهێنان بـــوون . پـــەرش وبـــلاْو بوونـــەوە . بەزیقـــە زیـــق وفڕکـــان فڕکـــان لێـــرەو لـــەوێ ، دەتگـــووت شـــاییانە . بـــەدەنوك کەوتنـــە کـــون کردنـــی زەویەکـــە. هەرچـــی کرمـــی بەســـتەزمانی ژێـــر گـــژوگیا وردەکەهەیـــە . بـــەر پـــەلامار کـــەوتن . بـــێ ئاگـــا لەمـــەرگی خۆیـــان ئەکەوتنـــە نێـــوان دوودەنـــوکی ڕیشـــۆڵەکان . چـــۆلەکەکانیش بـــەجریوە جریـــو لەحەوشـــەوبانەکان بـــەدەم دان خواردنـــەوە ، خۆیـــان لەبـــەردەم خۆرەتاوەکـــە گـــەرم ئـــەکردەوە . هەنـــدێ لـــە ڕیشـــۆڵەکان کـــەتێریان خـــوارد هەڵفرینـــە ســـەر تـــەلی کارەباکـــان وڕیزی درێژیان ئەبەست بەتەنیشت یەکەوە.

منـــاڵە وردەکـــان بـــەدەم ڕاونـــانی قـــازو ســـۆنەوە بەنـــــاو ئـــاودا شـــڵپە شـــڵپیان بـــوو . هەنـــدێ لـــەقازەکان لـــەتاوا هـــەڵ ئـــەفڕێن و نزیـــك کارێزەکـــە ئەنیشـــتنەوە . ئـــەواتی دی کـــەخاوەنی بەچـــکە بـــوون ، ملـــی خۆیـــان درێـــژ ئـــەکردو ڕاوی منالیـــان ئـــەناو هەڕەشـــەیان لێئـــەکردن کـــە لـــە بەچـــکەکانیان نزیـــك نەکەونـــەوە ومنـــالآنیش شـــپرزە ئـــەبوون لـــەدەنوك گـــرتنی قازەکـــان

ئەترسـان ، بـەدەم گریـان وقیـژەوە و ڕایـان ئـەکرد . قـازیش کـەمێك دوایـان ئەکەوت وئەگەڕایەوە لای بەچکەکانی .

بەدەرکـەوتنی خـۆر خــەڵکی شـپرزەی ئـیش وکـاربوون . ژنــان زیــاتر ئیشــیان بــۆ پەیــدابوو . کەوتنــە هەڵخســتنی گڵــێم و لبــادو دۆشـــەك و نوێنەکانیان لەبەر ئەو خۆرەتاوە . بۆئەوەی بۆن نەکەن بەهۆی شێوە .

نــەشمیل گــورج ئــەو کــەفماڵی دیــوارە کەبارانەکــە لێــی کردبــوەوە .خــڕی کردەوەتــاکو کــەمێك کــزر بێتــەوە دووبــارە خشــتەکانی پــێ داپۆشــێت . بەتایبــەتی تــەنوربان و پشــقلدانەکەی . هەرهێنــدە بڵێــی یــەك ودوو کــای پەیـدا کـردو هەنـدێکی کـرد بەسـەر قوڕەکـەدا وئـەودوای بـرد پـەرش وبـڵاوی کــردەوە بەسەربــــانی خانوەکــە . تاکـــو نــەوزاد لــە قوتــــابخانە بێتــەوە بەبـــاگردێنەکەی مــــاڵی سـەید تۆفیـق چـەند جــارێك بیکوتێتــەوە . نــەکا بـۆ بـارانێکی تـر تکـە بکـات . ئـازاد وشـێرزادیش لەنـــاوحەوشە لـــەسەر نیمـدەرێك دانیشـت بـوون ، خـەریکی خوێنـدن بـوون . جـار جـارەش ئـەو پێنج بەردەی ئازاد هەڵی گرتبوو قاچێنیان ئەکرد. .

ئـیتر ژنـان دەرفـەت بـوو بۆیـان کەدەسـت بەنـــان کـردن بکـەن. تەپەتـەپی نــان پانــەوەکردنیان تانــــاو کۆڵانەکــەش ئــەهات . هەنـدێکیان هەلاقــەی بەدەســتەوەدەگرت. دوان بەیەکــەوەوڕووەو بــازاڕ عــەبایان ئــەدا بەســەراو ئەڕۆیشـــتن دواتـــر بەهەلاقـــەی پـــڕەوە کەبەســـەریان هـــەڵیان ئـــەگرت ، ئەگەڕانەوە.

لـــەپاش نیــوەڕۆ نــەوزاد گەڕایـــەوە ، لەگـــەڵ دایکـــی پێکـــەوە نــــانی نیوەڕۆیــان خــوارد . هـــــەندێ خــــەریکی کتێــب خوێندنــەوەبوو لـــــەبەر خۆرەتاوەکــە . کـــــەزۆری حـــەز لـــەشیعرەکانی قـــانع وگـــۆران ئـــەکرد .

هەریەکـە بـەجۆرێك نـاخی پـاراو ئـەکرد . لـەپڕ دەنگـی سـەید تۆفیـق لەنـــاو کـۆڵان بـەرز بـووەوە . کـــەوەك سـەرکردەیەیەك هـات و هـــاواری ئـەکرد بەسـەر ژنـــانی کۆڵانەکـە. بـۆ کردنـەوەی جۆگـــای بـەردەرگا کـە لەهەنـدێ شــــوێن پــــەنگی خواردبـــوەوە . نـــەوزادیش لەســـــەر داوای دایکــــی خاکـەنازێکی هــەڵگرت ، چـووە یارمــەتی سـەید تۆفیـق . دەسـت خۆشـی لێکرد ونـاردی وەلیش بێت

بەڵام ووتیان لەماڵ نیەو چووە بۆ ئیش لەگەڵ قادری برای .

سەید سەڵاواتێکی لێدا ، بەسەرسامیەوە ووتی:

ـ وەلی وئیش ، عەقڵم نایگرێ . دیارە دنیا چاك بووە.

کۆڵانەکـە جـۆش وخرۆشـێکی هـات وچـۆی تـێ کـەوت بـوو. هەنـدێك بـەدەم پێکەنینـەوە ، لەمبـەر بـۆ ئەوبـەری کۆڵانەکـە ئەچـوو . خـەریکی دەمەتـەقێ ئـــەبوو لەگـەڵ هاوسـێکانی ، قوڕەکـەی ناوکۆڵانەکـە لەهەنـدێ شـوێن ئـەم هات وچۆیەی قورس کردبوو .

لـــەناکاو قـــادر بەشـــپرزەیی هاتـــە نـــاو کۆڵانەکـــە ، کـــەتاکو ئـــەژنۆکانی بەقوڕولیتــەوە بـوو . بـەخێرایی چـوەماڵ و قیـژەو هـات وهاواریـان لـێ بـەرز بـووەوە . سـەید تۆفیـق وسـەید سـەعید بەپەلـە چـوونە پـیری گریـان وهـات وهاوارەکـەوە . پاشـان شـێخ جـەمیلیش دەرگـای کـردەوەو خـۆی گەیانـدە مــاڵی جــەلال . هەرهێنـدەی نـەبرد قـادر خـۆی گـۆڕی وبەهــەنگاوی خێـرا لــەماڵ دەرچــوو . ژن ومنـــداڵیش خــڕ بوونـــەوە وپیاوەکــان هاتنـــە دەرەوە وکەوتنــە تــەگبیر کــردن کەچــی بکــەن . کــاتێ ژنــەکان پرســیاریان لێکــردن کەچــی ڕویــداوە ؟گوتیــان وەلــی شــاخ ڕوخــاوە بەســەریا و بردوویانــە بــۆ نەخۆشـخانە .قاچـی شـکاوە ، بـەڵام بۆچـی قـادر ئـەڵێ بریـا ملـی بشـکایە.

ئــیتر نــە ژنــان ونــەپیاوان هــیچ لــەقادر حــاڵی نــەبوون . ئەمەچــی خــەم خواردنێکـە بـۆ براکـەی . لـەبری گریـان وشـیوەن نـزای خراپـی لـێ ئـەکات . ئــەو ئــەمرۆ بردویــەتی بــۆ ئــیش . کــە هــەر بــەیانی زوو زانیــان ڕۆژەکــەی خــۆش ئــەبێت بــۆ ئــیش کــردن دایکــی وەلــی زۆر بەخۆشــحاڵی یــەوە وەلــی هەسـتان لەخـەو ولەگـەڵ قـادر بـەڕێی کـرد . ئـەی ئێسـتا دایکـیش نازانێـت چــی بــوو . هەرئەوەنــە ئــەزانن وەلــی قاچــی شــکاوەو لەنەخۆشــخانەیە. بەڵام قادر خەمی وەلی نیەو نزای خراپی لێ ئەکات .

ســەی تۆفیــق کــەڕاهات بــوو پرســیار زۆر بکــات . تــاکو وەڵامــی تــەواوی دەست نەکەوێ وهەموو شتێك نەزانێ واز ناهێنێ .

کـە قــادر بەپەلەپــەل ڕۆیشــت ، تــەنها هەواڵەکــەی بەبۆڵەبۆڵــەوە گەیانــد. هـــەمووانی لەسەرســـامیا بەجێهێشـــت . بۆیـــە ســـەید تۆفیـــق داوای کـــرد نەوزاد بڕوات بۆ خەستەخانەی کۆماری وبزانێ مەسەلەکە چی یە ؟

بــەڵام دواتــر هــەموویان ووتیــان باچــاوەڕێ بکــەین ، ئەگــەر تــەنها قــاچ شــکاوی بێــت ســەلامەتە. ئــیتر هــەمووان تــاکو خۆرئــاوا بــوون لەپــەژارەو خەمدا مابوونەوە وچاوەڕێ بوون .

پــاش تاریــك بــوون وەلییــان بــەترومبێلێك هێنایــەوە ، کەقاچــی لەگــەچ گیرابـوو . قـادریش هـەر تـوڕەو بۆڵـە بـۆڵی بـوو زۆر داخ لـەدڵ بـوو ، بـەڕك وکینــەوە ســەیری وەلــی ئــەکرد وئــاخی هەڵئەکێشــا. نەیــدەزانی چــی بڵێــت وچی لێ بکات . هەرئەیووت :

ـــ خۆزگــە ملــت بشــکایە ، کــورە خۆزگــە هــەردووقاچ وهــەردوو دەســتت بشـکایە. بـەس ئـاوات نەکردایـە . ئـەم قسـانە جەلالیشـی تـوڕە کردبـوو . چـونکە وەلـی تاکـە کـوڕی ئـەوبوو قادرونـادر زڕ بـرای وەلـی بـوون ودایکیـان

یەکـــە ولـــەدووباوکن دڵـــی بەکوڕەتاکانەکـــەی ئەســـووتا بـــەلاّم لـــەهیچ تێنەئەگەیشـــت . لـــەقادری ئەپرســـی ، ئـــەویش ئـــەیووت منـــیش ئەمـــەویٚ بـزانم چـی بـووە . هـەموو کەتنەکەلـەژێر سـەر وەلیایـە. مەگـەر خـۆی بزانێـت چی بووە .

کـــاتیٚ هاوســـێکان هـــاتن وســـەید تۆفیـــق وســـەید ســـەعید وشـــێخ جـــەمیل ونـــەوزاد وســـالار وکۆمـــەڵێکی تـــر لـــە ژن وپیـــاوی کۆلاّنەکـــە خڕبوونـــەوە . تـــەنها نـــزای خێریـــان ئـــەکرد . وەلـــیش چـــرکەی لـــەخۆی بـــڕی بـــوو ، هەرئەیووت:

- وای باوە گیان وای .

جەلالەپەرگیریش بەدیاریەوە دانیشت بوو ئەیوت:

- هـیچ نیـە کـوڕم هـیچ نیـە تـەنها قاچـێکت شـکاوە وزوو چـاك ئەبێتـەوە . تـۆ جـارێکی تـر دەسـتت شـکاوە . چـاك بوەوەوهەرپێتـەوە دیـار نیـە. گـوێی مەدەریٚ. ئەمجارەش نامری.

قادر لەولاوە وتی:

ــ تۆبـەس پێمـان بڵـیٚ چـۆن ئـەو شـاخەت تەقانـەوە .وەختـە دڵـم شـەق بەرێت . بەس پێم بڵیٚ ، بەخوا هیچت لێناکەم .

سەید تۆفیق سەیرێکی قادری کردو ووتی:

ــ چـی یـە قـادر ، بـۆ واتـوڕەی ، تۆئـەوە براکـەت بـردوە بـۆ ئـیش . شـاخ ڕوخاوە بەسەریا وقاچی شکاوە . تۆ بۆڵەبۆڵی چیتە ؟

وەلـی هـەروا چـاو ئـەگێڕیٚ بەسـەرو سـیمای زەلامـەکان کەلەچـوار دەوری دانیشتوون . نوزە نوزیەتی .

قادر ووتی:

ــ لەبەر خاتری ئەو خوایە نایکوژم . بابە بەس پێم بڵێ چیت کرد ئەو شاخەت تەقانەوە .

وەلی هیچی نەئەووت و متەقی لەخۆی بڕیبوو .

سەید تۆفیق تێنەگەیشت وبەقادری ووت :

ــ ئەریّ قادر دەپێمان بڵێ چی ڕوویداوە واتۆی تورەکردوە ؟ئەمە چی بوو؟

قادر ووتی:

ــ کاك سەید تۆنازانی باروت چەند بەزەحمەت دەست ئەکەویّ بۆ ئیشەکەی ئێمە. ئەو شاخە کون کون ئەکەین دواتر پڕی ئەکەین لەباروت و ئەیتەقێنینەوە . ئەو بەردە قایانەی کەوردن کۆیان ئەکەینەوەو ئەیانخەینە ناو کورەی ئاگر وئەیسوتێنین وئەیکەینە گەچ . هەرچی بەردی گەورەیە بەچەکوش ئەشکێنرێت بەجۆرێك کەزەلام بتوانێت فڕێی بداتە ناوگەلابەوە . ئەیبەن بۆ ئەو کەسانەی کەخانوو ئەکەن.

سەید تۆفیق بەوردی گوێی لەقادرئەگرت وئەوانی تریش بەهەمان شێوە چاوەڕێ بوون قادر تێیان بگەیەنێت . تامەزرۆ بوون بزانن چی ڕوویداوە ؟ قادر درێژەی بەقسەکانی دا:

ــ بەو خوایە بەهەزار دەست ماچ کردن و بەرتیل تافەردەیەك باروتم دەست کەووتووە. کاکە حکومەت وەك جاران باروتمان پیّ نافرۆشێت . جگەلەوەی گرانی کردوە، دەستیش ناکەوێت . بەهەزار ناڵی عەلی فەردەیەکم دەست کەوت . لەکانەکەی خۆمان کونێکی وەك ئەشکەوتی لێبوو هەرئەوەتا زەلامێکی پیا ئەچوو فەردە باروتم خستە ناو ئەو

کونــەوە دەمەکــەیم بــەدارو چــیلکەو پــووش پۆشــی کــەس پێــی نــەزانێت ودیارنــەبێت ودزیــش نەیدۆزێتــەوە . چــونکە کــەس نەیئــەزانی بــارووتم هەیـە. ئـەمڕۆ بـەملی شـکاوم بەقسـەی دایکمـم کـرد، وتـی ڕۆژەکـەی خۆشـە وەلــی ببــە بــۆ ئــیش . بائــەم یــەك دوو ڕۆژە بــۆ خــۆی ئــیش بكــات .ئــەم نەگبەتــەش تاپــارەی هــەبێت ئــیش ناکــات . کــەپارەی نــەما مــل ئەخــەوێنی بۆ ئیش .

سەید ووتی:

ـ ئێ باشە ئەمە چی کردوە ؟

ــ بــرا ئــەوم لەســەر ئیشــەکە دانــا بــەردم بۆبشــکێنێ . خۆیشــم لــەخوارتر خــەریکی شــاخ کــون کــردن بــووم لەگــەڵ هاوڕێکــانم ، وەختــێکم زانــی ناڵــە هــات ، ناڵــە چــی ناڵــە هــەموو ئــەو نــاوە لەرییــەوە . وەك بومەلــەرزە لێمـانی دابێــت . هەرحەپەســاین، بەپەلــە ڕامــان کــرد ، زانــیم وەلییەوکــەتنێکی کــردووە. چــوینە ســەری لــەپاڵ بــەردێکی زەبــەلاح کــەوتبوو بــەقاچ شــکاوی وخــەڵتانی خــوێن بــوو . کــەوتبوە باوکــە ڕۆ. ئێســتاش پــێم نــاڵێ چــی کــردوە . پــێم نــاڵێ ئــەو فــەردە بارووتــەی بــۆ ســوتاندو ئــەو شــاخەی پــێ تەقاندوەتەوە. وەختە دڵم شەق بەرێت .

سەی تۆفیق بەدەم سەربادانەوە ڕووی کردە وەلی و پێی ووت:

ــ بـەو خوایـە لێـرە نـاڕۆم تـاپێم نـەڵێی بـۆ وات کـرد . گـلاراوت بـوو ، بـەدوا مەرگا وێڵ بووی. ئاخر نەفامی ، گەوجی . دەپێمان بڵێ.

وەلــی زانــی ســەید تــۆ فیــق منجــڕەو وازی لــێ نــاهێنێ و وەك ڤیروزفــت پێیــەوە ئەنوســێت . ناچــارە باســی بكــات . تــازە چــی ئــەبێ بــا مناڵــە

وردکــەش پێــی بــزانن کەمەبەســتی نــەوزاد وســالار بــوو . خــۆی قیــت کردەوەو وتی:

ـــ بــەخوا کــاك ســەید مــن خــەریکی بــەرد شــکاندن بــووم . هــەتاکو چێشــتەنگاو ، حــەزم لەچــالێنان بــوو . بۆخــۆم ئــاگرێکم کــردەوە وکتریەکــەم نایــەبان . لــەبان ئــەو بــەردە گەورەیــە دانیشــتم وخــەریکی چــا خواردنــەوە بــووم . چــاوم بــەبزن مــژۆکیکی زلــە کــەوت . هەســتام وبــەردێکم بــۆ تێگــرت .ڕای کــردو دوورتــر وەســتایەوەو ســەیری ئــەکردم. دووبــەردی دیکــەم بــۆ تێگــرت و ئەوســا چــووە نــاو ئــەو کونــەوە کەفــەردە باروتەکــەی لێیــە . قــادر پێــی ووتبــوم ئاگــام لــەو بارووتــە بێــت . بــەلآم بــەخوا بــیرم نــەما. ئــەو بــزن مژۆکــە لــەبیری بردمــەوە . هەنــدێ دارم پیــاکرد هەردەرنەچــوو . منــیش ڕقــم لێگــرت . ووتم ئەوســەگبابە ئێســتا چــارت ئەکــەم. پــوش ودارم هێنــاو ئاخنیمــە نــاو کونەکــە ، ئــاگرم تــێ بــەردا . بەچەکوشــەکەوە بەدیاریــەوە ڕاوەستام هەردەرچێت وسەری پان بکەمەوە .

وەختــێکم زانــی فیشــکەی ئــاگرو دوکــەڵ هــات . ئەوســا باروتەکــەم بــەبیر هاتــەوە وتــازە بــوارم نــەما هــەتا تیــنم تیــا بــوو هــەڕام کــرد . تاگەیشــتمە بــەردە زلەکــە ،کاکــە بلآچــەی داو یــەك زرمــەی بــۆ کــرد . کــاس بــووم . نــەمزانی شــەوە یــان ڕۆژە ، ئــێش لەقاچــم پەیــدابوو ، ئــەوناوە پــڕ بــوو لەبــەرد ودوکــەڵ وئــاگرو تــەپ وتــۆز . هــیچ ئاگــام لــەخۆم نــەما ودنیــا تاریــك بــوو ، ئەوەنــدە ئــەزانم چــەند کەســێك بــەردیان لــەبان قاچــم لائــەدا وهــەڵیان گرتم ، زانیم قاچم شکاوە .

قــادر ئەمــەی بیســت ئەونــدەی تــر پیشــی لــێ خــواردەوە، بــەم قســانە شــێت وهاربوو هاواری کرد :

ــ تۆبەشــەرنیت ، تــۆ حــەیوانی .بابــە کــەس هەیــە ئیشــی وا قــۆڕ بکــات . بـۆ بزن مژۆکێك قوڕت کرد بەسەرمن وخۆتا .

ســەید تــۆ فیــق هــەروا ڕامــابوو ســەیری ناوچــاوی وەلــی ئــەکرد . نــەیزانی پێبکەنێت یان بۆعەقڵی وەلی بگیرێت .

جەلالە پەڕگیریش ووتی:

ــ ئــەك خەجاڵــەت بێــت کــوڕم ،خۆزگــە ئــەو شــەوە لــەئاش بومایــە و تۆشــم نەبوایە . باهەر وجاغم کوێر بوایە .

قادر ووتی:

ــ بێخــەم بــە ئێســتاش هــەر وجــاخ کوێریــت . دڵــت خۆشــە کــوڕت هەیــە ، جارێکی تر بــەمن نــەڵێن بیبــە بــۆ ئــیش ، ئەمــە دوا جــاری بــوو مــن ئیشــی پــیٚ بدەم .

سەید سەعید ووتی :

ــ ئــەك ماڵــت بــەقوڕ بگیرێــت بــۆ ئیشــیٚ کەکردووتــە . تــۆ ئەبوایــە نــاوت لاســار بوایــە . ناوتیــان نــاوە وەلــی . ماشــەلاٌ لەوەلیــەکانیت . هــەتا خــاوەنی ئــەو عەقڵە بیت . هەرجارەی شوێنێکت ئەشکیٚ .

قادریش بۆی زیاد کرد :

ـ خوای ئەکرد ئەمجار ملی ئەشکا ولەکۆڵمان ئەبوەوە ،

وەلــی هــەروا بەشــێنەییانە تەماشــایانی ئــەکرد . کەســالاری بــینی پێــی پــیٚ ئەخــەنێت  بزەیــەك هاتــە ســەرلێوی  دواتــر کــە نــەوزادی بــینی ڕووی لــیٚ گــرژ کرد وپێی ناخۆش بوو ئەم بەسەرهاتەی لەزمانی خۆیەوە بیست .

************************

زەوی کـزرەوە بـوو بـوو ، منـدالإن هـەر کۆمەڵـەو بەیاریەکـەوە سـەقالْ بـوون . بەخۆشـحالْی یـەوە لەوبـەر خۆرەتـاوە ئـەهاتن وئەچـوون . بڕێکیـان بـوون بـەدووتیپ . خـەریکی تۆپـان بـوون . شـێرزاد زۆر حـەزی لەهـەلوکێن بـوو . نـەیتوانی منالْـەکانی تـر بـۆ ئـەو یـاری یـە پـەلکێش بکـات . حـەزی مزراحێنیشـی نـەبوو .ناچـار بـوو بەپاسـەوانی گـۆلْی یـەکێك لەتیپـەکان . پـاش هەنـدێ یـاری کـردن تـوانی هەنـدێ هـاوڕێی ڕازی بکـات بچـن بـۆ لای کونـە کارێزەکـان . لـەوێ لەهەنـدێ هـەلْمی کونـەکارێزەکان سـەرنجیان دا .یەکێك لەمندالّەکان ووتی:

ـ ئێستالای ئاگرەکە خۆشە بۆ نەچین بۆلای.

یەکێکی تر ووتی:

ـ بەخوامنیش حەز ئەکەم بابچین بۆلای ئاگرەکە.

هـەموویا ئەمـەیان پـێ بـاش وخـۆش بـوو . کەبچـن بـۆلای ئاگرەکـە وئـەو نـاوە ببیـنن . ئـیتر بـەدوای یـەکا ڕۆیشـتن خۆشـی وتامـەزرۆیی مێشـکی پـڕ کـردن . جارجـارە بەنەرمـە ڕاکردنێـك بـەم لاو بـەولادا لەیـەك دوور ئەکەوتنـەوە . تـاکو نزیکـی چـالّە گـەورەو گۆماوەکـانی کانـە بەردینـەکان بـوون . بـەو لێـوار وبـەرزی ونزمـی ولێژیانـە دەڕۆیشـتن . بـەردیان ئەهاویشـتە نـاو گۆماوەکـان وشـلّپە شـلّپیان بـەلاوە خـۆش بـوو . تـاکو گەیشـتنە ئاگرەکـە .کەلەلولەیـەکی خـڕی نیمچـە ژەنگـاوی بـەرز ئـەبوەوە ،کەبنکـەی بۆڕییەکـە بەئەنـدازەی دوومـەتر ، لەبۆڕییـەکی ژێرزەویـەوە بـەرزەوە بـووبوو وردە وردە بەچـواردەوری خڕبونـەوە وبەدەسـتیان پێشـی دەم وچـاوی خۆیـان گـرت بـوو . جارجـارە چـەپلەیان لێئـەدا.

یـەکێکیان ویسـتی زیـاتر نزیـك بێتـەوە . ودەسـت بـدات لەبۆڕییەکـە، دواتـر کشـایەدواوە ونـەیتوانی . شـێرزاد کۆپتـەرەکانی هاتـەوەیاد کـەتوانی دەسـت لەیـەکێکیان بـدات . ئـەمجارەش ویسـتی بـەخێرایی ڕابکـات ودەسـتی لـێ بـدات ، ترسـی لەئاگرەکـە نـەبوو ، چـونکە بۆڕییەکـە لـەبالآی خـۆی بـەرزتر بـوو ، بـەلاّم ترسـا لـەوەی داخ بووبێـت .بۆیـە پاشـگەز بـووەوەو کشـایە دواوە . پیشـانی هاوڕێکـانی دا کـەنیازی نییـە بچـێتە پێشـتر . ئـەو چـەند ماوەیـە لـەدەوری ئاگرەکـە ئـەهاتن وئەچـوون ، کـامی دڵیان ئاسودەبوو.

ئـەوێیان بەجێهێشـت . ئـەو گلاّبانـەی کەگـەچ وقایـەیان ئەگواسـتەوە .لەپشـتیانەوە،جارجارە دەنگیـان ئـەهات . ئەوسـا ویسـتیان زیـاتر بکەونـە پشـتی ئاگرەکـەوە . ئـەوەی کەلەپێشـی گشـتیانەوە ئەڕۆیشـت ولەسـەربەردەگەورەکان قەڵـەمبازی ئـەکرد . دوانـی تـر بەفیکـە فیـك بەدوایـدا ئەڕۆیشـتن وجارجـارە بـانگی دواکـەوتووەکانیان ئـەکرد کەپاهـەڵگرن وخێـرا بینـە ڕێـوە .لـەپڕ ئـەوەی پێشـەوە هەڵوەسـتەیەکی کـرد ولەسـەر بەردەکـە خـۆی هەڵـداو پاشـەوپاش بـەڕاکردن گەڕایـە دواوەو هاواری کرد :

ـ کورە ڕاکەن حوت هات .

هـەر منداڵـەو لەترسـی گیـانی خـۆی کەوتـە ڕاکـردن . لەشـپرزەییدا پێیـان هەڵـەنگوت . شـێرزاد لەشـڵەژانی خـۆی بەدەمـدا کـەوت . ئـەژنۆی بـەر تـاوێرێکی چـەقیوی نـاو زەوی کـەوت . دەسـتی بـەگریان کـرد . کـەس لەسـەری نەوەسـتاو ناچـاربوو هەسـتێتەوەو بەشەلەشـەل دوای منداڵـەکان بکـەوێت . هـەموو کەوتنـە هەناسـەبڕکێ وبـێ وچـاندان وئاوڕدانـەوە

بـــەردەوام بـــوون لـــەڕاکردن . تـــاکو گەیشـــتنە قوتابخانەکـــە. وکردیانـــە شـــوێنی ئـــارام لێـــی وەســـتانەوە . ڕەنـــگ لـــەڕوویان نـــەمابوو . شـــێرزاد قوڵپـــەی گریـــانی بـــوو ، ئـــەوانی تـــریش هەناسەســـواربووبوون ، دەســـتیان خستبووە ئەرزولەسەر ئەژنۆ چەمابوونەوەبۆ پیشەوە.

دواتر لەیەکیان پرسی:

- ئەریَ گەورەبوو؟

- ئەی بۆ ڕاومانی نەنا؟

- ڕەنگی چۆن بوو؟

- سەری زل بوو ؟

- چاوی چۆن بوو ؟

- دگانی تیژبوو ؟

کەســـیان وەڵامێکـــی لانـــەبوو .هـــەروا وردە وردە شـــۆڕ بونەوەبـــەرەو کارێزەکە. مناڵە هاوڕێکانیان دەرکەوتن وهاواریان کرد :

- ئەوە هاتنەوە .

تومـەز کـەدیار نـەماون دایـك وبـاوك وبراوکـەس وکاریـان هـەڵوەدایان بـوون وسـۆراخی هـەرکوێیان کـردوە کـەس هـەواڵیانی نەئـەزانی. نـەشمیل بـەپرتاو هـات وشـێرزادی بـینی بەشەلەشـەل دێتـەوە . چـوە پیریـەوە و بیجامەکـەی هـەڵکرد وسـەیری زامـی ئـەژنۆی کـرد کەڕوشـابوو . دای بەسـنگی خۆیـەوەو ووتی:

- ئەك دایکت کوێر بیَ کوڕەکەم کەوتوە ،ئەوە لەکویَ وات لێهات؟

منداڵەکان لەیەك جیابوونەوەو هەریەکە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان .

نــەشمیل ئــارامی لەبــەر بڕابــوو . لەماڵــەوە پــەڕۆیــەکی ســووتاندو هەنــدێ ســووتووی خســتە ســەر ڕوشــاویەکە وبــۆی پێچــا . ئەوســا دایــە بــەر پرســیار، نەوزاد وئازادیش ئەو دیمەنەیان بینی . دایکی دووبارە لێی پرسیەوە:

- لەکوێ وات لێهات ؟

- لای ئاگرەکە.

- ئاگری نەوتەکە؟

- ئائا . چوین بۆ ئەوێ.

- ئەی بۆ کەوتوی؟

- حوت ڕاومانی نا.

نەوزاد بەدەستی خۆی نەبوو قاقا پێکەنی . ووتی:

- گێژە حوت چی ئەکات لەو چۆڵی یە.؟

- بەرەوەلاّ وتیان حوت هات ڕاکەن .

ــ کــورە حــوتی چــی ، حــوت کــوا لــەو دەشــتایی هەیــە، حــوت لــەناو ئــاوە، لەناو دەریای گەورەیە.

- ئەوان وتیان حوتە.

- تۆ دیت؟

- نەخێر .

کورە بزانە چیتان دیوە .

دایکیش ووتی کوڕم وازی لێ بێنە، خوا ئەزانێ چییان دیوە.

نەوزاد ووتی:

- لەوانەیە ئەو بزن مژۆکە بێت کەوەلی ئاگری پێوەنا.

نــەشمیل کەشــارەزای لەدەشــت ودەر هەیــەو خــۆی کچــی لادێ بــووە.
تێگەیشت کەهەرئەبێ بزن مژۆکیان دیبێت ومندالّن ونازانن بۆیە وتی:
ــ کـوڕم ئـەو دەشـتە هـەموو گیانـەوەرێکی دەشـتی لێیـە نابێـت منـالّ بچـێتە ئەوێ . ئیتر نەڕۆی .
ـ دایە ئێمە بۆ سەیری ئاگرەکە ڕۆیشتین .
ــ کـوڕم ئاگرەکـە هـەموو شـەوێ ئـەم ناوەمـان بـۆ ڕونـاك ئەکاتـەوە ودێتـە نـــاو کـــۆلآن وحەوشـــەو بانـــەکانمان ، ئـــەو لێمانـــەوە نزیکـــەو گـــەرممان ئەکاتـــەوە ، پێویســـت ناکـــات بـــڕۆی بـــۆلای . ئـــەو دوورنیـــە لێمـــان ، هەرلەگەڵمان ئەژێت

نـــەوزاد کەئـــەویش عاشـــقی ئـــەو ئاگرەیـــە واهەســـت ئـــەکات لـــەناخی ئـــەو دێتـــەدەر ، هێنـــدە دڵـــی پـــێ خۆشـــە وپێـــی ئاســـودەیە . بـــەئاگری خـــۆی وکۆلآنەکەی ئەزانێ . هەموومنالآن خۆشیان ئەوێت.

ڕۆژی هــەینی ســالار داوای لەنــەوزاد کــرد کەبچــن بــۆ پیاســەو لەوێشــەوە بچــن بــۆ ســینەما کــەفلیمێکی هنــدی خــۆش ئــیش ئــەکات بەناونیشــانی دایکــی هنــد . ئــەویش پێــی خــۆش بــوو . چــونکە چــەندین ســاڵە نەچــووە بــۆ ســینەما. ئەوبەرلــەوەی ماڵیــان بگوازنــەوە بــۆ شــەنگال ، یەکــەم جــار لەگــەڵ خزمێکــی چــوون بــۆ ســینەما خــەیام ، هەریەکــەیان ســیوپێنج فلســیان داو بەیەکـــەوە یـــەك پلیتیـــان بـــڕی کەبەحـــەفتا فلـــس بـــوو . چـــونکە منـــالآن دووانیـــان بەیـــەك پلیـــت دەچـــوونە ژوورەوە . فلیمـــی پاڵـــەوانێکی هنـــدی بـــوو بـــەناوی داراســـینگ .ئـــیتر لـــەو ڕۆژەوە حـــەز لەچـــوونە ســـینەما ئـــەکات ، ئـــەمڕۆش کـــاتێکی گونجـــاوە . ئـــەو بڕەپارەیـــەی کـــەباوکی پێیـــداوە ، هەرماویـــەتی . پـــاش ئاگادارکردنـــەوەی دایکـــی لەگـــەڵ ســـالار هەربـــەپێ

لەشـۆرجەوە بـۆ موسـەڵاو پیریـادی وپاشـان گەیشـتنە پردەکـەی خاسـە. لەسـەر شۆسـتەکەی پردەکـە کـەمێك وەسـتا وسـالاریش ناچـاربوو بوەسـتێ . دیمـەنی خـوارەوەی پردەکـە نیگـەرانی کـرد بەحەزوتاسـەوە سـەیری ڕۆخـی ئـاوی خاسـەی ئـەکرد ، سـالار نەیئـەزانی بۆچـی ڕاوەسـتاوە ، بۆیـە پرسیاری لێ کرد:

- چی یە سەیری چی ئەکەی؟

ئاهێکی هەڵکێشاو ووتی:

ـ ئـاوات وئارەزوومـە ڕۆخـی ئـەم چـەمی خاسـەیە بکرێتـە باخچـەو گـازینۆ، ئـاوی پـاك بەچـەمەکەدا بـڕوات ، لەسـەر ئەسـکەمیل دابنیشـی وئـەو چـەمە پـڕ بێـت لـەقاز وسـۆنە . تـۆبڵێی ڕۆژێـك حکومـەت ئـەم ڕۆخـە بەدرێـژایی ئەمبەروئەوبەربکاتـە شـوێنی کـات بەسـەربردنی خـەڵکی بـەنێرو مێـوە. نـازانم حکومـەت بۆچـی ئـەم کـارە ناکـات . بـۆ خۆشـی ئـەم شـارە ، ئێمـەش شوێنمان ئەبێت بۆ خوێندن وخۆشی . نازانم کەی ئەکرێت .

سالار کەبەسەرسوڕمانەوە گوێی بۆ ڕادێرابوو .گوتی:

- بابڕۆین ، درەنگ نەکەوین . تاچەند ساڵێکی تر بەلکو کردیان .

پردەکـەیان بـڕی وبـەدەم قسەوباسـەوە گەیشـتنە سـینەما ئەتڵـەس . ئـاپۆرای ئـەو گـەنج وپیاوانـەی بەمەبەسـتی پلیـت بـڕین هـات بـوون، گەیشـتبوە سەرشەقامەسـەرەکیەکە. هـیچ بـواری ئـەوە نـەمابوو تەماشـای ئـەو وێنانەبکـەن کەلـەناو جامخانـەکان دانرابـوون بۆسـەیرکردن . کەبەرنامـەی ئاینـدەو فلیمـەکانی داهـاتوون کـەئیش ئەکـەن. نـەوزاد چـونکە بـالاّ بـەرزترە لەسـالار ، خـۆی خسـتە ناوئـاپۆڕای خەڵکەکـە .پاڵنـان وبەریـەك کـەوتنێکی پـڕ ناڕەحـەتی بـوو . کەبەهـەزار ڕەزالـەت تـا تـوانی

پلیت بۆ خۆی وسالار بەدەست بهێنێ . ئەوسا چوونە ژورەوە بۆ ناو هۆڵەکەولەسەر دوو ئەسکەمیل دانیشتن . دەنگی گۆرانی فەرید ئەترەش لەبڵند گۆکانەوە ئەهات . ئەمجارەش نەوزاد ڕووی کردە سالارو وتی:

ــ زۆر حەز ئەکەم ڕۆژێك لەجیاتی فەرید ئەترەش وعەبدولحەلیم وئوم کەلسوم گوێم لەگۆرانی یەکانی حەسەن زیرەك بێت ، لۆرکێ ولۆرکێ و نەمام نەمامە.

سالار سەرسام بوو بەخەونەکانی نەوزاد ووتی:

ـ ئەڵێی خراپ خەوتووی ، یان ئەمڕۆ وڕێنە ئەکەی؟

ــ بەخوا بەڕاستیمە ،وڕێنە ناکەم . خۆحەسەن زیرەك لەمانە کەمتر نییە.

ـ ئەوە بەدەستی خاوەنەکەیەتی. ئەو عەرەبە وحەزی لەم گۆرانیانەیە.

ــ هەرپێنج سینەماکە هەرگۆرانی عەرەبی ئەخەنەسەری ، ڕۆژێك گوێمان لەگۆرانی کوردی نەبوو .

سالار بیری کردەوەو وتی:

ـ تۆبڵێی حکومەت پێیانی نەوتبێ .

ــ بەڵێ ئیشی حکومەتە، بیەوێت گۆرانی کوردیش ئەخەنەسەری . بەلأم ناهێڵی ، ئەوئەوەتانێ خوێندنەکەی لێمان کردوە بەعەرەبی. ساڵێکی تر پۆلی سێی ناوەندیش ئەبێتە عەرەبی . هەرساڵەو پۆلێکی سەرووتر ئەکاتە عەرەبی .

سالار ووتی:

ـ ئەوە ئەزانم

ئـیتر گڵۆپـەکان کوژایـەوەوفلیم دەسـتی پێکـرد وهـەموو لایـەك بـێ دەنـگ بوون .

فلیمەکـە نزیکـەی سـێ سـەعاتی خایانـد، کەهاتنـە دەرەوە کاتەکـەی درەنـگ بـوو . هەریەکـە بابۆڵەیـەکی سـەرپێیی گۆشـتی برژاویـان خـوارد ،بـەکۆکاکۆلاوە . ئەوسـا بـەدەم بـاس کردنـی فلیمەکـەوە بـەرەو شـوێنی وەسـتانی ئامانـەکان ڕۆیشـتن . لەبـەردەم دوکـانێکی تـابلۆ فـرۆش نـەوزاد ڕاوەسـتا ، لـەتابلۆکان ورد ئـەبوەوە. چـاوی چوەسـەر تـابلۆی کچـە کافرۆشـی ، کەلـە سـالآنی ڕابـوردوو دانەیـەك لـەماڵی خۆیـان بـەدیواری ژورەکەیانـەوە هەڵواسـرابوو ئێسـتاش لـەماڵی زۆر خـزم وهاوسـێکان چـاوی پـێ ئەکـەوێت . پـاش مامەڵـە کردنـی دانەیـەکی کـڕی . کـابراش لەکاغـەزی پێچـاو دایەدەسـتی ، سـالار هیچـی نـەووت ، هەرپەلـەی بـوو . کـاتێ گەیشـتنە شـوێنی ئامانەکـە ، کـەمێك چـاوەڕوانیان کـرد. کـاتێ ئامانـەی ژمارە چواری شۆرجە دەرکەوت ، سالار ووتی :

ــ بـەخوا باشـە ئامانەکـەهات ، لەوانەیـە ئەمـە دوائامانـە بێـت .کـات درەنـگ بووە.

هەرکـە ڕاوەسـتا ودەرگاکـەی کرایـەوە هـەردوکیان وچـەند کەسـێکی تـر سەرکەوتن . جابیەکە پارەی لێوەرگرتن ودوو پلیتی پێدان .

تـا گەیشـتنە مـاڵ ، هەرباسـی فلیمەکـەیان ئـەکرد وهـەردووکیان بۆیـەکیان ئاشکراکرد کەگریاون .

نـەوزاد وێنـەی کچـە کافرۆشـییەکەی هەڵواسـی وئـازاد وشـێرزادیش هەرتەماشـایان ئـەکرد وشـێرزاد ووتـی جوانـە ، نـەوزاد بەرامبـەری تاوێـك ڕاوەسـتاو نیگـای خـەماوی چـاوەکانی، لەسـەرتابلۆکە گیرسـایەوە . بـە

وردی ســەرنجی کوڵمــە خڕەکــانی ولێــوە تــەنك وزنــج وگــەردنی دا ، تــاڵی قــژەکانی تــاوتوێ کــرد ،، لــەئاڵی کوڵمــەکانی وســوری لێوەکــانی جــوان وردبــوەوە ، پاشــان چــاوەکانی بــێ تروکانــدن خســتە ســەر چــاوەکانی . چـاوی گـەش وجـوان ، بـرۆی ڕیـك وکەوانـەیی. تابلۆکـەی لـێ بـووە غـەزال و هەربەڕاســتی هەســتی بەزەردەخەنــەی لێوەکــانی وتروکانــدنی چــاوەکانی کــرد . ڕێــك غەزالێکــە بۆخــۆی . وای لێهــات وردە وردە تابلۆکــە بــوو بەچـەند تابلۆیـەك .هەرهـەمان ڕوخسـارو هـەمان جـل وبـەرگ ، کـەڕەنگین و پـڕ ئـاڵ و والأی هەمـە چەشـن . جارجـار کراسـی سپـی ئاودامـانی لەبـەر بـوو . لەســـەر ئـــەو چـــیمەن وســـەوزییە خـــۆی ئەنوانـــد . فەقیانـــەکانی بەمەچـەکیەوە ئالأنـدبوو ،لـە دورەوە دەسـتی بـەرز کـردەوە، سـلأوی کـرد . ژورەکــە پــڕ بــوو لەغــەزال ، جــوانی غــەزال ژورەکــەی داگــیر کــرد . ئــیتر حەوشــەوبان وکــۆلأن وگــەڕەکیش پــڕ بــوون لەغــەزال . هــەموو شــتێك بــوو بەغـەزال . هـەموو شـتێك لـەناو غەزالـدا توایـەوە وجوانتربوونـەوە . هـەموو شــتێك بەشــێك لــەجوانی غــەزالی وەرگــرت . دڵیشــی جێگــای بــۆ هــەموو شــتێك کــردەوە. ئــەمجار تابلۆکــە گــۆڕا بــۆ خەپشــێ . کــەمێك منــداڵتر بــوەوە . هــەموو شــتێك بــووە خەپشــێ . خۆیشــی نازانێــت بۆچــی ڕووی لەخەپشــێ کــردوە . ئایــا خۆشەویســتی یەکــە ، هــەتا دانــەبڕێت ، هەســت بەپێویســتییەکەی ناکــەیت . سروشــتی مــرۆڤ وایــە. هەرشــتێکی لەدەســت دا شــیرینتر ئــەبێ . یــاخود لــەژیانا هەســت بەبۆشــایی خەپشــێ ئــەکات . ئــەو بــۆ شــاییەی خەپشــێ دروســتی کــردوە ، بــۆی پــڕ ناکرێتــەوە .شــوێنەکە چــۆڵە و بووەتــە کــەم وکوڕییــەك لــەناخی ئەمــدا . هێشــتا نــەیتوانیوە ئــەو ڕابوردووانــە لــەخۆی دابڕێــت . غــەزال شــۆخێکەو ڕفێنــراوە ، خەپشــێ

شـۆخێکە تـرس دەوری داوە . دووشـۆخی یـەك سـیماو ڕەنـگ ، وەك یـەك جـوان ، وەك یـەك پـاك وبێگـەرد . خـەمی غـەزال لای خەپشـێ کۆبـووەوە ولەگـەڵ نـەوزاد بەشـی کـرد وئەترسـێ خەپشـێش بەهـەمان دەرد ببرێـت. ئـەم نـەیتوانیوە هـەنگاوی نـوێ بنێـت وسـەرلەنوێ دەسـت پـێ بکاتـەوە . بـەلاّم هێنـدە ئـەزانێت خەپشـێ هێزێکـی ڕاکێشـانی گـەورەی هەیەوهەمیشـە ئـەم بۆخـۆی کەمەنـد کـێش ئـەکات یـاخود تێکـەڵی نـاخ وڕەوانـی بـووە . ئـەم ناتوانێـت لەڕەگـەوە ڕیشـەی دەربـێنێ ، چـونکە بەشـێکە لـەڕەوانی . نـاخی تـەنیوە، بەتەلیسـمێك . کەکـەس ناتوانێـت بەچـڕنوکیش لەڕیشـەوە وەك مـێخ هەڵیکێشـێت . ئـەم وەك دابڕاوێـك دەرونـی تینـووی ئـەوە. هەردیمـەن ونیگـای ئـەو تینـوێتی ئەشـکێنێ . ئەوسـا جەسـتەی ئاسـودە ئەبێ .

هاتـەوە سـەرخۆی وئـاهێکی هەڵکێشـا وتابلۆکـەی داگـرت وماچـێکی کـرد ، ئـەمجار کـە زانـی دایکـی وبراکـانی ئـەم ڕەفتارەیـان نـەبینی ، ئاسـودەبوو. دووبارە بەبزمارەکەوە هەڵیواسی و ئەمجا وتی:

ـ خۆزگـە خەپشـێ گیـان ئـەمانتوانی تۆمـان لەگـەڵ خۆمـان بهێنایـە، هـەتا هەتایـە لەدەسـتی حـاجی فیـق فیـق تۆمـان ڕزگـار ئـەکرد. بۆخۆیشـی ئـەیزانی کـە لەگـەڵ تـابلۆی کچـە کافرۆشـی ئـەدوێت و وێنـەی خەپشـێ نییە.

نـەشمیل بەقوڵینەیـەکی پـڕ لـەنانی گەرمـەوە ، هاتـەوە ماڵـەوە . نـەوزاد چـووە پێشـوازی وپـاش ماندوونـەبوونی کردنـی قوڵینـە نانەکـەی لـێ وەرگرت وبردی لەپەنایەکەوە داینا. وپرسی:

ـ لەکوێ نانت کرد؟

ــ لــەماڵی ســەید تۆفیــق نــانم کــرد ، لەشــی ســاخ بێــت وەنەوشــخان یارمەتیــــدام .کـــوڕم تەنورەکـــەی خۆمـــان کـــەفماڵ وتەنیشـــتەکانی ئاوبردویــەتی وبــۆم چــاك نەکراوەتــەوە . ســبەینێ هەنــدێ گڵــم لەگردەکــەی لای کارێزەکـــە بۆبهێنــــە قـــوڕ ئەگرمـــەوە وپێــــی چـــاك ئەکـــەم ؟ وەپشـــقلدانەکەش ئـــەبێ دەســـتێکی پیـــابهێنم ، ئەگـــەر پشـــقلم دەســـت بکەوێت دوو فەردە ئەکڕم بادانەمێنم .

ـ باشە دایەگیان ، ئەی برسیمانە ، چیمان هەیە؟

ــ کــوڕم ئــەوە نــانی گــەرممان هەیــە ، حــەزت لێیــە خورمــاو ڕۆنێکــی باشــی ئەکەم بەهێلکەوە .

ئــێ زۆر باشــە ولــەم کەشــە ســاردە خورمــاو ڕۆن خۆشــە ومنــیش حــەزم لێیەتی.

ئــازاد ونــەوزاد وشــێرزاد خــەریکی نــاوك دەرکردنــی خورمــا بــوون ، کەنەشمیل چاوی بەتابلۆکە کەوت ولێی ڕاماو ووتی:

ــ ژنێکــی چــەند جــوان وشــۆخ وشــەنگە ، زۆرم حــەز ئەکردئێمــەش ئــەم ڕەسمــە لــەماڵمان هــەبێت ، نــەوزاد باشــت کــرد کــەکڕێت ، ژورەکــەمانی ڕازاندوەتەوە . هەروا لێی ئەڕوانی ..

ــ ئـەو خوایـە ئیشـی چـەند جوانـە ، ئـەم نـازدارەی وا جـوان دروسـت کـردوە .

نەوزاد پرسی:

ـ دایە ئەو وێنەیە جوانە؟

ـ زۆر جوانـه دەسـتت خـۆش بێـت ، لەبیرتـه پـێش ئـەوەی بچـین بـۆ شـەنگال لەماڵـەوە دانەیـەکمان هـەبوو باوکـت کـڕی بـووی ، بـەلاّم جـل وبەرگەکـەی جیاواز بوو .

ــ لەبیرمــه فەرشـێکی قــەد دیوارمــان هــەبوو وێنــەی ســێ ئاسـکی تیـا بـوو لەبان ئەو فەرشەوە هەلتانواسی بوو.

ـــ باشــت لــەبیرە ، ئــەوە فەرشــی قــەد دیواربــوو ، لــەم مــالێ بــارکردن وئاوارەیی وبێنەو بەرەیە زۆر شتمان فەوتا

ـ ئەرێ دایە ئەم کچە کافرۆشی یە کێیە ؟

مــن لــەباوکتم بیســتووە ، ئــەڵێن کچــێکی زۆر شــۆخ وشــەنگ بــووە ، لەتابلۆکـەی دیـارە . ئەفسـەرێکی ئینگلیـز حـەزی لـێ ئـەکات وداوای ئـەکات ، لەبــەر ئــەوەی کــابرا گــاوربووە ، نەیانــداوەپێی . بــاوکی کچــەکە ئــەڵێ وەرە موســڵمان ببــە ، ئەیــدەم پێــت . بــەلاّم کــابرای ئەفســەر ئاینەکـەی خـۆی ناگۆڕێـت . لـەپڕ دەرفـەت ئـەهێنێ وئـەم کچـە ئـەڕفێنێ . ئـەیبات بـۆ ولاّتـی خۆیـان و لـەوێوە ئـەم ڕەسمـە ئەنێرێتـەوە . ئـیتر تـا ئێسـتاش کـەس وکارەکەی  هەواڵی نازانن .

ـ ئەوەی تۆ ئەیڵێی وەك غەزال وحاجی فیق فیق وایە.

ــ وای کـوڕم چـیت هێایـەوە یـادم ...بـینی گـیراو قـوڕگی پـڕ بـوو لـەگریان ، بەلادەستی فرمێسکەکانی سڕی

ـــ غــەزالیش وەك ئــەم کچــە کافرۆشــی یــە جــوان ونــازداربوو ، ئێمــە زۆر نــەبوو چـوبووینە شــەنگال. نـازانم تـۆ بـۆ باسـی ئەکەیتـەوە ، ئـەو خەمــە وەك زامێك ئەکولێنیتەوە.

ــ چــواردەوری ماڵمــان پــڕ بــوو بەچــەکدار نــازانم پــۆلیس بــوون . ســەرباز بوون ؟

ــ ئەوانــە جــاش وپیــاوی حزبــی بــوون ، لــەژێر دەســەلاتی حــاجی فیــق فیــق بوون . خوابیباتەوە، پیاوێکی زاڵمی دڵڕەق ، بێ شەرف و بێناموس .

نەوزاد بەڕکێکەوە کەلەدەنگی هەستی پێئەکرا وتی:

ــ سەربانی ئێمەشیان گرت ، مـن نـەمزانی چـی بـووە ترسـام ،چـونکە بـاوکم لــەماڵ نــەبوو . چــوونە مــاڵ خەپشــێ ، زۆریــان لــەمام جــردۆدا ، دوایــی دایکــی خەپشــێیان دایــە بــەر شــەق وزلــە ، ئەوســا کەوتنــەوێزەی میهــری ، خەپشێ لەترسـا ڕایکـردە مـاڵ ئێمـە وخـۆی شـاردەوەوزارەترەك بـوو بـوو، ئاگــام لــێ بــوو غــەزالیان پــەلکێش کــرد بــەدەم شــیوەن وگریانــەوە ، قژەکـەیان گـرت بـوو ڕایـان ئەکێشـا . ئابەدەسـت حـاجی فیـق فیقـەوە بـوو . بــەزۆر خســتیە نــاو پیکابەســەربازیەکەوە وتەقــەیان کــرد بــۆ دوور خسـتنەوەی خـەڵك ، مـن لـەبان نەردەوانەکـەوە . بینیـانم ، بـەزۆر ئەوکچـە جوانــەیان ڕفانــد . ئــەو لێــدان وتەقــەو جنێودانــە بەخــەڵکی ، زۆر ســتەم ونــاخۆش بــوو ، زۆر دڕندانــە بــوو . غــەزالیان بــرد ، کــەس نــەیوێرا فــزە بکـات . مـن دامنــە بـەر بـەرد . هـەموو هاوسـێکان کـەس نـەیتوانی ڕێگایـان لێ بگرن ، بەس ئەگەر باوکم لەماڵ بوایە ئەهاتە دەنگ

.ــ کــوڕم باوکــت هیچــی لەدەســت نەئــەهات . ئێمــەی موســڵمان نــەمان ئەتوانی ، چونکە ئەیان ووت جردۆ موسڵمان بووە بۆیە ئەیانکوشت .

ــ ئـێ باشـە خـۆ غـەزال حـەزی لـەحاجی فیـق فیـق نـەکرد بـوو ، خۆداوایشـی نەکردبوو؟ کەسیش نازانێت ماوە یان کوشتویەتی.

ــ هـیچ سـۆراخی نـەبوو ، لەوانەیـە بـردبێتی بـۆ شـوێنێکی دوور. ئەوەیشـی لەتۆڵەی حوسێنی برای کرد کە نەبووە جاش وپیاوی ئەوان .

ــ ئێسـتا زانـیم حوسـێنی بـرای خەپشـێ نەیویسـت خـۆی بفرۆشـێت وببێـت بەعـەرەب ، یـان جـاش وپیـاوی ڕژێـم ، بۆیەلـە خوێڕێتییـان دەسـتیان بـۆ ناموسی درێژکرد .

ــ کـوڕم ئەگـەر خەپشـێ چـەکی پـێ بـدرێت بەئازایـەتی خـۆی کەلەسـەری سـەدانی وەك حـاجی فیـق فیقـت بـۆ ئەتـەقێنێ . بـەڵام چـی بکـات . پشـت وپـەنای نـەبوو، ناچـار خـۆی لـەماڵی ئێمـە ئەشـاردەوە . کـوڕم ئێمـەی ژنـان جوانیەکـــەمان ســـەرمایەمانە . زۆر جـــار جوانیەکـــەمان ئەبێتـــە بـــەلاً وسەرمان ئەخوات وەك غەزال وکچەکافرۆشی.

نـەوزاد بـاش گـوێی بـۆ دایکـی شـل کردبـوو کـەزۆر متمانـەی بەقسـەکانی هەبوو بەشێنەیی پرسی:

ــ خـۆ ئـەم کچـانە ئـەوپیاوەیان خـۆش ناوێـت ، چـی سـوودلەجوانیەکەیان ئەبینن؟

ـــ کـــوڕم تۆئـــەبێ لـــەپاڵ جـــوانی ژن ، خۆشەویســـتی دروســـت بکـــەی ، چـــونکە خۆشەویســـتی جـــوانی پـــاراو ئـــەکات ، دەســـت درێـــژی کردنەسـەرجوانی لەکـەداری ئـەکات .هـەرکات کچـێکی جـوان متمانـەی پێـت کـرد ، جوانیەکـەیت پـێ ئەبەخشـێت . ئـەبێ تـۆش وەفـای پـێ ببەخشـیت، مـن بـاوکتم خـۆش ئـەوێ ، چـونکە وەفـای بـۆ هـەموو ئـەو قوربانیانـەم هەیـە کـەبۆ ئـەوم داوە، کـوڕی خـۆم هـەموو جـوانی دونیـا لەڕوخسـاری کچـێکدا کۆبکەیتـەوە ، بـەبێ خۆشەویسـتی وەك دارێکـی وشـك وایـە نەبـەری هەیـە نەسـێبەر. ئـەمجار کـوڕم هەرکـە سەرسـامی جـوانی کچـێك بوویـت ، بـیر

لەئابڕووەکـــەی بکـــەرەوە . چـــونکە لای ئێمـــەی ژن ئابڕووەکـــەمان بـــەنرخترە لەجوانییەکـــەمان . نـــەشمیل کـــەمێك مـــات بـــوو ، دیـــاربوو خـــەم نـــاخی ئەکولێنێت وئەمجارە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

ــ مـن کچـم نیەخەپشـێم وەك کچـی خـۆم خـۆش ئەویسـت ، بەکچـی خـۆم دامنـــابوو ، هـــەرگیز بـــیرم لـــە ئاینەکـــەی نەئـــەکردەوە، لەنوێـــژ کردنـــەکانم چـیم بووتایـە لـەو سـڵم نەئـەکردەوە، ئـەویش لـێم توڕەنەئـەبوو ویـان زیـز نەئـــەبوو لەناخـــەوە پەیوەنـــدیمان دایـــك وکچـــی بـــوو ئـــەو متمانـــەی پێمـــان هەبووهـــەموو جارێـــك خەپشـــێ ئـــەیووت :ئەگـــەر هـــەموو موســـڵمانەکان وەك ئێـــوە بـــن ، مـــن هـــەرگیز لـــەحاجی فیـــق فیـــق نەئەترســـام ، حـــاجی فیـــق فیقیش ئەو دەسەڵاتەی نەئەبوو غەزال بڕفێنێت

ـ دایە قسەکانی خەپشێ ڕاست بوون ، ئەو ناهەقی نەبوو .

ـ بەخواکوڕم منیش هەمیشە لەیادمن.

ــ دایـــە ئـــەها جارێکیـــان داوای دەرمـــانی ناودەمـــت کـــرد بـــۆ ئـــازاد ، مـــن ماڵەکـــەم نەئەناســـی . هەرناونیشـــانیان دا لای مەرقـــەدی زەینـــەبی بچـــوکە . مـــن ئـــەو نـــاوەم نـــەدیبوو هـــەر نـــەمزانی کوێیـــە. دوریـــش بـــوو . لـــەلای نەخۆشـــخانەکە، بـــەناو بـــازاڕدا ئەڕۆیشـــتی تـــالای شـــوراکۆنەکەی شـــار . ناچـار خەپشـێ هـات لەگـەڵم ، ئـەویش لەچـکەکەی ئاڵانـدە دەم ولەتیـەوە وتـاکو کـەس نەیناسـێتەوە ، پێشـم کـەوت بـۆ سـەرەوە. لەخەسـتەخانەکە چوینەســـەر جادەولـــەنزیك چـــایخانە گەورەکـــە . خەپشـــێ شـــپرزەبوو . تومـەز حـاجی فیـق فیقـی دیـوە مـن ئاگـام لێنیـە. کەوتـە لـەرزین وقسـەی بـۆ نەئـەکرا ، هەرچـیم کـرد لێـی حـاڵی نـەبووم .هەرئـەیووت حـاحی فیـق فیـق ،ڕقـــم هەســـتا ، حـــەزم کـــرد بچـــم بەبـــەرد وبـــەدار، بەئاســـن ، بەچـــەقۆ

هەرچـییەکم دەسـت بکەوتابـە ،بمکێشـایە بەسـەری ئـەو حـاجی فیـق فیقـە سـەگبابە. لەخەپشـێ زیـاتر ڕقـم لێـی هەسـتا . نەمئـەزانی چـی بکـەم ،نەمئـەوێرا بچـمە گیـانی ئـەو حـاجی قۆندەرەیـە. ناچـاربووم هەربـەدوای خەپشـێ بـەڕاکردن بێمـەوە. ئـەو هێنـدە خێـرا ڕایئـەکرد نەئەگەیشـتم پێـی . هـەرهاەارم ئـەکرد ، بسـەکنە، خەپشـێ بسـەکنە. هـەرگوێی پێنـەدام ، هـەر ئـاوڕی نەدایـەوە،قایمتر ڕایکـرد. لەسـێ ڕێیانەکـە لای نـەدابۆ کـۆڵانی مـاڵ خۆیـان ولای دەستەچـەپی گـرت بـۆلای مـاڵی ئێمـە خێـرا خـۆی کـردە حەوشـەی ئێمـەیا .منـیش بەهەناسـەبڕکێ گەیشـتمە مـاڵ . تۆیەکسـەر گـوێی منـت ڕاکێشـاولێم تورەبـووی وتـت بـۆ لەخەپشـێ ئـەدەی .لـەئێش گوێچـکەما هەرئەوەنـدەم ووت، لـێم نـەداوە حـاجی فیـق فیقـی دی. تـۆ گوێمـت بـەرداو وشـپرزەبووی ووتـت چـی بـوە ؟ووتم حـاجی فیـق فیـق لەچـایخانەکە دانیشـتوەو خەپشـێ لەترسـا ڕایکـردووە. ئەوسـا چـووینە ژورەوە بەسـتەزمانە بەتانیـەکی دابـوو بەسـەرخۆیاولەناو پێخەفـەکان خـۆی شـاردبوەوە.ئەلەرزی لەترسـا،زۆر گونـاه بووبەقـەدەر ترسـەکەی ئـەو مـن ڕقـم لـەوحاجی یـە خوێڕیـە هەڵسـا . وەك بـارانی بـەهار فرمێسـك لەچـاوی ئەهاتـە خـوارەوە . منـیش تـۆقیم . ڕەنگـی هـەڵبزڕکابوو . لەترسـا زەردەوەبوبو، هەرئەوەندەی ووت:

- حاجی فیق فیق ، من حاجی فیق فیق دی.

بـەخوا ئەوەنـدە گونـاح بـوو زۆر دڵـم پـێ سـووتا منـیش نەمئـەزانی چـی بکـەم ، بمتوانیایـە ئـەو حـاجی فیـق فیقـەم ئەکوشـت . دوای وازمـان لەدەرمانەکە هێنا و بۆ بەیانی میهری چوو لەوماڵە هێنای

ــ بـەخوا کـوڕم ئــەو ماڵــە زۆر ڕەزالــەتیان بـینی . ئێمــەش هــەر خەفــەتمان لێیــان ئــەخوارد. ئــەڵێن گوایــە حوســێنی بــرای غــەزال ، ئەمــەی بیســتووە وهەڕەشــەی لــەحاجی فیــق فیــق کــردوە. لەوانەیــە ڕۆژێـك ببیتــە پیشــمەرگە وئەم خوێڕییە ئەکوژێت .وتۆڵەی غەزالی خوشکی ئەکاتەوە .

ــ دایـە زۆر جـار لـەڕێگای بـازاڕ لەوچـایخانەیە حـاجی فیـق فـیقم ئـەدی ، زۆر ڕقـم لێــی بـوو . بــەخۆی وڕیشــە درێژەکەیــەوە زۆر ناشــیرین بـوو ، هەمیشــە چەند کەسێکی جل سەوزی لەگەڵ بوو .

ـ لێپرسراوی حزبی بەعس بوو ، پیاوی حکومەت بوو

ـ دایە ئێستا پێشمەرگە هەیە ؟

ــ نــازانم ، پــاربوو گشــتیان هاتنــەوە، خــاڵۆت پێشــمەرگە بــوو . زۆرێــك لەخزمــەکان پێشــمەرگە بــوون ، ئــەم قــادرە بــرای وەلــیش لەگــەڵ خــاڵۆت پێشــمەرگەبوو . باوکــت جارجــار هــەواڵی کــەرکوکی ئەهێنایــەوە. بــەڵام ئێســتا نــەمان وحکومــەت وئەوانــەی وەك حــاجی فیــق فــیقن خوابیانباتــەوە . ئێســتا ڕۆژیانــە ، هــەزارانی وەك غــەزال ئــەتك ئەکــەن . کەســیش ناوێرێــت فزە بکات .

نەوزاد تەماشایەکی تابلۆکەی کرد ووتی:

ـ دایە تۆباشتر ئەزانی ، ئەم تابلۆیە لەغەزال ئەچێ یان لەخەپشێ؟

ــ هــەردوکیان وەك ئــەم دەم وچــاویان پــان وکوڵمــەیان خڕوئاڵــە، بــەڵام خەپشــێ چـاوی ڕەشـتر بـوو . بــەڵام بەچـارەنوس بێـت غــەزال لەتابلۆکــە ئەچێ.

نــەوزاد هەســتاو چــوە لای دەرزی دانەکــە ، کەلــەژێر تابلۆکــە هەڵواســرابوو بەدەزووی سوروقاوەیی لەسەری نوسرابوو حولومش . بەدایکی وت:

ــ دایــە ئــەم نوســینە نوســراوە حولــومش ، تۆنــازانی مانــای چــییە؟ ئەمــە خەپشیێ چنیویەتی .

ـــ نەبــەخواکوڕم ، نــازانم. خــۆت ئــەزانی مــن تائێســتاش فێــری شــێوە قسەکردنیان نەبووم.

نەوزاد پێکەنی و وتی:

ــ دایــە ئــەوان بــەتۆیان ئــەوت چــاوانی ، واتــە چــۆنی ؟ تــۆ ئــەتووت چــاوانی خۆش بێت .

ـ دایکی زەردەخەنەگرتی و وتی:

ــ کــوڕم بــەخوا مــن هەرئەوەنــدەی لــێ ئــەزانم، بــەلاّم بــەم دواییــە بــاش لێیــان تێئەگەیشتم و زیاتر لەقسەی خەپشیێ تێئەگەیشتم.

ـ ئەویش لەمنەوە زۆر شتی خۆمان فێربوو.

ـ ئەی تۆ خوێنەوارنیت ، بۆنازانی حولومش چییە؟

ـــ نــازانم کوردیــە، یــان عەرەبیــە. خــۆ خەپشــیێ خۆێنــەواری نــەبوو . بــەس میهــری بەعــەرەبی شــتی ئەنوســی.وابزانم حولــو بەعــەرەبی واتــا شــیرین ، مش ڕەنگە مژ بێت واتا تام شیرین ، لەوە زیاتر نازانم .

ـ لەوانەیە هەروابێت مەگەر لەخەپشیێ خۆی پرسیاربکەین .

ـــ ئەگــەر لەگــەڵ بــاوکم بچــمەوەبۆ شــەنگال، بۆســەردانی کردنیــان ئــەوا پرسیاری لێ ئەکەم .

ـ بۆ بەتەمای بڕۆیت ؟

ـــ دایــە بیریــان ئەکــەم ، لــەنیوەی ســاڵ ئەچــم لەگــەڵ بــاوکم و دوایــی هەرلەگەڵ ئەو دێمەوە ،

ـ مانگێك لەوێ ئەبیت؟

ـ ئێ قەیچێکە ، بامانگێك لەوێبم .

ئـازاد وشـێرزاد کـە گوێیـان لـەم قسـانەی نـەوزاد ودایکیـان ئـەگرت وتـەواوی خورماکـەیان نـاوك دەرکردبـوو ، هەسـتان بـۆ دەسـت شوشـتن . دایکیـان ووتی:

ــ ئافـەرین زۆر بـاش ناوکتـان دەرکـردووە . وائێسـتا منـیش بۆتـان ئەکەمـە خورمـاو ڕۆن ، هەسـتاو تاوەکـەی هێناولەسـەر سـۆپاکەی دانـا ودووکەوچـك ڕۆنـی ڕاعـی کـردە تاوەکـەو قرچـەقرچ پەیـدابوو وخورمـاو ڕۆنەکـەی بـۆ کردن وبەنانی گەرمەوە تێریان لێ خوارد.

**********************

گـــەڕەکی شـــۆرجە لـــەکۆتایی گـــەڕەکی موســـەلاَوە درێـــژ ئـــەبوەوە تـــا کارێزەکــە . ئــەو خانوانــەی تــازە دروســت کرابــوون ، کۆلاَنــەکانیان هێشــتا پـــڕ نـــەبوبوەوە پێیـــان ئـــەوت مەولـــەوی کەکـــەوت بوونـــە خـــوار کاکەییەکانــەوە. لەڕۆژهەلاَتیانـــەوە پێـــی ئـــەوترا ســـەرکارێز . کارێزەکـــە لەمزگـــەوتێکی ئێـــرەوە هەلَئـــەقولاَ وبـــەژێر مالَەکانـــدا ڕێـــی ئـــەکرد ودواتـــر لـــەنزیك گردێکـــی نیمچـــەبەرز بەچـــەند کونێـــك دەرئەکـــەوت وکـــە لەشـــێوەی بـیر خـۆی ئەنوانـد . لـەنێوان ئـەم کونانـە زەوی ئاسـایی بـوو دواتـر وەك جۆگەیـەکی ئاسـایی سـەربەتالَ بـەرەو خـوارتر ئەڕۆیشـت ، ئـەم جۆگـەئاوە سـوێر بـوو بەکـەلَکی خواردنـەوە نەئـەهات .بـەلاَم هەمیشـە پڕبـوو لـەقاز وســۆنەو مــراوی سەرســەزوپەڕوبالَ ســپی ورەش وبــۆر کەمەلــەیان تێــدا ئــەکرد ولەپاکیـدا ئەدرەوشـانەوە. هەنـدێ مـالَیش سـەراوەکانیان خسـتبوە ســـەر ئـــاوی کارێزەکـــەو خـــەلَکی پێـــی هەراســـان بووبـــوو، چـــونکە منداڵـــەکانیان هەمیشـــە خـــەریکی یـــاری کـــردن بـــوون لەدەوروپشـــتی جۆگەئاوەکـــە. هەنـــدێ منـــدالَیش بووبـــون بـــەدوژمنی بۆقـــەکان وهەرکـــە ســـەریان دەرئـــەکرد لـــەناو ئاوەکـــە ئـــەمان بەدارلاســـتیك بـــەردیان تـــێ ئەهاویشـــتن وســـەری بۆقـــەکانیان پـــان ئـــەکردەوە. ئـــەبوە لاشـــەیەکی بـــێ گیــان وئاوەکــە ئــەیبرد. جارجــارە بــەدارقامیش قرژاڵەکانیشــیان هەراســان ئـــەکرد گردەکـــەی تەنیشـــت کارێزەکـــە هەمیشـــە منـــدالَ وگـــەورە لەســـەر گردەکــە ئــەهاتن وئەچــون . شــوێنیان بــۆ یــەکتری چــۆلَ ئــەکرد؟ مــام دەروێـش کـەرەکانی خـۆی لـەوێ ئەبەسـتەوە، ئـالیکی بـۆ دائـەنان لـەناو تورەکەیـــەك وئەیکردەملیانـــەوە .چـــونکە مالَەکـــەیان نزیـــك وبەرامبـــەری

گردەکــەبوو .جارجــارە منــالآنی قــاو ئــەدا ئەگــەر کــەرەکانیان هەراســان بکردایــە ، چــونکە هەنــدێگیان ناڕەحــەت وبزێــو بــوون ، چــنگڵە چــزێی کەرەکانیان ئەدا.

ژنــان وپیــاوانی ئــەوناوە هــەرکاتێك خۆڵیــان بویســتایە ، لــەم گردەیــان هەڵئەکەنــد ئــەیانبرد، هەنــدێ جارکوپەڵــەی بچــوك بچــوك وئوموســتیلەی کــۆنی زێڕیــان ئەدۆزیــەوە . کەسـیش هێنـدە بەلایـەوە گـرنگ وپڕبـەها نـەبوو . تــەنها بــەوە دڵیــان خــۆش ئــەبوو کەپارچــەیەك زێڕیــان دۆزیوەتــەوە . کەســیش گــوێی بەمــە نەئــەدا ، پێئەچــێت شــوێنەواری دێــرین بێــت . کەپەیوەنــدی بەمێــژووی کــوردەوە بێــت . حکومــەتیش پێــی خــۆش بــوو لەناوبچــێت ، نەوزادلەگــەڵ شــێرزاد وئــازادی بــرای دەمــە خاکــەنازێکیان بــرد، بۆخــۆڵ هێنــان. بــەهۆی بــارانی ئــەم چــەند ڕۆژەی پێشــوو گڵەکــە فشــۆڵ بووبــوو ، بەئاســانی هەڵئەکــەنرا. هەرکــە دەســتیان پێکــرد چــەند منــاڵێکی هاوڕێیــان بــۆ هاوکــاری لێیــان کۆبونــەوە. یــەکێکیان بەنــەوزادی ووت:

ــ ئەگــەر بــەختت هــەبێ لــەناو ئــەم خۆڵــە ئەموســتیلە یــان کوپەیــەك ئەدۆزیتــەوە ، مــن ئەموســتیلەیەکم دۆزیــەوە دامــە دایکــم بەیــەك حەمکــە پارە فرۆشتی .

ئەویتر ووتی :

ــ ئێمــە گۆزەیــەکی بچــوکمان دۆزیــەوە خۆڵەکــەی نــاوی ئەوەنــە جــوان بــوو بریقــەی ئــەهات ، بــەس بەدەســتمانەوە ڕشــایەناو خۆڵــە زۆرەکــەوە . هــەر ئەدرەوشایەوە .

نـەوزاد گـوێی بـەم قسـانە نـەداو هـەر خـەریکی قازمـە وەشـاندن بـوو ، خۆڵیـان هەڵکەنـدو دوو نیوەگونیـەیان لـێ پڕکـرد. ڕێبوارەکـان ئـەهاتن وئەچـوون، ئاگرەکـەش نێڵـەی ئـەهات وبڵێسـەی بـەرز ئـەبوەوە. بـەڵام تـینی ئاگرەکـەی هـەربۆ دەوروپشـتی نزیکـی بـوو. بـەڵام لەسـەر گردەکـەوە وەك هێمایـەکی جـوان وپـڕ شـکۆ خـۆی ئەنوانـد. منداڵـەکانیش کـە دەسـت وپێیـان ئەتەزی خۆزییان ئەخواست ئێستا لای ئاگرەکە خۆڵیان بهێنایە.

دەورەپشـتی گردەکـە هەنـدێ شـوێنی هێشـتا گـۆلاوی ئـاوی مـابوو ڕێبوارەکـان بـەو دەشـتییە کـە کردبوویانـە تولـەڕێی چـوونە بـازاڕ لـەم گۆلانـە لایـان ئەداولەلایـەکی تـرەوە ئەڕۆیشـتن بـەهۆی ئـەم گۆلانـەوە پێچـاو پـێچ دروسـت بووبـوو . زەحمـەتی بـۆ پاسـکیل سـوارەکان دروسـت ئـەکرد . لـەنزیکی دوکانـەکان گردێکـی بـەرزتر هـەبوو، دووهێنـدەی ئـەم گـردەی خـوارەوە ئـەبوو کـەڕێبوارەکان بەتەنیشـتییەوە پێچـیان ئـەکردەوە ئەچـونە بـەردەم دوکانەکـەی سـەید ڕەشـید کەیـەك دوکـانی بازاڕەکـەبوو . لـەوناوەش سـەرەڕای قوڕولیتەهەنـدێ لەمنداڵـەکان خـەریکی ڕاکـە ڕاکـەو تۆپـان بـوون . هەمووشـوێنێك بـەهۆی تـەختایی ناوچـەکە یەکسـەر دووبـەردیان دائـەناو ئـەیانکردە گـۆڵ . تۆپـان خۆشـی ئەخسـتە دڵییانـەوە، جـاری واهەیـە دوازدە گۆڵیـان لەیـەك ئـەکرد ویـاری هەردرێـژەی ئەکێشـا وبەردەوام بوو.

ئاگرەکـە بـۆ مەولـەوی وسـەرکارێز ولـەتیفئاوا هێمایـەکی جـوان بـوو بوبـوە ناونیشانی ماڵەکان وقوتابخانەکە.

نـەشمیل کۆڵوانەکـەی کـردە کـۆڵی لەسـەر شـانی ڕاسـتی گرێیـدا بـە جۆرێـك سـینگ وبـەرۆکی خـۆی پـێ داپۆشـی ولـەماڵی خۆیانـەوە چـووبەرەو

گردەکـە ، لای ژنـان شـورەیی بـوو بـێ چـارۆکەو کۆڵوانـە لـەماڵ بێنـەدەر وبچـنە کۆڵانـەکانی دوورتـر و بۆبـازاڕیش عـەبا ڕەشـەکەیان ئـەدا بەسـەردا کـە سـەرتاپای باڵایـانی ئەپۆشـی. لـەماڵی خۆیانـەوە کەوتـە ڕێ بـەرەو گردەکـە. لەگـەڵ ژنـانی ئـەوناوە تـاو تاوێـك ئەوەسـتا وقسەوباسـی خۆیـان ئـەکرد. بـۆ هـەواڵ پرسـینێك وجارجـارە لەگـەڵ ژنێـك کـەدیاربوو ماوەیەکـە یـەکیان نـەدیوە، یـەکیان مـاچ ئـەکرد. بـاجی ئـامین ژنێکـی بەتەمـــەنتربوو لەنـــەشمیل کەبۆیەمەیـــەکی لاری بەستبووەســـەری وگـەلاکوتکێکی بەدەسـتەوەبوو ، هـەروەك جـەنگاوەرێك خـۆی ئەتوانـد. ماوەیـەکی زۆر نـەشمیلی ڕاگـرت . کەوتـە دەردەدڵ ڕشـتن . نـەشمیل هەرکـە پرسـیاری عـەودلی لـێ کـرد، ئـامین چـاوەکانی پڕبـوو لەفرمێسـك وبـەدەم خەمـەوە وتـی - دایکـت بمـرێ عـەودل ، هەرلەئێرانـە ونەگەڕاوەتەوە.

- شکوربۆخوا هەواڵی ئەزانن؟

ـــ نەبەخواکچـم ، کـێ ئـەتوانێ بچـێتە ئێـران وبێتەوە.تاهـەواڵێك بـۆمن بێنێتەوە. داومەتە دەستی خوا.

- باشە بۆچی وەك ئەو خەڵکە نەهاتەوە؟

ــ نـازانم بـۆ؟ بـەس هەرئـەوەڵجار کـە پێشـمەرگە هاتنـەوە، ئـەو بەئێمـەی ووت، نایەمـەوە باوەشـی حکومـەت . ئەچـمە ئێـران . زۆرمـان هەوڵـدا ئـەم بەقسـەمانی نـەکرد ئـەیووت حکومـەت جێـی متمانـە نیـە. هەرئەوەنـەی زەحمەتـە دەسـتی لێمـان گیربێـت ، یـان ئـەبێ ببیتـە پیـاوی حکومـەت یـان ڕەزیـل وسـەفیلت ئـەکا. خواپشـتیوانی بێـت .

دایکەکەی دایکم ناهەقی نیە ، دەنگی نزم کردەوەو بەچپە ووتی

ــ: ئـەم حکومـەتی بەعسـە ئـەمانی نیـە وەك دوپشـکە لەبنـەوە پێتـەوە ئـەدا .

ــ دایکـت کـوێربێ عـەودل ، ئـەویش هـەروای ئـەووت . ئـەیوت دایـە متمانـەم بەبـەعس نیـە ، ولآتـی غـەریبیم پـێ خۆشـترە بـەس لەسـایەی بـەعس نـەژیم . هەرچەن ئەیبەم وئەیهێنم تابەعس مابێ ئەو نایاتەوە.

ـ ئەی هاوڕێکانی هاتنەوە؟

ــ ئـەوی مـن بیناسـم هاتـەوە ،قـادر کـوڕ جەلالـە پـەڕگیر لەگـەڵی بـوو لەبەتالیۆنی چواری هێزی پێنجی ڕزگاری بوون.

ـ ئێ سەلامی برایشم هەرلەو هێزەبوو .

ــ بـەڵێ بـەڵێ مـن بـیرم نـەبوو گشـتیان پێکـەوە بـوون ، ژن ومناڵـەکانی براکـەتم لـە مـاڵی جـەلال بـینی ، ئـەزانی چـەند بەڕەزالـەت ئـەژیاین . ئـەو ڕۆژانە ڕۆیشت وخوا بکات نەیاتەوە .

ـ ئەمە بۆکوێ ئەچی بەم گەلآکوتکەوە.؟

ـ کچێ وازم لێبێنە ، باهەرخۆم بیزانم.

ـ توخواپێم بڵێ بۆچیتە.

ــ کچـێ وەرە بمکـوژە. ئـەوە بـۆ گیـان نالـەی جەلالـە پەڕگیرمـە . ئـەو ڕۆژە گەلآبەیـەك گەچـی هێنـا بـۆ ئـەو ماڵـەی ژوور ئێمـەوە، مـاڵ فاتـە قەڵـەو کچـێکی وەك خـۆی قەڵـەوی هەیـە ، نـاوی گەلاوێـژە . لەگـەڵ نالـە کـەین وبـەینێکیان دروسـت کـردوە ، بـزانم خـەریکی بـێ ناموسـیە خوائـەزانێ بـەم گەلآوکوتکـە هەرچـی گیـانی هەیـە ئەیشـکێنم . خـۆ خەریکـە حەیاوحورمـەت نـامێنێ .ئـەوە دوسـێ ئێوارەیـە چـاودێری ئەکـەم . خـۆی قیـت ئـەکات بەتەسـبیحێکەوە دێـت وبـەم ناوەیـا ، ئاگـام لێیـە لەبـەر مـن زۆر نایـات،

یەکجار دێت وکەمێك خۆی دوائەخات وئەڕوات. کچەش ئەچێتە سەربان جل هەڵ بخا وخۆی ئەخلافێنێ تا نادر دێت .

ـ کنا ، وریابە لێت هەڵنەگەڕێتەوە.

ــ حەدی چییە ،وەك کوڕی خۆم فێرگیانی بومە ، خواهەڵناگرێ لە دەشت بووین . پێکەوە یەك ماڵ بووین بەهۆی کوڕەکانەوە کەپێشمەرگەبوون ، هەرچیم ووتبێت ، هەرملیان خەواندووە.

ـ ئەی بۆناچیتە گیانی لەماڵیان.

ــ کنا ئەزانێ هەڕەشەی لێ ئەکەم . هەرلەدوورەوە لێم تێ ئەگا.ئێستا ئەترسێ ولەودیوەوە هات وچۆ ئەکات .

ـ نەشمیل دەستی بەپێکەنین کردو وتی:

ـ دەستت خۆش بێت ، نەنە ئامین.

ــ کنا چۆن ئەیەلم پاخوار دابنێن . باوەك پیاو بێت داوای بکات . خۆم ئەچم بۆ خوازبێنی بۆی. دەی باشە تۆ بۆکوێ ئەڕۆی؟

ـــ دوورناکەومەوە، ئەچم مناڵەکان لەگردەکە هەندێ خۆڵیان هەڵکەندووە. ئەچم ئەیهێنم ئەوان ناتوانن.

ـ دەباشە خواحافیزت بێت .

نەشمیل لەگەڵ کوڕەکانی خۆڵەکەیان هێنایەوە، بەچەند سەتڵە ئاوێك کردیانە قوڕو کایان پێوەکرد وهێشتیانەوە تاکوو باش بخوسێت .

خەڵکی شۆرجە شەوێکی زۆر ساردیان بەڕیخست . ، کەلەژورەکانیش لەرزیان لی ئەهات . سۆپا عەلادینەکان تادرەنگانی شەو ئاگرە شینەکانیان دەدرەوشایەوە . لێفە شین وسورو ڕەنگینەکان گەرمی ئەکردنەوە ، ئەو سەرمایە ناو نوێنی هێندەی تر خۆش کردبوو

. کـــەژن وپیاوەکـــان باوەشـــیان بەیەکـــدا ئـــەکرد وچـــێژیان لەگـــەرمی جەسـتەی یـەکتر وەرئـەگرت وبـێ ووتـە بەیـەکیان ئـەووت گـەرمم کـەرەوە. منـــالآن تـــەنها ئەوکاتـــە ناڕەحـــەت ئـــەبوون کەیـــەکێکیان هـــەر ئەمـــدیو وئـەودیوی ئـەکرد ئـەوانی تەنیشـتی هەراسـان ئـەکرد وبۆڵـەبۆڵ پەیـدا ئـەبوو ، کارئەگەیشـتە ئـەوەی دایـك هاواربکـات بەسـەریانا وبلێـت دەبخـەوە بـەس جولـە جـول بکـە . بـەیانی کەنـەوزاد بـەرەو قوتابخانەکـەی کەوتـە ڕێ ، چـــلورەی بـــەفر وەك دەمـــە تیـــغ لەگوێســـەبانەکان خـــۆی ڕەق ڕەق هەڵواسـیبوو. قوڕولیتاوەکـان بەسـت بـووی وبووبـوون بەبـەردی لـوس .، گۆلاوەکـان شـەختە بـانی گـرت بـوو. کەبەسـەریەوە ئەڕۆیشـت قرچـە قرچـی ئـەهات لەژێرپێیـدا ، هەواکـەی هێنـدە سـاردبوو ناچـار بـوو دەسـتەکانی بخاتـە گیرفانەکانیـەوە. پەنجـەکانی پێـی لـەناو گـۆرەوی وپـێڵاوی لاسـتیك ڕچـی. هـەڵمی هەناسـەی لـەلوت ودەمیـەوە بـەرەو پێشـی خـۆی پـەرش وبـڵاو ئـەبوەوە، وخـۆی گـرژ کردبـووەوە لەسـەرما. . مامۆسـتا لـەناو پۆلەکـەدا ناچـاربوو تـاکو چـەند خولـەکێك قوتابیـەکان سـەرقاڵی دەسـت وپـێ گـەرم کردنـەوە بکـات . دەسـتەکانیان لەیـەك بخشـێنن ولـەجێگای خۆیـان پێیـەکانیان وەك ڕۆیشـتن بـەرز ونـزم پـێ بکـەن . جارجـار گوێیەکانیشـیان بەدەسـتەکانیان گـەرم بکەنـەوە. دانیشـتن لەسـەر ئـەو تەختـەدارە ڕەق وتەقـە ، ناڕەحـەتی ئـەکردن وسـەرما ئەچـوە گیانیانـەوە . هەریەکـەو پاڵتۆیـەکی لەبـەر بـوو کەهەنـدێکیان لەبـەر گـەورەیی یـان فلـتی پاڵتۆکانیـان زۆر نـاقۆڵا بووبـوون . بـەلآم مامۆسـتا بەوانـەی خـۆش وپڕتامـەوە وانەکـەی بـۆ بـاس ئـەکردن وشـی ئـەکردەوە. بـەلآم ئـەوان هێشـتا پەنجـەکانی خۆیـان پـێ خڕنەئەکرایـەوەو لەگۆچـووبوون . نـەیان

ئــەتوانی قســەکانیان بــەڕەوانی بکــەن لەبــەر لێــوە لــەرزەیان ؟ ئەمــەش وای لەمامۆســتا ئــەکردن کــەجارێکی تــر دەســت وپــێ و جەســتەی خۆیــان بەجوڵــە گــەرم بکەنــەوە . هــەتاکو لەوانــەی دوهــەم خــۆر کــەمێك گــەرم ئــەبوو ئەوســا قوتابیــەکان ســودیان لەوانەکەوەرئــەگرت . ئــەو قوتابیانــەی لای پەنجەرەکــەوە دائەنیشــتن وتەماشــای ئاگرەکــەیان ئــەکرد ســەبوریان ئــەهات بــەبینینی بلێســەی ئاگرەکــە. بــەڵام ئــەمڕۆ نــەوزاد دڵــی خۆشــە چــونکە بــەپێی ژمــاردنی ڕۆژەکــان وانزیکــە مانگێکــە ، نــۆرەی مۆڵــەت و هاتنــەوەی باوکیــەتی ، ئەگــەر ئــەمڕۆ نەیاتــەوە ئــەوا ســبەینێ مســۆگەرە کەدێتــەوە . مامۆســتا محێــدین شــارەزای ئــەدەبی کــوردی بەدەنگــە بــەرزو گڕاویەکەیــەوە کەهــەر لەفەرماندەیــەك ئەچــوو ، وانەیــەکی خۆشــی پــێ گوتنەوەلەباسـی شـاعیری عاشـق وجـوانی وخواپەرسـتی مـەلای جـەزیری ، هێنــدە بــەتام چێژەوەباســی ئــەکرد هــەموو جەســتەیان بووبــوو بــەگوێ . لەگــەڵ ڕاڤــەی شــیعرەکانی وعەشــق وئــەوینی ئــەو مــەلاکوردە بــۆ ســەلمای خۆشەویسـتی ، هێنـدە پـاك وئـاگراوی بـوو ئەمانیشـی وەك خـۆی سـووتاند . وســەرماکەی لــەبیر بردنــەوە . کــاتێ زەنگــی پشــووی لێــدا قوتابیــەکان داوایــان لەمامۆســتاکرد کــە وانەکــە تــەواو بکــات ونەچــنەدەرەوە. بــەڵام مامۆســـتا بـــەڵێنی پێـــدان لەوانـــەی داهـــاتووی کـــوردی بابەتەکـــەو بەســەرهاتەکان تــەواو بکــات . ئەمەشــی بۆیــەکرد تــاکو قوتابیــەکان بگــەڕێن بـــەدوای سەرچـــاوەکانی ئـــەم باســـەو خۆیـــان پـــەروەردە بکـــەن . ناچارچــونەدەرەوەی پــۆل بــۆ پشــوو. لــەدەرگای پشــتەوەی قوتابخانەکــە کەدەرگایـــەکی دوودەری گـــەورەبوو بـــۆ چـــونە ژورەوەی ترومبێـــل ، ئــەودیوی قوتابخانــە چــۆڵاییەکی زۆر بــوو ، لــەوناوە تــەنها ئاگرەکەهەیــەو

بڵێســەی بــەرز ئەبێتــەوە . وێنــای ژیانــت پــێ ئەبەخشــێت . تیشــکی زێــڕینی خۆرەتاوەکــە بەســـەر ئــەو زەویــە پــڕ زقومــە بریقــەی ئــەهات، وەك فەرشــێکی بریســکەداری پــان وپــۆڕ وابــوو . چــاوی مرۆڤــی زەق ئــەکردەوە. ناچــار ئــەبووی تیــژ بڕوانـــی . تیشـــکی خـــۆر وئاگرەکــە کەهەنـــدێجار ئەکەوتنــە ســەریەك ، وێنــەی دوو خــۆر لەســەریەك دەرئەکــەوت. دیمــەنێکی نــاوازەی ئەبەخشــی وهــەر لــەدورەوە مرۆڤــی ئەهەژاند.گــەرمای ئەبەخشــیە نــاخ ،بــەلأم جەســتە هەرئەلــەرزی. شــێلم فــرۆش وپاقلــەفرۆش ونۆکــاو فــرۆش هــەلأو لەخواردنەکانیانــەوە بــەرز ئــەبوەوە . بەئەســکۆکەی دەســتیان لــە خۆشــاوەکەیان ئــەکردە ســـەر خواردنــەکان . کەلـــەناو تەشـــت وقازانـــدا لەســـەر ئـــاگری چـــولەی ناوعاربانەکـــە دانرابـــوون .قوتابیـــەکان لەپشـــوی نێـــوان وانـــەکان قـــەرەباڵغییان لـــەدەوریان دروســـت ئـــەکرد . بـــەدەم قســەکردن و لــەپ لــەناو لــەپ خشــاندنیان ، چــەند جارێــك بــەلێو لەرزینــەوە ئیــف ئیفێکیــان ئــەکرد وبــایی پێــنج فلســیان ئــەکڕی . نــەوزاد کەحــەزی لەکوبەکــەی حەســەنە قەڵــەو بــوو لەوانــەی سـێیەمدا هاتــە ئــەوێ . داوای نیــو کوبــەی لــەو کوبــە تەختانــەی کــرد کەلەشــێوەی نانەســاجی بــوو بــەلاٍم نـــاواخنی قیمـــەی کفتـــەی تیـــابوو ، تـــامێکی ئێجگـــار خۆشـــی هەیـــە. قواتبیــەکان ئاشــنایەتی باشــیان لەگــەڵ ئــەم فرۆشــیارانە هەیــە. جارجــارە گاڵتەوگــەپێك لــە نێوانیــان دروســت ئــەبێت ، نــەوزاد بەحەســەنە قەڵــەوی وت: ئەوە هەرلەم کوبانە ئەخۆیت وا قەڵەو بویتە؟

حەسەن بەدەم کوبەبڕینەوە بەچەقۆکەی دەستی وتی:

ـ لاســایی مــن مەکــەرەوە ، ئــەگینا مەکتــەبت پــێ تــەواو ناکرێــت . هەرئــەبێ ورگت بەخێو بکەی.

ـ یانی بچم نۆکاو بخۆم

ــ کـەی مـن ڕۆیشـتمەوە ئەوسـا بچـۆ تێـر نۆکـاو بخـۆ ، مـن بەرگـەی ئـەو بۆنەی زگی تۆ ناگرم.

هاوڕێیەکی وتی:

ـ پۆلەکەمان بۆ گەرم ئەکاتەوە.

هــــەموان دایانــــە قاقــــای پێکــــەنین . وبەچـــاو ئاماژەیـــان بـــەنۆکاو فرۆشـــەکەئەداو جارجـــارە ئاوڕێکیـــان لیـــی ئەدایـــەوە تـــابزانن گـــوێی لەقسـەکانیان بـووەو توڕەبـووە. پـاش کـەمێك زەنگـی چـونە ژورەوە لێیـدا ولەبــەر ڕێــزی مامۆســتا شــێرزاد کــە وانــەی ئینگلیــزی پــیٚ ئەگوتنــەوە نــــەوزاد وهاوپۆلــــەکانی زوو چــــونە نــــاو پــــۆل ئــــەوان زۆر متمانــــەیان بەمامۆســتا شــێرزا هــەبوو لــەو ڕۆژەوە کەیــەك لەقوابیــەکان لەمامۆســتای پرســی بۆچـی ناچـێت بـۆ دەرەوەی ولاٚت لەکاتێکـدا ئـەو زمـانی ئینگلیـزی هــەروەك کــوردی ئــەزانێت ، مامۆســتا بــەدلٚێکی پــڕ لــەگڕی کوردایــەتی وەلاٚمــی دایــەوەو وتــی : مــن وکــەرکوکی پایتــەختی کوردســتان وەك ماســی وئـاوین مـن بـیٚ کوردسـتان نـاژیم .هێشـتا مامۆسـتا نەگەیشـتبوە ناپۆلەکـە بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەو چـەند بەرپرسـێکی حزبـی بـەعس خۆیـان کـرد بـەژورا ، مامۆسـتاش ناچـاربوو لـەدەرەوە چـاوەڕیٚ بکـات تائـەوان تـەواو ئـەبن . بەرپرسـە بەعسـیەکە باسـی گـەورەیی وسـەروەری بەعسـی بـۆکردن . کەهــەموان لــەژێر بەرنامــەی بەعســدا بەشــکۆوە ئــەژین . بــەلاٚم پاشــتر کەوتــە هەڕەشــە کەبۆچــی نابنــە بەعســی وهەرکــەس بــەعس قبــولٚ نــەکات ئــەوانیش بــەعێراقی قبــولٚی ناکــەن وقوتابیــەکانی ترســان . توشــی دلٚــە ڕاوکێــی کــردن ، پاشــان پۆلەکــەیان بــەجیٚ هێشــت وچــونە پــۆلێکی تــر .

مامۆســتا شــێرزاد ئەمــەی پــێ نــاخۆش بــوو ، بۆیــە هەریەکســەر ووتــی . ئەمانــە بــا بــۆ خۆیــان هــەربیلێن ئــەوەتا ئێمــەی مامۆســتا بەعســی نیمــان و هیچیشــمان لێناکــەن ، بــا وانەکــەی خۆمــان بخــوێنین . بــەلاّم توخــوا زمانەکــەی خۆتــان بــەهیچ مەگۆڕنــەوە و هــەتا ئــەتوانن نــاوی کــوردی لــە خوشــك وبراکانتــان بنــێن وخزمەکانیشــتان هــان بــدەن نــاوی کــوردی لەمناڵــەکانیان بنــێن . ئــەم قســانەی مامۆســتا شــێرزاد ورەی پێیــان بەخشــی وترســەکەیان ڕەویــەوە هەریەکــەیان پاڵــەوانێك لەناخیــدا هەڵکــەوت . ئەوسامامۆســتا بەزمانەشــیرینەکەی کــوردی وانــەی ئینگلیــزی پێــدان بۆئــەوەی زۆر بــاش لێــی تێبگــەن . نیــوەڕۆ قوتابیــەکان دەوامیــان تــەواو بــوو ، هەرچــی زقــوم وشــەختە هەیــە توابــوەوە وئەودەشــت ودەرە ببــوە قــوڕێکی مــچ وتونــد کــەپێی ڕێبوارەکــانی ئــەگرت . تــەنها لــەپێش دەرگــای قوتابخانــە کــە تاســەرجادەکەی نێــوان ســەرکارێز ولــەتیف ئــاوا تێکەڵــەبوو لــەوێوە بــەرەو گردەکــە و کارێزەکــە وماڵــەکانی مەولــەوی هــەموو قوڕولیتەیــەکی ســەخت ونــاخۆش بــوو . قوتــابی وڕێبوارەکــان ناچــارئەبوون پــانتۆڵ وشــەرواڵەکانیان هــەڵ بکــەن . هەنــدێ جــار جووتــە پێلاّوەکانیــان بەدەســتەوە ئــەگرت ، تابــەپێی پــەتی هــات وچــۆ بکــەن . کەئەگەیشــتنە شــوێنی مەبەســت بەمەســینەیەك ئــاو پێیــەکانیان بشــۆن ودەســت وپێیــان لەســەرمای ئاوەکــە ئەتــەزی . ئــازاد وشــێرزاد بەجزمەکانیانــەوە بــەرەو قوتابخانەکــەی خۆیــان کەوتنــە ڕێ ، نــەشمیل لەترســی ســەرما بــاش بــاش پێچــابویانیەوە . دوگمــەی بــن ملیــانی تونــد داخســت بــوو ، هەریەکــە کلاّوێکــی خورییــان لەســەر کردبــوو. کەگوێیــەکانیانی داپۆشــی بــوو . هــەردوو دەســتیان لــەگیرفان نــابوو بەجانتاکــەی کۆڵیانــەوە بــەناو ئــەو

قوڕولیتــەدا هــەنگاویان ئــەنا. هێنــدەی نــەبر نــەوزاد هاتــەوە . دایکــی چــوە پیریــەوە وئــەویش پێڵاوەکــانی لەبــەردەم بەلوعەکــە پــاك کردەوەودایکــی بەئەسپایی پێی ووت :

ـ میوانمان هەیە .

ـ کێیە ؟

ـ وەرە ژورەوە خۆت بیبینە.بزانم ئەیناسیتەوە.

نــــەوزاد بەئەســــپایی لەهەیوانەکــــە پێڵاوەکــــانی دانــــا وچــــوە ژورەوە . کــەتێبینی کــرد ، خۆشــیەك کەوتــە دڵیــەوە . حەمــە گوڵــەو دایکــی هــاتوون . بەگەرمی لێیان چوە پێش وباوەشی بەحەمەیاکرد.

ــ یــاخوا بــەخێربێن .ڕووی کــردە دایکــی حەمــەو بــەخێرهاتنی گــەرمی لێکــرد وخۆشــحاڵی دەربــڕی بــەهاتنیان . گولاڵــەی دایکــی حەمــە ســەیرێکی بــەژن وبالأی نەوزادی کرد وگوتی:

ــ ماشــەلاٚ بــەم دووســیٚ ســاڵە لــەپێش چــاوم گــەورەبووی ، بــالاٚ بــەرزو ئێســك ســــوك ، بــــانگی کــــرد وهــــەردوو لاڕومــــەتی مــــاچ کــــرد . ئۆخــــەی کوڕەشیرینەکەم .

حەمــە چوولەتەنیشــت دایکیــەوە دانیشــت ونــەوزادیش بەرامبــەریان دانیشــت ، خۆشــحاڵی خــۆی دووبــارەکردەوە بــەهاتنیان ، وهــەر لەحەمــەی ئــەڕوانی ، کەئــەویش گــەورەبووە وتەنکــە ڕیشــێکی هەیــە وسمێڵەکــەی باریــك وتــەنك ، دەم وچــــاوە خڕەکــــەی هــــەرماوە وقــــژێکی درێــــژی هێشــــتوەتەوە کەگوێچــکەکانی داپۆشــیوەتاکو پشــتی ملــی. خــۆی لــەناو قــاتێکی کــوردی پێچــاوەتەوە . چــاوەکانی خەماویــە وهەســت ئەکــەی مــاتی وبێــدەنگی داگــیری کردوەئــەو حەمــەی جارانــە نیــە کەهەمیشــە پێئەکــەنی . بــەلأم

بۆئــەو وەك جــارانی خۆشـــی ئەخاتـــە دڵ ودەرونیـــەوە. گولاڵــە لەنــەوزادی پرسی :

ـ لەپۆلی چەندی؟

ــ سـێیەمی ناوەنـدی . ئـەمجار نـەوزاد لەحەمـەی پرسـی ئـەی تـۆ محەمـەد خۆ هیچ سالێك نەکەوتووی؟

ــ مـن ئێسـتا نـاخوێنم . بەخەمباریـەوە محەمـەد ئەمـەی ووت نـەوزاد بـەم وەلاَمە سەرسام بوو خەمباربوو وتی:

ـ بۆچی وازت هێناوە؟

گولاڵە بێدەنگیەکەی محەمەدی شکاندو لەبری ئەو وەڵامی دایەوە:

ـــ کـــوڕم بـــارودۆخی ژیـــانی ئێمـــە تێکچـــوو ، ئـــەمیش نـــەیتوانی درێـــژە بەخوێنـــدن بـــدات . نـــەوزاد هـــەروا لەحەمـــە ڕامـــابوو ، چـــاوی لەســـەر هەڵنەئەبڕی . وتی:

ــ ئەمـە تـۆی کـوڕی بـاش ، ئێسـتاش بڕواناکـەم ، کـەتۆ بیـت ، بـەلاَم توخـوا چـی بـووە وا وازت لەخوێنـدن هێنـاوە؟ ئـای کەهـەڵوەدابووم چـاوم پێـت بکـەوێت . لـەو ڕۆژەوە کەگەڕاوینەتـەوە، مـن دڵـم بـەتۆ خـۆش بـووە ، دڵـم بەکـەس ناکرێتـەوە . کـەس بـەهاوڕێی خـۆم نـازانم ، کەسـیش ناناسـم . هەرئـەمووت حەمـەم هـەبێت ئـیتر بەسمـە وپێویسـتم بەکـەس نابێـت . حەمـەش کەبـەجوانی گـوێی گـرت بـوو وزەردەخەنـەی دەهـات و کـەیف خۆش بوو کەهاوڕێکەی ئاوا بیری کردوە ، بۆیە بەسۆزەوە وتی:

ــ سـوپاس نـەوزاد گیـان ، بـەخوا تـۆش لـەبیرمی ، ئێمـە ماوەیـەکی زۆرە ماڵمـان لەکـەرکوك نـەماوە ووایـن لەچەمچـەماڵ . منـیش نـەمزانیوە ئێـوە هاتونەتـەوە. هـەتاکو بەڕێکـەوت . دایکـم بیسـت بـووی . وتـی مـاڵ نـەوزاد

هاتونەتــەوە بــۆ کــەرکوك ولەگــەڕەکی مەولــەوی دائەنیشــن . منــیش پــێم خۆش بوو ئاوا لەدەرفەتێکدا بێینە سەردانیتان .

نەوزاد بەپەرۆشی وخۆشحاڵیەوە وتی:

ـ یـاخوا بـەخێربێن ، بـڕوات بێـت ئەوەنـدەی ئـەم دنیایـە گەشـامەوە بـەهاتن وبینینتان.

بـاجی گوڵاڵــە زۆر شــتی هێنایــەوە یــادی نــەوزاد، کەچــۆن ئەهاتــە شــوێن محەمــەد وپێکــەوە ئەڕۆیشــتن بــۆ یــاری وگــەڕان ، لــەپاش نیــوەڕۆژەکردن وگفـت وگـۆی خـۆش نیـازی چـوونەوەیان هـەبوو ، بـەلاَم نـەوزاد نەیهێشـت وسـوێندی خـوارد کەئـەبێت ئەمشـەو بمێننـەوە . تـاکو زیـاتر بەیەکـەوە کـات ببەنەسـەرو زۆر لەمێـژە لەیەکدابڕاون.نـەوزاد هەسـتی ئـەکرد حەمـە وەك بلێـی لەگـەڵ کەسـێکی نیمچـەنەناس دانیشـتووە، شـەرمێك لەچـاوەکانیدا دەردەکـەوێت وەك حەمـەی ئەوسـای بەرلەچـەند سـاڵێك نیـە. کـەزۆر بلـێ بێـت وهەرچـی بێتـە دەمیـا نەیگێڕێتـەوە. ئەمـە چـەند سـاڵێکە یـەکیان نـەدیوە ، حەمـە گـۆڕاوە کـەم دوو بـووەو کـەمێ مـاتی پێـوە دیـارە . بـەلاَم دایکـی حەمـە ودایکـی نـەوزاد هـەروەکو جـاران دووبـەدوو گفـت وگـۆو قسەوباسـیان گەرمـە ،هەریەکـەو بـەوی تـر ئـەڵێ : کنـا وابوو ، وانەبوو .

بـەلاَم نـەوزاد پرسـیارێك لەمێشـکیدا ئـەهات وئەچـوو ،بۆچـی مـام عـەولاَی بـاوکی حەمـە نـەهاتووە؟ بـەلاَم پێـی نـەکرا ئـەم پرسـیارە بکـات . تالەپڕێکدا دایکی لەگولاَڵەی پرسی .

ـ ئەی محمد ناخوێنێ سەرقاڵی چییە؟

گولاڵــە لەســـەرخۆ وەڵامـــی دایـــەوە لەکاتێکــدا بەچـــاوەکانی تەماشـــایەکی بەزەییانەی محەمەدی کرد و وتی:

ــ دوکـانێکی بچـکۆلەمان هەیـە ، وردەواڵـەی منـاڵان وسـەوزەو میـوەی تیـا ئەفرۆشێت .

ــ لەشـی سـاخ بێـت ، ئـەی بـۆ وازی لەمەکتەبەکـەی هێنـا ؟ بتانهێشـتایە خوێندنەکەی تەواو بکات ودەستی لەئیشێکی باش گیربوایە.

ــ خوشـکم خوێنـدن خـەرجی ئـەوێت ، مـاڵیش خـەرجی ئـەوێت . دووعانـە پەیـدا بکـات . لەخوێندنەکـەی باشـترە. دایکـی نـەوزاد لەمـە تێنەگەیشـت .پرسی:

ـ بۆ وا ئەڵێی هیچ بووە؟

دایکـــی حەمـــە ئـــاهێکی هەڵکێشـــاو بەخـــەمێکی قوڵـــەوە کـــەگریان تێکـــەڵ قسەکانی بوو وتی:

ــ دایکـت بمـرێ یـاخوا ، خۆشـی لـەخۆی نـەبینی کـێ هەیـە خـەرجی حەمـە بکێشـێ . ناشـوکری نـەبێت لـەو خوایـە زیـاتر کێـی هەیـە . مامـە، خـاڵۆ، بـرا کـێ هەیـە . ئـەی ئەگـەر ئـەم هەڵپەیـەك نـەکات ، کـێ هەیـە عانەیـەکمان بداتێ . ئەوە دووساڵی ڕەبەقە . باوکی نەسەری هەیە نەسۆراخ.

نـــەوزاد بـــەم قســـانە ڕاچـــڵەکی وەك بروســـکە لێـــی دابێـــت دڵـــی داخورپـــا . بەتێڕامانــــەوە . وشــــك وەســــتاو لەقســــەکە ئەکۆڵاێــــەوە ، فرمێســــك لەچـاوەکانیدا هاتنــە خـوار بــۆ حەمــەی هــاوڕێی . واتــە حەمــە بــێ باوکــە وتەنیاباڵە ، نەشمیل ووتی:

ــ کنـا تـۆ ئـەڵێی چـی ، مـن هیچـی وام نەبیسـتوە ، خوانەخواسـتە چـی بـوە بـــۆبیَ سەروشـــوێنە؟ بـــۆ ئێمـــە ئاگامـــان لـــیَ نیـــەو کەســـیش باســـی نەکردووە.ئەی بۆ کویَ چووە؟

بــەدەم قــوڵپی گریانــەوە بــەدڵێکی پــڕ خــەم و پــەژارەوە ودایکــی حەمــە کەوتــە خــەم ڕشــتن و وتــی: - چــی لــەئێوە نهــێنی بێــت ، نــەشمیل گیــان . ئیــوە لێــرە بــوون .کەبــەیانی یــازدەی ئــاداری دا، لەهــەموو شــوێنێك بووبەجــەژن وئاهــەنگ . لەڕادیۆکــە کەبەیانەکــەی خوێنــدەوە ، ئــیتر دوای ئــەوە پێشــمەرگە هاتنــە ناوشــارەوە ،دنیــا ئەوەنــدە ئــارام وکــپ وبێتەقــەبوو . وتمــان مەکــە مەکــە گەیشــتینە ئــاواتی خۆمــان وکــورد هــەقی خۆی وەرگرت .

نــەوزادو نــەشمیل هــەموو گیانیــان ببــوو بــەگویَ وهەســتیان ڕائــەگرت بــۆ قسەکانی دایکی حەمە. ئەویش بەردەوام بوو لەقسەکانی و وتی:

ــ لەبیرتــە نــەوزاد تــۆو محەمــەد وێنــەی مەلامســتەفاتان بــەرز ئــەکردەوەو بەناو کۆلاَنەکان ئەسوڕانەوەلەگەڵ منداڵانی کۆلاَن ووتافتان ئەدا؟

نــەوزاد تاوێــك خەمەکــەی ڕەویــەو بەیادکردنــەوەی ئەوڕۆژانــە بەحەســرەت وئاهێکەوە وتی:

ــ بــەڵیَ لەبیرمــە ، دوو وێنــەی مەلامســتەفامان پەیــدا کــرد ولەگــەڵ محەمــەد وناسیح وکاوە وهاوڕیکانی ترمان هاوارمان ئەکرد:

- کورد وکوردوکوردستان

مەلا مستەفای بەرزان

کێتان ئەویَ بۆ ڕەئیس

باوك لوقمان و ئیدریس

عێراق شانزە لیوایە

بەشی مەلاشی تیایە

ئێمە کوردین کوردمان ئەوێ

مەلانەبێت نامانەوێ

حەمەش بزەیەك کەوتە لێوانی وتی:

شتێکی ترشمان ئەوت لەدژی تورکمانەکان ، لەبیرتە ئەمان ووت:

کورد وعەرەب برایە

تورکمان سەگی قەلآیە

نەوزاد زەرەخەنەی بەردەوام بوو دانەکانی دەرکەوت وتی:

تورکمانەکان پێی قەلس ئەبوون ولەوسەری شۆرجە لەگەڵ منداڵە تورکمانەکان ئەمان کردە شەڕەبەرد وئێمە بەقەڵماسن ڕاویانمان ئەنا ولەهەقمان نەئەهاتن .

گولآڵەبەخەندەی کوڕەکەی نەوزاد کەمێك ئارام بووەوەو، فرمێسکەکانی سڕیەوەو سوکنایی دڵی هات وتی:

چوارساڵ ئاوها بەخۆشی بردمانە سەر . دڵمان خۆش بوو ئەوەبوو ئێوە بارتان کرد ولەکەرکوك نەمان . وردە وردە بارودۆخەکە بەرەو خراپی ئەڕۆیشت وحکومەت ئەیویست خۆی زاڵ بکاتەوە بەسەر کوردا ولێرەو لەوێ خەڵکیان ئەگرت وخەڵکیان سەخڵەت ئەکرد ، بەکوردی وپوختی شەڕیان ئەفرۆشت . ئەوسا پێشمەرگە دایانەوە شاخ وشەڕ هەڵگیرسایەوە. ئەوەی زەلام وگەنج بوو هەڵهات وچەکی هەڵگرت . خوا ئاگای لێیە لە گەڕەکەکان تەنها پیرونەخۆشەکان مابوون . هەمووی

بــووه پێشــمەرگەو چــەکیان هــەڵگرت . هــەبوو چــەك نــەبوو بیــدەنێ کوتەگێکیان پێدابوو پێیان ئەوت هێزی کوتەك

. نـــەوزاد پێخـــەنین گرتـــی بـــەوناوه هەرچـــی حەمـــە بـــوو خـــۆی ئەوبارودۆخـەی بـینی بـوو تیایـدا ژیـابوو بەلایـەوه قسـەکە سـەیر نـەبوو . دایکی حەمە بەردەوام بوو لەقسەکانی:

ــ بـاوکی محەمـەد ئـەویش وەك خـزم وهـاوڕێ وکەسـەکانی چـەکی وەرگـرت وبــووه پێشــمەرگە ، کوڕەکــانم ئەوســا شــورەیی بــوو کەســێك نەبێتــە پێشـمەرگە .ئێمـەش ڕامـان کـرد لەترسـی حکومـەت ولـەلادێ گیرسـاینەوه چـوینە ئۆمەرەگـەدە ، دێیـەکی قـایم بـوو ، ماڵـە پێشـمەرگەی زۆری لێبـوو . هەرئەوسـا محەمـەد مەکتەبەکـەی فـەوتا هـەر لەگـەڵ خۆمـا مایـەوه . بـاوکی محەمـەد ئاگـای لێمـان بـوو ، وخـەڵکی ئـەوێش چـاوی لەئێمـەبوو . ڕێزیـان لێمـان ئـەگرت ونەیانئەهێشـت کـەم وکوڕیمـان هـەبێت . شـەڕیش تائـەهات قورسـتر ئـەبوو حکومـەت بەتـەیارەو تـۆپ ئەیـدا لـەو دێیانـە . ئەونـدە کـافرو بێویـژدان بـوون نـەیان ئـەوت ئەمانـە ژن ومنـداڵیان تیایـە و یـان خـەڵکی لادێکـەن ، هـەمووی بەپێشـمەرگە دانـابوو . بـەخوا بـەزەییان بـــەمناڵی شـــیره خـــۆرەش نەئەهاتـــەوه . ئـــەیان ووت ئەمانـــە منـــاڵی تێکـدەرەکانن . بـابمرن ، بـەخوا ئەوەنـە دڵـڕەق بـوون ڕێگایـان بەشـەکرو چایی وبرنج وزەخیرە نەئەدا بگاتە ئەودێیانە .

نـەوزاد بەپەرۆشـەوه گـوێی لـەم قسـامە ئـەگرت و بـیری لەحەمـە ئـەکردەوه کەچۆن ژیاوه بۆیە پرسی:

ـ ئەی چۆن ئەتان توانی بژین . چۆن ڕۆژتان ئەبردە سەر.

ــ کـورِم ڕاهاتنــە ئـەبێ ڕابـێین . سـەگ ومرشـکی ئـەو دێیانـەش ڕاهـات بـوون کەتـەیارەکان ئــەهاتن وبۆردومانیــان ئــەکرد . لــەجێی خۆیــان مــات ئــەبوون . هەنــدێجار لەگــەڵ ئێمــە ئەهاتنــە نــاو کونــە تــەیارەوە . ئەوکونانــەی لەزەوی کردبوومان بۆ خۆشاردنەوە .

دایکـی نـەوزاد بەسەرسـامیەوە گـوێی بـۆ قسـەکانی دایکـی محەمـەد ئـەگرت و ووتی:

ــ بـەخوا خوشـکم حکومـەتێکی زاڵمـە بـاوکی نـەوزادیش باسـی ئـەکرد بـۆم . ئــەو خەڵکــە چــی بەســەرهاتوە . هــەردڵم پــڕ ئــەبوو لــەگریان وتــەنها دەسەلأتی نزاکردنم هەبوو ،

ــ خوشــکم دووجــار ئێمــە لەئۆمەرەگــەدەوە پەڕیمانەتــەوە بۆنــاو شــوان . کــەزانیمان حکومــەت بەتــەمای هێرشــی گەورەیــە . لەگونــدی رەحیمــە قوتــەو دەلــۆ ماینــەوە ، هــاورێ پێشـمەرگەکانی بـاوکی محەمـەد لای خۆیـان شــوێنیان بۆمــان کــردەوە . ئــیتر چــەند مانگێــك لــەوێ بردمانەســەر ، جــارێکی تــر گەڕاینــەوە ناوخزمــەکانی ئۆمەرەگــەدە . مەلاحەمیــد ژۆری زیادەیـان هـەبوو دای پێمـان ، ئـیتر ئەوەنـەی لای ئـەوان بـووین بـێ خـەم بــووم ئــەو پیــاوە وەك کچــی خــۆی ئەیپاراســتم . بــاوکی محممــەدیش درەنگــتر ئەهاتــەوە لامــان شــەڕ قورســتر بووبــوو لــە هەمووڵایەکــەوە پــەلاماری یـەکیان ئـەدا . هـەواڵی بـاوکی محەمـەدم نـەما ، نـەشمان ئـەتوانی بیدۆزینــەوە . لــەکێمان ئەپرســی ئــەیان ووت لــەو ســەرەن ولەشــەڕن . لــەپڕ هــەواڵ هــات وگەیشــتە هــەموو شــوێنێك و وتیــان ئــاش بەتاڵــەو پێشــمەرگە تەسـلیم ئەبێتـەوە . بـەخوا باوەڕمـان نەئـەکرد . حکومـەت تائـەهات حـاڵی شــڕتر ئــەبوو لــەزۆر شــەڕ شــکابوو . پێشــمەرگە چــەندین فرۆکــەیان

لـەئاسمان سـووتان . هـەرزۆر شـپرزە بـووین بەوهەواڵـەو ناچـووە ئەقڵـەوە . کەچـی ڕاسـت دەرچـوو . پـۆل پـۆل پێشـمەرگە ئەهاتنـەوە وچـەکەکانیان ئەدایـەوە حکومـەت وبـڕی پـەنجا دیناریکیـان ئـەدا پێیـان . بـاوك محەمـەد هەرنەهاتـەوە ، وتیـان هەنـدێ پێشـمەرگەو فەرمانـدە نیازیـان وایەتەسـلیم نەبنـەوە ، دڵـم خـۆش بـوو کەلەوانەیـە لەگـەڵ ئـەوان بێـت . ئـەوەش وانـەبوو کـەس نـەما لەوشـاخانەوبارەگاکانیان چـۆڵ و هـۆڵ . لەگشـت هاوڕێکـانی پرسـیارمان کـرد ، سـۆراخی نـەبوو . مەلاحەمیـد پیـاوێکی ناسـراوبوو خـەڵکی زۆری ئەناسـی وڕایسـپاردن کەئـەبێت هـەواڵمان بـۆ بهێننـەوە . هەریەکـەو هـەواڵێکی ئـەهێنا ئـەیانووت لەگـەڵ فلآنـە کـەس بـووە ، ئەچـوینەلای ئـەیووت لەفلاڕنـە شـوێن لەیـەك جیابووینەتـەوە . . هەنـدێك ئـەیان ووت کـوژراوە . وتەرمەکـەی دەسـت حکومـەت کـەوتووە . یـەکێك ئـەیووت بیسـتومە برینـدار بـووە وبـەجێماوە وحکومـەت بردویـەتی . لـەهیچ کەسێك هەواڵی تەواومان دەست نەکەوت .

نـەوزاد لەگـەڵ ئـەم قسـانەی دایکـی محەمـەد کـەوتبووە خـەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی قوڵ بۆیە ووتی:

لەوانەیـە ئەوانـەی لەگـەڵی بـووبێتن کـەجێیان هێشـتووە پێیـان شـورەیی بێـت بڵـێن لەگـەڵ ئێمـە بـووە ، نـەکا خـەڵکی لۆمـەیان بکـەن وبـەتاوانباریان بزانن ، هەر ئەیشارنەوە ، بۆیە ئەزانن بەلآم ڕاستی ناڵێن .

ـــ چـوومەلای ژنێـك سـەیری ئاوێنـە ئـەکات ، ئـەو ئـەڵێ مـاوە . بـەس ناتوانێـت بێتـەوە . پیاوێـك هاتـەوە خـەڵکی ناوشـوان بـوو ، چـومە لای و وێنەکـەیم پیشـاندا ووتـی بەچـاوی خـۆم دیومـە برینـداربووە . هاوڕێکـانی هـەڵیان گرتـووە . بـەلآم کەتـەیارەهات ، هـەموو ڕایـان کـرد وپـەرش

وبلاَّوبوینـــەوە ، کـــوڕ ئـــەوکوڕەبوو خـــۆی دەربازبکـــات . دوای ئـــەوە مـــن ئـــەوناوەم بـــەجێ هێشـــت نـــازانم چـــیتر بـــوە . نـــەمتوانی بچـــمەوە ئـــەوێ ، چـــونکە ســـوپاو جاشـــێکی زۆر هێرشـــیان کـــرد . منـــیش هەرئەگـــەڕێم وهـــیچ شوێنەوارێك نیە. دەستی بەگریان کردەوەو وتی:

ـــ بـــاوکی حەمـــەم بـــێ ســـۆراخە ، حەمەکـــەی خـــۆم ، کوڕەتاقانەکـــەم . هـــەمویان مـــات وخـــامۆش بـــوون ودایکـــی نـــەوزادیش فرمێســـك بەچـــاوەکانیا هاتنـــە خـــوارەوە ، نـــەوزداد کەلەحەمـــەی ئـــەڕوانی بـــەزەیی بەهاوڕێکـــەیا ئەهاتـــەوە و بـــیری کـــردەوە کەئەگـــەر ئێســـتا بـــاوکی خـــۆی بێتـــەوە وئـــەم چـــۆن بتوانێـــت بەبەرچـــاوی حەمـــە بـــاوەش بـــەباوکیا بکـــات و نـــاخی حەمـــە بســـوتێ و ئـــاگری تێبەربـــدات ، بۆیـــە ئەپاڕایـــەوە کەئێســـتا بـــاوکی نەیاتـــەوە بەســـەر ئـــەم بـــاس وخواســـە . هـــەروا ســـەری خســـتبوە خـــوارو فرمێســـکەکانی ئەشاردەوە ولەناخەوە بەکوڵ ئەگریا.

نـــەشمیل بەئەســـپایی ئەیکێشـــا بەســـەر ڕانـــی خۆیـــدا وهاوخـــەمی خـــۆی بەگریان دەرخست وئەیلاواندەوەو ئەیووت:

وای بـــەقوربانت بم ڕۆڵـــە . وای لـــەدەورت گـــەڕێم محەمـــەد گیـــان ، لـــەدەوری بـــێ نازیەکـــەت گـــەڕێم ڕۆڵـــە ، خـــوا ســـەبەب کارەکـــەت بگـــرێ . ئـــاخۆ چـــەندی وەك تۆیان بێنازکردووە.

محەمـــەد زۆر لـــەم دانیشـــتن وگریـــان ونوزەنـــوزە بێزاربـــوو ، لەگەڵیشـــی ڕاهـــات بـــوو ، ئـــەیزانی تـــەنها گریـــان ســـەبوری بـــەناخی دایکـــی ئـــەدات . ســـاڵیکە ئـــەم بـــاس وگریانـــە بەردەوامـــە لەگـــەڵیا ئـــەژی . بـــەلاَم چـــی بکـــات ، ئـــەویش مرۆڤـــە وڕۆژگـــار هاڕیویـــەتی . بـــەلاَم هەمیشـــە بـــەوە دڵخۆشـــی خـــۆی ئەداتـــەوە کـــەخۆی بـــەپیاو ئـــەزانێت وبـــاوکی لـــەپێناوی خـــاکی پـــیرۆزی

کوردســـتان وگـــەلی چەوســـاوەی کـــورد گیـــانی بەخشـــیوە ، ئـــەم گومـــانی لەنـــەمانی بـــاوکی نیـــە . بـــەلاْم هەرخۆشـــتر بـــوو گـــۆڕێکی هەبوایـــە جارجـــار بچوایەســـەری. ئـــەم متمانـــەی بـــەخۆی هەیـــە کـــەدەتوانێت خـــۆی ودایکـــی لەئازارو مەینەتیەکانی ژیان دووربخاتەوە .

هـــەردوو ژن هـــەروا ئەیانلاوانـــەوە . بـــەلاْم دایکـــی نـــەوزاد بـــە لچـــکی کراســـەکەی فرمێســـکەکانی ســـڕی وبەخـــەم وپـــەژارەوە کەوتـــە ڕاخســـتنی خـــوان وئامـــادەکردنی نـــانی نیـــوەڕۆ ودایکـــی محەمـــەدیش هێوربـــوەوەو ماچێکی محەمەدی کرد ووتی:

ـ خەفەت مەخۆ کوڕەکەم خواکریمە.

نـــەوزاد حـــەزی ئـــەکرد ســـەبارەت بـــەزۆر شـــت پرســـیار لەمحەمـــەد بکـــات . کەئـــەم نایـــان زانێـــت وبێئاگایـــە لێـــی . ئـــەم بـــاس وبەســـەرهاتەی بـــاوکی محەمـــەد وپێشـــمەرگەو ئەوســـاڵە بەفیرۆچـــونەی خوێنـــدن ، زۆر شـــتی بـــۆ ڕوون نەئـــەبووەووە . زۆر تامـــەزرۆی زانـــینی ئـــەکرد . ڕەنگـــە حەمـــە لـــەم بارەیـــەوە زۆر شـــت بزانێـــت .چـــونکە ئـــەم تـــەنها حـــاجی فیـــق فیـــق وڕفانـــدنی غـــەزال وترســـەکانی خەپشـــیٚ ودەرکردنـــی ئێزدیـــەکان بـــەو لاوە شـــتێکی دیکـــە نازانێـــت .بـــەلاْم ئەمڕوداوانـــە بۆچـــی ولەسەرچـــی ڕووئـــەدەن . ئـــەوە ئێســـتا حەمـــەی لەبـــەر دەســـتایە وناتوانێـــت پرســـیارەکانی لـــیٚ بکـــات . حەمـــە تازیـــەبارە ، لـــەخۆی کلـــۆڵترە. کۆســـت کـــەوتووە. لەگـــەڵ ئـــەم گریـــان وخەمباریـــە ناگونجێـــت هەنـــدیٚ پرســـیاری لـــیٚ بکـــات . ئـــەم ئەیویســـت حەمـــە دڵخۆشـــی بکـــات ، کەچـــی دونیایـــەك خـــەم وپـــەژارەی بـــۆ هێنـــاوە .ئـــەم خـــەمی غـــەزال وخەپشـــێی هـــەڵگرتووە ، بـــەلاْم حەمـــە خـــۆی لـــەناو خەمـــدا ژیـــاوە . ئـــەبێت ئـــەم دەســـت بەدڵدانـــەوەی حەمـــە بکـــات . ئـــەم لەکاتێکـــدا کەســـێك

نیـە دڵـی نـەوزاد بداتـەوە . لەخـەمی غـەزال وخەپشـێ وئـاوارەیی ونـامۆیی خـۆی ، نـەوزاد ڕووی لەحەمـە کـردو دڵـی دایـەوە وبـەڵێنی پێـدا هەرچـی پێویسـتیەکی هـەبوو . لەنـەوزادی نەشـارێتەوە . ئـەم یارمـەتی ئـەدات وسـەر ومـاڵی لەپێناویدایـە . حەمـەی لەبرایـەتی خـۆی دڵنیـا کـردەوە . بـەڵام حەمەئەیویسـت لـەو گریـان وباسـانە ڕزگـاری ببێـت . داوای لەنـەوزاد کـرد کەبچـنە دەرەوەو پیاسـەیەکی ناوبـازاڕ بکـەن ، هەرچـەندە دەشـت ودەر قـوڕە، بـەڵام خۆرەتـاوێکی خۆشـە .هـەردوو هـاوڕێ پـاش نـان خواردن پێکەوە لەماڵ دەرچوون .

********************

وەلـی بەتـەواوی بێـزار بووبـوو لەماڵـەوە . ئەولـەپاش ئـەم سـێ هەفتەیـە ئـەتوانێ پێـی نەخاتـە زەوی وبەدارشـەق بـڕوات هـەرگیز ئەوئەوەنـدە لەماڵەوە قنگی تۆتکە ناگرێ . داوای لەدایکی کرد ، نیمـدەرێکی بۆبباتـە سـەربان لەگـەڵ سـەنگیایەك . کەشـان دابـدات لەسەری ، بەڵام دایکی بەرپەرچی دایەوەو وتی:

ـــ سـەربانی چـی؟ ئـەوە حەوشـەیەکی گـەورەوگران ، پـان پـۆڕ . خۆرەتاوەکە لەناوحەوشەئەدا . هەرئەتەوێ ئێمە ئەزیەت بدەی.

ـــ مـن لەسـەربان دڵـم ئەکرێتـەوە ، چـەند هەفتەیـە لـەم کونـە گورگـە هەرخەریکە دڵم شەق بەرێت . دایکی بەتوڕەبوونەوە وەڵامی دایەوە:

ـــ هەرئـەبێ لەحەوشـە دانیشـی . باوکـت ئیشـی پێتـە . وەلـی بەلاچـاوێکەوە سـەیریکی بـاوکی کـرد کەلەگۆشـەیەکی هەیوانەکـە دانیشـت بـوو . ڕووەو خۆرەتاوەکـە یـاری بەتەسـبیحەکەی ئـەکرد ڕووی لێکـرد و وتی:دەکوڕم دانیشە ، خۆبەردت پێ ناگوازمەوە .

ـ دەی ئەوە هاتم ، یاخوا خێربێت .

دایکـی ویسـتی بـۆ دانیشـتن یارمـەتی بـدات وشـانی گـرت . ئـەو تـوانی قاچـە شـکاوەکەی ڕاسـت بـەرز بکاتـەوە وهەرلـەجێگای خـۆی دانیشـت ، ئـەمجار سەیرێکی خۆرەکەی کرد و وتی:

ـ سەد سۆپات بەقوربان بێت . بەس خۆتمان لێ مەشارەوە.

جـەلال بزەیـەکی بـۆکرد وقسـەکانی وەلـی لەلاخۆشـە. ئەمجاربەشـێنەیی دەستی بەقسەکانی کرد:

ـ کوڕم قادری برات داوای ژن ئەکات .

وەلی نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات وپێی ووت:

ـ دەبۆی بێنن.

ـ ئێ باشە کوڕم بۆی دێنین وقسەمان لێکردووە.

ـ ئەگەر ئەتوانن بۆ نادریش بێنن .

ــ کـوڕم هـەمووی بەسـەریەکەوە چـۆن ئـەبێت ، هـەر ڕێگـاو جێگامـان نیـە. خـۆ هەوانتـە نیـە بەئاسـانی بڵێـی بـۆی بێنـە ، ئـەبێ تـەگبیرێکیان لـێ بکـەین وخۆمـانی بـۆ ئامادەبکـەین و ئەوسـا بچـینە ژێـر ئـەو بـارەوە ، کـوڕی خۆم دایکی تێکەڵ بەقسەکانیان بوو وتی:

ــ ئـەوە خـۆت پەلەتـە بۆیـە وائـەڵێی بۆئـەوەی نـۆرەت بێـت ولەئێسـتاوە دیارە داوای ژن ئەکەی.

ــ تـۆ سـەیری دایکـم ناکـەی . نـەخێر مـن مەخسـەدم ئـەوە نیـە . مـن لەوانەیە هەر ژن نەهێنم .

باوکی سەرێکی باداو وتی:

ــ سـەیری ئـەو دەم ولمـۆزەت بکـە فلێتـە فلـتی پـێ ئەکـەی . دەبهێڵـە قسەکەم بکەم .

وەلی بەدەستی قاچە شکاوەکەی بۆ ئەولاتر گواستەوە ووتی:

ـ دەی باشە واگوێ ئەگرم.

ــ مـاڵی تـەیب کچـێکیان هەیـە . بـەژن بـەژن ئەیدەنـە شـو . ئێمـەش لەگەڵیان ژن بە ژن ئەکەین . ئەگەر خوا بەقسمەتی کرد .

وەلی سەیرێکی باوکی کرد وبەسەرسوڕمانەوە وتی:

ـ ئەیانەوێت بەخوشکەکانی من ژن بەژن بکەن ؟

ـ کوڕم جیاوازیتان چی یە؟ خوشکی ئەوانیشە .

ــ دایــە تــۆ ئــەڵێی چــی ؟ خــۆ نەســرین وپــەروین هێشــتا منــاڵن . نەســرین لەپۆلی شەشەو دوانزە سیانزە ساڵانە لەکویێ بەکەڵکی بەشودان دێت .

دایکــی وەلاّمــی دایــەوە: کــوڕم دوانــزە ســاڵان منــاڵ نیــە، ئــەتوانێ مــاڵ بەڕێوە ببات.

وەلــی یــەك جرتــی درێــژی ڕاکێشــا .دەســتی ڕاســتی بــەلای چــەپ وڕاســتدا هێنا وبرد. باوکی لێی تورەبوو وتی:

ــ هــەی حــەیوان ، ئــەم جــرت لێدانــەت لەچــییە. داوەشــێی ئاوەهــا . وەلــی وەلاّمی دایەوە:

ــ بــاوە فشــەم بەقســەکانی دایکــم و ئیشــەکەی تــۆ دێــت . نەســرین لەهێلکــەو ڕۆن بــەولاوە ، یــان لــەگۆرەوی شــۆرین بــەولاوە ، هیچــی تــر نازانێــت ، ئــەو ئێستاش میرگێن ئەکات . ئێوە باسی بەشودانی ئەکەن . باوکی ووتی:

ـ کوڕم ئێمە دنیامان دیوە ، دەیان کچ ئاوەها دراوەتە شو .

وەلــــی بەدارشــــەقەکەی خــــۆی گــــرت تابەقــــەد دیوارەکــــەوە هەســــتایە سەرپی و خۆی ڕاست کردەوە و ئەمجا وتی:

ــ بــاوە مــن هــەقم نییــە. تــاتۆ ماویــت ولــەناومانی مــن لەســەرمە بڵــێم بەسەرچــاو ، چــی ئەکــەن و چــۆنی ئەکــەن . مــن هــەقم نیــەو . بــەلاّم خوشــکەکانم ئەدەنــە ژن بــۆ قــادر ونــادر . ئــەبێ ئــەوانیش ژن بــۆ مــن بێــنن . ئــەگینا نــاهێلم بــەهیچ شــێوەیەك باســی خوشــکەکانم بکــەن . بائــەوە بنێنــە ژوور سەریان .

ــ کــوڕم مــن بــاوکتم ، ئەمــەم لەگــەڵ قــادرو دایکــت بڕیوەتــەوە. نــاهێڵم غــەدر لەتۆ بکەن .

ــ دەی خێـری پێـوە بێـت . ئێسـتا دایـە نیمدەرەکـەم بـۆ ببـە سـەربان . مـن دنیـام لێـوە دیـار نـەبێت دڵـم ئەتـەقێت.کێ ئـەڵێ سـبەینێ نایکاتـە بـاران و، هەفتـــە یـــەکی تـــر لـــەژورەوە زینـــدانی بکـــرێم . بەدارشـــەق وشەلەشـــەل ، بەســـەر پلـــەکانی قاڵدرمەکـــە ســـەرکەوت . دایکیشـــی لەدوایـــەوە نیمـــدەرو ســـەنگیاکەی بـــۆ هـــەڵگرت بـــوو . هەرکـــە گەیشـــتە ســـەربان وســـەیرێکی چواردەوری خۆی کرد . وتی:

ــ ئـەها چـەند خۆشـە ، تەماشـاکە. خـەڵك هـەر ئـەڵێن نـەبووین ونیمانـە. ئـەو هـــەموو لێفـــە زەرد وشـــین وســـورانە. لەبـــەر خۆرەکـــە ئەبریســـکێنەوە . بەخوا جوانن ، توخوا دایە. خەوی ژێر ئەو لێفانە خۆش نیە .

دایکی لێی توڕەبوو وتی:

ــ بـەخوا منجـڕی، دەبیـبڕەوە . هەرخـەریکی چـەنە بازیـت . حـەزت لەژنـە دەبیلێ.

ــ ئـێ خـۆ خـراپم نـەووتوە . ئەگـەر خـەوی خـۆش نـەبێت . خـەڵك بـۆ لێفـە ئەداتە کردن یان ئەیکڕێ.

دایکی جێگاکەی بۆ ڕاخست وسەنگیاکەی لەناوەڕاستی داناو ووتی:

ــ دەدانیشـە دەی . هـەتا چـاوت بـڕ ئـەکا سـەیری دۆشـەك ولێفـەو بـەتانی خەڵك بکە.

ــ تـۆ تەماشـەکە دیـوار بـەدەرەوە نـەماوە . ئـەو هـەموو تەنافـە . خـەڵکی هەرچییان هەیە هەڵیانخستوەو داویانەتە بەرخۆر.

ـ ئێ ئەوە نییە منیش تۆ ئەدەمە بەرخۆر . خەریکە کەڕوو لێت ئەدا .

ـ توخوا بۆن کەڕوم لێدێت ؟

ــ ئــەی چــییە ، هــەر ئــەڵێم ئــاو گــەرم ئەکــەم . خــۆت بشــۆرە. ئــەمڕۆ خۆرەکەی خۆشە . هەقە ئێستا خۆت بشۆی.

ـ بەڵێ تاق بەیانی وات بووتایە. تفت هەڵدایە ئەیبەست .

ـ دەی باشە ئەچم ئاوت بۆ گەرم ئەکەم . خۆت ئەشۆی وفزە ناکەی.

ــ وریابــە پرێمزەکــە. دەرزی لێــدە ئەوســا پــەمپی بــدە . بــەخوا لــەناکاو ئــەڵێ پــف . بلاّچــەی ئــاگر ئــەوناوە ئەگرێتــەوە وریابــە ئامــان خــۆت نەسوتێنی .

ـ ئاوا خەمی منتە؟

ـ کچێ دایە بەڕاستتە ، هەموودنیا ئەکەم بەقوربانت ، بەخۆشمەوە.

ــ نــامن بــەقوربانت بم . کەئاوەکــە گــەرم بــوو بــانگتم کــرد وەرە خــوارەوە. تاخۆرەکە گەرمە خۆت بشۆ

ـ باشە دایەگیان .

دایکــی وەلــی چــووە خــوارەوە خــەریکی پرێمــز داگیرســان وئاوگــەرم کــردن بــوو . وەلــیش هێــواش هێــواش هاتــەلای شــورای دەســتی ڕاســت وکــەمێك خــۆی ســوڕانەوە وتەماشــایەکی ناوحەوشــەی مــاڵی شــێخ جــەمیلی کــرد. کەتــەنها شــێخ جــەمیل وشــێخژن لەبــەر خۆرەتاوەکــە خۆیــان گورمیــل کردبــوو حەلیمــەش دیــار نــەبوو .هــەر چــاوە چــاوی بــوو کــە لــەپڕێکا دەرکــەوێت . لــەدڵی خۆیــا ئــەیووت: ئــەم دەڵــە قــۆڕە بــۆ دەرناکــەوێت . ئــاخۆ ئــەم چــەند ڕۆژە مــن لەماڵــەوە کــەوتووم چــەند جــار قاســم هاتبێتــەلای . بــەخوا بــەخوا لێیــان تێــك ئــەدەم . ســەگبابی خێــڕووی وا لــەکۆلاّنێکی تــرەوە بــۆ مێبــازی دێیتــە تەنیشــت مــن ؟بــۆلای کــێ ؟. کچــی شــێخ، شــێخزادە. بــەخوا قــەت عــەقڵم نایگرێــت . ئەمانــە شــێخ بــن . ئەمانــە وەك

قـەرەج ودۆم وان . پـیس وپۆخـڵ . شـێت وبـێ عـەقڵ .ئەمانـە درۆ ئەکـەن . بـەخۆیان ئـەڵێن شـێخ . شـێخەڕووتە. ئـەوە مـاڵی شـێخی تـر ئـەبینی بزانـە چـەند خانـەدانن .بـەخوا ئەمانــە درۆ ئەکــەن .دراوسـێکان ئەخەڵـەتێنن ، منـاڵی شـێخ ئـەبینی جـوان وپـاك وتــەمیس . ڕەنگـە ژنیـان بەشـێخ دابێـت وئێسـتا خۆیـان بەشـێخ ئـەزانن . ترحێـو ، ئێـوە شـێخی بـەرماڵن .کـوا کـەس نایـــات مەنجەڵـــە ماســـتێکتان بـــۆ بهـــێنێ بـــەدیاری . نەمردمایـــە ئـــەو حەلیمەیـەم مـاچ بکردایـە وتێـر مـەمکیم بگوشـیایە دڵـم ئاسـودە ئـەبوو . هـــەر چاوەچـــاوی بـــوو. وای ئـــەزانی ئـــیتر دەوروپشـــتی چـــۆڵەوانییە. جارجـــارە دائەنیشـــت . دواتـــر ڕائەکشـــا . جـــارێکی تـــر هەڵئەســـتایەوە . لــەناو حەوشــەش گــورەی پرێمــز بــەرزبووەووە. تەماشــایەکی ســەربانەکانی کــردەوە. هــەڵم لەزۆربــەی دیــوارو ســەربانەکان بــەرز ئــەبووەوە. جارجــارە ژنێکـــی ئـــەبینی خـــەریکی جـــل هەڵخســـتن بـــوو لەســـەربان وتەنافـــەکانی حەوشـــە ولەودەشـــت ودەرەوەش کـــەلێوەی دیـــاربوو پڕبـــوو لـــەمناڵ ولای کارێزەکـەش بـڕ بـڕ قـازومراوی ئـەهاتن وخـڕ ئەبوونـەوە .هەنـدێکی خـەریکی خـۆ خورانـدن بـوو . چـەند جـارێکی دیکـە ملـی بـۆ حەوشـەی مـاڵی شـێخ جـەمیل خـوارکردەوە . هەرهیچـی نـەبینی تـەواو ناڕەحـەت بـوو . تـاکو دایکی بانگی کردوو ناچار چووە خوارەوە.

*************************

حەمــە حــەزی لــێ بــوو بچــن بــۆ گۆڕەپــانی تــۆپی پێکــەی شــۆرجە.بەلاَم نــەوزاد وای دەرخســت لەبــەر ئــەوەی ئێســتا قورەپەتانییــە کەســی لێنیــە . بــەلاَم حەمــە پێــداگری کــرد . کەبچــن ســەرێك بــدەن وبێنــەوە . لەکۆلاَنــە قوراویــەکانی عەرەســە بــەرەو ســەرەوە هــەنگاویان نــا بــەبن دیوارەکانــدا کەکــەمتر قــوڕی هــەبوو . تــاکو لــەلای دوکانەکــەی ســەید ڕەشــیدەوە چــونە ســەر قیرەکــە . ملیــان نــا بــەرەو ژوور بــۆ نــاو بازاڕەکــە .نــەوزاد باســی ناسیح ومــالّی کــاوەی کــرد کەعــەرەبی تیــابووە . حەمــە ووتی:ــ حکومــەتی بەعســی عــەرەبی بــاوکی مــنی کوشــت وئێمەشــی لەکــەرکوك دەرکــرد. وائــەزانێت بــەهێنانی مــالّێکی عــەرەب بــۆ کۆلاَنێــك ئــیتر ئــەو کۆلاَنــە گشــتی ئەکاتــە عــەرەب ، یــان مالّێــك ڕەوانــەی باشــور ئــەکات وائــەزانێت ئــەو مالّــە ئەبنــە عــەرەب ، حکومــەت بــێ عــەقلّ ئــەبیات بــەڕێوە. بیســتومە مــالّی ئامۆزاکەی ناسیحیش دەرکراون بۆ باشور ، نەوزاد وتی :ـ

چــــووم بــــۆ مالّیــــان قفــــلّ لەدەرگاکــــەیان درابــــوو. حەمــــە درێــــژەی دا بەقسەکانی:ـ

ــ نــەوزاد گیــان . کــاتێ حکومــەت شــەرەفی خــۆی لەدەســت ئــەدات ، خــەمی شــەرەفی هاولاَتیــەکانی نــامێنێ، ئــەوان بــەمنیان ئــەووت کــوڕی تێکــدەر ، کەچــی خۆیــان ســەدان گونــد وناوچــەکانی ئێمــەیان تێکــدا. نــەوزاد ووتی:ــ ئــەوان شــەرەف وناموســی خــەلّکیان تێکــدا ، ئــەوان خــەلّکیان کــردە جــاش وناویــــان لێنــــاون پاســــەوانی ســــنور کەچــــی لــــەناو شــــارەکان کردویــــانن بەســیخوڕو پیــاوکوژ وئــابڕوی خــەلّکی ئــەتك ئەکــەن . کــەمێك لەبازاڕەکــە ســـوڕانەوە لەوێشـــەوە بـــۆ گۆڕەپانەکـــە. هەرلـــەدوورەوە بینیـــان کۆمـــەلّێ

یـاریزانی لێیـە و خـەریکی ڕاهێنـانن . چـەند کۆمەڵـە منـاڵێکیش بۆخۆیـان سـەرگەرمی تـۆپێن بـوون لەگۆشـەیەکی گۆڕەپانەکـە. حەمـە پرسـیاری کـرد یاریزانـــەکان وەك خۆیـــان مـــاون ؟ بـــەڵام نـــەیزانی نـــەوزاد نایانناســێت .چـونکە لێـرە نـەبووە. ئـەو تـوانی بچێتە پێشـەوە . یـەك بەیـەکیانی ناسـی ، ئـــەوە حەمەکەڵەشـــێرە ،بـــەخوا لـــەڕاکردن خێرایـــە . ئـــەوەش عـــەلی گۆڵچـییە. کـەم کـەس گـۆڵی لـێ ئـەکات . هەمیشـە بـراوەن . ئـەوەش واتۆپەکـەی داوەتـە پـێش خـۆی وهەربەتـەنیا ڕائـەکات سـەعید کـاکی یـە بـرای حـەوێز،کاکی،دووبران.یاریزانی چـاکن ،ئائـەو زگ زلـەش مەنسـورە . نـەوزادیش جـوان جـوان سـەرنجی لـێ ئـەدان و ورد ئـەبووەوە لەیاریزانـەکان . لەگـەڵ حەمـە چـوونە نزیـك گۆڵەکـەوە ، عـەلی گۆڵچـی جارجـارە خـۆی بەگۆڵکـــەوە هەڵئەواســـی. جوملاســـتیکی ئـــەکرد . ئـــەوان لـــەناو خۆیـــان ئـەهاتن وئەچـوون وچـەندین یـاریزانی تـر لەگەنجـەکان لەگـەڵ ئـەو یاریزانانـە خـــەریکی ڕاهێنـــان بـــوون . تـــاکو ماوەیـــەکی بـــاش حەمـــە دڵخـــۆش بـــوو بـــەبینینی یاریزانـــەکان و هەنـــدێ خـــەڵکی تـــر . ئەوســـا وردە وردە گۆڕەپانەکــەیان بەجێهێشــت ولەگــەڵ یــەك بــەناو بازاڕەکــەی شــۆرجە دا هاتنـەوە بـەلای کـۆلانی حـەمامی ژنانـدا . حەمـە سـەیرێکی کۆلانەکـەی کـرد کەلەســـەرتەنافەکەخاولی گـــەورەی زەرد و ســـورو شـــین وپەمـــەیی هـــەڵخرابوو لەبـــەر خۆرەتاوەکـــە. حەمـــە لەنـــەوزادی پرســـی: لەبیرتـــە کەنەیانهێشــت لەگــەڵ دایکمــان بچــینە حەمامەکــە. نــەوزادیش پێکــەنی ووتی:ــ مـن تـاس حەمامەکـەم هـەڵگرت بـوو لەگـەڵ بوخچـەی جلـەکانم، لەگـەڵ تـۆ پێکـەوە چـوینە پێشـەوە ، ژنـە حەمامچـیەکە هـەروەك پۆلیسـی بازگـــەکان دەســـتی نـــابووە کەمـــەری وتـــی : دەی دەی دورەوەکـــەون .

دایکـم ودایکـت هاتنــە قسـەو وتیـان ئەوانــە منــاڵن ونافـامن ، ئـەو هــەرگوێی پێنـــەداو وتـــی ئەمانـــە لەحـــەوت ســـاڵی هەراشـــترن ، دایکەکـــەی دایکـــم . بـەخوا نایەنـە ژورەوە .حەمامەکـە پـڕە لـەژن وکچـی خـەڵکی . کـەس قبـوڵ ناکـات . ئێمـــەیان نـــاردەوە بـــۆ ماڵـــەوە وتـــۆ دەســـتت بـــەجنێودان کـــرد . حەمــە پێکــەنی و وتــی ژنەکــە کــەگوێی لــەجنێوەکانت بــوو دەســتی بــۆلای دەمی بردو وتی بزانە ، بزانە . ئەڵێن نافامێت . نەوزادیش ووتی :

ـ بەخوا بەخوا فڕم بەسەر هیچەوە نەبوو .

حەمــە وتــی: دوای ئــەوەی کــەباوکم پێشــمەرگە بــوو ئێمــەی بــردە لادێ. لەگـەڵ مـاڵێکی تـری پێشـمەرگە لەیـەك حەوشـە بـووین. ئـەو تـازە ژنـی هێنـا بـــوو ، منـــیش ســـەیارەیەکی تـــێلم هـــەبوو تایـــەکانی بەســـیفۆنی بیبســـی دروســتم کردبــوو بــەناو حەوشــە ســەیارەم لــێ ئــەخوڕی دنیــا گــەرم بــوو ، ئــەو ژنــە لــەناو هەیوانەکــە تەشــتێکی دانــاو خــۆی ڕووت کــردەوە. ســەتڵێ ئـــاوی لەتەنیشـــت تەشـــتەکەوە دانـــا. خـــەریکی خۆشوســـتن بـــوو . منـــیش هەرلەناوحەوشـــە بـــووم وهـــەر سەیریشـــم نـــاکرد . نیـــوە خۆشوشـــتنێك خـــۆی شوشــت بــوو . دایکــم هاتــەوە ، گــوێم لــێ بــوو لەبــەر خۆیــەوە ئــەیوت : ئەیـەڕۆ ئـەو ژنـە شـەرم ناکـات لەبەرچـاو کوڕەکـەم خـۆی ڕوت کردوەتـەوە ، کــەوای ووت منــیش چــاوم هــەڵبڕی و تێــر لەجەســتەی ئــەو ژنــەم ڕوانــی . بــەلاَم فــڕم بەســەر هیچــەوە نــەبوو . دایکــم بــەزۆر دەرمــی کــردە دەرەوە وتــی لــەدەرەوە یــاری بکــە. نــەوزاد کــەجوان گــوێی لەحەمــە گــرت بــوو. وتی:

ــ جارێکیــان ژنێکــی عــەرەب وکچــەکەی لەموســڵەوە هــاتن بــۆ ماڵمــان . مێــردی ژنەکــە لەگــەڵ بــاوکم لــەو ســەربازگەیە هاوپیشــەی بــاوکم بــوو .

پێکەوە هاوڕێ بوون . دیاربوو لەگەڵ ژنەکەی نێوانیان باش نەبوو . پیاوەکە نەئەڕۆیشتەوە بۆ موسڵ و مانگ زیاتر بوو هەرلەسەربازگە مابووەوە ومۆڵەتەکەیشی هەر لەشەنگال بەسەر ئەبرد . پارەیشی بۆ نەناردبوونەوە . ژنەکەی وکچێکی هەراشی هاتبوون بۆ گیانی. باوکیشم لەسەربازگەوە هێنایانیەوە بۆ ماڵی خۆمان . بەدایکمی ووت تادوو ڕۆژێك میوانمان ئەبن ، تاکو مێردەکەی دێتەوە بۆ دەوام وئاشتیان ئەکەنەوە . شورەییە هاتوون بۆ سەربازگەکە ، خۆناکرێت لەوێ بمێننەوە . لەگەڵ خۆم هێنایانمەبۆ ماڵەوە . کچەکە ناوی نیزال بوو دوو ساڵێك لەمن گەورەتر بوو ، مەمکی کردبوو ، قژەکەی بەسەر پشتیدا شۆر بووبووەوە ،هەر قەمیس وتەنورەی لەبەر ئەکرد . ولەڕادیۆکەمان گوێی لەتەمسیلی لەیلا ومەجنون ئەگرت . ئەیویست بۆمنی باس بکات . من کەمێك عەرەبی فێربووبووم لەمەکتەب . لەوێ مەکتەب بەعەرەبی بوو ناوی مەکتەبەکەمان سنجاری دوەم بوو ،لێی تێ ئەگەیشتم . ئەو هەموو جارێ بەرامبەرم خراپ دائەنیشت . ناو گەڵ ودەرپێ کورتەکەی دەرئەکەوت . دەرپێی شین وسوری لەپێ ئەکرد . بەڵام کاتێ دایکم دابنیشتایە ، عەیبی نەبوو . باش دائەنیشت وخۆی ئەپێچایەوە . ویستم بەدایکم بڵێم ، ئەو کچە بۆ وا ئەکات . بەڵام جارێکیان دایکی ئاگای لەمن نەبوو کەئەویش خراپ دانیشت بوو ، سەیر ئەکەم هەر دەرپێی لەپێ نیە . ناوگەڵ وتوکە بەری ڕەش ومواوی بوو ، من تەریق بوومەوە . گەڕامەوەدواوە . ئەوسا ئەو خۆی چاك کرد .ئیتر هیچم بەدایکم نەووت . تومەز دایکیشم بەو ژنە ئەزانێت کە دەرپێ لەپێ ناکات . بۆیە حەزی لەچارەی نەماو هەریەخەی باوکمی ئەگرت .

ئەمانــەی بـۆ هێناوەتــە مــاڵ ئێمــە ، کـەی ئەڕۆنــەوە ؟ باوکیشــم نەیئــەزانی مەســەلە چــییە، هەربــەدایکمی ئــەووت ...ســەبرت بێــت ، کــابرا دێنمــەوە بۆمــاڵ وئاشــتیان ئەکەمەوەوپێکــەوە ئەڕۆنــەوە . دایکیشــم ســات بەســات ئــارامی لەبــەر ئــەبڕا . ئــیتر ئــەو کچــە عەرەبــە هــەروا خــۆی لەگــەڵ مــن ڕاهێنــاو گاڵتەوگــەپی ئــەکرد . کچــێکی کــوردی ئێــزدی هاوســێمان بــوو . نــاوی خەپشــێ بــوو . ڕقــی لــەم کچــە ئــەبووەوە وئــەیوت: نــەوزاد ئــەڤ کچــکا ناحــەبینم . واتــە خۆشــم نــاوێ . منــیش نەمئــەزانی چــی بکــەم . ئــەو هەربەتەنیشــتمەوە دائەنیشــت ، دایکیشــم دڵــی لەژنەکــە پــیس کردبــوو . ئــەیووت . شــەرم وحــەیا نازانێــت . هــەر دەرپێیــەك بکــە پێــت . شــەو کــەباوکم لەماڵــەوە بوایــە دایکــم ئــەینارد بــۆلای جــردۆی بــاوکی خەپشــێ تادرەنگــانێی شــەو لەگــەڵ مــام جــردۆ ئەمایــەوە . نیــزالیش بــەڕۆژ ئیشــی نــەبوو کەلەمەکتــەب ئەهاتمــەوە ڕاکــە ڕاکــەی لەگــەڵم ئــەکرد . ئــەیووت هەرکەســێکمان ئــەوی تــری گــرت قــەپێکی لــێ بگرێــت . منــیش ڕام ئەکردوئــەو ئــەیگرتم وئەینامــە ژێــر ، ئــیتر ئەیدامــە بــەر قــەپ ، جەســتەی ئەوەنــە نــەرم وشــل وخــۆش بــوو . پــێم نــاخۆش نەئــەبوو . بــەڵام نەمئــەزانی ئــەو خــۆی بــەمن ڕەحــەت ئــەکات ، هــەر بەپێکەنینــەوە هــاوارم ئــەکرد ، لەترســی هــاتنی دایکــم لەهاوارکردنەکــەم . بەریئــەدام ، ئــەمجار ئــەیووت تــۆ ڕاوی مــن بــنێ . ئــەمجارە ئەچــوە دەرەوە بــۆ نــاو باخەکــەی بــەردەم ماڵمــان . منــیش ڕاوم ئــەنا . زوو خــۆی ئــەدا بەدەســتەوە و لەســەر پشــت ئەکــەوت وقــەپێکم لــێ ئــەگرت وئەمویســت هەســتم ئــەو تونــد باوەشــی پیائــەکردم ونەیئەهێشــت هەڵبســمەوە . تــامن قــەپێکم لەئــەو دەگــرت، ئــەو دەقــەپی لــەمن ئــەگرت . ڕۆژی ســێیەم ،کــابرا لەگــەڵ بــاوکم هاتــەوە بــۆ مــاڵ . ســەیر

ئەکـەم چـاوێکی کـوێرە . نـانی نیوەڕۆیـان خـوارد وبـاوکم بـەڕێیانی کـرد وهەرسـێکیان ڕۆیشـتنەوە . دایکـم لەپشـتەوە چـەمۆڵەیەکی لێنـان و وتـی . دەبڕۆن حەوت بەرد لەشوێنتان .

گەیشـتنەوە بـەردەم دوکانەکـەی فایـەقی دەلاك ، حەمـە هەڵوەسـتەیەکی کـرد . نـەوزاد لێـی وردەوە بـوو . حەمـە لەوبـەرەوە ڕاوەسـتا ، نـەوزاد زانـی حەمـە بـیر لەشـتێك ئەکاتـەوە . حەمـە ڕووی کـردە نـەوزاد ووتـی :ــ لەبیرتـە سـاڵی حـەفتاو دوو کەلـەپۆلی پێـنج بـووین لـەم قوتابخانـەی هـەڵگورد کەلـەبینای مەکتـەب سـەلاحەدین بـوو ، ڕۆژێـك ئـالێرە ببـو بەتەقـە . نەوزادیش پاش تێڕامانێك ووتی:

ـ باشم بیرنایات . حەمە وتی :

ـ ئەها لێرە ئەرپەیان کوشت .

ــ بـەڵێ بـەڵێ . ئێمـە ئەوکاتـە لـەناو پـۆل بـووین . وەخـتێ دەرچـووین ، ئـەم نـاوە قـەرەباڵغ بـوو . وتیـان لێـرە زەلامێکیـان کوشـتوە. بەسـەیارەی موسەلەحە جەنازەکەیان بردووە .

ـ ئێ ئەوە ئەرپەبوو .

ـ ناویم بیرماوە بەس نازانم بۆ کوشتیان .

ــ مـن چـونکە بـاوکم پێشـمەرگەبوو ، ئـەزانم ئەرپـەش پێشـمەرگەبووە . ئـیتر نـازانم چـۆن کوشـتیان . بـەس دایکـم وبـاوکم وخـەڵکی پێیـان نـاخۆش بوو ئەیانووت حکومەت کوشتویەتی .

ــ دەی بـابڕۆین ، بچـین بـۆ نـاو بـازاڕ. بـەناو بازاڕەکـەدا هـاتن وتوشـی بلـە فگـور هـاتن کەلـەبن دیـواری دوکانێـك لەبـەر خۆرەتاوەکـە بەسـەر خۆشـی ڕاکشـابوو . بـوتڵێکی بەدەسـتەوە بـوو ، هـەر وڕێنـە ی ئـەکرد

ویرتــەو بۆڵــەی بــوو . کــەمێك لێــی ڕامــان و گوێیــان پــێ نــەداو ڕۆیشــتن . هاتنــە خــوار تــا لەبازاڕەکــە دەرچــوون . بــەلای گــردە بەرزەکــەوە تێپــەڕین ، بــــەرەو کارێزەکــــە. هەرلــــەدوورەوە هــــەڵمی کونــــە کارێزەکــــە دیــــاربوو . لەیەکــەم کونــەوە پیایــدا هاتنــە خــوار تــا هــەر حــەوت کونەکــەیان تەماشــاکرد . حەمــە وەســتاو تەماشــای دیمــەنی ئاگرەکــەی کــرد وسەرســامانە وتــی: بــۆ نەچین بۆلای ئاگرەکە ؟ نەوزاد ووتی

:ـ باجارێ لەم ناوە بین . پاش تۆزێکی تر ئەچین .

لەکارێزەکــە قــاز وســۆنەکان ڕەوینــەوە ، هەریەکــەیان لەبــەرێکی ئاوەکــە دانیشــتن ولــەووردە ماســی وبۆقــەکان دەیــانڕوانی . نــەوزاد ووتی:ــ ماڵمــان لەشــەنگال بــوو ، مــاڵی خزمێــك لــەوێ بــوون بــاوکم ئەیناســین . چــەند جارێــك لەگــەڵ بــاوکم ودایکــم ئەچــووین بــۆ ماڵیــان و ئــەوانیش ئــەهاتن . پــێم ســەیر بــوو جۆگــە ئــاوێکی وەکــو ئەمــە لەحەوشــەکەیان هــەبوو . ئاوەکــە ئەڕۆیشــت بۆ ناو ماڵەکانی تر ، ئەو خانوانە چۆن کرابوون . نازانم.

ـ ماڵەکان خۆش بوو وەك ئێرە بوو .؟

:ــ نــەخێر ماڵــەکان گــەورەبوون ،بەقایەوگــەچ دروســت کرابــوون . بــەس کــۆن بــوون ، لــەناوەوە ســپی کــاری تــازەکرابوون یــان بۆیــەکرابوون . یــەك دار هــەنجیری گــەورە لەحەوشــەکە هــەبوو ئاوەکــە بەتەنیشــتیەوە ئەڕۆیشــت ، هەنجیرەکــــەی ڕەش بــــوو، زۆر شــــیرین وخــــۆش بــــوو . هــــەنجیری ڕەشــــی ئــەگرت . کچــێکیان هــەبوو نــاوی ئــەمیرە بــوو ،تاقانــەبوو ، بووبــووە هــاوڕێم .پێکــــەوە ئەچــــوینە ســــەردارەکەو هــــەنجیرمان ئــــەخوارد ، ئــــەو هــــەنجیری ئەکردە دەمی منەوە ومنیش هەنجیرم ئەکردە دەم ئەوەوە .

ـ دەی هاوڕێتیتان خۆش بوو .

ــ بــەڵێ زۆر ئێســك ســووك بــوو ، دایکــی ژنێکــی بــاش بــوو ، مــن وئــەمیرە هەرپێکەوە خەریکی نوسین ووێنە کێشان وقسەوباسی بووین .

ـ دیارە ئێستا بیری ئەکەی .

ـ نەوزاد ئاهێکی هەڵکێشا و وتی :

ـ ڕاستیت ئەوێ بەڵێ چونکە دڵنیام ئیتر نایان بینمەوە .

ـ شەنگال زۆر دوورە ؟

ــ بــەخوا دوورە ئــەوەی مــن بــزانم بەچــوار تــا پێــنج ســەعات بــەترومبێل ئەوسا بتوانیت لێرەوە بۆ موسڵ ، ئەمجا بگەیتە ئەوێ .

ــ ئــەی ئەوکاتــەی کەهاتنــەوە بــۆ ئێــرە خواحافیزیــت لــەو کــرد ،دڵ تــەنگ نەبوون ، دەستان بەگریان نەکرد ؟

ــ نــەخێر . جارێکیــان شــێرزاد ونــەوزاد لەمەکتــەب بــوون ، مــن ودایکــم چــووین بۆماڵیــان . ، دایکــی جــامێ هــەنگوینی هێنــا بۆمــان ، مــن یەکــەمجار بــوو هــەنگوین بخــۆم . زۆرم بــەلاوە خــۆش بــوو . دایکــی مــن ودایکــی ئــەو قســەیان ئــەکرد . ئێمــەش هــەنگوینمان ئــەخوارد . مــن هەنگوینەکــە لەکەوچــکەکەم شــۆڕ بــووەوە بــۆ ســەر زنــج و دەم وپلــم ، تاگــەردن وملیشــمی پێوەبــوو ، دەســتم بــرد پــاکی بکەمــەوە ، خــراپتر بــوو . ئــەویش دەســتی بەپێکــەنین کــرد . وقاقــا پــێم پێئەکــەنی . دایکــی ئــەو ودایکــم ســەیری منیــان کــرد . خــۆم لەهــەنگوین هەڵــژەنیوە . دایانــە قاقــای پێکــەنین . هەرســێکیان هێنــدە پێکــەنین ، مــن تــەریق بوومــەوە . هــەر خــەریك بــوو دەســت بکــەم بــەگریان . کەوچــکەکەم فڕێــداو چــووم دەســت وپــل ودەم وچــاوم شوشــت لــەئاوی جۆگاکــە . . هــەتا هاتمــەوە ئــەوان هــەر پــێ ئەکــەنین. منــیش بەناچــاری هــەر بــەدرۆ لەگــەڵیان دەســتم بەپێکــەنین کــرد .

تــاکو تــەریق بونەوەکــەم بشــارمەوە.خوا خــوام بــوو دایکــم هەســتیٚ وبرۆینــەوە . لــەدوای ئــەوە دایکــم چــەند زۆری لــێم ئــەکرد لەگەلێــدا بچــم ، نەئەچــووم . خــۆم بەتــەریق ئــەزانی لەبــەر چــاوی . بــەلاّم ئــەوان ئــەهاتن . ئــەمیرە کــەمنی ئــەبینی کــەمیٚ پێئەکــەنی ووازی ئــەهێنا ، هەربــەبیری ئەهێنامــەوە. منــیش شــەرمەزار ئــەبووم .هەســتی ئــەکرد تــۆراوم لێــی ، هــات ماچــێکی کــردم . مــن لــەو زیــز نــەبووبووم . بــەلاّم هــەر شــەرم دای ئــەگرتم ، خۆزگــە مالێــاوایم لــیٚ بکردایــە. کــاتیٚ هەســتان بــەرەو ئاگرەکــە بچــن . قازێــك بەملــە درێژەکەیــەوە ڕووەو حەمــە هــات ، بــەنیازی گــاز لێگــرتنی . بــەلاّم حەمــە خــۆی تێك نــەداو قازەکــە ملــی شــۆڕ کــردە خــوارەوە وبەقیقــە قیــق پێچــی کــردەوەو گەڕایــەوە بــۆلای بەچــکە قازەکــانی . ئــەوانیش بــەرەو ئاگرەکــە هــەنگاویان نــا ، قــوڕی ژێــر پێیــان ئەشــێلا، تۆپــەڵ تۆپــــەڵ لەقۆندەرەکانیانــــەوە ئەکەوتــــە ســــەر زەوی . جارجــــارەش ئەخلیســکان بــەلاّم نەئەکــەوتن . پــاش عەســرێکی درەنــگ ، بــەلۆژە لــۆژ بــەرەو مــاڵ گەڕانــەوە ، دوبــارە بەتەنیشــت ڕیــزە قازەکانــەوە تێپــەڕین . تاگەیشــتنە ســەری کۆلاّنەکــە. وەلــی لــەپاش خۆشوســتن ، لەبــەر دەرگــای خۆیــان ڕاوەســتابوو، پشــتی دابــووە دیوارەکــەوە . تەماشــای ئــەم دووانــەی ئــەکرد ، نــەوزاد هەڵوەســتەیەکی کــرد وبەدەســت ســلاٚوێکی لــیٚ کــرد ، حەمــەش ســەرنجی ئــەو کەســەی دا کەنــەوزاد ســلاٚوەکەی لــیٚ کــرد ، ناسیەوە ، ووتی :

ـ ئــەوە وەلــی یــە کــوڕی کــاك جــەلا لــە چــی ئــەکات لێــرە . ؟ نــەوزادیش ووتــی: ئەیناســی ئــەوە مــاڵی خۆیانــە . دراوســێمانە . دەبــا بچــین بــۆ لای لــەزووەوو نەمــدیوە ، پێکــەوە چــوونە پێشــەوەو حەمــەو وەلــی یــەکیان مــاچ

کــردو چــونە ژوورەوە ، دایــك وبــاوکی وەلــی خۆشــحاڵی خۆیــان دەربــڕی بــەبینینی وپرســیاری دایکیــان کــرد ووتــی کەلــەماڵ نــەوزادە ، هــەرخێرا دایکی وەلی چوو بۆلای دایکی حەمە .وەلی پرسی :

ـ ئێوە چی یەك ئەبن ؟ حەمەش ووتی:

ــ ئێمــە خزمــی یــەکین ، جگەلــەوەش نــەوزاد هاوڕێیــەکی خۆشەویســتمە ، چەند جارێك باسم بۆت کردوە ئەمە ئەو نەوزادەیە. وەلی ووتی :

ــ هەرلەخۆمــەوە ڕقــم لێئــەبووەوە . بــەس ئێســتا ناســیتم ،ئــیتر مــن وتــۆ هاوڕێین

حەمــە پرســیاری لــەوەلی کــرد هــۆی قــاچ شــکاندنەکەی . ئــەویش بەپێکەنینــەوە بــۆی گێڕایــەوە وحەمــە لــەبری خــەم خــواردن دایــە قاقــای پێکەنی ووتی:

ــ تــۆ ئاســودە دانانیشــی ،بەپێکەنینــەوە وتــی ئەوســاڵەش هــەر ئیشــی قۆڕی خۆت بوە هۆی دەست شکاندنت . نەوزاد ووتی:

ـ دەستی پێوەی دیار نیە کەشکابێت .

وەلی پێکەنی ووتی .:

ــ بــابۆت بــاس بکــەم ،کاکــە بــاوکی محەمــەد وکاکــەم قــادر پێشــمەرگەبوون هــاوڕێی خۆشەویســتی یــەك بــوون لەگــەڵ پێشــمەرگەکانی تــر ئەهاتنــە مــاڵ ئێمەلــەدێی ڕەحیمــە قوتــەی ناوشــوان، قوماشــی خاکیــان وەرگــرت بــوو بۆفــاتی کــوردی پێشــمەرگایەتی، وتیــان قوماشــەکانمان زیــادەی ئــەبێت بۆنایــەی لای بەرگدروەکــە پێوانــەت بکــات ، ئــەو قوماشــە زیادانــەی ئێمــەت بــۆ بکاتــە قــاتێکی کــوردی منــیش زۆر دڵــم خــۆش بــوو ، بــەرگ درووەکــە ماڵیــان لەگونــدی گــۆران بــوو ســەعاتە ڕێیــەك لێمانــەوە دوور بــوو ئــەوان

منیـــان لەگـــەڵ خۆیـــان بـــرد وپاشـــان بەرگدرووەکـــە پێوانـــەی گشـــتمانی وەرگـرت وبـەمنی ووت: یـەك قاتـت بـۆ ئەکـەم لـەوەی ئـەوان جـوانتر بێـت . منـیش لەخۆشـیا هـەر هـەڵ ئەبەزیمـەوە ، ئـۆقرەم لـێ بـڕاو هـەر سـەعات وڕۆژم ئـەژمارد ، ببـوە خـەو وخـەیاڵم ، تاڕۆژێـك بەرگدروەکـە هـەواڵی نـارد کەبچـم قاتەکـەم بێنمـەوە ، منـیش لەخۆشـیا جاشـەکەرێکی بچـوکمان هـەبوو سـواری بـووم و خـۆم گەیانـدە گونـدی گـۆران. هـەرلای خەیاتەکـە جلـە کـۆن وشـڕەکانم فڕێـدا وقاتـە تازەکـەم لەبـەر کـرد .لەخۆشـیا ئەمویسـت جاشـکەکە بفڕێـت وزووبگەمـە مـاڵ وپیشـانی دایکـم ومنـاڵانی خزمـی بـدەم وەك پێشـمەرگە بمبیـنن . هـەر ئەمـژەنی بـە جاشـکە بەسـتەزمانەکەوە ، لێرەوارێـك هـەبوو هـەتا خـوارەوە کرابـووە تـیرە تەماتـەو کـابرای باخـەوان خـەریکی ئـاودانی بـوو ، نیـوەی تـیرە تەماتـەکانی ئـاودابوو ، منـیش لەسـەرەوە بـەو لێـوارە ئەمـژەنی یەجاشـکەکە . جاشـك پێـی کەوتـە بۆشـی و هـەردوکمان بەتەقڵـە کەوتینـە خـوارەوە ، بـەناو خـۆڵ وقـوڕ و شـەتڵەتەماتە، بـرا هەرگێـژ بـووم خـۆم پـێ نەئەگیرایـەوە. هەرچـی تـیرە تەماتـە هـەبوو تێکمانـدا ، بەبەرچـاوی کـابراوە ، لـەخوارەوە جاشـکەکە کـەوت بەسـەرما و ئـازارێکی زۆرم پـێ گەیشـت بەتایبـەتی قـۆڵم تومـەز شـکاوە. دەسـتم بـەگریان کـرد ، کـابرای باخـەوانیش هـات لـەقارا بـەربووە وێـزەم و لێیـدام ، مـن باوکـەڕۆم لـێ پـەیا بـوو ، کـابرا زانـی زۆر ئەزیـەتم بـووە ، وازی لەلێـدانم هێنـا وئـەمجار بـەزەیی پێمـا هاتـەوە ، دەسـتی گـرتم وسـەیری کـرد شـکاوە ، هـەڵمی سـاندەوەووتی :ـ کـوڕی کێـی ؟

:ــ ووتم کـوڕی جەلالـە پـەڕگیرم ، ئـەمجار ووتــی ئـەی بـۆ زوو قسـەت نـەکرد ؟ ووتم ئـیٚ تـۆ هێشـتت .. ئـیتر بـرا دەسـتیان بـۆ گرتمـەوە وتـا سـیٚ هەفتـە لـەملمابوو ، نـەوزاد وحەمـە قاقـا پێکـەنین ومحەمـەد پێـی ووت :ــ ئـەمجار ئاگاداربە عاقلٚ نەبی ملت ئەشکیٚ .

وەلـی ووتـی :ـــ بـەخوا قـادر زۆر دوعـای لێکـردووم ملـم بشـکیٚ . بـەخوا ئەترسـم دوعاکـەی قبـولٚ بێـت . پـاش دانیشـتنێکی بـاش و قسـەو گفـت گۆی خۆش ، نەوزاد ومحەمەد گەڕانەوە بۆ مالٚ نەوزاد .

دایکـی وەلـیش لەگـەلٚ دایکـی حەمـە ونـەوزاد خـەریکی قسەوباسـی خۆیـان بـوون وشـادی لەڕوخسـاریان بـەدی ئـەکرا ، بـەبینینی دایکـی محەمـەد دلٚخۆش بوو . ئەویش هەستاو مالٚئاوایی کرد .

نـەوزاد بـینی ئـازاد وشـێرزادیش هاتونەتـەوە . چـوون لـە تەنیشـتیان بەدەوری سۆپاکە دانیشتن .نەوزاد ڕووی کردە دایکی و وتی:

ــ ئـەریٚ دایـە لەگـەلٚ محەمـەد لـەبازاڕ بـووین ، لای دوکانەکـەی فایـەق دەلاك باسی ئەرپەمان ئەکرد کەلەو دوکانە کوژرا. بۆچی کوژرا؟

نەشمیل بەم پرسیارە سەرسام بوو وتی:

ـ ئێوە هەقی ئەم پرسیارەتان چی یە ؟

ـ ئێمە هەقمان نیە، بەس نازانین بۆچی کوشتیان.

ــ کـوڕم ئـەوان هاوسـێمان بـوون . مالٚیـان لەسـەرووی ئێمـەوە بـوو . دووبـرا بـوون .ناویـان محەمـەد وئەحمـەدبوو . خوشـکێکیان نـاوی سـەعدە بـوو . ئەحمـەد سـپی وسـۆلٚ بـوو بـەتورکمانی پێیـان ئـەوت بوغـدە . واتـە گـەنم . محەمـەد ڕەشـتالٚەو ئەسمـەر بـوو پێیـان ئـەوت ئەرپـە . واتـە جـۆ . ئەرپـە پێشـمەرگە بـوو . چـاونەترس وئـازابوو، پـۆلیس لێـی ئەترسـان . نـەیان

ئــەوێرا لەفولکــەی موســەلاَ کەگــەڕەکی تورکمــان نشــینە ، بۆخــوارتر بــێن بــەرەو شــۆرجە . ئەوەنــدە لێــی ئەترســان . ئەوکاتــە گفــت وگــۆی نێــوان حکومــەت وشــۆڕش بــوو شــەڕ وەســتا بــوو . لەبیرمــە دووســاڵ دوای بــەیانی یــانزەی ئــادار بــوو . چوارســاڵ پــێش ئێســتا . ئــەو شــۆرجەی پاراســت بــوو . دایکــی محەمــەدیش باشــی لــەبیرە . ئــەو ڕۆژە بــۆ نــان کــردن مــن لــەماڵی ئــەمان بــووم. کەهەواڵەکــەهات ، تومــەز ئەرپــە لەدوکانەکــەی ئــەو فایەقــە دانیشــت بــوو ســەر وڕیشــی بتاشــێت ، هــەواڵیان لێــدابوو . بەســەیارەی موســـەلەحە دەوری بازاڕەکـــەیان دابـــوو . لەناودوکانەکـــە کوشـــتیان بەنامــەردی ، چــونکە چــەکی لەبــەر دەســت نــەبوو . ســەعدەی خوشــکی هەربەڕاکردن گەیشتە سەر جەنازەکەی .

دایکی محەمەد بریني کولایەوەو وتی:

ــ وای گیــانم دەر بچــێت . هەرچــی پیــاوی ئــازا هەیــە لــەناو ئــەم کــوردە بەخیانەت ئەکوژرێت .

نــەوزاد بەتــەواوی گــوێی لــەم قســانە گــرت . ڕفانــدنی غــەزالی کەوتــە یــاد ، ئەوســا تێگەیشــت کەئەرپــە بــۆ کــوژراوە ،ئەمانــە تــەنها لەبــەر ئــەوەی کوردبوون .

**********************

کـەریم پـێش ئـەوەی مۆڵەتەکـەی وەربگرێـت . هـەروەکو جـارانی نزیکـەی دەدانـە سـەمونی سـەربازی خسـتە نـاو پریاسـکەیەك ولەگـەڵ جانتـای جلـەکانی ئامـادەی کـرد . چـونکە هەمیشـە بـۆ سـەردانی جـردۆ ئەمـە دیـاری دەسـتی بـوو ، هەمووخێزانەکـەش حـەزیان لـەو سـەمونە ئـەکرد وبەدیاریـەکی بـەنرخیان دائـەنا. هەرکـە مۆڵەتەکـەی وەرگـرت ، خواحـافیزی لەهاوپیشـەکانی کـرد . بـەترومبێلێکی زیلـی سـەربازی ئـەو وکۆمـەڵێك سـەرباز لەسـەربازگەوە بـەرەو ناوشـار بەڕێکـەوتن . کـەریم لەچـایخانەکەی بەرامبـەر نەخۆشـخانەکە دابـەزی . بەڕویـەکی گەشـەوە بـەرەو مـاڵی جـردۆ کەوتـە ڕێ . ئـەو پـانتۆڵێکی خـاکی جـۆری سـەربازی لەبـەر بـوو . لەگـەڵ قەمیسـێکی سـپی وپاڵتۆیـەکی ڕەشـی مـەدەنی ، جامانەیـەکی کوردانـەی بەسـەرەوە بەسـت بـوو . خـۆی گـورج وچـاپوك ، دەرئەخسـت . هەرچـەندە کـزە بایـەکی سـاردی ئـەهات . دیـوارە گەچییەکان هێشـتا تـا نـاو قـەدیان تـەڕ بـوو ، هـەڵاویان لـێ هەڵئەسـتا . جۆگـە ئاوەکـەش بـەخوڕ تـر ئـاوی پیائـەهات . پردێکـی بچـوك بـۆ پیـادە ڕەوی لەسـەر دروسـت کرابـوو .بـۆ پەڕینـەوەی ڕێبوارەکـان . دواتـر ئاوەکـە بـەژێر دیـواری نەخۆشـخانەکەوە ئەچـوە ناوگۆڕەپـانی نەخۆشـخانەکە ، لەوێشـەوە بـەناو باخچـەکاندا تێئەپـەڕی . جـارێکی تـر دەرئەچـوە دەرەوە بۆباخـەکانی بـەردەم ماڵـە کۆنەکـەی کـەریم و تەنیشـتی مـاڵی جـردۆ. ئاوەکـەی ڕوون بووبـووەوە ، خۆرەتاوەکـە زیخـی نـاو ئاوەکـەی وەك مینـاو مـرواری دەرئەخسـت ، لـەرەی شـەپۆلەکانی ئاوەکـە بەسـەر بەردەکانـەوە جوڵـەی ئەبەخشـی بەزیخەڵانیەکـەی نـاوی . بەهـەنگاوی نـەرم

ولەســـەرخۆ ، کۆلآنـــە تەســـك وتەنگەبـــەرەکانی بـــڕی . دیـــوارە ســـپیەکان هێنـــدەی تـــر لەگـــەڵ خۆرەتاوەکـــە ســـپی ســـپی ئەچـــونەوە .هەنـــدێ لەگوێســـتەبانەکان چـلورەیان پێـوە هـاتبوەخوار ، بـەلآم گلّـی ئـەو خاکـە جۆرێکـە قـوڕاوی نیـە . زەویەکـەی وەك کوترابێتـەوە ، ڕەق و وشـك خـۆی ئـەنوێنێ . جارجـارە سـەگێکی بەسـتراو لەبـەر دەرگـای ماڵێـك ، ناچـاری ئـەکرد بـن دیـواری ئەوبـەر بگـرێ . تائـەو سـەگە دڕە پـەلاماری نـەدات . بـــەلآم وەڕینەکـــەی تـــەواو بێـــزاری ئـــەکرد . ئـــەو شـــارەزای ناوچـــەکەیەو ڕاهـاتوە ، لەگـەڵ ئـەم سـەگ و وەڕە وەڕانـە . هەرکـە گەیشـتە بـەردەرگا وچـــەندجارێك بـــەناو لـــەپی لەدەرگاکـــەی دا . لەناوحەوشـــەوە دەنگێکـــی ژنانە پرسی :

ـ ئەڤ کییە ؟

کەریم بەکاوەخۆ وەلآمی دایەوە:

ـ ئەزم ـ کەریمم .

میهـــری دەرگاکـــەی کـــردەوە ، بـــەزمانێکی شـــیرین وڕوویـــەکی گەشـــەوە ووتی:

ـ شەقێ زەحمەتێ تە ، تە گەلەك بخێر هاتی ، سەرچاڤا.

کەریمیش بەخۆشحاڵی وڕویەکی گەشەوە وەلآمی دایەوە:

چاڤێ تە خۆش ، چاوانی، باشی .

ـ خودێ ژ تە ڕازی بت ، کەرەم کە.

کـــەریم هاتـــە ژورەوە ، هەرلەناوحەوشـــە دایکـــی خەپشـــێ هاتـــە پیرییـــەوە وبـەخێرهاتنی کـرد وجـردۆش دوابـەدوای ئـەو هـات وتەوقـەی لەگـەڵ کـرد، پریاســـکە ســـەمونەکەی دابەدەســـتی میهـــری ، جـــردۆش بەدەســـت سمێـــڵ

وڕیشـــەکەی ڕێکخســـت و دەســـتی پیاهێنـــا . ئامـــاژەی بـــۆ ژورەکـــە کـــرد وفەرمووی لێکرد .وتی:

ــ بفەرمــە بــرا، تــە گەلــەك بخێــر هــاتی . م گــوت ئەڤــە کــەریم نینــە ، دووهەفتـــــەیا بـــــوری وپرســـــیارەك ژ مـــــە نەکریـــــە کـــــەریمیش بەبزەخەندەیەکی پڕ خۆشەویستی تەماشای جردۆی کرد ،وتی:

ـ بخـودێ وە ژ بـیر نەکریـە .ئـیرۆ مـن حـەژ کـر وەببیـنم . کـەریم سـەرنجی دا خەپشـێ لەناوجێـدا کـەوتووە . دەنگـی نیـە . بۆیـە خێـرا پرسـی : بۆچـی خەپشـێ کەتیـە وڕا نابیـت ؟ دایکـی خەپشـێ ومیهـری سـەریان داگـرت و جردۆ بە خەمەوە وەڵامی دایەوە :

ــ ئەڤـە چـەند ڕۆژەکـە خەپشـێ هـیچ بـاش نینـە ، نـەخۆش کەتیـە . ئـەمجا کــەریم بەپەرۆشـــەوە لــەجردۆی پرســی : ـ هــیچ عیلاجــەك نەکرینــە، وە نەبرینـــە نـــك دکتۆرەکـــا . چـــاوا هـــەر وەســـا کەتیـــە د نـــاڤ مـــالادا . دایکـی خەپشـێ کـەتا ئەوکاتـە هـەر سـەری داخسـت بـوو ، سـەری هـەڵبڕی و لەبێ دەسەڵاتیدا بەشەرمەوە وەڵامی دایەوە :

ـــ ئـــەم نـــزانین چ تشـــتەکی بکـــەین ، ئـــەم دبێـــژین دێ بچـــینە ڤـــی نەخۆشـخانەیا . خەپشـی ڕازی نابـت ، ژ ترسـا حـاجی فیـق فیقـی ژمـاڵ نائیتــە دەرکــەفتن . حــالا وی هــەتا ئـیرۆ چ بـاش نینـە ، وەسـا نابـت ، نـزانم چ بکەین. بەهێواشی دەستی بەگریان کرد.

کـەریم کەوتـە بـانگ کردنـی خەپشـێ : کچـێ مـن ، خەپشـێ ڕابـە . دێ بـزانم چاوانی ، ڕابە م شول بتە هەنە ، دی ڕابە ، ئەز تەببینم .

خەپشـێ کەوتــە جوڵــە لــەناو نوێنەکــەوە . بـان سـەری خـۆی لادا وکـەمێك سـەری بــەرزکردەوە .کــەبێهێزی پێــوە دیــاربوو . کەکــەریمی بــینی دڵــی بەخۆی سووتا، هێندەی توانی وتی:

ــ تــە بخێــر هــاتی ، بخــودێ ئــەز نەباشــم. فرمێســك بەچــاوەکانیدا هاتنــە خــوار. کــەریم لــەو ترســە هەمیشــەییەی خەپشــێ تێئەگەیشــت ، بــەلاّم وەك پشــت وپەنایــەك وابــوو بــۆ ئــەوان .بۆیــە بــەدەنگێکی پــڕ بــەهیواو ورە بەخشینەوە وتی: ـ

ــ تــە ژ نـك مـن وەرە ، لـەهیچ کەسـەکی نەترسـە ، ئـەز ژ نـك تەمـە ، دێ بچـینە نـك دوکتـۆرەکی ، هـەتا عیلاجـەك ژبۆتـە بنڤیسـێ ، بـەرێ خـۆ بـدە مـامێ خـۆ، ئـەز نـازڤرم بـۆ کـەرکوك ، هـەتا تـە وئـەز نەچـینە دکتـۆری. خەپشــێ نەیدەویســت کــەریم دوابخــات لــە گەڕانــەوەی بــۆ نــاو مــاڵ ومناڵەکانی ، بەرسڤی دایەوە :ـ

ـ نا نا ئەز نایێم ، ژمالا خۆ دەرناچم .

کەریم کەشارەزای بوو ، وتی:

ــ بسـەکنە، ئـەز دێ چـارەیەکا دێ ژ بـۆ تـەد کـەم . دێچم کەسـەکا خـۆ ئینم ، پێکڤـە دێچـینە نـك دکتـۆری . پشـتی نـیم سـەعاتەکا دێ ئـەز زڤڕیمەڤـە .

کـەریم هەسـتا وئـەوانی حـاڵی کـرد ، کەلـەپاش نیـو سـەعاتی تـر دێتـەوە . ئــەیبات بــۆ لای دکتــۆر . جانتاکــەی هەرلــەوێ بەجێهێشــت وبــەپرتاو لــەوێ دەرچــوو ، کەوتــە ڕێ ، خەپشــێ کەمتمانــەی زۆری بەکــەریم هــەبوو ،هەمیشــە لــەماڵی ئــەو خەپشــێ پــارێزراو بــوو . هەرچــەندە دوو هاوســێکەی دیکــەیان کــەماڵی خــەیری وحــاجی ســەیدا بــوو ، بــەلاّم نــەیان ئــەتوانی

خەپشێ بپارێزن . کاتێ حاجی فیق فیق پەلاماری ماڵ ئەمانی دا ، دایك وباوکی لێدانی زۆریان خوارد وغەزالیان بەپرچ ڕاکێشان لەماڵ هێنایەدەر . خەپشێ بۆ ماڵی کەریم هانای برد نەشمیل هاتە سەربان وونەوزاد بەردی گرتە پیاوەکان ، نەشمیل بەجنێودان سوکایەتی بە حاجی فیق فیق وپیاوەکانی کرد . ئەو هاوسێیانە کەس نەیوێرا نوزەی لەدەم بێتە دەر و نتەقیان نەکرد . هەرلەبەر ئەوەش هەرکاتێ ترسی هەبوایە ڕایئەکرد بۆ ماڵی کەریم . لەوێ خۆی ئەشاردەوە . ئەوانیش سوێندیان خواردبوو کەبیپارێزتن. ئەمە جگە لەوەی هیچ کەسێك لەپیاوانی حاجی فیق فیق نەیدەوێرا بچێتە سەر ماڵی کەریم وسوکایەتییان پێ بکات چونکە کەریمیش وەك سەربازی حکومەت وابوو لەبەر چاویان . هەرچەندە لەڕاستیدا ئەو جگە لەپاککەرەوەی سەربازی هیچی تر نەبوو . کەریم هەنگاوی خێراتری ئەنا کە هەوڵی ئەدا زۆر دوانەکەوێت بۆ ڕۆیشتنەوە. کەنزیکەی مانگێکە نەڕۆیشتوەتەوە بۆ کەرکوك وتامەزرۆی بینینی ژن ومنداڵەکانیەتی. کاتێ گەیشتە ماڵی مەولودی باوکی ئەمیرە ، بەپرتاو لەدەرگای دا . ئەمیرە دەرگای لێکردەوە و بەخێرهاتنی کرد. یەکسەر هەواڵی دا بەدایکی :

ـ دایە مامە کەریمە، هاتوە بۆ ماڵی ئێمە .

دایکی ئەمیرەش هات و پێشوازی لێکرد وبەخێر هاتنی کرد بەگەرمی یەوە .بەڵام لەسیمای کەریم هەستی کرد شپرزەوپەشۆکاوە ، کەمێك ماندوودیارە وهەناسەبڕکێیەتی . بەڵام نەیکردە پرسیار وفەرمووی لێکرد بۆ دانیشتن . کەریمیش هەربە سەرپاوە دەستی بەقسەکانی کرد:

ـ کاتی دانیشتن نییە، ئەوەی ڕاستی بێت ،ئیشێکی خێرام پێتانە .

دایکـــی ئـــەمیرە بەسەرســـامییەوە پرســـی وئـــەمیرەش هـــەروا تەماشـــایانی ئەکردوگوێی ڕادێرا:

ـــ خێربێـــت کـــاك کـــەریم هەرچـــی ئیشـــێکت بـــەمن هـــەبێت ، ئەیخەمـــە سەرچاوم .

کەریم بەپشویەکی درێژەوە، دەستەکانی تێکەڵ بەیەك کرد ووتی:

ـــ ئـــەوەی ڕاســـتی بێـــت ئیشـــم بـــەتۆو ئـــەمیرە هەیـــە. خەپشـــێی هاوســـێ وناســـیاوم زۆر نەخۆشـــە ، ناوێرێـــت بچـــێتە نەخۆشـــخانە. لەترســـی ئـــەو حـاجی فیـق فیقـە زیـڕەی کـردوە. ئەگـەر تـۆ دەسـتێ جلـی ئـەمیرەم بـدەیتێ وەك عەزیـــەو تـــەنورەو قـــەمیس ، لەگـــەڵ خـــۆت بیهـــێنی. وەك کچـــی خـــۆت بـــەجلی مەدەنیـــەوە بیبـــەین بـــۆ نەخۆشـــخانەکە. تـــاکو دکتـــۆر بیبـــینێ ، ئەوسا ناترسێت .

ـــ بـــەخوا گوناهەوبەســـتەزمانە، توخـــوا ئـــەوە ژیانـــە، ئەومالّـــە هەیانـــە. بەسەرچاو هەرئێستا. ئەمجار ڕوی کردە ئەمیرەو وتی:

ـ دەی کچـم خـۆ بەتـەنیا نـامێنی لـەماڵ؟ تـۆش وەرە لەگـەڵم بـۆ کچـەکەش خۆشتر وباشترە. ئەمیرەش هەرگورج خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و وتی:

ـ باجلەکان بۆ ئەوکچە دابنێم وخۆشم ئەگۆڕم ..

کـەریمیش وتـی : ئـەوا مـن لێـرە لـەم ژورە دائەنیشـم تـاکو ئێـوە ئامادەئـەبن .

ـ تۆچۆن زانیت نەخۆشە ؟

ـــ دەبـــوو ئـــەمڕۆ بەمۆڵـــەت بڕۆیشـــمایەتەوە ، بـــەڵام ســـەردانیم کـــردن ، کەچـــوومە ماڵیـــان ســـەیرئەکەم بەســـتەزمانە کـــەوتووەو تەندروســـتی زۆر

خراپـــە. هـــیچ نـــاخواو ڕەنگـــی زەرد هەڵگـــەڕاوە و ڕەنگـــی مـــردووی لـــێ نیشتووە وزۆر لاواز بووە. دایکی ئەمیرەش ووتی:

ــ هەرچـەند ئـەمماڵـەو ئـەو خەڵكانـەی تـری ئێـزدی ئـەبینم زۆر دڵـم پێیـان ئەسـوتێت ، لەدێهاتـەکان دەریـان کـردن ، لـەخزم وکـەس وکـار پەرتـەوازەیان کـردوون . مـەولود بـاوکی ئـەمیرە هـەر ڕۆژەی دێتـەوە لـەدەوام باسـی ئـەو دێهـات وناوچـانەئەکات ، کەبـەزۆر دەریـان ئەکـەن وخانوەکانیـان ئـەڕوخێنن . مـاڵی نەگبـەتی وەك مـاڵی ئـەم کچـە دامـاوەش تەنانـەت دەسـتدرێژی ناموسیشـیان کراوەتـە سـەریان. بـەخوا دامـاون . ئـەم عەرەبانـە زۆر بـێ دیـنن. هەرچـی ئێـزدی هەیـە بـەکافر ئـەزانن ، ئـەڵێن سەرو ماڵ وناموسیان حەلاڵی ئێمەیە.

کـەریم بـەکاوەخۆ وەلامـی دایـەوە :ــ بـەخوا لـە عەرەبـەکان باشـتر وپیـاوترن هـیچ زیانێکیـان بـۆ کـەس نیـە ، مـام جـردۆ ئەچـوو لـەو دێیانـە هێلکـەی زۆری دەسـت ئەکـەوت ، ئێسـتا ئـەڵێ دێیـەکانمان زۆری خـاپور کـراوە وهێلکە کەم دەست ئەکەوێت .

دایکی ئەمیرەش بێزاری خۆی لەو بارو دۆخە دەربڕی وتی:ـ

ــ ئێسـتا ئـەو خانوانـە لـەو کۆمەڵگایانـە کـە دروسـت کـراون ، پڕکـراون لەعـەرەب کـە لەباشـورەوە ئـەیانهێنن. گشـتی پـیس وپۆخـڵ ، نـاقۆلا وناشـیرین.خەریکە شـار جوانیەکـەی خـۆی نـامێنێ ، مـەولودیش بێـزار بـووەو،وئێرەی لەبەرچـاو کـەوتووە. ئـەڵێ ئێـوە ئەبەمـەوە بـۆ کـەرکوك . خـۆم لێرەیـە دەوامـم وباهـەرخۆم لێـرە بم . ئـەڵێ هـەر ڕۆژەو بـەزمێکمان تـوش ئەکـەن. مـیش ئـەڵێم جـارێ باسـەبر بکـەین. ئەگـەر هـەرخراپتر بـوو، بـەخوا تـۆش نـەڵێی مـن هـەر ئەڕۆمـەوە. جـاران چـەند خـۆش بـوو ئەچـوینە

چـیاو گـەڕانمان ئـەکرد ولەجـەژنی ئێزدیـەکان وبۆنـەکانیان وتـاوس گێـڕان ، وەك خۆیـان ئـەڵێن . . بـەدەف وشـەباب ئێمـەش تێکـەڵیان ئـەبووین . هـیچ قاریـان نەئـەهات. ئێسـتا هیچـی نـەما ،حکومـەت تەشـقەڵەیان پـێ ئـەکات . نەچوارشـەممان مـا. هیچـی تـامی نـەما . هـەر بـازاڕ کـردن ونـان خواردنـە . عـەرەب شـارەکەیان داگـیر کـردووە . بـەخوا منـیش ترسـم لـێ نیشـتووە. هـەروەك خەپشـێ وام . کچـەکەم گـەورە بـووە . ئـەم کولەڕەشـانە تـابلێی بـێ ناموسـن . پـەروەردە نـەکراون . ئەگـەر بـاش بونایـە . دڵیـان بـەماڵ ومـوڵکی خـەڵکی خـۆش نەئـەبوو . ئـەمیرەش هاتـە قسـەو وتـی: ـ بـەخوا مامـە کـەریم منـیش وەك خەپشـێم لـێ هـاتووە ئەوەنـدە ئەترسـم ، ئـەزانم حـاڵی خەپشـێ چـۆنە. ـ

دایکی ئەمیرە وتی:

ــ ئـێ کچـم خەپشـێ بـەهۆی مـاڵی مامـە کەریمـەوە بوەتـە هاوڕێـت . ئـەزانم دڵـی پێـت ئەکرێتـەوە ئـەمیرەش ووتـی :ــ ئـەو هـەمووجارێ باسـی غـەزالی خوشـکیم بـۆ ئـەکات . و بـۆی ئـەگری وهـەر چـاوەڕێیە ڕۆژێـك بێتـەوە .وای بەستەزمانە . کەریم وتی:

ــــ ئـــەزانم تـــاکو نیوەڕۆمـــان پێئەچـــێت ، یـــەکجاری تـــا مـــەولود نـــەبینم ناڕۆمەوە .

ـ دەی واباشە نێوەڕۆ دێینەوە ماڵ خۆمان .

لەکۆڵانەباریکەکــە تێپــەڕین ، گەیشــتنە مــاڵی جــردۆ ، هــەر بەگەیشــتنی ئــەمان مــاڵی جــردۆ داوالآن ،دەســت وبــرد پلانەکــەی کــەریمیان جێبــەجێ کـرد ، ئـەمیرە و میهـری لەدیوەکـەی تـر خـەریکی گـۆڕینی خەپشـێ بـوون . کەبــەهاتنی ئــەمیرە ، هێــزی دایــە خــۆی ورەی بــەرز بــوەوە . چــونکە

بــەهۆی سکچــون وکــەمخواردن تــەواو بێهێــز بــوو. کــەریم وجــردۆ دانیشــتن ،گفــت وگــۆی خۆیــان ئــەکرد ، جــردۆ بــەدەم گریانــەوە ئەیلاوانــدەوە:

ـ ئیلەهیۆ تە ئەم خنێ کرین .

ژ بەری ڕۆژا ئەم بمرین

تە ب وەلەدەکا نێر ئەم شاهی کرین

لە سەر قەدەما دگەڕیام

ڕوح هاتە دەست وپێیام

ئیلەهیۆ ب تە فریام

تالاڕن کرن ب جارەك

نە راسمال ما نەدینارەك

نە ل مە دپرست نەبرایەك ، نەیارەك

ئــەڤ مرنــە ، ئــەڤ ڕۆژا مرنــێ منــە، هەکــە برایــەکی وەکــی کــەریم نــەبا ، ئــەزچ بکــەم. دایــە پرمــەی گریــان ، کــەریمیش فرمێســك بەچــاوانیا هاتــەخوار ، بەلکی جامانەکەی فرمێسکەکانی سڕی و تی:

ــ تــە خــەم نــەبی، هــەر تشــتەك ب مــن کریــا ئــەز تەخســیری نــە د کــەم ، خەپشــێ وەکــی کچــا منــە ،مــن کــچ نینــە . ئــەو ژی بکچــکا خــۆ دانایــە.

جردۆ ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

ــ خــودێ و پــیرا خاســێت مــە تــە ژ ئەداوبــەلاٚ دیــر بکــەت . ئــەزێ خــازم ژ خــودێ تــەعالا موقــەدەرەکا بــۆ حــاجی فیــق فیقــێ چــێ بکــەت ،ئــەوژی پەرچــوم پەرچــوم بــت . ئــەو وەســا مــە دەس بەســەر کــر ،نــەهێلا کچــا مــن ژمــاڵی خــۆ دەرکــەڤت. ژخــودێ خــازم ئــاگرێ دۆژی وســێلاٚ مەنجــەنیقێ

کــەلێی مــارو دوپشــکا زەبــتنێ چــاڤ ڕێیــا وی بــتن . کــەریم ئــارامی پــێ بەخشی و بەدڵنیاییەوە وتی:

ئـەز ژ تـە زیـز وقـەهری دبم ، چـاوا دگریـەی ؟ئـەم نـە براینـە؟ تـە لازم د کـر جوابەکا ژ بۆ من بنێری بەری دوو ڕۆژا بەری نوکە ئەز دهاتم.

ـ خودێ ژ تە ڕازی بت .

هەرکــە خەپشــێیان ئامــادە کــرد ، کــەریم وئــەمیرەودایکی وخەپشــێ لــەماڵ کەوتنــە ڕێ . وردە وردە بــەپێی خەپشــێ هــەنگاویان ئــەنا ئــەمیرەو دایکــی چــوونە بــن بــاڵی و کــەریمیش لەپێشــیانەوە ئەڕۆیشــت . خەپشــێ کــەمێك ورەی بــۆ هــاتبوەوە ، لــەترس ودڵــە ڕاوکــێ کــەوت بــوو ، نــەرم نــەرم هــەنگاوی ئەهاویشــت . لــەوێ هەربــە ناســنامەکەی ئــەمیرەو بــەناوی ئــەمیرە مــەولود عــەزیز پسـوڵەیەکیان بـۆ بـڕی ، بەتەمـەنی سـیازدە سـاڵان تۆمــارکرا. بردیانــە بــەردەمی دکتــۆر ی پســپۆڕ لــەپاش پشــکنین ودڵنیــایی کــردن کەپێویســتە ژینــاوی بــۆ هەڵواســن ، تــاکو ســەعاتێکی خایانــد ئەوســا دەرزی ودەرمــانی تــری بــدەنێ. تــاکو کــەمێك بــێ هێزیەکــەی نــامێنێ. ئــەمیرەو دایکــی بەدیاریــەوە مانــەوەو کــەریمیش چــوو لەبازاڕەکــە هەنــدێ میــوەی ســێو وپرتــەقاڵی کــڕی . گەڕایــەوە لایــان . بــەو ژینــاوە خەپشــێ ڕومەتــە زەردەکــانی ڕەنگیــان ئــاڵ بــوەوە . توانــای چــاو هــەڵبڕین وگفــت وگــۆی بــۆ هاتــەوە . تەماشــای کــەریم وئــەمیرەو دایکــی کــرد. لەلایــەك دڵخـۆش بـوو ، لەلایـەك فرمێسـك بەچـاوەکانیا هاتـە خـوار. دەیزانـی ئەمانـە کـە موسـڵمانن زۆر خۆشەویسـتن لـەلای ، بـەلاْم نـاتوانن هەمیشـە پێکـەوە بــن. ئــەوا کــەریم مــاڵ وخێزانــی بردوەتــەوە بــۆ کــەرکوك . زەحمەتــە

بیانبیینێتــەوە . ڕەنگــە بــەهۆی کەریمــەوە ئەمــە دواجــاریش بێــت کــە ئەمیرەو دایکی سەردانی بکەن . کەریم ڕووی کردە خەپشیێ و پرسی : ـ

خەپشیێ چاوانی ، هەنوکە باشی ؟

خەپشــیێ بزەیــەکی پــڕ لەبــەزەیی بەخۆهاتنــەوەی کــرد ، بــەمل لەقانــدن وبەدەمیش ووتی:

ــ خــودێ ژ تــە ڕازی بت . ئــەز گەلــەك باشــم . ئــەمجار زیــاتر دڵــی بــەخۆی ســووتا ودەســتی بــەگریان کــرد . کــەریم وئــەمیرەو دایکیشــی گریانــد . خــۆی لەخۆیــدا شــیوەنێك بــوو بــۆ ژیــان . بــۆ ســەرجەم ژنــانی بەدبــەخت و بــێ پشــت وپــەنا، بــۆ هــەموو کچێکی کــورد کەبــەترس چــواردەوری گــیراوە. بــێ ناموســەکان خۆیــان لەبۆســە بــۆی نــاوە. بــۆ هەموومرۆڤایــەتی . نــەك تــەنها بــۆ کەســێکی نــەخۆش . کەلەڕاســتیدا جەســتەی ســاغە ، بــەڵام ژیــانی پــڕ بــێ ئــارامی یــە . ژیــانی لــێ دزراوە وهەمیشــە لەبــەردەم هەڕەشــەی ئــەتك کــردن ولەناوچــوونە . گریانێکــە کــەریم وئــەمیرەو دایکــی . هــەموو ماناکــانی ئــەزانن . کەئەمــە گریــانی ئــازاری جەســتە نیــە . ئەمــە گریــانی ژیانــە کەهــەموو بــەهاکانی لــێ ســەنراوەتەوە ، تــەنها هەناســەو خــواردنی پــێ ڕەوا بینــراوە . ئەمــە گریــانی ئــەو ژیانەیــە کەداگیرکــەر دروســتی ئــەکات . کەسیاســەتی ڕەگــەز پەرســتی وشــۆفێنی عــەرەبی بــۆ کــوردی دروســت کــردوە ، کــە ئاینەکــەی خۆیشــی قەدەغــەی کــردوە .ئــەو بەشمشــێری عــەرەبی ، ملــی کــوردی ئێــزدی وموســڵمانی پــێ ئەپــەڕێنێ ، بــەو شمشــێرە نــاموس ئــەتك ئــەکا . کەهــەر خــەمی ناوگەڵیانــە و باکیــان لەکوشــتن ومــاڵ کــاولی ئــەوانی تــر نیــە. پێکــەنینیان بــەم گریانانــە دێــت . هەرکەســەش کەلــەم گریانــە تــێ ئــەگات . ئــیتر بۆخــۆی ئــەگرێت .بــۆ دوری و دابڕانــی

خـۆی ئـەگرێت لەکـەس وکـاری. ئەمـە خەمێکـە لـەدەروونی هەموماندایـە ، نـامۆیی وبێکەسـی خـەمێکی گرانـە . وەك بـارێکی قـورس نـەك لەسـەر شـان ، بـەلکو لـەناو ناخمـان هـەڵمان گرتـووە . هەمیشـە قـوڵپی گریانمـان دێ . کـەبیر بـەخۆمان ئەکەینـەوە. ئـەزانین کەچـەندە تـەنیاین . لـەپاش تـەواو بـوونی ژیناوەکـە ، خەپشـێ هەسـتاو بـەتوانای خـۆی وردە وردە کەوتـە ڕێ ولـەناو نەخۆشـخانە . هاتنـە دەرەوە . خەپشـێ لـەناو شـارەکەی خـۆی وەك نامۆوایـە. لـە شـەقامە سـەرەکیەکەی بـەردەم نەخۆشـخانەکەی ڕوانـی ، کەبـەرەو ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای شـار ئەچـوو . کـەمێك تەماشـای دەوروپشـتی کـرد . چـاوی بەخـەڵك وبینـاو ترومبێلـەکان کـەوت خـۆی وەك کەسـێك ئـەبینی کەیەکـەمجار بێـت . هاتبێتـە ئـەم شـارە . یـان تـازە لەزینـدان هاتبێتـە دەر . ئـەو وابۆسـاڵێك ئەچـێ کـە حـاجی فیـق فیـق پـەلاماریماڵیـانی داو غـەزالی ڕفانـد ، ئەمیشـی خسـتە نـاو زینـدانێکی یـەك مـاڵی نـاو گـەڕەکێك . ئێسـتا ئـاوڕ ئەداتـەوە بزانێـت حـاجی فیـق فیقـە ڕیـش درێـژ وچـڵکنەکە دیارنیـە. بـۆی بکرایـە بۆیـەکجاریش بێـت تفێکـی شایستەی بکردایە ڕیشەکەی . کەریم ووتی:

ـ تەتشتەك ناڤێ؟

خەپشێ بەدەنگێکی کزو نەرمەوە وتی:

ـ نا ، تشتەك پێ دڤی نینە. سەمونا تە ل هەمی تشتەك خۆشترە.

دایـك وبـاوکی خەپشـێ بەگەڕانـەوەی خەپشـێی کچـیان بـەپێی خـۆی زۆر خۆشـحاڵ وڕووگـەش بـوون . دایکـی بەپیرییانـەوە هـات . دەسـتی نایـە بـن باڵی خەپشێ وبردیە ژورەوە . وتی:

ـ نوکە چاوانی ؟کچا شیرینێ من .

خەپشێ تەماشایەکی کرد ووتی:

ــ ئـەز باشـم . خـودێ ژ وە ڕازی بـت . ڕووی کـردە کـەریم ودایکـی ئـەمیرەو ووتی.

ــ وە کارەکـا مـەزن و بـاش ژ بـۆ مـن کـرن . خـودێ تـەعالا وە سـەلامەت بکـەت . بەهەشـت بـە قسـمەتا وە بکـەت. دایکـی ئـەمیرە ووتـی: خەپشـێ کچـێ مـن تـە قیچـەك خـارنێ بخـۆ هـەتا دەرمـانێ بخـۆی . خەپشـێ بـەدایکی ووت :ـ دایێ ، سەمونەك وبایجانەکا سۆر بۆ من بئینە.

دایکـــی هەســـتا چـــەند تەماتەیـــەکی بـــۆ هێنـــا لەگـــەڵ ســـەموون وســـێو وپرتـــەقاڵ لەبـــەردەمی داینـــا . نـــزای خێـــری بـــۆ کـــرد. دایکـــی ئـــەمیرە دەرمانـــەکانی پیشـــان دان کەخەپشـــێ بـــەکاریان بـــێنێ ، ووتـــی هـــەرکات پێویســـتییان بـــوو ، هـــەواڵم بـــۆبنێرن . مـــن دێـــم باکـــەریمیش لێرەنـــەبێت ، ژمـــارەی تەلەفۆنەکـــەی بەئـــەمیرە نوســـی دای پێیـــان . زۆریـــان هەوڵـــدا کەبمێننەوە، باوکی خەپشێ وتی:

ئەم ژی قەولا شەق سەرێ هەی ئێزدییا دبێژین :ـ

ـ ل سەر مالخۆین مالێ وە فەرزە

گاڤا مێڤان ژ دەرڤە

جایزە ڕابی ژ بەرڤە

کەریم قسەکەی پێ بڕی وتی:

ــ بـرا ئـەز وە بـاش نـاس دکـەم ، تشـتەکا دی نەبێـژە . ئـەز نـانی نـاخۆم ، ئـــەز دخـــازم وە ئیجـــازە ب مـــن بـــدێ کـــو زڤڕیمـــە مـــال وزاروکێـــت خـــۆ ژکەرکوکێ . هەتا وەقت درەنگ نەهاتیە . جردۆ پێکەنی و وتی:

ــ تــه بخێـرو سـەلامەت ، سـلاڤا مـه ژب بگەهینـه ژنکـا خـۆ وچـاڤا زاروکێـت مــاچ دکـــەم . ئـــەوانیش ســـلاوی گـــەرمی خۆیـــان نـــارد بـــۆ نـــەشمیل ومناڵــەکانیان . کەئــەوانیان لــەیادە. میهــریش جلــەکانی دایــەوە دەســتی ئــەمیرە وپـــاش ماڵئـــاوایی کــردن ، ئـــەمان هەرســێکیان مـــاڵی جردۆیـــان بەجێهێشت و گەڕانەوە .

کـەریم چـاوەڕێی کـرد تـا مـەولود هاتـەوە ، پێکـەوە بەخۆشـی نانیـان خـوارد .کـــەریم بەســـەرهاتەکەی بـــۆ مـــەولود گێڕایـــەوە ، مـــەولود کـــەمێك مـــات وبێدەنگ بوو ، ئەوسا وتی:

ــ کـەریم ئـەزانی حکومـەت بـەنیازە ئـەوکۆلاین وگەڕەکـەی ئێـوەی لـێ بـوون بیڕوخـێنی وتێکـی بـدات وبیکاتـە ئوردوگـا. کـەریم بـەم هەواڵـە ناڕەحـەت بوو . وتی:

ـ یانی ماڵی جردۆو ئەوانی تریش گشتی ئەڕوخێنن .

ــ بـەڵێ حکومـەت بـەنیازە یـازدە ئوردوگـا دروسـت بکـات . مـن چـەند سـاڵێك پــێش ئێــوە لێــرەم ولەتەجنیــد نایــب زابــتم ئــەو هەوالانــە باشــتر ئــەزانم . ســەرە تا ئــەو دێهاتیانــەی چــۆڵ کــرد ئێزدیــەکانی لــێ دەرکــرد وەك ـ کــون روڤــی ، متۆ،خــەراپ بـازاڕ، کوجـوك ، پــیر زەکــەر وچــەندی تــر، ئێسـتا ئــەو خانوانــەی کەخــەریکی دروســت کــردنین ، بــۆ ئــەو خێزانانەیــە. ئــەوەی خــۆی ئەکاتــە عــەرەب حکومــەت لاقــەیان ناکــات . ئەوەیشــی خــۆی بەعــەرەب نانوسـێت ئــەوا ئەیانگوازنــەوە واتــە تــەرحیلیان ئەکــەن .چــونکە حکومــەت بــۆ ســاڵێکی تــر ســەرژمێری ئــەکات . کــورد بەموســڵمان و ئێزدیــەوە لــەم شــارە نــاهێڵێ . وەك کــەرکوکی لــێ ئــەکات . کەپێشــتر خــۆت باســت لێــوە کــردوە. ماڵــە شــورتەکانی شــۆرجەو یــازدە هەزاریــەکان وخــانوی نایــب

زابتەکان دروست ئەکات وەك بیستومانە. چواردەوری شۆرجە بەعەرەب ئەگرێت .

کەریم زۆر داما ئەمجا وتی:ـ

ـــ بەخوا مەولود من نەخوێندەوارم سەرم لەسیاسەتی حکومەت دەرناچیٚ بەس چواردەوری خۆم ئەبینم. زۆر لەم شتانە نازانم حکومەت بەتەمای چییە. بەڵام ئەوەندە تیٚ ئەگەم کەنایەوێت پێشمەرگە وەکوجاران بەهێز بێت . من ئەزانم فەوجەکەمان چەند لەپێشمەرگە ئەترسن لەم سنوری سوریایە.

مەولود درێژەی بەقسەکانی دا:

بەپێی زانیاری من لە هەواڵگری سەربازیەوە بۆ ئێمە دێت . حکومەت ئەم شارانە لەکورد دائەبڕێت . نیازی باش نیە. شۆڕش توایەوە، پێشمەرگە نەما . هەموو شتێکی بۆ ئەچێتەسەر. کەریم قسەکەی پیٚ بڕی ووتی: ـ هیچمان لەگەڵ حکومەت پێناکرێت . دەسەڵاتمان نیە. من دڵم بەخەڵکی وەك ماڵی جردۆ ئەسوتێت. نەگبەتانە بەهێلکە فرۆشتن ئەژین . لەمەودوا ئەچنە کویٚ ؟ بەچی ئەژین ؟ بەخوا داماو وبەستەزمانن. ئەوا بەرەو زستانیش ئەچین . ژیانیان سەخت ئەبێت. من نەمتوانی بەرگری زۆرتر یان لێبکەم . نەمتوانی تۆڵەی غەزالیش بکەمەوە .بەڵام چونکە موسڵمانم ئەوا هەموو ئێزدیەکان ئەبوون بەدوژمنیان . ئەیان پرسی ڕەنگە موسڵمان بووبیت بۆیە موسڵمانێك وابەسەختی بەرگریتان لیٚ ئەکات . گومانی گۆڕینی ئاینیان ئەکرد لێیان . بۆیە تەنها دەرگای ماڵەکەم بۆ کردبونەوە. دایکی ئەمیرەبابەتەکەی پیٚ گۆڕین و وتی:

ــ کـاك کـەریم ئـەتوانی لەکـەرکوك بچـیتە مـاڵ حـاجی شـاکیر ومـیمکم ؟ کـەریمیش ئـاوڕێکی لـیٚ دایـەوە نامەیـەکی بـینی بەدەسـتییەوە. وەڵامـی دایەوە:

ــ بـەڵیٚ بەسەرچـاو حـاجی شـاکیر خـاڵۆی نەشمیلـە و هـەموو مۆڵـەتێك هەرهیچ نەبێت جارێك نەشمیل ئەبەم بۆماڵیان . دایکی ئەمیرە وتی:

ــ ئێمـەش بـەهۆی ئەوانـەوە لەگـەڵ ئێـوە بوینـە خزمـی یـەك ، مـەولود لەچـایخانەکە کـەزانی خـەڵکی کـەرکوکی دڵـی پێـت خـۆش بـوو . مەولودیش هاتە ناو باسەکەوە:

ــ کەلەچـایخانەکە پرسـیارم لێتکـرد وباسـی زۆر کەسـم لێیـت پرسـی .دوایـی کـەناوی حـاجی شـاکیرم هێنـا کەلێفـە دوورەو لـەزێویٚ وئیمـام قاسـم وتـت خـاڵۆی ژنەکەمـە . ئـیٚ ژنەکـەی حـاجیش میمکـی سـەمیرەی دایکـی ئەمیرەیـە . کەواتـە مـن وتـۆ خـزم دەرچـووین . بـەخوا بـرا کوردبدوێنـە یـان خـزم دەرئەچـن یـان دوژمـن . کـەریمیش بەزەردەخەنـەوە وەڵامـی دایـەوە :

ــ ئێمـە لـەئێوە زیـاتر دڵخۆشـتر بـووین . چـونکە تـازە هـاتبووین ، ژن ومنـاڵم کەسـیان نەئەناسـی ، کەبەنـەشمیلم ووت خزمێکـت هەیـە لەشـەنگال . لەخۆشـیا پـای بـەزەوی نەئەکـەوت . هەرچـەند باسـم کـرد نـەتانی ئەناسـی . دوایـی وتـی مـادام خوشـکەزای خاڵۆژنمـە ، ئـیتر بـۆمن هەمووکەسـێکە ، چـونکە تـۆ لێرەبویتـە ئـەو تـۆی نـەدیبوو. ئـیتر غەریبیەکـەیان کـەم بـوەوە .تێکـەڵ بـووین وشـەنگال وەك کـەرکوکی لێهـات بـۆ مـان .بـووین بـەدوو خزمـی نزیـك نامەکـەی لـەدایکی ئـەمیرە وەرگـرت و گوتی :

ـ بەسەرچاو بیهێنە . نامەکەی لێوەرگرت ، دایکی ئەمیرە پرسی:

ـ کاك کەریم ئێوە چونەتەوە کەرکوك خۆترسی دەرکردنتان نیە؟ کەریم دڵنیای کردەوەو ووتی:

ـ نەخێر من نفوسی چل وحەوت وپەنجاو حەوتم کەرکوکە،بەلاّم حکومەت باری نیە ، ئەگەر مەبەستی بێت ئەڵێ برۆ بار بکە ،ئەڵێی چی ؟ ناچاری باربکەی.

ـ دەی خوا کەریمە بەڵکو مەولود خانەنشین بوو یان دڵی گۆڕا ئەوا ئێمەش دێینەوە بۆ کەرکوکە حەیاتەکە. ـ لەسایەی خواوە ئێوە ترستان نیە ، مەولود لەتەجنیدەو شوێنی باشە . حکومەتی ئێرە هەقی بەسەرتانەوە نیە. من ئیتر پەلەمە ئەبێ بکەومە ڕێ . ئەوجا خواحافیزی لێکردن وئەمیرەی ماچ کرد ، لەماڵ مەولود دەرچوو .ئەوانیش تا دەرگای حەوشە بەرێیان کردو نزای سەلامەتییان بۆ کرد . کەریم هەرچەندە خەمی خەپشێ وخێزانەکە بوبوە ئاگرو ناخ وهەناوی پێوە ئەچزا، تائاستێك توشی پەژاری کردبوو . بەلاّم بەوە دڵخۆش بوو کەئەچێتەوە بۆ ناو ماڵ وخێزانەکەی ، کەبۆماوەی مانگێکە دوورە لێیانەوە. بیری چوەلای هەرسێ کوڕەکەی ، کەئێستا ڕەنگە لەبەر دەرگا بەم سەرمایە چاویان لەڕێگا بێت ،خۆیان ئامادە کردبێت ، بەڕاکردن بەرەو پیری باوکیان بچن . ئای لەوکاتە خۆشەی کەباوەش ئەگرنەوە . نەوزاد گەورە بوەو بەتەوقەو دەست ماچ کردن ڕێز وخۆشەویستی خۆی دەر ئەبڕێت . بەلاّم ئازاد بەهەڵبەز ودابەز وباوە باوە ، باوکم هاتەوە وبەچەپڵە لێدان تاماوەیەك واز لەباوکی ناهێنێ . ئێستا نەشمیل جوان خۆی گۆڕیوە وچاوی ڕشتووە ، کراسە مەخمەڵە

گــولٚ گوڵیـــە مۆرەکـــەی لەبـــەر کـــردوە .لەچـــکە تەزرەوبارانەکـــەی داوە بەســـەریا و زوڵفـــە ڕەشـــەکانی لەژێریـــەوە بریســـکەی دێ . هێلـــەك وکـــەوا ڕەشـــــەکەی ،بالاٚیـــــان وانەخشـــــاندوە ، ســـــینگوبەرۆکی تونـــــد وقیـــــت کردوەتـــەوە ، کەهەرلـــەدورەوە قەســـت ئـــەکات باوەشـــی پیـــا بکـــات . بەدڵنیاییـــەوە چێشـــتێکی خۆشـــی بـــۆ ئێـــوارە بـــۆ ئامـــادە کـــردوە ، ئـــەو هەمیشـــە بەشـــەرمونازەوە کـــەریم مـــاچ ئـــەکات .ئـــەویش لەبەرچـــاوی منالــەکان ناوچــەوانی مــاچ ئــەکات . ئــیتر ئــەبێ چــاوەڕوان بێــت منالــەکان بخــەون ولەگــەلٚ یــەك ئــاوێزان بــن وتیــك ئــالێن . دەبــێ چــاوەڕوانی ئــەو دەرفەتەبکـــەن . چـــونکە لەیـــەك ژوور ئەخـــەون . ئـــەبێ ژن وپیـــاوی وەك کــەریم ونــەشمیل هــەروەك لــەکۆڕی دانیشــتنەکاندا پیــاوان ئــەڵێن ئەبیتــە دزی نـــاو مـــاڵی خـــۆت . کـــەریم ئـــاخێکی هەڵکێشـــا وخۆزگـــەی خواســـت بیتوانیایــە ژورێکــی تــر بــۆ کوڕەکــانی بکــات وبــەجیا بخــەون . لــەدڵی خۆیــدا وتــی: شــەوانە هــەرزوو لەگــەلٚ نــەشمیل ئەکەوتمــە دەســت بــازی وڕابــواردن . ئــەتوانین هــەر بــەڕووتی بخــەوین ، هــەتا بــەیانی بــەڕوتی یــەکمان ئەگوشــی بەخۆمانــەوە ، قاچـــمان ئەئالاٚنـــد بەیەکـــەوە ، بـــەپێوە لەباوەشـــم ئـــەگرت و لێوەکـــانیم ئەمـــژی و ســـەرم ئەخســـتە نێـــوان مەمکەکانیـــەوە . ترســـم لەمنالـــەکانم نەئـــەبوو . شـــەوانە چـــەند جارێـــك جـــووت ئـــەبووم . تائێســـتا تـــەنها لەحـــەمام بـــۆ پشـــت شـــۆرین بـــەڕوتی یـــەك ئـــەبینین . هـــەولٚ ئـــەدەم لەمـــەودا ئـــەو ژوورە دروســـت بکـــەم . کـــات بـــەرەو تاریـــك بـــوون ئەڕۆیشـــت کەلەترومبێلەکــە دابــەزی وئەوماوەیــە بــەپێ بــەرو ماڵــەوە هــەنگاوی ئــەنا. هەرچـەندە لەماڵـەوە نـزیکتر ئـەبوەوە ، شـەوق وزەوقـی باشـتر ئـەبوو ،دڵـی خێراتـر لێـی ئـەدا وئێسـتا هەرکـە لـەدەرگا ئـەدا وئەچـێتە ژورەوە ئەبێتـە

خۆشـــی وشـــادی .وئـــەمیش شاگەشـــکە ئـــەبێت ، لـــەدەرگای دا، کاتێـــك شـێرزاد دەرگـای کـردەوە ، پـڕ بـەدەم لەخۆشـیا هـاواری کـرد :ــ بـاوکم هاتــەوە ، دایــە بـاوکم هاتــەوە . ئـەمجا باوەشـی بـەباوکیاکرد وتونـد ملـی بـاوکی گـرت وباوکیشـی پـەیتا پـەیتا ماچـی ئـەکرد . کـەریم هـەتا ئـەوی مـاچ کـــرد نـــەوزاد وئـــازادیش گەیشـــتنەلای . بەخۆشـــی ومـــاچ کردنـــەوە بەخێرهاتنـــەوەی باوکیـــان کـــرد . کـــەریم هـــەر چـــاوی لـــەدەرگای ژوورەکەوەبوو کەنەشمیل دەرکەوێت . نەوزاد ووتی:

ــ بـاوە میوانمـان هەیـە . کـەریم کەگەیشـتبوە دەرگـای ژورەکـە ، هەربەسـەرپاوە نـەشمیل بـەخێر هاتنـەوەی کـرد وجانتاکـەی لـیٚ وەرگـرت ونـەیتوانی ماچـێکی بکـات ، کەخۆیشـی تامـەزرۆی مـاچ کردنـی کـەریم بـوو. بـــەخێرهاتنی گولاڵـــەی کـــرد ومحەمـــەدی مـــاچ کـــرد وئـــەوانیش بەخێرهاتنـــەوەیان کـــرد . میـــوان خۆشەویســـتە .هەرچـــەندە پێشـــتر هاتبێــت ، بــەلاٚم بــۆ کــەریم میــوانێکی ناوەختــەی ســەخت بــوو ، ئــەو هەرچـەندە میـوانی لاخۆشەویسـتە ، بەتایبـەتی گولاڵـەو حەمـەی کـوڕی ، بـەلاٚو ئـەو شـەوق وزەوقـەی کـەریمیان تۆرانـد . کـەناتوانێت شـەویش لەگـەڵ نەشمیل لەژێر یەك لێفە بخەون.

*************************

ڕۆژێکــی خۆشــی هــەتاوی بــوو ، چــۆلەکە بــەجریوەجریو لــەناو حەوشــەو ســەربانەکان هەڵبــەزو دابــەزو قونــەقونیان بــوو . بیبوســوەکان لەســەر تــەلی کارەباکــە هەڵئەنیشــتن ، قازومراویــەکان کــەیف خــۆش بــوون کەبــەدوای یەکــدا ڕێیــان ئــەکرد ، لــەنزیك کارێزەکــە کۆمــەڵ کۆمــەڵ لــەو گژوگیانەرمــەیان ئــەخوارد کــەتازە ســەریان هێــابوودەر . خــەریکی خــواردن بــوون . هەنــدێ مــراوی دەمیــان ژەنیبــوە جۆگــە ئاوەکــەی بــەردەم مــاڵان وبــەدەنوکیان ملّچەملّچیان ئــەکرد بــەدوای خۆراکدا .چــەند مریشــك وقــەلێك لەتەنیشــت مــاڵی شــێخ جەمیلــەوە چــینەیان ئــەکرد . دووقــەلیش خۆیــان فــش کردبــوەوە لەگــەڵ کەڵەشــێرێکی گیڤــەوەبوو شــەڕەدەنوکیان ئــەکرد .

عــەزە لەســەر زەویــە تەڕەکــە دانیشــت بــوو ،هەرتەماشــای بــاوکی ئــەکرد کەخــەریکی دەرکردنــی دەرگــا قوپاوەکــە بــوو .کەعــەزە بەبــەرد تێکــی شــکاندبوو، ئــیتر بــەجوانی دانەئــەخرا . زرمــەی قازمــەی دەســتی شــێخ جــەمیل ئــەهات وعــەزەش هەرتەماشــای ئــەکرد ونتــەقی لــەخۆی بــڕی بــوو .ســەید تۆفیــق هاتــە دەرەوە وچــوەلای شــێخ جــەمیل ، هەرکەعــەزەی بــینی نیمچــە خشــتێکی هــەڵگرت وبــۆی چــوو عــەزە ڕایکــرد ســەید تۆفیــق هــاواری لێکــرد :ــ تۆعــەیب ناکــەی هەرســەیری باوکــت ئەکــەی ، ئــەی بــۆ نایــەی دوو قازمــە بوەشــێنی. شــیخ جــەمیل کــەبێزاربوو لەعــەزە پاڕایــەوە کــەوازی لێبێنێــت .کــەریمیش لــەماڵ دەرچــوو ، چــاك وچــۆنی لەگــەڵ کــردن وئــەوانیش بەخێرهاتنــەوەیان کــرد ، ئەوســا کــەریم بــەرەو ســەرەوە کەوتــە ڕێ ، لــەپاش کــەریم گولاڵــەو محەمەمــەدیش مــاڵی کــەریمیان بــەجێ هێشــت وخواحافیزییــان کــرد نــەشمیل بەڕێیخســتن ، ئــەوان گەڕانــەوە بــۆ

چەمچــەماڵ . نــەوزادیش چــووبۆ هاوکــاری شــێخ جــەمیل . هەرکــە عــەزە نــەوزادی بـینی قازمــە ئەوەشـێنێ ،گەڕایەوەودەسـتی بـەئیش کـرد لەگـەڵیان . تــاکو دەرگاکــەیان لەتــەپان دەرهێنــا ، هەرکــە ســەید تۆفیــق تەماشــای دەرگــا تازەکــەی کــرد کەلــەپاڵ دیوارەکــە دانرابــوو ، بەسەرســوڕمانەوە وتـی :

ـ شـێخە ئـەم قاپیـە چیە؟ ئەمەیـەك پارچـە ئاسـنە وگـەلێ قورسـە ، ئەمـە بـەکێ ڕاسـت ئەبێتــەوە ؟ نـەوی لێـی کەچـی بـۆی نـەجولا ، ئـەمجار وتــی:

ـ بەخوا بـرا ئەمـە هـەر لـەقاپی زینـدان ئەچـێ ، ئەمـە ئـەبێت هەرچـی پیـاوی کۆڵانەکە هەیە لێی کوبکەیتەوە، شێخ جەمیلیش وەڵامی دایەوە:

ـــ بــرا مەگــەر ئــەم قاپیــە لەهــەق عــەزە بێــت ، عەزەلەهــەقی نایــات بیشـکێنێ، عەزەئەکاتــە پیـاو. ناردیــان بەشـوێن زەلامــەکانی کۆڵانەکـە . ســالار و چــەند پیــاوێکی تــری کۆڵانەکــە خــڕ بوونــەوە بەهــەمویان ئەوقاپیــە ئاســنە پتــەوەیان دامەزرانــدو چەســپاندیان بەدیوارەکـــەوە بەتــەواوی مانــدووی کــردن . لــەم بــەزم وهەرایــە، وەلــی هاتــە دەرەوە، لــەناویان ڕاوەســتا وهــەموویان هەریەکــە بــەجۆرێك لەقاپیــە ئاســنە پتەوەکـەیان ئـەڕوانی . دەلاقــەی شـوێنی تەماشـاکردنی زینـدانی بـەپلێتێك داخرابووکەلــەحیم کرابــوو . یــەك ســولگی گــەورەی پێوەبــوو لــەدیوی نــاوەوە ، کەشـوێنی قفڵــی گـەورەی هەبوو،کەبەدەسـت ئەتـدا لەقاپیەکـە هێنـدە ئەسـتووربوو شـڵپەی ناولـەپت ئـەهات . شـێخ جـەمیل دڵـی پێخـۆش بوو وتی:

ـــ بــەدزیش هەڵناکــەنرێت . وەلــی هەرئەیویســت لــەودیو قاپیەکــەوە لەحەوشـە بڕوانـێ وحەلیمـە ببینێـت .بـەلام هەرکـەس دیارنـەبوو . وەلــی

کەهێشــتا لەگــەڵ نــەوزاد زۆر تێکــەڵ نــەبووە . هــەر لەهــەڵس وکــەوتی ئــەڕوانی و، کێشــانەو پێوانــەی ئــەکرد . شــێخ جــەمیل وســەید تۆفیــق ستایشــی نــەوزادیان کــرد کەهــەرخۆی هــات بــۆ هاوکــاری کردنیــان وکــەس بــانگی نــەکردبوو ، وەلــی لەنــەوزاد چــووە پێشــەوەو وتی:ــ نــەوزاد کــەی باوکت دێتەوە.؟

ـ ئەمشەو هاتەوە کەمێك دواکەوت بوو ئیشی هەبوو .

ـ باشە بەخێر بێتەوە .

ـ سوپاست ئەکەم.

ڕووی گەشــی نــەوزاد ئارامیــەکی بەخشــی بــەوەلی کــە پێشــتر هەرلەخۆیــەوە ڕقی لێ بوو . ئەمجار ووتی :

ـ نەوزاد کەمێك ئیشم پێتە .

نەوزاد لێی چووە پێشتر و وتی:ـ

ـ فەرموو هەرچ بەمن بکرێت .

ـ وەرە بابچینەماڵەوە تاوێکدانیشین ، لێرە نابێت .

لەماڵــەوەدایکی وەلــی بــەخێرهاتنی کــرد و وەلــی بــەدایکی ووت کــە جێگایــان بــۆ بباتــە ســەربان ، نــەوزادیش ووتــی ســەربانی نــاوێ هەرلەحەوشــە ، خۆرەتاوەکــەی خۆشــە. وەلــی بەئەســپایی ووتــی :ــ ئیشــەکەم تایبەتــە نامــەوێ کــەس لێمــان تێــك بــدات . چــارنەما چــوونە ســەربان، وەلــی پێنــوس ودەفتــەرێکی لــەجانتای پــەرووینی خوشــکی دەرکــرد ولەگــەڵ خــۆی هێنــای. ســەربان هــەروەکو جــاران جێگــای بینــینی هــەموو لایــەکی کــۆڵان وگــەڕەك بــوو. ســەربانەکان لبــاد ولێفەوبــەتانی جــۆراو جــۆری لێدرابووەبــەر خــۆر . گڵــێم وقــالی جــوان جــوان

وپــــڕ نــــەخش ونیگــــار بــــەدیوارو شــــورەی ســــەربانەکانەوە تاناوقــــەدی دیوارەکــــان هاتبوونــــە خــــوار . پێکــــەوە دانیشــــتن. وەلــــی قەڵــــەم ودەفتەرەکەی لەبەردەم نەوزاد دانا و وتی:

ــ یـەك نامـەی دڵداریم بـۆ بنوسـە ، بـەرد بکاتـە ئـاو ، دڵـی ڕەق نـەرم بکـا .

نەوزاد دەستی کردە پێخەنین وتی:

ـ عاشقی برا ، دیارە دەنگت پیٚ ناگا . وەلی وتی :

ـ تۆبۆم بنوسە ، تامردن مەمنونت ئەبم . بەس لای کەس باسی مەکە.

نـەوزاد دڵنیـای کـردەوە و وتی:ــ بێخـەم بـە ، مـن نـازانم ئـەو کەسـە کێیـەو چۆنە ، بەلام شتێکی جوانت بۆ ئەنوسم .

ـ دەی بابزانم .

نــــەوزاد دەســــتی بەنوســــین کــــرد لــــەدووتویٚ شــــیعرەکانی نــــالی وگــــۆران وتاهیربــــەگ وکــــوردی وهــــێمن بەزەردەخەنــــدەوە قەڵەمەکــــەی لەســــەر کاغــەزداناو بــەم جــۆرەی نوســی : خانمــە لــەبارو شــۆخ وشــەنگەکەم . ســڵاوت لــیٚ بێــت . ســڵاوێکی پــڕ لەعەشــق ووەفا.ســڵاوێکی پــڕ لــەجوانی وسەیروسـەفا . لابـەری پـەژارەو جەوروجـەفا . ئـەی تـازە گوڵەکـە ، ئـەی ناســـکۆڵەکە ، ئـــەی کچـــە لـــەبارو ناســـك وخرپنەکـــە، ئـــەی تاوســـە بەلەنجەولارەکـــە، ئـــەی کـــۆترە باریکەوردوقنجەکـــە، ئـــەی پەپولـــە بـــاڵ نەخشــین وشــیرینەکە، ئــەی گوڵــەباخ ، ئــەی چنورونەســرینەکە، ســڵاوی دڵــی پــڕ لــەگڕی ، کــت وپــڕی ، عەشــق پــڕی ، منــت لــیٚ بێــت . ســڵاوێك لـەکانگای دڵـەوە ،لـەبۆنی گوڵـەوە ،پـڕ لەسـڵەوە ، هـەڵقولابیٚ . لـەدڵێکی پـڕ لـەبرین ، مـات وخـەمگین ، بۆتـۆی شـیرین زۆر سـوتابیٚ . خۆشەویسـتە ئازیزەکــە، خۆشــم ئــەویی ، بــەلاّم نــازانم چــۆن ســەری ســەودام ، دڵــی

شـــەیدام ، بـــەتۆ ئـــارام بکـــەم. تـــاکو تـــۆ ڕام بکـــەم. تـــۆی گـــوڵی ناســـك وبۆنحـــۆش ،لەباخچـــەیەکی پـــەرژین کـــراوی. بـــەدڕك دەورەدراوی . لـــەنێو پـــەرداخی ماڵێکـدا چـەپك کـراوی، لەبەرچـاوی مـن سـیس وژاکـاوی . مـنی خـــەمباری حەســـرەت کـــێش ،هەرکـــە ئـــەتبینم کـــەناتوانم بگەمـــەلات ، تێربکـــەم بـــۆنی بـــەژن وبـــالأت ،ئـــارەزووی دڵـــم دامـــرکێنم ،لـــەنیگای چاوەگەشـــەکانت خەمـــەکانم بتـــۆرێنم . شـــادیت بـــۆ بهێـــنم . وەك پەروانـــە خۆمـت بـۆ بسـوتێنم ، خۆشـم ئـەوێی ، هەرکـە ئـەتبینم، مـن خـەم ئەنۆشـم . زۆر حـــەز ئەکـــەم پەنجـــەکانم لـــەنێو پەنجـــەکانت بئـــاڵێنم وگرێیـــان بـــدەم . زۆر حـــەز ئەکـــەم دڵـــەکانمان بکەینـــە هێلانـــەی یـــەکتر ، لـــەناو دڵـــی یەکتریـــدا بتوێینـــەوەوببین بەیـــەك. دەوەرە ئازیزەتاقانەکـــەم. دوورلەچـــاوی پیســـی بـــەدکارودوژمن ، هێلانەیـــەك بـــۆ خۆمـــان دروســـت بکـــەین ، ســـڵ مەکـــە لـــەدڵێکی هەڵقرچـــاو بـــەئاگری عەشـــقت ، وەرە بائـــەم ڕاستییەبەچـــاو ببیـــنین. خۆشەویســـتیم وەك بەهەشـــتێك بـــۆ دەڕازێنمـــەوە، ئەیخەمـــە بـــەرپێت ونـــاز بکـــەی بەســـەریا. ســـڵ مەکـــە، چـــاوەڕوانم وشـــەی خۆشەویســـتی لـــەو لێـــوە ناســـکانەوە ببیســـتم . پـــەیمانێك ببەســـتین . بەهەشـــتێك دروســـت بکـــەین . چـاوەڕوانم ڕاز ونیـازت بەئاشـکرا بلێـی پـێم . مـن هـەر خۆشـم ئـەوێی. وەکـو سـێبەر هەربەدواتـەوەخۆم بـەکێش ئەکـەم . چـــاوەڕوانم ئەســـتێرەیەکی پرشـــنگداربیت لـــەئاسمانی ژیـــانم ، شـــەرتە تـــامردن خـــۆم بـــەقوربانی ئـــەو چاوەگەشـــانەت بکـــەم ، ئـــەبێ تـــۆ نـــازی بکێشـــیت ، نەکـــەی هێنـــدە دڵ ڕەق بیـــت دەرگـــای خۆشەویســـتیم لـــێ دابخەی ونائومێدم بکەی ، چاوەڕوانی پەیامی عەشقی تۆم .

وەلـی تەماشـای دەسـت وپەنجـەی نـەوزادی ئـەکرد،جارجارە لەڕوخسـاری ورد ئـەبوەوە. هەرکـە هـەردوو دیـوی لاپەڕەکـە تـەواو بـوو ، وەلـی بەپەلـە ووتـی بـۆم بخوێنـەوە. نـەوزادیش دەسـتی بەخوێندنـەوی کـرد وەلـی لەخۆشـیا ماچـی هـەردوولای نـەوزادی کـرد . کاغەزەکـەی لـێ وەرگـرت و چـەند جارێـك نوشـتاندیەوەو وتـی: - کـورە دەسـتت خـۆش بێـت ، ئـەڵێی لـەناو دڵمـای ، ئـەوەی لەدڵمایـە لێـرە نوسـیوتە، کـورە ئافـەرین ، هـەزار جـار ئافـەرین ، تـۆزۆر زیرەکـی لەسەداسـەد لەمەکتـەب بـە یەکـەم دەرئەچـی . نـەوزاد بـە پێخـەنین و خۆشییەوەوتی:ـ هـەرکاتێك ویسـتت بەسەرچـاو . بـەلاًم بزانـە نـاوی کەسـم نەنوسـیوە ، نـەوەك نامەکـە بگیرێـت . وەلی ووتی:ـ زۆر باشت کردوە ، خۆمن ناوی کەسیشم پێت نەووت .

ـ من نامەوێت بزانم کێیە.

ـ دوایی پێت ئەڵێم ،

نـەوزاد داوای لـێ بـوردنی لێکـردو وتی:ـ مـن کـاتی مەکتـەبم نزیـك بوەتـەوە ، ئـەبێ بچـم هەنـدی بخـوێنم ، تاکـاتی مەکتـەب دێـت . وەلـی بەسوپاسـەوە بـەڕێی کـرد وخـۆی هەرلەسـەربان مایـەوە، لەبـەر قاچـی نـەیتوانی خێرابێتـە خوارەوە. وەلی ئەمجار ووتی:

ـ بەڕاستی کوڕێکی چاك وزیرەکە. ئیتر وابووین بەهاوڕێ .

*************************

لــەپاش ســێ ڕۆژ لەهاتنــەوەی کــەریم ، بــاری تەندروســتی تێکچــوو . کەکەوتــەناوجێگا و تائــەهات خــراپتر ئــەبوو . ناچــار لەبــەر ئــەوەی بەئاســتەم هەناســەی بــۆ ئــەدرا ، گەیەنرایــە نەخۆشــخانەو هەرلەوێشــەوە ڕەوانــەی نەخۆشــخانەی ســەربازی کــرا ، لــەناو فەیلــەقی کــەرکوك . دووڕۆژێــك خرایــە ژووری بوژانــەوەی دڵ ، بــەلاّم دکتۆرەکــان بەتێپــەڕ بــوونی کـات لێـی بـێ هیـوا بـوون . زۆرێـك لەخزمـەکان وکەسـەکانی پـەرۆش بــوون ، بــەلاّم نــەوزاد ترســێکی لــەدڵ نیشــت بــوو ، کــەڕەنگ وڕوخســاری خــەماوی کردبــوو ، بــەلاّم ئــەو ترســە زامێکــی قــوڵی لەدڵــدا دروســت کردبــوو . بۆشایی گەورەی خستە ژیانیەوە.

بەیانیــەك کەلەوانــەی دووەم دابــوون ، بەڕێوەبــەری قوتابخانــە نــاردی بەشــوێنیدا کەکتێبەکانیشــی بهــێنێ ، هەرکــە یــەك لەکوڕەمیمکــەکانی لای بەڕێوەبــەر بــینی دڵــی داخورپــاو تفــی قــوت داڕووی کــردە بەڕیوەبــەر و ووتی:ـ بەڵێ مامۆستا.

بەڕێوەبەر بەخەمباریەوە پێی ووت:

ـ تۆ مۆڵەتی بڕۆرەوە.

ڕووی کردە میمزاکەی وسوێندی دا کەڕاستی پێ بڵێت .

ئەویش دایە پرمەی گریان ووتی:

ـ خالۆم مرد

نــــەوزاد دایــــە پرمــــەی گریــــان وبــــەرەو دەرگــــای دەرەوە ڕۆیشــــت . بەڕێوەبەریش فرمێسکەکانی خۆی سڕی وچوە ژوورەکەی خۆی.

نــەشمیل بــەرگی ڕەشــی پۆشــی . مــاڵی ســاردو ســڕ . منداڵــەکان مــات وخــامۆش . هــەرجارەی یــەکێکیان ئەیدایــە پڕمــەی گریــان . نــەشمیلیش ئەیکێشــا بــەڕانی خۆیداوبــەدڵێکی خــەمگین ئەیلاوانــەوەو ئــەیووت ، بــەخوا خەفــەت کوشــتی ، ئەوەنــەی مــەراق وخەفــەت هــەڵگرتبوو ، تــادڵی تــەقی ، یــەك شــت کــەمێ دڵــی خــۆش کردبــوو ، ئــەویش ئــەم خــانووە بــوو ، ئــەیووت : نــەشمیل ئــیتر بشــمرم قــەینا ، منداڵــەکانم ســەرگەردان ودەربــەدەر نــابن ، لەحەســرەتا دڵــی تــەقی. ســاڵێکیش ئــەبێ گــوێی لەگۆرانیــەك نــەگرتووە .هــەرمات بــوو . ژنــانیش دڵنــەواییان ئــەکرد ، پێیــان ئــەووت ، خــوالێی خــۆش بێــت پیــاوێکی چــاك بــوو، توخــوا لەبــەر منداڵــەکان ، باخەفــەت نــەخۆن ژیریــان بکــەرەوە، گونــاهن هەرئــەگرین ، تاتۆبگریــت ئــەوانیش زیــاتر ئــەگرین . نــەوزاد خــەمێکی گــەورەی ژیــان داگــیری کــرد ، لەشــکری خــەم ئابلۆقــەی دا ، خــۆی بەتــەنیا بینیــەوە، تەماشــای دایکــی وبراکــانی ئــەکرد ،دڵــی جۆشــی ئــەدا وئــەگریا وخــۆی پــێ ڕانەئــەگیرا، دڵــی بــەخۆی ودایکــی وبراکــانی ئەســوتا ، دایکــی بێــوەژن کــەوت و خــۆی و براکانیشــی هەتیو، ئیتر ئەوماڵە کپ وبێ دەنگ ، خامۆشی باڵی کێشا بەسەریانا .

نــەشمیل هیچــی پــێ نەئــەکرا ، هەرئــەوە نــەبێ کــەهانی منداڵــەکان بــدات خوێندنــەکانیان تــەواو بکــەن ، ئــەیگوت کــوڕم کێتــان خوێندنەکــەی تــەواو بکــات ئــەوا لەگۆڕەکــەیا بــاوکی دڵخــۆش ئــەکات ، باوکتــان بەجەســتە مــردووە، ئــەگینا گیــانی بەســەرتانا، لــەناوماڵا ئەســوڕێتەوە. ئاگــای لێتانــە ، نــابێ خەفــەتی بــدەنێ ، ئــەبێ هەریــەکێکتان ببنــە کــەریمێك ، باوکتــان مــرد، ئێــوە ســێ کەســن لــەدوای ئــەو بــەجێماون، ئــەبێ شــوێنەکەی چــۆڵ نــەبێ ، ئێــوە شــوێنەکەی بــۆمن پــڕ بکەنــەوە . ئــەوانیش جــوان گوێیــان بــۆ

قســەکانی دایکیــان شــل ئــەکرد ، ئــەم قســانە ورەی پێیــان بەخشــی و لــەجاران باشــتر خــەریکی خوێندنەکــەیان ئــەبوون . براکــانی نــەشمیل و هەنــدێك لەخزمــەکان ئاگایــان لێیــان ئــەبوو لەخــەرجی ، هاوکاریــان ئــەکردن . دوو مانگێـــك بەســــەر مردنــــی کەریمـــدا تێپــــەڕی ، بــــۆ تــــەواوکردنی خانەنشــینیەکەی لەنەخۆشــخانەی ســەربازی کەرکوکــەوە، نوســراویان بــرد بــۆ ســەربازگەکەی لەشــەنگال ،کەنــەوزاد ودایکــی ناچــاربوون هــەردوکیان بکەونــەڕێ. ســەرجەم بەڵگەنامــەو پێویســتییەکانیان لەگــەڵ خۆیــان بــرد . لەشــەنگار هەریەکســەر چــوون بــۆ فەوجەکــە. لــەوێ فەرمانــدەی فەوجەکــە پێشــوازی لــێ کــردن ورێــزی لێگــرتن ، دەســت بــەجێ فەرمانیــدا زوو نوســراوەکانیان بــۆ تــەواو بکــەن . لەبــەر ئــەوەی کــاتی نێــوەڕۆ هــاتبوو . ســەمون و دۆشــاویان بــۆ بــردن . تــەنها نــەوزاد لێــی خــوارد ونــەشمیل لەشــەرما هیچــی لــێ نــەخوارد . هەرکــە لــەوێ ئیشــەکەیان بــۆڕایی کــرا . بــەترومبێلێکی ســەربازی کەفەرماندەکــە بۆیــانی دەرکــرد، گەڕانــەوە بــۆ نــاو شــاری شــەنگال. لــەناو شــار نــەوزاد بــەدایکی ووت کەحــەز ئــەکات ســەر بــدات لــەماڵی خەپشــێ . بــەڵام کەچــونە ناوچــەکە، بینیــان ســەرجەم کــۆڵان وماڵــەکان ڕوخــاون وهێشــتا هەنــدێکی شــۆفلێ ئیشــی تیــا ئــەکات . تــەپ وتــۆز ئــەوناوەی گرتوەتــەوە ، چــەندین شــۆفلێ وگــەلا بــە بــەناو بەکــدا دێــن وئەچــن . ئــەروخێنن و خــۆڵ بارئەکــەن . بەشــێك لــە دیــوار ودارو بــەرد وقومــاش تێکــەڵ یــەك بــوون وبــەدەم شــۆفڵەوە بــەرز ئەبنــەوە ، خــەڵکێکی زۆریــش لەگــەورەو بچــوك ، ژن ومنــداڵ ، بەســیمای خــەماوی وپرســەوە ، لەشــۆفلێ و گەلابــەکان ئــەڕوانن .کۆمــەڵی پــۆلیس و بەرپرســی حزبــی قــاتی زەیتــونی لەبــەر، بــەدەم جگــەرە کێشــان وســینگ دەرپــەڕیوو پــڕ لەشــانازی، قســەو

بــاس دەکــەن وپێدەکــەنن ودڵخۆشــن .بــەلاَم لەســیمایان دیــارە ، لاواز وبــێ کەســایەتین ، دڵــڕەق ودڕنــدەن ، کەبــەڕوخانی لانــەی مــرۆڤ پێدەکــەنن . تــەپ و تۆزەکــە بەئاســۆیی بــلاو ئــەبوەوە ، هەنــدێك دەم ولــوتی خۆیــان داپۆشــی بــوو بــەخێرایی لــەو تــەپ وتــۆزە دەریــاز ئــەبون ، تــەنها ئەوانــە بەســــەرنجەوە دەیـــانڕوانی . خــــەمبار بــــوون بــــۆ کــــەس وهــــاوڕێ و هاوســــێکانیان ، یــــان دڵخــــۆش بــــوون بەدەســــکەوتەکانیان. نــــەوزاد لەدورەوەهــەر لەســەر شــەقامەکەوە بــەدڵی پــڕ لەخــەم تاســەوە دەیڕوانــی ودایکیشــی لــۆی عەباکــەی ئالأنــدبوە دەمیــەوە دەگریــا. ،جــارێکی تــر ،دایــك وکــوڕ هــەردووکیان دەســتیان بــەگریان کرد.خــەمێکی تــازە دڵــی گــرتن، وەك ئــەوەی ئــەو خەڵکــە گشــتی مردبێــت . ئــەمان لەســەر گۆڕەکانیــان وەســتا بــن . نــەوزاد ناچــاربوو بــۆ هــەواڵ پرســین لەدوکانــدارێکی ئەوبــەر جادەکــەوە، چــووە دوکانەکــەوە ، پــاش کــەمێك گەڕایــەوە وبــەدایکی ووت بابڕۆین . دایکی لێی پرسی :

ـ پرسیارت نەکرد ئەم مالأنە بۆ کوێ چوون ؟

نەوزاد بەخەمباریەوە وەلأمی دایکی دایەوە :

ــ ئــەو پیــاوە ئــەڵێت :ئێــرە ئەکرێتــە ئوردوگــا و مــاڵی جــردۆش لەگــەڵ ئــەو مالأنــەی خۆیــان بەعــەرەب نەنوســیوە دەرکــراون بــۆ شــێخان . نــەوزاد بەخەیاڵێکی ئالۆز وخەمێکی قوڵەوە لەخانووە روخاوەکانی ئەڕوانی :ـ

ــ ئــیتر بــاوك نــەما ، گــەورەترین پشــت وپــەنام لەدەســت دا ، هــەروەك چــۆن بــاوکم نابینمــەوە ، ئــاوا خەپشــێش نابینمــەوە، منــیش ئەمــە دواجارمــە شــەنگال ئــەبینم. دڵنیــام نایانبینمــەوە. هەســتی بــەگریانی دایکــی کــرد. بەتەماشــاکردنێکی لەســەر خــۆ ئــاوڕێکی لێدایــەوە ، فرمێســکەکانی بــینی

بەســـەر ڕومـــەتیا دێنـــە خـــوار ، ئـــەمجار بـــەدەم گریانـــەوە بەئەســـپایی دەیلاوانـدەوە: خوایـە ئـەم زوڵمـە قـەبوڵ نەکـەی ، ئـاخۆ ئێسـتا لەچـی ڕەزالـــەتیکا بـــن ، خـــوا ســـەبەبکارتان بگرێـــت ،خوائـــەویش مـــاڵ وێـــران ودەریـــەدەر بکـــات . بـــەرە نیســـکی داو چـــاوەکانی ســـڕیەوە . نـــەوزاد بـــەگریانی دایکـــی دڵـــی هاتـــەکوڵ ،ئـــەیزانی کەئـــەویش دڵەناسـکەکەی پـــڕە لەخـەم ومـەراق .ئـەویش نـەبینینی خەپشـێ دڵـی گوشـیوە ، ئـەم کەکچـی نـەبوو ، خەپشـێی وەکـو کـچ وجگەرگۆشـەی خـۆی دانـابوو ، زۆر نـازی ئەکێشـــاو دلـــی پـــێ ئەکرایـــەوەو ئەیپاراســـت . خەپشـــێ پـــڕ بـــوو لەخۆشەویسـتی .ئـەو هـەموو ڕۆژێـك لـەناو مـاڵی ئەمانـدا هـەڵس وکـەوتی وەك ناومـاڵی خۆیـان بـوو ، کـەس ڕێگـری لـێ نەئـەکرد وڕووی گـرژ نەئـەکرد لەئاسـتیدا. هـاوڕێ و هـاودەمی گشـتیان بـوو . لـەوە ناخۆشـتر لـەدنیادا نیـە کەلانـەی کەسـێکی خۆشەویسـتت بـەوێران کـراوی وبـەڕوخاوی ببـینی . بەدەربـەدەری بیهێنیتـە پـێش چـاوی خـۆت . نـەوزاد دڵـی تونـد بـوو ، سـەری خسـتە سەرشـانی دایکـی ،بەشـداری گریانەکـەی کـرد، فرمێسـکی چـاوی ڕژایـە سـەر یەخـەو ملوانەکـەی وتـەڕی کـرد. بەدەسـت فرمێسکەکانی سـڕیەوە وهـەروا لـە دەریـای بیرکردنـەوەدا نقـوم بوو،ئـەوجا بەخـەیاڵ خەپشـێی بـینی ، لـەبن چـادرێکدا کزکـز هەلتروشـکابوو، سـەر لەئـەژنۆ ،لـەڕیزە چـادرەکانی ئـەڕوانی کـە ئوردوگایـەکی گـەورەی پـێ دروسـت کرابـوو ، چـاوەڕوانن ، هەرچـاوەڕوانن .ڕۆژ ئـەژمێرن ، گشـت ڕۆژەکـانیش لەیـەك ئەچـن . هـەرناوەکانیان ئـەگۆڕێت . سـزایەکی نـاخۆش دراون ، تـەنها لەبـەر ئـەوەی کـوردن هەرلەبـەر ئـەوەی کـوردن دەسـت درێـژی ئەکرێتـە سـەریان، دەرئـەکرێن ، خانوەکانیـان ئـەڕوخێنن، گونـدەکانیان

ڕائـەگوازن، لـەئیش دەرئـەکرێن ، دوورئەخرێنـەوە، ڕاوئـەنرێن ،ئـەکوژرێن، یـان لەسـێدارە ئـەدرێن، تـەنها لەبەرئـەوەی کـوردن. تـەنها دووڕێگـەیان لەبـەردەم دائـەنرێت . یـان ئـەبێت ببنـە عـەرەب، لـەناو بۆتـەی عەرەبیـدا بتوێنـەوە ، یـان ئـەبێت ئـەم سـزایانە بچـێژن . ئەمـە ئـەو ڕوداوانـەی نـاو بیرەوەریـەکانی ژیـانی نەوزادە،کـەبیرەوەری هـەموو تـاکێکی کـوردە کەلـەم ولاتـە ئـەژێت .ئەمـە ئـەو ڕەفتارانەیـە کـە دەولـەت ودەسـەلات پـەیڕەوی ئـەکات بەرامبـەر بـەکورد. قسـەی دوکاندارەکـە وەلامـی سـەرجەم ئەوپرسیارانەبووکەلەمێشـکی نـەوزاد چـەکەرەیان ئەکردوبـەردەوام نـوێ ئەبونـەوە، بۆچـی مـالی کـاوە قەلـەو عـەرەبی تێـدابوو؟ بۆچـی حەمـە گولـە هەتیوکـەوت؟بۆ کـەرکوکیان بەجێهێشـت و وازی لـە قوتابخانـە هێنـا ؟ بۆچـی خوێنـدن کرایەعەرەبی؟بۆچـی چـلورەی بێسـتوون داخرا؟بۆچـی قوتابحانەکـەیان کرایـە سەربازگە ؟بۆچـی دەسـت درێـژی کرایـە سەرناموسـی غەزال؟بۆچـی خەپشـێ هەمیشـە لەگـەڵ تـرس ئـەژیا ؟ بۆچـی حوسـێنی یـرای خەپشـێ هـەڵهات بووبـە پێشـمەرگە ؟ بۆچـی خـانووی مـالی خەپشـێ وئێزدیـەکانی دیکـە ڕوخێنـران؟ بۆچـی مالـە شـورتە عەرەبـەکان هێنرانـە شـۆرجە ؟ بۆچـی لەقوتابخانـە کـەجێگای خوێنـدن وزانسـتە ،زۆریـان لـێ ئـەکرد بـبن بـە بەعسـی ؟ ئەمـە هـەمووی وەلامەکـەی ئەوەیـە کـەنابێت کـورد بیت.یـان ئـەبێت ببیتـە عـەرەب ، یـان ئـەبێت هـەموو ئەوانـەت بەسـەربێت کـەدوژمنێك بـۆی هەڵبـژاردووی. ئـیتر نـەوزاد کەلـەو وەلامـە گەیشـت لـەناخی خۆیـدا کەوتـە لێکدانـەوە، هـەموو بڕیارەکـانی ئـەم حکومـەت ودەسـەلاتە ئـەزانم چـۆن ئـەبێت؟ یـەلام ئێمـەش مـرۆقین ، خۆمـان بـەتوانا ئـەزانین ،ڕێـز لەڕەچـەڵەکی خـۆم ئـەگرم ،هـەرگیز دەسـت

بــەرداری ناســنامە کوردیەکــەم نــابم ،هــەرگیز ئەوزمانــە ناگۆڕمەوەبــە هــیچ زمانێك کەحەسەن زیرەك گۆرانی لۆرکێ و لۆرکێی پێ گووتوە.

نـــەوزاد ودایکـــی هەرتەماشـــای شـــۆفلەکانیان ئـــەکرد کـــە دیـــواری خانوەکانیــان دەڕوخانــد، تــەپوتۆزێکی زۆریــان دروســت کردبــوو نــەوزاد هێنــدە دڵــی پڕبــوو، حــەزی دەکــرد بــەدەنگی بــەرز بــەکوڵ بگــری .هــەموو ئــەو ڕۆژانــەی کەوتــە پــێش چــاو کەخەپشــێ لەترســی حــاجی فیــق فیــق هەڵدەلــەرزی و زەرد هەڵدەگــەڕا، لــەناخی خۆیــدا ئــەیهێناو ئــەیبرد. دواجــار ولەپڕێکــدا ، بیرۆکەیــەکی مەترســیداری بەمێشــکدا هــات. ئــەویش کوشــتنی حــاجی فیــق فیــق بــوو . چــۆنی بکوژێــت ؟ گــرنگ نیــە. پێــی ئــەکرێت یــان پێــی ناکرێــت، گــرنگ نیــە .ئــەم بڕیــارە ســەرپێی وهەڵەشەییەچــەکەرەی کــرد لەمێشــکیدا. بــێ لێکدانەوەوڕاوێــژ، خــۆی پەســەندی کــرد. وەبەباشــترین هەڵبــژاردەی دانــا، گــرنگ ئەوەیــە ئــەو نەفرەتیــە لــەژیان نــەمێنێت ، سەرچــاوەی گشــت نەهامەتیــەکان کەبەســەر خەپشــێدا هــاتوە، دەســتی ئــەم تاوانبــارەی تێدایــە. ئەوخەمــەی دڵــی نــەوزادی گوشــیوە، هۆکارەکــەی حــاجی فیــق فیــق وهاوپیشــەکانیەتی. تەنانــەت شــەهیدکردنی بــاوکی حەمــــە، دەرکردنـــــی مـــــاڵی کـــــاوە، گـــــۆڕینی نـــــاوی قوتابخانەکەیانیش،هۆکارەکــەی ئەوکەســانەن هاوپیشــەی حــاجی فیــق فــیقن. دایکــی نەوزادبەدڵتــەنگی هــەنگاوی دەنا،ئـاوڕی لـەهیچ نەئەدایــەوە. نــەوزاد هەســتی بــەدایکی کــرد ودەیزانــی دڵــی کوڵــپ ئــەدات .ئــەویش مەســت بــووە بــەو هــەموو خەمــەی ڕۆدەچــێتە نــاو ناخیــەوە .بەتەنیشــت دایکیــەوە دەڕۆیشـــت ، هـــەنگاوی وردو خـــەیاڵی پـــەرش وبڵاوبـــوو .نەخشـــەوپلانی

دائـەنا ،چـۆن ولـەکویَ حـاجی فیـق فیـق بکوژێـت ؟لـەپڕ ڕووی کـردە دایکـی و وتی:

- دایە من ماندووم ، ناتوانم ئێستا بڕۆینەوە .بابچین بۆ مالَ کاك مەولود.

دایکـــی نـــەوزادیش کەمانـــدو و شـــەکەت و برســـی بـــوو ، دلَ پـــڕ لەخـــەم ، فرمێسکەکانی چاوی سڕیەوەوبەئەسپایی کەگریان ئەوکی گرت بو وتی:

باشـــە کـــوڕم ، منـــیش حـــەز ئەکـــەم بچـــین ســـەردانیەکیان بکـــەین وپشویەکیش بدەین .

کەگەیشـــتنە مـــالَی مـــەولود ، ئـــەمیرەو دایکـــی بەخۆشـــیەوە پێشـــوازیان لێکـــردن، دایکـــی نـــەوزاد بەکـــەمێك گریـــان نـــاخی خـــۆی خـــالَی کردەوە.هەرچـی نـەوزادە بـیَ ئـۆقرەیی تـەنگی پـیَ هەلَچـنی بوو.تەنانـەت ئـــەمیرەش بەســـەرنج ونیگاکـــانی نـــەیتوانی نـــەوزاد ئـــارام بکاتـــەوە. هەستاومۆلَەتی وەرگرت ،بەدایکی ووت:

- تاناوبازاڕ ئەچم .

- کـوڕم ئـەبیَ بڕۆینـەوە بـۆ کـەرکوك. دوامەکـەوە. لـەدەورت گـەڕێم . دایکـی ئەمیرە تێکەلَ بەقسەکانیان بوو وەبوپەرۆشەوە پێی ووتن:

- ئـــەوە دەلَـــێن چـــی ، بـــەخوا نـــاهێلَم بـــڕۆن وئەمشـــەو لێـــرە ئەمێننـــەوە ،خۆلەچۆلَەوانی نیتان.


نـــەوزاد خواخـــوای بـــوو زوو بـــڕوات وپلانەکـــەی خـــۆی جێبـــەجیَ بکـــات . هـــەرخێرا هەســـتاو پێلاَوەکـــانی لـــەپێی هەلَکێشـــا، بـــیَ ورتـــە دەرچـــووە دەرەوە. ئەمیرە سەرسامی خۆی پێشاندا و وتی :

- ئـــەری نەوزادشـــپرزە دیـــارە ، هـــەرگیز بـــەوجۆرە نـــەبووە. هـــیچ کامیـــان وەلاَمێکیان نەبوو بۆ ئەم قسانە.

نــەوزاد هــەنگاوەکانی خێــرا کــردەوە، ڕێــك وڕاســت بــەبێ ئــاوڕ دانــەوە بەرەوچایخانە گەورەکەی ناو بازاڕ ڕۆیشت لەبەر خۆیەوە ئەیووت:

- هەرئــەیکوژم ، بــەردێك ئەکێشــم بەتــەپلاکی ســەریا،کەلەی ئەتــەقێنم.یان بــانگی ئەکەمــە لاوە ،پێــی ئــەڵێم ئەوژنــە ئیشــی پێتــە ، ئــەوخوێڕی یــە بــەژن ئەخەڵــەتێت .لــەولای نەخۆشــخانەکە پــەلاماری ئــەدەم.یان لەپشــتەوە چــەقۆیەك ئەکــەم بەقەبرغــەیا. باشــتر وایــە ملــی بــبڕم .ئــەبێت ئــەمڕۆ بیکــوژم . چــی ئــەبێت بابێــت ،کەئــەوم کوشــت ئاســودە ئــەبم. نــاخم ئــارام ئــەبێت .تۆڵــەی ڕفانــدنی غــەزال وتــرس وخەمــەکانی خەپشــێی لــێ ئەکەمــەوە . ئــەم بــارە بەســەر خەڵکــەوە ، ئــەم نمونــەی هــەموو ئەوانەیــە کــەباوکی حەمــەو ئەرپــەیان شــەهید کــرد ، ئــەم نمونــەی ئەوانەیــە خێزانــی کاوەیــان ئــاوارەکرد وخانوەکــەیان داگیرکــرد . ئــەم نمونــەی هــەموو ئەوانەیــە کــەناوی قونابخانــەو گەڕەکــەکانمانیان گــۆڕی، منــیش ئێســتا منــاڵ نــیم ، لــەو پیــاوترم ، مــن ئــیتر کەســێکی ئــازادم ، مــن ئــیتر خــۆم بڕیــار ئــەدەم ،مــن چــیتر بڕیــار لەکــەس وەرنــاگرم ، مــن نــەوزادم نــەوواد، مــن لــەم پیــاوە خۆفرۆشــەوە دەســت پــێ ئەکــەم، مــن ئــەم حــاجی فیقــە فیقــە وەك تەماتــەی بۆگــەن ئەیفلیقێنمــەوە . ئەوســا بەدڵخۆشــی ئەڕۆمــەوە گــرنگ ئەوەیــە بیکــوژم . ئەگــەر ئــەمڕۆش بــۆم نــەکرا . ڕۆژێکــم مابێــت ئــەیکوژم ، پاش گەڕانەوەشم بۆ کەرکوك .

٢٠٢١\٨\٢٠


المكتبة الوطنية / الفهرسة اثناء النشر

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد ( ٦٠٩ ) لسنة ٢٠٢٢

ـ ئێستا زانیم حوسێنی برای خەپشێ نەیویست خۆی بفرۆشێت وببێت بەعەرەب , یان جاش وپیاوی ڕژێم , بۆیەلە خوێڕێتییان دەستیان بۆ ناموسی درێژکرد .
ـ کوڕم ئەگەر خەپشێ چەکی پێ بدرێت بەئازایەتی خۆی کەلەسەری سەدانی وەك حاجی فیق فیقت بۆ ئەتەقێنێ . بەڵام چی بکات . پشت وپەنای نەبوو, ناچار خۆی لەماڵی ئێمە ئەشاردەوە . کوڕم ئێمەی ژنان جوانییەکەمان سەرمایەمانە . زۆر جار جوانییەکەمان ئەبێتە بەڵا وسەرمان ئەخوات وەك غەزال وکچەکافرۆشی.

نرخ ( ٥٠٠٠ ) دینار